# لەهۆرکهایمەرەو تا هابرماس
# قوتابخانەی فرانکفۆرت

## دەروازیەک بۆ تیۆریی رەخنەیی هاوچەرخ

د. عەلا تاهیر

و: ئیسماعیل کوردە
جەمال پیرە

چاپی یەکەم
هەولێر ٢٠٠٤



لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریی‌و ئەدەبی نما
زنجیرەی( ٣٢ )

سەرپەرشتیکردنی پرۆژەی(١٥) کتێب
ئیسماعیل کوردە_ رێبین رەسوڵ ، جەمال پیرە

ناوی کتێب:  قوتابخانەی فرانکفۆرت
نووسینی: د. عەلا تاهیر
بابەت : لێکۆڵینەوە
پیت چنین: عیماد رەسوڵ  ئیسماعیل
نەخشەسازی‌و بەرگ: ئیسماعیل کوردە
تیراژ: ١٠٠٠
چاپی یەکەم: هەولێر ٢٠٠٤
نرخی (٣٠٠٠)دینارە
چاپ:  چاپخانەی رەنج

مافی لەچاپدانەوەی بۆ گۆڤاری  نما پارێزراوە

## نێوەرۆك:

**پێشەکی**......................................................................۵
**بەشی یەکەم: سیمانتیك (واتاناسی)**
- پێکهاتەی چەمکە دەلالییەکان.......................................۷
**بەشی دووەم: پرنسیپەکانی فیکری رەخنەیی**
یەکەم: رایەڵەکانی پێکهاتەی تیۆری............................۳٦
دووەم: لە پێکهاتەی تیۆرییەوە بۆ تەوزیفی سیاسی................٤٤
**بەشی سێیەم: پێشەنگانی تیۆریی رەخنەیی**
(جۆرج لۆکاش، کارل کۆرش، ئارنێست بلۆخ)...................٥٨
**بەشی چوارەم: تیۆری رەخنەیی قوتابخانەی فرانکفۆرت**
١-دامەزاندن و گەشەسەندنی.......................................٨١
٢-قوتابخانە فرانکفۆرت لەهەندەران..............................١٠٧
**بەشی پێنجەم بیرمەندانی قوتابخانەی فرانکفۆرت**
پاژی یەکەم: بیرمەندانی قوتابخانەی فرانکفۆرت
(ماکس هۆرکهایمەر، تیۆدۆر ئادۆرنۆ،
هێربەرت مارکیۆزە، درێژبوونەوەکان)..........................١١٧
پاژی دووەم: یۆرگن هابرماس و فەلسەفە رەخنەییەکەی.........١٦٢
تیۆری رەخنەیی هابرماس.........................................١٨٩
پەراوێزو سەرچاوەکان:..........................................٢١٩



## پێشکەشە بە:

*بەو ساتانەی*
*کە لەماندوو بوونی وەرگێڕانەکەدا بەسەرمانبرد،*
*پڕبوون لە تووڕە بوون، لە چاوەڕوانی..*

*بە مەرگی جاک دریدا کە لەسەروبەری تەواو بوونی وەرگێڕانەکەدا*
*فەلسەفەی جێهێشت*

*بە ڕێبین رەسوڵ کە بەنیاز بوو پێیدا بچێتەوە.*

# پێشەکی

بەشێوەیەکی گشتی خوێنەری کورد کەمزانە لەمەڕ قوتابخانەی فرانکفۆرتی رەخنەیی، ئەو قوتابخانەیەی کە دامەزرێنەری بیریی رەخنەییە لەنێو فیکر بەگشتیو رەوتە فیکریەکانی ئەوروپا بەتایبەتی. بەشێوەیەك تێزە فیکریەکانی ئەو قوتابخانەیە رەگو ڕیشاڵیان لە واقیعی سیاسیو کۆمەلایەتیو ئابوریو فەرهەنگیو کەلتوری کۆمەلگەکانیان داهەبوو. هەموو ئەو بیرو ڕا ڕەخنەیانەی بیرمەندانی قوتابخانەکەش لە هێربەرت مارکیۆزەو ئەریك فرۆمو ئادۆرنۆ تادەگاتەوە بە هابرماس  کە ئێستا رابەری قوتابخانەی فرانکفۆرتە لەسەربنەمای تێزی مەیدانی فەلسەفەی کۆمەلایەتیو دەروونناسی کۆمەلایەتیو ڕەخنە لەدەسەلاتو سیستەمی ئابوریو پرۆسەی دیموکراسیەوە سەریانهەلداوە بەتایبەت لەنێوکۆمەلگای سەرمایەداری ئەوروپایی کە خۆیان تیایدا واقعیانە بیریان لێکردۆتەوە  بەڕادەیەك کە راکانی فرۆمو مارکیۆزە لە ڕووی مەیدانییەوە بوونە هۆی ئەوەی هەنگاوەکانی شۆڕشو راپەڕینەکانی ساڵی ١٩٦٨ پەلەتر بکەن، ئەمرۆکە ئەم کتێبەی کە لەبەردەستتان دەیبینن لێکۆلینەوەیەکی تێروتەسەلە لەمەڕ پێشەنگو بیرمەندانو تێزو لێکۆلینەوەکانیان کە زیاتر لە نیو سەدەیە ئەو قوتابخانەیە لەکارەکانیدا بەردەوامەو لەسەدەی نوێشماندا گەورەترین فەیلەسوفی لەسەر ئاستی دنیا پێشکەشکردووە ئەویش"یۆرگن هابرماس"ە.
ساڵی پار وەك یەکێك لە پرۆژە گرنگەکانی سەنتەری لێکۆلینەوەی فیکریو ئەدەبی نما "قوتابخانەی فرانکفۆرت" لە روانگەیەکی مارکسیەوە کە نوسەرەکەی (فیل سلیتەر) بوو، وەرگێڕدرایە سەر زمانی کوردی بە هاوبەشی لەلایەن (ئیسماعیل کوردەو رێبین رەسولو نووری بێخاڵی) کە یەکەمین کتێب بوو لەمەڕ ئەم قوتابخانە فیکرییە رەخنەییە وەربگێڕدرێتە سەر زمانی کوردی،هەنگاوێك بوو بۆ ئەوەی خوێنەری ئێمە بەشێوەیەکی بەلگەدارو



زانستییانە شارەزای ئەم قوتابخانەیە بێت، ئەمساڵیش بەهاوکاریی لەگەڵ(جەمال پیرە)ی هاوڕێم پرۆژەکەمان درێژە پێدا کە کتێبی دووەمی بەردەستتانە لەمەڕ ئەو قوتابخانەیەو لەنوسینی(د.عەلا تاهیر) وەرگێڕینە سەر زمانی کوردی، کتێبەکە کە بە نێوی قوتابخانەی فرانکفۆرت لە هۆرکهایمەرەو تا هابرماس، دەروازەیەکە بۆ تیۆریی رەخنەیی هاوچەرخ، بەشی یەکەمی ئەم کتێبە لایەنە تیۆرییەکەی قوتابخانەو بیرمەندانی فرانکفۆرت دەخاتە بەرباسو لەبەشی دووەمیدا بنەما فەلسەفییە سەرەکییەکانی دیاریدەکات هەر لە بیرۆکەکانی کانتەوە بگرە تا دەگاتەوە بە هیگلو مارکسو تێزەکانیان، لەبەشی سێیەمدا دێتە سەر جۆرج لۆکاشو کارل کۆرشو ئارنست بلۆخو دواتر لە بەشی چوارەمدا سەرەتای گەشەسەندنو دامەزراندنی قوتابخانەی فرانکفۆرت دەخاتە روو، لەبەشی پێنجەمدا ئاماژە بە بیرمەندانی قوتابخانە(ماکس هۆرکهایمەرو تیۆدۆر ئادۆرنۆو هێربەرت مارکیۆزەو والتەر بنیامین)دەکاتو کاریگەرییەکانیان دەخاتە روو ، لە پاژی کۆتاییشدا ئاماژە بە یۆرگن هابرماسو تیۆریە رەخنەییەکەیو سەرچاوە فەلسەفییەکانی دەکات کە هابرماس خۆی بۆ کامڵبوونی تێزەکانی پشتی پێبەستوون.
هەوڵی زۆرمان داوە کە وەرگێڕانەکە تا بکرێ بێ کەموکوڕیی بێت، بێشك رەنگە شتیش هەبێت بەسەرماندا تێپەڕیبێت، بەو هیوایەی توانیبێتمان شتێکمان زێدەکردبێتە سەر کتێبخانەی کوردی لەلایەكو رۆشنبیریی کوردی لەولایەکی دیکە..سوپاسگوزاریش دەبین ئەگەر کەسێك لەهەر کەموکوڕییەکی وەرگێڕانەکەدا ئاگاییمان بکات، بۆ ئەوەی لە چاپەکانی ئایندەدا پێیدا بچینەوە..لەو روانگەیەی کە وەرگێڕان خیانەتکردنە لە نووسەر بۆیە پێمان باشە ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە هەڵە کردن لە وەرگێڕاندا هەڵە کردنە لە خیانەتە گەورەکە کە خودی وەرگێڕانە...

**ئیسماعیل کوردە**

## بەشی یەکەم ٦

# سیمانتیك Semantique

## پێکهاتەی چەمکە دەلالییەکان

سروشتی پێکهاتووی چەمکەکان کە دواتر بەدەردەکەوێت، لە نێو چوارچێوەیەکی یەکگرتوودا گەمارۆدەدرێت، بە شێوەیەك کە دەلالەتەکەی دەست بەسەر هیچ ئەگەرێکی مەعنەوی دوایخۆی داناگرێت، بەلکو جارێك لەسەر وزەی خودی چەمکەکە خۆی دەوەستێ، جارێکی تر یەکێتییەکەی دەبەزێنێ بۆ بوارێکی دیاریکراوی هەمەجۆر بە حوکمی زەرووڕەتی ئەپستمۆ-مێژوویی‌و گونجانی لەکردەی کاتی‌و بەکاربردنی دوای خویدا دەپێکی، کردەکە جیای دەکاتەوە، لە کاتێکدا کە بەرەو تێپەرینی دارشتنی خاوەن درێژکراوەیەکی قورسی ئاسۆیی بەپێکهاتە ناوکییە لێدەرهاتووەکانەوە نەچوو، ئەوانەی کە ئاراستە زەروورە (( ئێستاییەکانیان )) بۆ گرفتی لە دایکبووی فیکری، تەریبە بە ئاراستەی شوێنکاتە گشتییەکەی،چەمکەکانی پلورالیزم لێرەدا سەرجەم تواناکانی خۆی روون ناکاتەوە تەنها بە زەرووڕەت نەبێ کە دەقەکە رایدەپەڕێنێت،یان تەنها ئەگەر بەشێکی مەبەست لەتەك ناوەڕۆکە پلوراڵییەکەیدا وەك پێدراوێك، کاتێ کە لەدەقەکەدا تواناو زەرووڕەتی بەسەر زاڵبونی گۆڕانەکاندا وندەبێ، جگە لە رەسەنایەتییە دیاریکراوە سەرەتاییەکەی،پێش ئەوەی فینۆمینۆلۆژیای هیرارکیی نوێی مێژوویی بەدەسهاتوو لەناوکۆیی فیکردا بیگاتێ،





### ١- گیروگازی Aufklarung

مانا قاموسییە راستەوخۆکەی لەلایەن گۆتس شراگلەوە ( Gotz Scharegle ) لە فەرهەنگە ئەلمانی – عەرەبییەکەیدا لە بەرامبەرسێ وشەدا دیاریدەکرێت :

رۆشنگەربوون، شارەزایی ، کرانەوە [١]

بە پێی سیاقە زاراوەییە مێژووییەکەی،شراگل بە دووشێوە گوزارشت لەم وشەیە دەکات،رۆشنگەری عەقلەکان،رۆشنگەری فیکرەکان [٢] . هەروەها بە ئاماژەیەکی فەرهەنگییانە بۆ دەلالەتەکەیان لە رووی مێژووییەوە گەمارۆی ساتە مێژووییە کولتورییەکەی چەرخی رۆشنگەریی وەك مەدلولێکی دیاریکراوی وشەکە بەدەردەکەوێت،دکتور ڤێلهێلم ( Kurl Wilhelm) لە کتێبەکەیدا (( فەرهەنگی ئەلمانی فەرەنسی )) سێ بەرامبەر دەداتە وشەی Aufklarung : ١- روونکردنەوە eclairssement ٢- ڕاگەیاندن information [٣] ٣- بەدەستهێنانی زانیاری reassignment ئەم وشە لەیەك نزیك‌و هاومانایانە دوور لەدەلالەتی مێژوویی‌و کولتورییەکەی وشەکە،ئاماژەیە بۆ ساتی قۆناغەکانی هۆشیاریی ئێستا وەك خۆی،بەقەد ئاستی سەرووی داخراوی خۆی لە بەرامبەر بەراوردی داهاتووی سەبارەت بە خۆی،یاخود بە سنووورە پێشینییەکانی،بە شێوەیەك کە رابردوو بەپێی تایبەتمەندییە پێدراوەکانی ئێستا بخاتە سەرپێ ،وەرگێڕ ژان رۆبیە لادمیرال لەکاتی خستنە رووی کتێبەکەی هابرماس ( Jurgen Habermas ) . ( لایەنەکانی فەلسەفەو سیاسەت ) یەکەمین مانای بەرامبەر کە ناوەرۆکەکەی بە پێی تای تەکنیکی زاراوەکانی مێژووی کولتورە،یاخود بەوردکارییەکی

زیاتر،دەداتە قۆناغە مێژووییەکانی گەشەی فیکری ئەوروپی . لێرەدا مانای بەرامبەری Aufklarung ی ئەلمانی بەدەربڕینە فەرەنسییەکەی ( فیکری چەرخی رۆشنگەرییە ) lesprit de lumieres [٤] بەئاماژە بۆ فیکری ئەوروپی لە سەدەی هەژدەهەمدا ،

ئەوەی کە لەم مانا بەرامبەرەدا کەمە، لقوپۆپی پسپۆڕێتی ئەم فیکرەیە،یاخود میحوەری رەخنەییەکەی کە سەدەی هەژدە هێنایە ئاراوە لە بەرامبەر هۆشیارییەکەی بە ئالییەت‌و دەفرە شارستانییەکەیدا،بۆیە هەر گەران‌و لێکۆلینەوەیەك ،کائینێکەو ئەگەری زاڵ بەدەستدێنێ بۆ بوونێکی رەخنەیی کە لە ساتی سنوردارنەکردنیدا وەك حالەتێکی فراوان دەمێنێتەوە،بەو فراوانییە زەمەنییەی پێکهێنانی ساتە کولتورییەکەی کە لەگۆڕەپانی سەدەیەکی تەواودا ناونراوە بە میحوەرە ناوکۆییە درێژکراوەکان.

پیر زیما لە کتێبەکەیدا ( قوتابخانەی فرانکفۆرت/ دیالێکتیکی تایبەتمەندیەتی ) دا چوارچێوەیەکی رەخنەیی دەداتە چەرخی رۆشنگەری لەناو Aufklarung دا،کە ئەو Aufklarung بە (( رەخنە لە شێوازی سەردەمی رۆشنگەریی )) دەناسێنێ‌و بایەخی نوێنەرانی قوتابخانەی فرانکفۆرت بەسەردەمی رۆشنگەریی لەلای ئەوەوە لە بەر ئیعتیباری دەرەکی کادیرەکانەوە نەبووە،کە وەزیفەیەکی زەمەنیان بەخشیە ئەو قۆناغە فیکرییانەی فەلسەفەی خۆرئاوایان پێدا تێپەڕ بوو،هەروەها گرنگیدانەکە بەبڕوای ئەو لەبەر ئەوە نەبوو کە پێناسەیەکی تایبەت بەخۆی بۆ قۆناغەکانەوە هەبێ لە رێگەی بیرمەندە گەورەکانییەوە،بەو پێیەی کە دەرگایەك بێ بۆ میتۆدی فیکریی فەلسەفەی خۆرئاوایی بەگشتی،چونکە ئەو ئیعتیباراتانە دواجار وەك ئیعتیبارێکی پتەو دەمێننەوە کە مێژوونووسانی فەلسەفە ختوویانەتە سەر ئەم قۆناغە،وەك وردکارییەکی دیارکراوو لە





جەوهەردا خاوەن سەمتێکی سەربەخۆ بێ لە بەرامبەر قۆناغە فیکرییەکانی‌تردا لە ئاستی فینۆمینۆلۆژیای جیاواز لە مەیدانی راستەوخۆی زەمەنی مێژوویی،بەلکو بایەخی نوێنەرانی قوتابخانەی فرانکفۆرت بە سەردەمی رۆشنگەریی وەك قازانجێکی سەرەتاییە،کە دواتر تیۆرەکەیان ئەم هۆشیارییە نێگەتیڤەی ئێستای وەك کائینێك سەلماند،یان بە قازانجی رەخنە،کە لەم قۆناغەدا نەبێ نەیتوانی بێتە ئاراوە،بە هۆی شەپۆلی ئەم نوسین‌و کتێبانەی کەلە باوەشی پرۆژە فەلسەفییە گەورەو زەبەلاحەکەی ئەمانۆیل کانتدا ( رەخنەی عەقلی بێگەرد )و ( رەخنەی عەقلی پراکتیکی ) خۆی دەبینییەوە،جگە لەوەی کە کانت بە یەکەمین گەشتی ماهییەتی ئەم سەردەمە هەڵسا،بەهۆی لێپرسینەوە لە مەدای دەلالەتی عەینی‌وەسفی ئەو بۆ رۆشنگەریی،لێرەدا فیکری رەخنەیی لە خۆی هەلدەگەڕێتەوە تاوەکو بەتەواوی ئێستای خۆی‌و لایەنە فەرهەنگییەکەی ئەم ئێستایە تاپلەی دروستبوون‌و پاڵنەری سووربوون بپشکنێ،بۆ ئەوەی ناونانی چەرخێکی فیکریی کورتبکاتەوە بۆ تەنها دەلالەتێکی میحوەریی یەکلایەنە کەرەخنەیە،بۆیە Aufklarung لای بیرمەندانی فرانکفۆرت رەخنەیە یاخود ( کانت ) خۆیەتی بەهەموو پرۆژە فەلسەفییەکەیەوە بەتایبەت کورتە لێکۆلینەوەکەی (( چەرخی رۆشنگەریی چییە ؟ )) کە بەبایەخێکی تایبەت راڤەی کردبوو[٦] بۆ ئەمەش ماکس هۆرکهایمەر ( Hork heimer ) توێژینەوەیەکی سەربەخۆی لە ژێر ناونیشانی ((فەلسەفەی چەرخی رۆشنگەری لای کانت )) تەرخانکرد . ئاراستەی رەخنەیی کە چەرخی رۆشنگەریی جیای کردبووەوە ئاراستەیەکی بۆنیاتنەرە بەوپێیەی کە پێگەیەکی فەلسەفییە،بەبێ دەستهاتی ماوە کۆمەلایەتییەکەی کە بە هۆی دیالێکتیکەوە پشت ئەستور بوو بۆ لاوازکردنی بواری مامەلەی رێگە پێدراوی

دیدو بۆچونەکانیو ئیمکانیاتی دەورەدانی ئەم بابەنە جیابووەوە پەرەسەندووانە لە گەڵ ئالۆزی ئاراستەو مەیلە دامەزراوەییەکەی دەوڵەتی نوێدا . لەرێگەی هیگلەوە رەخنەی کانتی، بونیاتە دیالێکتیکیەکەی خۆی بەدەستهێناوەو دواتر لە رێگەی مارکسەوە دیالێکتیکی کۆمەڵایەتیو بە هۆی بیرمەندانی فرانکفۆرتیشەوە شمولیەتی دیدی رەخنەییو تەوزیفی پێگەی ترانسێندێنتالیزمی – دیالێکتیکی – کۆمەلایەتی،دژە کردەوەی تیۆریی بەرهەلستکار بۆ هەولە پێچەوانەییە بەرهەمهاتووەکانی دەزگا فەرمییەکان،ئەمەش لەرێگای کردەیەکی راستەوخۆیانەی سیاسیەوە نا،بەلکو بەدووبارە پێکهێنانەوەی هۆشیارییە سەرکوتکراوەکەی واقیع لە کەشێکی تیۆریی رەخنەیی خاوەن بۆنیادێکی تەواوو عەقلانی،کە خودی خۆی بەر دینامیکیەتێك کەوتبێ لە نوێبوونەوەدابێ . چەرخی رۆشنگەریی Aufklarung لێرەدا ئەو واتایە دەگەیەنێ کە بیرمەندانی فرانکفۆرت دەیانەوێ،یان تیۆریی رەخنەیی لە چوارچێوەی بونیادە سەرەتاییە فەلسەفییەکەیدا،هەروەها بەر لەوەی ئەم چەمکە یەکبگرێتەوە لەگەل میتۆدی دیالێکتیکی دواجار لکاو بە ئاراستەی ماتەریالیی کۆمەلایەتیی یاخود رەخنە وەك پرسیارێکی فەلسەفی لە ئاراستەی سەراپاگیریی ئێستادا،بەبێ تێپەرینی دواتری ئەم رەخنەیە بە نێو هیگلیزمو مارکسیزمو پاشانیش فرۆیدیزم ( ئەوەی کە پەیوەندیدار بوو بە هەولە رەخنەییەکانی سایکۆلۆژیای کۆمەلایەتی ) لێرەوە رۆشنگەریی واتا شەرعییەتی مێژوویی قوتابخانەی فرانکفۆرت،چەرخی رۆشنگەریی بە شێوەیەك لە شێوەکان پاشماوەی بنچینەیی تیۆریی رەخنەیی ئێستایە،وەك ئەو پێشینە مێژووییەی کەلای سوریالییەکان بۆ دۆزینەوەی رەگو ریشەیەکی بزووتنەوەکەیان لە ناو مێژووی ئەدەبیدا جێگەی باس بوو،ئەوانەی کە لە رۆمانەکانی سەنندالو





شیعرەکانی بۆدلێرو رامبۆو پاشانیش لە دەقو دیدە شیعرییەکانی مالارمێدا گوزارشتی لە ئامانجەکانی دەکرد،ئەم نموونە ئەدەبییانە وەکو ئاماژەکانی رابردوو،پێشینەیەکی مێژووییان دەدا بە سوریالیزم کە پێشتر راستەوخۆ رانەگەینراو بوو،جگە لەوەی چەرخی رۆشنگەریی Aufklarung لە سەر ئاستی دیدە فەلسەفییەکەیدا،ریشەدانێکی مێژووییو خاوەن بۆنیادێکی بابەتی تەواوکارە،کە هێشتا ناوەرۆکە دیالێکتیکەکەی دەرنەکەوتبوو،دەکرێ هەروەك فۆرمێکی بنەمایی شایەنی یەکگرتنەوە،لەگەڵ تیۆری کۆمەلایەتیدا بمێنێتەوە،بێگومان بە هۆی میتۆدی دیالێکتیکی تەواوکاری دامەزراندنەکەیەوە .

## ٢- گیروگازی Wissenschaftlichkeit

مانا قاموسییەکەی ئەم وشەیە لە عەرەبیدا : زانستیی[٧]، دەگەیەنێ :
ئەمەش وەك سیفەتێك نا،بەلکو وەك ئاراستەیەکی هەلقولاوی شێوازێکی زمانەوانی مەزهەبیی،مانا فەرەنسییەکەیش (Scientisme) ە کە بەهۆی پاشگری isme دەبێتە زانستگەرایی. کەبەگشتی پێناسەی دەکات(رێرەوێکە بە زانست بڕیار لەسەر کۆتایهاتنی هەموو شتێك دەدا بەپێی تواناکەی بۆ خۆ خزاندنە نێو مەسەلە بازنەییەکانی مەعریفەی مرۆیی)[٨]
لە کاتێکدا ئەندریە لالاند لە فەرهەنگە ناودارە کەیدا ( وشە هونەریی و رەخنەییەکانی فەلسەفە ) دا ئەم وشەیە لە بەرامبەر Scientisme [٩] بەزمانی ئەلمانی بەبێ پێناسەکردنی زاراوەکە دانانێ،بەلام وەك ئاوەلناوێك بەرامبەر ئەلمانییەکەی وشەی زانستی scientifique دادەنێ بۆ وشەی Wissenschaftlichk[١٠]،ئەم وشەیەشی Wissenschaftlichkنییە، جیاوازی نێوانیان تەنها پاشگری(Kei)ە کە دەکرێ بلێین مانایەکی نوێ

دەبەخشێتە وشەکە، ئەمەش بەمانای عەلمانی Laiqui ( یاخود دنیایی،نا ئایینی ) نا،بەلکو بەمانای زانستگەریی scientiste ی فەرەنسی★ یان ئەو وشەیەی سەر بە ڕێڕەوی زانستگەرایی scientisme، لێرەدا واتای بەزانستکردنی شتێك دێت یان دانانی سیفەتێکی زانستییە بە هەر بابەتێك ( هەر بەپێی ئەم پێناسە گشتییەش بیرمەندانی قوتابخانەی فرانکفۆرت ئەم وشەیەیان بەکارهێناوە،وشەی ( علمنە ) لەزمانی فەرەنسیدا نییە،ئەمەش بەپێی گوتەی ژان- ڕۆییە لادمیرال،بۆیە ئەو لە جیاتی وشەی Wissenschaftlichkeit لەنێو دوو کەوانەدا وشەی ( scientificite ) بەکار دەهێنێت،لە هەمانکاتدا دەڵێت : ناکرێ ئەم وشە ئەلمانییە وەربگێردرێتە سەر زمانی فەرەنسی بۆیە ئەو لەبەرامبەردا scientificite وەك گوزارشتێك لە ناوەڕۆکی فیکریی ئەم وشە ئەلمانییە دادەنێ لە کاتی وەرێرانی کتێبەکەی هابرماس ( تەکنیك و زانست وەك ئایدیۆلۆژیایەك ) بۆ سەر زمانی فەرەنسی. بەلام پێناسەی ناوەڕۆك و وردی وشەی : علمنە دەکرێ وەك بیرمەندانی قوتابخانەی فرانکفۆرت بەتایبەت هابرماس بەکاری هێناوە شرۆڤەبکرێ،بەهۆی دیارکردنی مەفهومی وشەی زانستگەرایی scientisme بەپێی ئەندامێتی دەلالی هەردوو چەمکەکە لەگەڵ ئەو دەرکەوتەو هە لقوڵانە پێشکەوتووەی Wissenschaftlichkeit،بەهۆی گۆڕانیو گواستنەوەی پێکهاتە سەرەتا ییەکەی ڕێڕەو لە ڕافەکردنەوە بۆ دینامیکیەتی کردەی پۆزەتیڤانە بە شێوەیەکی جوڵەیی لە بونیاتە پراکتیکییەکەدا،هەروەها نێگەتیڤانە لە پێدراوە گشتییە کەیدا وەك مومارەسەیەك دژ بە پێکهاتەی هۆشیاریی رادیکالی .

ئەندریە لالاند پێناسەیەکی ورد دەداتە زانستگەرایی لە ( وشە تەکنیکیو ڕەخنەییەکانی فەلسەفە ) دا وەك ئەو گوتراوەی کە دەڵێ زانست دەتوانێ





شتەکان وەکو خۆی بناسێ،ئەو بەم شێوەیە ئەم وشەیە دەناسێنێ،هەروەها لەبارەی چارەسەری سەرجەم گرفتەواقیعییەکان،ئەم زاراوەیە دەکارێ وەلامی هەموو پێداویستییە ڕەواکانی عەقلی مرۆیی بدانەوە،بەهەمان شێوە زانستگەرایی بیرۆکەیەکی حەتمی پەخشی بیرکردنەوەی زانستیو ڕێژەوە زانستییەکانە بەسەر سەرجەم لا یەنەکانی ژیانی کولتوریی و مۆرالی یە بەبێ جیاوازی [١٣]،هەروەها بەپێی هەمان پێکهاتە دەلالییەکەی ئەم وشەیە جۆرج تێنیس و ئاگنس لۆمبەرۆر لە فەرهەنگە کەیاندا (( فەرهەنگی گشتی زانستە مرۆییەکان )) پێناسەیزانستگەرایی دەکات وەك ئاراستەیەك کە هەوڵو تێکۆشانەکەی لە نێو ئامانجێکدا دیار دەکاتو دەستەیەکی تیۆریی بونیات تەواو لە خۆوە دەگرێت، زانستگەرایی تیۆرێکی یەکگرتووە،ئاراستەیەکی یەکگرتووە ئامانجی گورینی زانستە ( بەمانا ئەزموونییەکەی ) بۆ فۆرمێکی تەنهاو رەها مەعریفەیە،هەروەها توانا دارە بەسەر چارەسەری سەرجەم گرفتەکانی نێو واقیعی پراکتیکی عەقلی مرۆیی،کە دەتوانێ سەرجەم پێدا ویستییە مرۆییەکان دابین بکات،لەلایەکی دیکەوە زانستگەرایی واتەی هەلوێستێکی گرێبەندیی دەگەینێ بەومانایەی کە زانست بونیادو پێکهاتەیەکی سەراسەر داخراوو دابڕاوە لە بابەتە حەقیقیەکانو مەعریفە کۆتاییەکاندا [١٤] لەم گیرخواردنە تەکنیکیوقاموسییەی چەمکەکە،کە زۆر بەروونی جووڵەی بەکارهێنانی زاراوەیی چوارچێوەی سەرنجی ئالۆز دیاردەخات،لای بیرمەندانی فرانکفۆرت لە تەکنیکەکەیدا،بەتەنها وەستان نییە لە سنووری پێناسە سەرەتاییە دەلالییەکەیدا،بەلکو لەسیاقی گەشەی پێکهاتەی ناوەوەی چەمکەکەدا لەگەل بەبەکەوە بوونێکی پابەندیی بۆ بوراری نیمچە جیاوازی لە پێناسە رەسەنەکانییەوە وەك دەرکەوتەیەك،بۆیە دیارکردنی قاموسییانەی پوختی زاراوە نوێیەکە وەك پێشینەیەکی چاووگی

وەرگیراوە بەلای بیرمەندانی فرانكفۆرت ناكرێ تەجاوز لە كەسێتی‌یە توندە دەلالی‌و جەوهەرە پێچەوانەو ئالۆزەكەی بكرێ بە پی‌ی ئیجتیهادی نوێی ئاستی رەتكردنەوەی رەسەنایەتی مەدلولەكە،بەلكو بەپێشخستن شەرعیەتەكەی خۆی لە گەشەی دەرەكی ئامرازەكانی كۆنترۆلی فەرمییانەو هەیمەنەتە كە وەردەگرێ زیاتر لە دەلالەتە خود بۆنیاتەكان بەهۆی سنوری خودی زماندا بە نوێبوونەوەیەوە،لای بیرمەندانی تیۆری رەخنەیی فرانكفۆرتدا Wissenschaftlichkeit ئاراستەیەكی زۆرتر فراوان‌و لكاو بەستراتیژییەتێك وەردەگرێت،كە ئامانجی جێگیر كردنی هەژمونی دەولەتە لەكۆمەلگا سەرمایەدارەكانداو دلنیاكردنەوەی هەمووەكییەكەی بەپی‌ی شێوازێكی نوێی پۆزەتیڤانە مامەلە لەگەل فیكری ئارەزوومەندانەی كۆمەلّ‌و بابەتی هەژمون،ئەم وشەیە ئاراستەیەكی خاوەن پرۆسەی جەغدو دلنیاكەرەوەیە لە رێگەی ئامرازە كاریگەرە راستەوخۆكانی گەیاندندا بەسەر تاك‌و زهتیەتی كۆمەلایەتیدا،ئەم سنوردانانە بۆ ئەم وشەیە لە هابرماسەوە لە رێگەی كتێبەكەیدا (( تەكنیك‌و زانست وەك ئایدیۆلۆژیایەك )) سەرچاوە دەگرێ لەم دەقەدا دەلالەتی سەرەكی وشەكە بەكارهێنانی دووسەرەی زانست وەك ئامرازێك لەرێگەی پێشكەوتنی تەكنیكیانەی ئامرازەكانی گەیاندن بۆ جەماوەرو گەیاندنی شەرعیەتێكی تایبەت بە دەولّەت‌و دامەزراوەكانی بۆ هاولاتی،هەروەها لاوازی هاندانی زەینی تاك – كۆمەل بۆ ئاراستەی باوەڕهێنان بە زانست وەك دوا ئاراستەو بە هۆی ئامرازە زانستییە زەرووریەكانی بۆ دلنیایی دوا ئامانج ئەوەیە كە هەژمونی فەرمی‌و فیكری فەرمی دەولّەت‌و دامەزراوەكان بمێنێ،بەوپێیەی كە بەرهەمێكی (( زانستییانە )) ی خاوەن رێككەوتن‌و لەگەل ژانەكانی شارستانییەتی (( زانستی )) دا گەشەی كردووە لە رووی پیشەسازی‌و لوتكەی پێشكەوتنە





تەكنیكییەی‌دا.

## ٣- ئایدیۆلۆژیا

لەرووی ستراكتۆرەوە،ئەو رەهەندە بنەڕەتییانەی لە نێو ئاماژەكانی چەمكی ئایدیۆلۆژیادا خولدەخۆنەوە جیاواز نین هەروەها لەلایەن ئەو جەوهەرە ستراكتۆرییە خاوەن بنەمایەكی بێگومان‌و تەواوكار لەگەل لق‌وپۆپە خراوەرووەكان لە گشتییەتی دەلالەتكە یاخود پێناسەكردنی ئەو چەمكە دا یەكناگرنەوە . هەموو ئەو پێناسانەی كە دواتر بەپی‌ی قۆناغە جیاوازەكانی مێژووەوە بۆ ئەم چەمكە خراوەتەروو،لەپێناو فراوانكردنی ماناو ناوەرۆكی ئەو چەمكەو دەركەوتنێكی نوێ بەمانای نوێ كە لە مانا گشتی‌و وزە سەرەتاكەی پێكهاتەكەی ( لەكاتی هاتنەئارای ئەوچەمكەدا ) دوورناكەوێتەوە،بەلكو دەست بەدەسەلاتە فەلسەفییەكەیەوە دەگرێ بۆ ئەوەی لەگەل پرۆسەی بەكەم‌وكوریكردنی كایە جێگیرە ئاشكراكاندا بڕوات،وەك یاسایەك كە بڕیاری نا جێگیریی بەرووە كۆمەلأیەتی‌و سیستمە خراوە رووەكەیدا دەدات،دواتر بەرووی رۆشنبیریی كە چەندین ئاراستەی فیكریی نوێ لە خۆوە دەگرێت،لە ڕێگەی فەلسەفەوە لە بەرامبەر توانا دنیامیكییەكەیدا كرایەوە . یەكێ لەو پێناسە بنەرەتییانەی چەمكی (ئایدیۆلۆژیا)،كە وەكو جەوهەرێك پارێزگاری لەرەسەنایەتییە سەرەتاكەی دەكات‌و پاشان لە بەرامبەر جوولەیەكی نوێی بەكارهێنانیدا دەكرێتەوە،ئەو پێناسە پوخت‌و گشتییەیە كە میناریك (Etieme Minarik) لەكتێبەكەیدا ( پەنجا وشەی كلیل بۆ سایكۆلۆژیای كۆمەلأیەتی ) دیاری دەكات،كە بەم شێوەیەیە : ئایدیۆلۆژیا سەرجەم رێكخراوی كۆمەلێك فیكرو باوەرو پێدراوی هاوبەش‌و پەیوەست بە فاكتەرو پرەنسیپە نەگۆڕو دیارەكانە لەدیاردە جیاجیاكانی ژیانی كۆمەلأیەتی [١٥]

هەروەها بە هەمان ئاراستە گشتیەکەی پێناسەی (( ئایدیۆلۆژیا )) زیمۆن بۆدۆن‌و فرانسوا بۆریکۆ لە فەرهەنگە تەکنیکییەکەیاندا (( فەرهەنگی رەخنەیی سۆسیۆلۆژیا )) ئەم پێناسەیەی خوارەوە دەدەن بە ئایدیۆلۆژیا: سیستمێکە لە باوەڕەکان کە لایان زەروور نییە ئاماژە بەو چەمك‌و فیکرە پیرۆزکراوەیان خاوەن سروشتێکی ترانسێندێنتال بدەن کە بابەتە کەیان بە شێوەیەکی تایبەت مامەلەیە لەگەل ڕێکخستنی کۆمەلایەتی‌و سیاسی کۆمەلگایە،یاخود بە شێوەیەکی گشتی لەگەل گۆرانە هاوبەشەکەیاندا [١٦]،بەهەمان شێوە بەهاوبەشی لەگەل دەلالەتی گشتی چەمکی ئایدیۆلۆژیا،بەر لەوەی بچێتە نێو گەشەسەندنە پسپۆرییەکەی دواتر، جۆرج تینیس‌و ئاگنس لۆمبرۆر لە قاموسەکەیاندا (( فەرهەنگی گشتی زانستە مرۆڤایەتییەکان )) بەم شێوەیە پێناسەی دەکەن : کە سیستەمێکە systeme لەبەها، یان بەگشتی، لەو باوەڕانەی کەلای زەروور نییە ئاماژە بەچەمك‌و فیکری پیرۆزکراو یان خاوەن سروشتێکی ترانسێندێنتالی بدرێت، بابەتەکە بەشێوەیەکی تایبەتییانە مامەڵە دەبێت لەگەڵ ڕێکخستنی کۆمەلایەتی‌و سیاسیی کۆمەڵی، یان بەگشتی لەگەڵ سەیرورە هاوبەشەکەیان [١٦] جۆرج کینس‌و ئاگنس لۆمباڕۆ لە (فەرهەنگی گشتی زانستە مرۆییەکاندا) بە تێکەڵکردنی لەگەڵ دەلالەتی گشتی چەمکی ئایدیۆلۆژیادا پێش ئەوەی بچێتە نێو گەشە پسپۆڕێتییەکەی دواتری. بەم شێوەیە دەیناسێنێ کە: پەیڕەوو بەدواداچونێکی فیکرییە بۆ هەڵوێستێکی دیاریکراو سەبارەت بە کۆمەڵ، رێك لەگەڵ ئەو پێناسەیەدا، ئایدیۆلۆژیا دەبێتە وێناکردنێکی زیهنی، گەمارۆدراوی نێو خودی ئەو پەیڕەوە فیکرییە بەئاراستەی جیاجیای فۆرمەکانی





کۆمەڵایەتی، ئەو رەسەنایەتی‌و ئەرکەکەی لە نموونەی تیۆری‌و جیاجیادا دەبینێتـەوە[١٧] ئەندرییە لالاند دوو پێناسەی فەلسەفی دەداتە ئایدیۆلۆژیا، یەکەمیان لەنێو وەزیفەی کۆمەڵایەتی گشتیدا ئەوانەی کە دامەزراوە سیاسییە لە ئاراکانی دوورن لە پێناسەی گشتی. جەوهەری زاراوەکە مومارەسەی دەکەن، ناوکۆییە بنەڕەتییەکەی بۆ وەزیفە بەردەستەکەی دەبەزێنێ، بەم شێوەیە پێناسەی دەکات: کە باوەڕێکی ئیلهامییە، یاخود وەك ئەوەی کە ئیلهامی فیکرو بۆچوونی هەر حکومەتێك یا هەر حزبێك بکات[١٨] .

دووهەم پێناسەش کە پێناسەیەکی فەلسەفییانەی رووتی هەڵقولاوە لە بەکارهێنانە بەرفراوانەکەی ئەو چەمکەدا لەلایەن کۆمەڵێك فەیلەسوف یا لە فیکری فەیلەسووفێکی دیاریکراودا: ئایدیۆلۆژیاو بیرکردنەوەیەکی تیۆرییانەیە خۆی گەشە دەکات‌و لەشێوەی ئەبستراکتییەتدا، پشت بەستوو بەوزە بێگەردەکانی، بەلام لەواقیعدا گوزارشتێکە بۆ چالاکی‌و کردە کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەت چالاکی‌و کردەی ئابووری، کە درك بەخودی بونیادی ئایدیۆلۆژیا ناکات، یان لانی کەم، نازانێ کە ئەو چالاکییانە فیکرو بۆچوونەکانی سنووردارو دیاردەکات، ئەم وشەیە بەم مانایە لەفیکری مارکسیدا بەکاردێت[١٩].

لەگەڵ مارکسدا چەمکی ئایدیۆلۆژیا سیمایەك بۆ گرنگترین‌و گەورەترین پرۆسەی رەخنەیی لێکدانەوەیی وەردەگرێت لە سیستمی فیکری فەیلەسووفدا، هەر دەرخستنێکی قاموسیانەی رەخنەیی بۆ ئایدیۆلۆژیا لە تێپەڕبوونی وشەکە بە (قۆناغی) مارکسیزمدا بێئاگا نییە، بۆ لێکۆڵینەوەی‌و

ئەو هێرشەی کە مارکس لەدژیدا کردیە سەری، بەو پێیەی کە (هۆشیارێکی هەڵەیە).

مادلین گرۆڤتش (Madeleine Grawitz) لە قاموسەکەیدا (فەرهەنگی زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا) کورتەیەکی پوخت بۆ ڕەخنەکەی مارکس لە ئایدیۆلۆژیاو قۆناغەکانی گەشەسەندنی کە لێیەوە ئەم وشەیە لەفیکری مارکسیدا دیاردەکرێت، پێشکەش دەکات، شێوازێکە بۆ پەخش‌و شاردنەوەی مۆتیڤە حەقیقییەکانی واقیع‌و مێژوو، کە لەلایەن ئەو چینانە داهێنراوە کەلەڕووی ئابووریی‌و داراییەوە زاڵن، وەك بونیادێکی سەروو پێگەکەی دەپارێزێ‌و ئەو سیستمە سیاسییانەی کە نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی دەکات، بێ کەم‌و کوڕی دەکاتەوە، وەك هەوڵێك بۆ دووبارە گێڕانەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، لەهەمان کاتدا ئایدیۆلۆژیاکان ڕۆڵێکی پۆزەتیڤانەیان هەیە، چونکە ناوەڕۆك‌و پێکهاتە ناوخۆییەکەی وەهمێك نییە یا بە وەهمکراوێکی ڕەها نییە، بەڵکو ئەنجامن بۆ هەندێ حەقیقەتی سنووردار، بەڵام کەم کەم مەرجە مێژوویی‌و کۆمەڵایەتییەکانی هەموو سەردەمێکی مێژووی دەگۆڕێ‌و دووچاری لادانی دەکات.ئایدیۆلۆژیاکان بە مەزەندەیەکی لێگەڕانەکی‌و واقیعێکی شیکراوەدا دروستدەبن کە لە نێو خۆیدا لایەنی وەهمی‌و ڕاستی لە خۆوە ناگری بەڵکو حەقیقەتێکێ جێگیرو تێکەڵ لە هەڵە لە خۆوە ناگرێ [٢٠]. بوارە سیمانتیکییەکانی پێشوو، بەجیاوازی کەرتییانەی ئاراستە دەلالییەکەیەوە دەبێتە دەفرێکی گشتی بۆ گەمارۆدانی ناوکۆیی چەمکەکە لەنێو دەقدا، چەمکی دامەزراوەیی گشتییش بەندە بە ڕەخنەی مارکسی، وەك سیاقێکی دەلالی نێردراو بەپێی ئاستە





جیاوازەکانی بەکارهێنانی نووسین، یان ئەو بەکارهێنانەی کە قوتابخانەی فرانکفۆرت خستیە سەری دیاریدەکات، بەمەش سنووردارکردن کۆتایی وشەی ئایدیۆلۆژیا لەدەقدا بەم شێوەیە دەبێ: سیستمی فیکرە بەریەککەوتوەکانەو هەوڵدەدات بەشێوەیەکی ئەندامی بەشداربێ لە تەبەنی کردنی دیدو هەڵوێستێکی یەکانگیر بۆ هەریەکە لەگەردوون‌و کۆمەڵ‌و هەموو پێکهاتەکانی واقیعی عەینی، هەروەها هەڵوێستی لەبەرامبەر هەموو شتێکی میتافیزیکی لەسەر ناسینی بۆنیڤێر سالی دەرەوەی ئەو شتانەی بەرجەستەو لەبەرچاون دەردەبڕێ، بونیادێکی فیکرییە بەدوو ئاراستەدا دەڕوا: یەکەمیان واقیع، دووهەمیشیان: گەردوون، سەبارەت بەخودی خۆی سیستمێکی ترانسێندێنتالییە بەڵام سەبارەت بە واقیعیش ڕێژەییە یاخود هەمووەکییەکی هەڵەیە ئەو واقیعەی کە هەوڵی گەمارۆدانی سەراپاگیرییەکەی دەدات لەنێو سنووری سیستمە فیکرییەکاندا لەحاڵەتی لکانی بە هەوڵی پراکتیکی پرۆژەی حکومەتێك یاخود چینێك یان پارتێکی سیاسی بێ یانیش باوەڕێکی ئایینی پەیوەندیدار بێت بە چالاکییەکی ڕێکخراوەیی سیاسی یان سەدای پراکتیکی سروتیانە لەخۆوە بگرێ، لەسەر ئاستی تاکیش سیستمێکی فیکری پێکدێت کە بۆ ستراتیژیای تاك بەرهەمهاتبێت لەپێناو بەدەستهێنانی (خود) بەپێی واقیعێکی کۆمەڵایەتی دەرەکییانە بێت لەسەردەمێکی مێژوویدا، کە تیایدا وەك زەرروورەتێك تاك ناچاری هۆشیاری یان ناهۆشیاری دەکرێت، بەپێی پلەدارکردنی واقیع لەنێو پێکهاتە تاکگەراییەکەی سیستمە فیکرییەکەی (ئایدیۆلۆژیا تایبەتەکەی)، یان پلەدارکردنی مەرجەکانی واقیعی دەرەکی کە مومارەسە دەرەکییەکانی وەك پرۆژەیەکی زیهنی تیادابێت لەپێناو

بەدەستهێنانی خودی خۆی لەناویدا پێك دێت. ئایدیۆلۆژیا لەسەر ئاستە تاکگەراییەکەیدا لەسەر گۆڕەپانێکی لێکدراوی تاكو تەنهاییدا زۆربەی جار سێنترالیزە دەبێ، بەحوکمیناچارییەکی بێ لایەنانەش بەلانی کەمییەوە کۆمەڵایەتی دەرەکی دەبێت دەربارەی ویستی تاك لە ئامادەییە کۆمەڵایەتییەکەیدا.

هەروەها لەمانایەکی سیاسی نێو سیستمی سیاسی لەئارادا، چەمکی (ئایدیۆلۆژیای سیستەم) پێکدێت، نەك بۆ کردەیەکی پێکهاتەیی تیۆری لەئارا، بەڵکو بۆ چالاکییەکی راستەوخۆیانەی سیاسی یاخود چالاکییەکی واقیعی کە خاوەن ئامانجێکی سیاسی رووت بێ، رەهەندێکی گونجاوی هەبێ بۆ کۆنترۆڵی تەواوی سیستمی لەئارا بەگونجان لەگەڵ ئامانجی کۆمەڵایەتی، بەپێی ئەو ئاراستەیەی کە کۆنترۆڵکردنو هەژموونەکە دەیپارێزێ یاخود بەتەریبی لەگەڵ ئامانجو حەزێك کە لەنێو کۆمەڵدا سێنترالیزەبێ، بۆ سەرکردایەتی کردنی بەرەو باوەڕدارییێك بۆ بەردەوامێتی دەسەڵاتی سیاسیو سیستمی کۆمەڵایەتی بەهۆی سەرجەم دامەزراوە لەئاراکان، ئەم کردەیەش بەپاڵپشتی ئایدیۆلۆژیایەکی تیۆری پێشووترەوە دەبێت، چەمکی ئایدیۆلۆژیاش لەم حاڵەتەدا لەموومارەسەیەکی واقیعیانەوە سەرهەڵدەدات تاکو سیستمە تیۆرییەکەی پێکدەهێنێ، لەدوای ئەویشدا بۆ بەهانەی سەیرورەی واقیع بەوەی کە هەیەو وەك ئەوەش کە هەیە.

## ٤- ستراکتۆر

((فەرهەنگی رەخنەیی سۆسیۆلۆژیا ))ی ریمۆن بۆدۆنو فرانسوا بۆریکۆ،چەمکی ستراکتۆر (( بنیە )) بە چەمکێکی ئالۆزو فراوان دادەنێت





لەبەر فرە ئاراستەییو بەکارهێنانەکەی بە پێی ستراکتورە فیکرییەکەو سنوردار کردنێکی یەکلایەنانەی بەئاگا بۆ ئەم چەمکە [٢١]،بۆ ئەوەی لە پێشەوە سنور بۆ ئاماژەی بەکار براو دابنێن پێویستی بە کۆنترۆلکردنێکی سەرەتایی چەمکەکە هەیە کە دواتر ناوەرۆکی تر دەداتە میحوەری کۆنترۆلی دەلالی وشەکە،مۆردۆك ئەم چەمکە وەك رەهەندێکی تەکنیکی دیاریکراو بەکار دەهێنێت بەمەبەستی یەکگرتنەوەی دامەزراوە کۆمەلایەتییەکانو دەست پێوەگرتنیان [٢٢]،بەلام جۆرج کرۆفیچ چەمکی ستراکتۆر بەو وشەو گوزارشتانە دەبەستێتەوە کە پاشکۆی ئەوان،کرۆفیچ زاراوەی کۆمەلە رێکخراوەکان لەرووی ستراکتۆرەوە یان وردتر بلێین کۆمەڵە بەستركتۆر كراوەكان Lea groups structures بەکار دەهێنێت،بەپێی بۆچونی خودی جۆرج کرۆفیچ دەکرێ چینە کۆمەلایەتییەکان بەبێ ئەوەی ئۆرگانیزە Organisa [٢٣] کرابن بەستراکتۆربکرێت،لێرەدا جیاوازییەکی نەوعی هەیە لە نێوان ئەوەی کە رێکخراوە و ئەوەی کە بە پێی ستراکتۆر رێکخراوە یاخود بە ستراکتۆر کراوە،هێلی دووەمی (( رێکخستنەکە )) بەشێوەیەکی ئەبستراکتیانە نەبێ خاوەن رەهەندێکی هەست پێنەکراوە،هەروەها بە پێی پرۆسەیەکی عەقلی تێکەڵ هەست بە سروشتی ستراکتۆرە نێوخۆییەکەی دەکرێ وەك ئەوەی کە لە نێو جەوهەرێکی یەکگرتوودا فاکتەری بەشداربوون رووندەکاتەوە،ئەو دەلالەتەی کە بەکاردێت بۆ ئەم چەمکە،لەدەقەکەدا بەگشتی رێك بۆ دوو رەهەند جیا دەکرێتەوە کە پێگەی تایبەتی وشەکە لە نێو گوزارشتێکی سەربەخۆدا بە دەردەخەن بە شێوەیەك کە پێکهاتەو ناوەرۆکەکەی بە پێی هەلکەوتەی وشەکە لە نێو سیاقە کەرتییەکانی وشەکانیتردا دەکات،بەکارهێنانەکەیش بە پێی ئەو دەلالەتە دەبێت کە بۆ نیایگەران بۆچەمکی ستراکتۆریان دیارکردووە و ئەوەش کە (( فەرهەنگی

رەخنەیی سۆسیۆلۆژیا )) روونیکردۆتەوە بەم شێوەیە . وشەی ستراکتۆر لای بونیاتگەران و بەکاربەرانیدا مانایەکی نزیك لە چەمکی ( نموونە )) لە خۆوە دەگرێت کە لە وشەی (( نموونەگەرایی ) دا هاتووە یاخود پۆلینکراوی Typologie کە ئەم واتایانەی خوارەوە دەگەیەنێ : ١-پێکهێنانی لیستێکی بۆ ئەو گۆرانکارییانەی کە بە خاوەن سروشتێکی تەبا لە نێو خۆیاندا دادەنرێت بۆ هەر بابەتێك

٢- ئەو گۆرانکارییانە وەسفیانە بەدەربخات بەپەیوەندیکۆمیونیکاسیۆنیو ئەندامی هاوبەشیو بەستراکتۆرکراوی Structuree بەتوانایەکی کەمو هێزێکی زۆر،یاخود دابەشکراو بە پێی شێوازێکی نا رێکەوت .

٣- بەکارهێنانی ئەو پەیوەندییە کۆمینیوکاسیۆنییە لەپێناو دابەشکردنی شتە چاودێریکراوەکان بۆ نموونەو رێکسازییە دیلریکراوەکان [٢٤] لەلایەکی ترەوە،چەمکی ستراکتۆر واتای ئەوە دەگەیەنێ کە زۆرینەی رەگەزە جێگیرو نەگۆرەکانی سیستم هیچ ناتەباییەك لە بەرامبەر ڕەگەزە جیاوازەکانیەوە هەڵناگرێ،بەپێی ئەم میتۆدەش بێت چەمکی ستراکتۆر یان ئەوەتا ئاماژەیە بۆ سیمایەکی نەگۆرەکان،یاخود کۆمەڵێك ئەرکی بەردەوامی گۆڕانکارییەکانی نێوانیان،یان کۆمەڵێك نەگۆری ئەرکی کە بەردەوام پەیوەندی هاوبەشیان هەیە [٢٥] .

## ٥- ژێرخان infrastructure Inusite Infrastructure

بەشێوەیەکی گشتی ئەم چەمکە بەپێ ئەو دەلالەتە گشتییەی کە مارکس بۆی داناوە بەکاردێت وەك ئەوەی کە (( فەرهەنگی رەخنەیی مارکسیزم ))ی جۆرج لابیکا Georges Labica روونیدەکاتەوە،ئەم فەرهەنگە وشەی ژێرخان وەك هاو واتایەکی وشەی بناغە base بەکاری دەهێنێت و لەگەل کۆمەلێك پەیوەندی بەرهەمهێنان و شێوەکانی بەرهەمهێناندا دیاریدەکات کە لەسەریەوە سەرخانێکی بارگاویکراو بە سیستمی دادوەری و سیاسی و کولتوری ... دادەمەزرێنرێت و لەگەل خۆیدا فۆرمی جەبری هۆشیاری کۆمەلایەتی





بەرهەمدێنێت،[٢٦] ژیانی کۆمەلایەتی،کولتوری،ئایدیۆلۆژی،سیاسی بە شێوازێکی بەرهەمهێنانی ماتەریالی لە ژێرخان پێکهاتووەو مەرجدارکراوە، لەسەرووی ئەم ئاماژە بنەڕەتییە گشتییەدا کە بەتەنها ئەم چەمکە بۆ ئەم مەبەستە بەکار نایەت،بەلکو بەکارهێنانێکی تری ئەم چەمکە مەبەستیەتی وا لە جەبرییەتەکە بکات هێزو پەیوەندییەکانی وەبەر هێنان هەمووەکی نەبن بەلکو خاوەن کاریگەرییەکی ئاکتیڤ بن لەگۆرانی بەدەسهاتووی نێو سەرخانەکاندا.

## ٦- سەرخان Superstructure, Uberbau, Superstructure

بە پێی دیارکردنی مارکسیانە بۆ واتاکانی بەکاردێت،زۆربەی جار لە شێوەی کۆ((سەرخانەکان)) بەکاردێت،وەك ئاماژەیەك بۆ کۆمەڵێك سیستمو دامەزراوە کۆمەلأیەتییو سیاسییەکانی((سەربەخۆ))لە ئەوانی تر ،لەنێو رێکخستنە ناوەخۆییەکەیدا،بەلأم بەو پێیەی کە لەنێو سیستمی کۆمەلأیەتی-سیاسی-رۆشنبیریی گشتیدا گەمارۆ دراوە،بەشداردەبێ، بەرهەمی تاکە ژێرخانێکەو بەجەماوەرییبوونەکەی لە سەرخانی پێکهاتوو لە :دەسەلأتی سیاسی،یاساوسیمای دادوەریی،سیستمی حوکم،بونیادی زیهنی بەکۆمەڵ،بونیادی زیهنیی بە تاك،پەیوەندییە کۆمیونیوکاسیۆنیەکانی نێوان تاکەکان،ئایین،باوەڕەکان، ئایدیۆلۆژیاکان،دەوڵەت،فیکری زاڵ،هونەر، زانست، دواتر زمان،جیادەکاتەوە.بەشێوەیەکی گشتی سەرخان ئاماژە بۆ دوو واتا دەکات:سیاسی-دادوەریی،پاشان ئایدیۆلۆژیی[٢٧] .

## ٧- فیشیزم، چوارچێوەگەرایی- بتگەرایی- .

**Fetichisme, Warenfetetischismus, Commodity fetishism**

لێرەدا فیشیزم بەپێی مامەڵە فراوانەکەی بیرمەندانی قوتابخانەی

فرانکفۆرتەوە بەکاردێت، بتگەرایی کەل‌و پەل‌و بەسیمبۆلکردنیەتی، کە مارکس وەك نموونەیەك بۆ بەفەرمیکردن‌و دامەزراوەییکردنی بەرهەمەکاندا دیاریدەکات، هەروەها خودی دامەزراوەکەو سەرچاوەکانی بەبنەما بالأیەکەیەوە پەیوەندیدارە، کە لەلایەن دەوڵەتی پێچەوانەو گەورەی ئامرازەکانی کۆنترۆڵی ڕێگەپێدراوە بەهۆی تەکنیکی نوێی راگەیاندن‌و ئامرازەکانی تری کۆمیونیکاسیۆن گەورە دەکرێ.

گەمارۆی بەکەل‌و پەلکردنی ئابوورییانەی چەمکەکە لای مارکس وردبینیی زەمینەی سیمانتیکی ئابووری دەپارێزێت،بەڵام واتاکاتی چەمکەکە لەناوچوارچێوە جوڵەییەکەی مۆنۆپۆل ناکات، کەئامرازەکانی کۆنترۆڵی دامەزراوەکانی دەوڵەتی مۆدێرن دەیکات.

لای مارکس فیشیزم واتای کەل‌وپەلی یەکێ لەسیما پێویستییەکانی پەیوەندییەکانی‌وەبەرهێنانی کەل‌وپەلدا دەگەیەنێ، بەتایبەت ئەو کاتانەی کەپەیوەندیەکان دەگەن بە فۆرمێکی سەرمایەداری[٢٨].

لەدیدی ئەو فیکرە ڕەخنەییەی کە هاوشانی سەیرورەی لە ئارای هەژموونی دەوڵەتی سەرمایەداری بوو، فیشیزم لەناو خودی چوارچێوەی سەرمایەداریدا دەگۆڕێت کەمارکس وەك مەیل‌و ئاراستەیەکی پاڵپشت بۆ بەبتکردن‌و سیمبۆلکردنی پێدراوە عەینی‌و ئیستهلاکییەکان لەڕووی ماتەریالی‌و فیکرییەوە، دیاری کردبوو، کەلێیەوە دامەزراوە لەئاراکان بەرهەمدێن، لێرەدا فیشیزم خاوەن ڕەهەندێکی هەستپێکراوە لای ئەو دامەزراوانەی کە کەل‌وپەلەکانیان جیادەکەنەوە،چونکە هۆشیاریی دەداتە ئامادەیی هاوڵاتی،بۆ بەبتکردنی بەرهەمەکانی،هەروەها لای بەکاربەری خاوەن مەیلی قەبولگەرایی رەهای بەرهەمی دامەزراوەیی فەرمیی‌و دەزگاکانی کۆنترۆل لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا خاوەن رەهەندێکی ناهۆشیارە، فۆرمێکی هاوکاریی لە رۆشنبیریی ئیستیهلاکی‌و ئامرازەکانی پرۆپاگەندە وەردەگرێت، بۆ بەرێوەرۆیشتنی قەناعەتی تەواوی ئیستیهلاك، پاشان ئایدیۆلۆژیای فەرمی بەئاستە تیۆرییەکەیەوە، بۆ بونیادە زیهنییەکەی‌و سنووردارکردنی حەزە





فیکریە گشتییەکانی لەبەرامبەر قەبووڵکردنی واقیعی ژیان وەك بونیادێکی ئایدیۆلۆژی تیۆری بەبەهانەی هەژموونی فەرهەنگی دەسەڵات‌و وەك واقیعێکی راستەوخۆی بەردەست، گونجاندنی لەرێگەی کەش‌و هەوای گشتی ئاراستەی سەیرورە کۆمەڵایەتی-رۆشنبیری دەبێتە نایوەستێك بۆ سنووری بوارە ئابوورییە گەمارۆدراوەکەی لەنێو شتێتی کەل‌و پەلدا بەرەو مەیدانێکی پێشوازیکەرتر ئەویش گواستنەوەی بەسیمبۆلکردنی کەل‌و پەلانەی واقیعی سەرمایەدارییە بۆ هەموو وشەیەکی فیشیزمی لەدەقدا، وەك ئاماژەیەك بۆ ملکەچی هۆشیاریی ئێستایی، لەڕووی تاك گوزاری‌و کۆمەڵایەتییەوە، بۆ (بەها)ی گشتی، کە دەسەڵات راستەوخۆیانەدەخاتەروو، لەوێوە هۆشیاری تاکگەرو بەکۆمەڵی رۆژانە هەڵدەستێت بە بەسیمبۆلکردنی تا ئاستێکی ترانسێندێنتالی، هەروەها وەك پێوەرێکی گشتی بۆ بەشەکانی بوونە تایبەتییەکەی‌و بوونە بەکۆمەڵییەکانی‌تر وەردەگیرێت، بەشێوەیەك کە بۆ لەپەل‌و پۆکەوتنی هۆشیارییەکەی داوای لێبوردن دەکات، لەسنوورە لەئاراکەی (بۆ درێژبوونەوە) بەرەو سنوورێکی فراوانتر یاخود دەلالەتێك لەسەر ئامادەبوونە عەینییەکانی.

## ٨- **سیستم** Systeme, System, System

بەبێ پێکهاتە بەرەسەنکراوەکانی کە لێیانەوە بەکارهێنانی یەکەمی چەمکەکە سەری هەڵداوە، لەزانستی ماتماتیك یاخود ئابووری رووت وەك بونیادێکی زانستی نەگونجاو لەگەڵ واقیعێك یان دیاردەیەکی دەرەوەی یاسا هەناوییە تایبەتییەکانی، لێرەدا بەکارهێنانی سیستم لەدەلالەتە کۆمەڵایەتییە گشتییەکەیدا دەکەوێتە: سیستمە کۆمەڵایەتییەکان، یان سیستمی فیکرەکان (=سیستمێکی فیکری). پێکهاتەی ناوەوەی چەمکەکە، کە پێشتر لەگەڵ نزیکەکانیدا دیارنەکرابوو، لەسەرەتاوە هەیکەلی گشتی دامەزراندنەکەی وەردەگرێت، بەڵام چاکیی فیکریی لەناوەوەدا بەپێی شێوازێکی نوێ دەلالەتەکە دەخولێتەوە، هەروەها بەهۆی دەقەوە ناوەڕۆکە دەلالییەکەی سیستم پێکدێت‌و ئەویش ئەو سیستمەیە کە بەپێی خۆی

بونیادە جیاوازەکانی نسقهاو پێگەو چالاکی یان ڕۆلەگشتییەکەی خۆی بەدەستدێنێ، لەڕێگەی دابڕانییەوە لەگەڵ بونیادە زاڵەکانی شێوازێك لە شێوازەکانی وەبەرهێنان، هەروەها ڕێك وەك بەکارهێنانی هیگلیی بۆ چەمکەکە بەکاردێت، ئەوەی کە لەفیکری هیگلەوە سەری هەڵداوە (سیستمی پێداویستییەکان)و (سیستمی دەوڵەتۆکەی) Systeme etatique. [٢٩]

## ٩- **نەرێ** (=**ناکۆکی**، **نێگەتیڤبوون**)

## Negation, Verneinung, Negation

لەبەکارهێنانیدا ئەم چەمکە سێنتڕالیزە نابێ، ئەمەش لەبەرئەوەی کە یەکێکە لەو زاراوە تەکنیکییە وردە پابەندانە بە یاسا بنەڕەتییەکانی دیالێکتیکی هیگلیو مارکسی، چونکە بەکارهێنانی چەمکی جەدەل یاخود دیالێکتیك دەبێتە پێکهاتوێکی ناوکۆیی کردەیی نەرێ، یاخود پێکهاتوێکە بۆچەمکی نەرێ (ناکۆکی، نێگەتیڤی) لەمیحوەری جوڵە چەسپاوەکەیدا لەکاتی ململانێیە پێچەوانەو ناکۆکەکانیدا، بەڵکو بەکارهێنانی تەکنیکی ئەو وشەیە دەلالەتێکی کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە کە سیستمی فیکرەکان مومارەسەی دەکاتو ڕەخنەی لێدەگرێو لەگەڵیدا ناکۆکەو ڕەتی دەکاتەوەو شەرعییەتی هەموو شتێکی لار لەگەڵ واقیعدا بەنێگەتیڤی دادەنێت بەمەش فیکری هیگلی فیکرێکی نێگەتیڤە یان نەرێیە (بەمانای نەکردن نا یان نێگەتیڤێکی دژ بە پۆزەتیڤبوون نا، بەڵکو بەمانای نێگەتیڤی جوولەیی کە هەڵوێستێکی ناکۆكو نەرێی هەبێ بۆ واقیعێکی ئاراستەیدا ناوی یان نێگەتیڤی‌ی هەڵقوولاو لەکردەیەکی نەرێو وەزیفە جوڵەییە پۆزەتیڤەکەی: یان نێگەتیڤێکی پۆزەتیڤانە) بیرکردنەوەی هیگلیانە بیرکردنەوەیەکی نێگەتیڤانەیە، ئەم گوتەی هیگلیش لەلایەن هێربەرت مارکیوزەوە زۆر بەتوندی جەختی لەسەر کراوەتەوە[٣٠] لەلێکۆڵینەوە بنەڕەتییەکەی خۆیدا لەسەر هیگل: فیکری نێگەتیڤی هیگل نەك بەمانای ئەو نەرێیەی کە دیالێکتیکی هیگل وەك بەشێکی یاسا گشتییەکانی (نەرێ، ونەرێی نەرێ) لەخۆیەوە دەگرێ، بەڵکو





وەك سیستمێکی فیکری فەلسەفی بونیادتەواوی سنووردارکراو بۆ مەبەستی ناکۆکیبونەکەی، یاخود هیگلیزم بەگشتی نێگەتیڤە، ونێگەتیڤیش نابێ بەسیفەتێکی کەرتی بۆ تەنها ڕێڕەوی چالاکی یاسا دیالێکتیکییەکانی، فیکری نەفیکردنی واقیع یان چالاکییە نێگەتیڤییەکەی بەزەروورەت لکاوە بە فیکری جەدەلیو کردەی فیکری دیالێکتیکی بونیاد، چونکە لەسەر سەیرووڕەتی بەردەوامی ئامادەیی شیکردنەوەی خودییانەی خۆیەتیو دیدو بۆچوونەکانی کە لەگەڵ واقیعدایە لەبەرەی دژدا بێ دابڕان نوێ دەکاتەوە لەبەرامبەر پێکهاتەی ئەوشتەی کە ناڕاستە بەهەموو ئەو بەشە پێکهاتەییانەییەوە یان بەپێدراوە گشتییە کۆتاییەکانیەوە، لێرەدا ڕێکسازییە کارلێکییەکانی نێوان ئەم سێ چەمکانە نامێنێ: نەرێ، ناکۆکی، نێگەتیڤ، چونکە هاو واتا دەبێ لەکەڵ بەرامبەرە فەرەنسیی یان ئینگلیزییەکەی Negation، بەهەمان شێوە لەبەرامبەر وشەیەکی ئەڵمانیش، بەم یەکبوونە واتاییە ئەم چەمکە لەدەقو فیکری ڕەخنەیی فەیلەسووفانی قوتابخانەی فرانکفۆرتەوە بەکاردێت، بەشێوەیەك کە نێگەتیڤبوون ناوەڕۆكو دەلالەتی نێگەتیڤی لەخۆوە ناگرێ بەڵکو دەبێتە ئەو شتەی کە نێگەتیڤە لە فیکری پۆزەتیڤانەدا لەکاتی تەوزیفکردنە ناکۆکییەکەیەوە بۆ واقیع، ئاماژەکەشی ئەمە بەدەردەخات کە چەمکی نێگەتیڤبوون Negation لەواتا سۆسیۆلۆژییە فەلسەفییەکەی کە لێرەدا بەکارهاتووە جیاوازییەکی تەواوی هەیە لە بەکارهێنانە تەکنیکییەکەی لەبواری شیکردنەوەی دەروونییەوە، هەروەك کە بەوردی لەلایەن ژان لابلانشو ج. ب. بۆنتالیسەوە لەفەرهەنگەکەیاندا (وشەکانی شیکردنەوەی دەروونیدا)[٣١] دیاریکراوە.

## ١٠- **دەستبەسەراگرتن** : **نامۆیی**

چەمکی نامۆیی لە سۆسیۆلۆژیای دەلالەت لە توانەوەو پاڵاوتنیو کۆتاییهێنانی پەیوەندی نێوان تاكو ئەوانی دییە [٣٢] مانا ڕاستەوخۆکەی وشەی ئەڵمانی Entrfremdung دوور لەبەکارهێنانێکی فەلسەفییانە پرۆسەیەکە کەتیایدا

کەسێك نامۆ بێ[٣٣]. بەمەش وشەی دەستبەسەراگرتن بەشێوەیەکی گشتی لای هیگلو فیورباخو مارکس دا واتای نامۆبووون دەگەیەنێ بەبێ وردبوونەوە لە جیاوازییەکان، واتا دابڕانی [٣٤] تاك لەدەوروبەرەکەیدا لە دەرەنجامی گەشەی سیستمی سەرمایەدارییەوە، لە دەستنوسەکانی ١٨٤٤دا، یەکەمین بەکارهێنانی ئەم چەمکە لەلای مارکسەوە دەبینین کە لە دەستنیشانکردنەکەی هیگلەوە زۆر نزیك بوو بەتایبەت ئەوەی کە دەلالەتەکەی خاوەن ڕەهەندێکی دەروونیو شارستانیەتێکی قووڵ بوو لەو دابڕانە یاخود تێکەڵبوونە وجودییەی نێوان خودو واقیعە رۆژانەییە شارستانییەکەیەوە نزیکدەبێەوە، بەهۆی هۆشیارییەك کە لەگەڵ ریتمی گشتی قەناعەتی بەکۆمەڵدا رێكو پێك نابێت. (لەگەڵ دانی مانایەکی ویژدانی بۆ وشەی رێكو پێك) ئەم دەرخستتنە لە دەستنوسەکانی ١٨٤٤ ڕەهەندێکی پێشینەیی هەبوو لای چەمکی نامۆبوون کە مارکس لەڕێگەی لێکۆڵینەوە ئابوورییەکانی دواتریدا بەم شێوەیە قسەی لەسەر کردبوو، کۆمەڵگای سەرمایەداری کارگەر لە بەرهەمهێنانی کارەکەیدا گۆشەگیرو نامۆ دەکاتو لە بارودۆخێکی پێشبڕکێیانەو ئاڵۆزی دادەنێ لەگەڵ نزیکیشی لەوانەی کە بەشدارن لە بەرژەوەندییە هاوبەشەکەیاندا. کەچی جوتیار لەحاڵەتێکی ناکۆکیدا دەبێ چونکە راستەوخۆیانە ماناو بەرهەمی کارەکەی دەبینێ لەکۆتاییدا دەبینین ئەو دابڕانەی کارەکان لە کۆمەڵگا سەرمایەدارەکاندا جیا دەکاتەوە کارگەر رادەماڵێ نەك تەنها لەبەرهەمەکەیو بەس بەڵکو لە مرۆڤبوونیشیەوە رایدەماڵێ[٣٥] .

مارکس لێرەدا لایەنێك لەلایەنەکانی نامۆبوون لەکۆمەڵگای سەرمایەدارەکاندا دەردەخات وەك ئەوەی کە ماشێنی وەبەرهێنەر هەڵدەستێ بە بەشکردنی هۆشی مرۆڤو دابڕانی لە هەستکردن بە بەرهەمەکانییەوە.

کەچی چەمکی نامۆبوون بەلای هیگلەوە تێگەیشتنێکی تەواوکارییە چونکە فەلسەفیانە سروشتی زیهنی حاڵەتی نامۆبوونی شارستانییانەی سەراپاگیر دیاردەکات، ئەو گوتە ناودارەکەی دەربارەی هۆشیاریی لە (فینۆمینۆلۆژیای عەقڵ)دا دەخاتەڕوو، وادیارە نامۆبوونیش لەنێو خودی ئەم سنوورە





فەلسەفییەدا وەك پرۆسەیەکی پلە پلەی لەدەستدانی (من)ە لە ئەوی تردا. ئەم ئەویترەش دەکرێ لە چەمکی فەلسەفییانەی تاکی دەرەوەدا گەمارۆ نەدرێ. بەڵکو لەشتێکی دەرەوەی (من) دا گەمارۆ دەدرێت.

وەك کار یاخود واقیعی ژیانی ملکەچبوون بۆ هەژموونیو ئامرازەکانی کۆنترۆڵی دەسەڵاتی سیاسیو فەرهەنگی هاوکاریکراو لەلایەن سیاسەتی ئیستیهلاکی چوارچێوە فراواندا یاخود ئایدیۆلۆژیایەك کە هەژموونە زیهنییەکەی خۆی بە (هێز) لەرێگەی دامو دەزگاکانی دەوڵەتی مۆدێرنەوە تەرخان دەکرێ کە لەپرۆپاگەندەو راگەیاندنەوە بەرەو دامەزراوەیی دەستوورییە لەفۆرمدا جیاوازو لەبونیاددا یەکگرتوو بەمەبەستی چەسپاندن رێڕەوی هەژموونە فەرمییەکەیو بەردەوامێتی.

لێرەدا نامۆبوون یان دەستبەسەراگرتن دوو رەهەندی هەیە یەکەمیان: دەست بەسەرداگرتنی هۆشیاری ریشەیی تاكو کۆمەڵ لەلایەن ئامرازەکانی کۆنترۆڵی دامەزراوەکانداو دووهەمیش گەمارۆدانیەتی لەناو ئاراستەی رێڕەوە گشتییەکەیدا، هەروەها لەکارکەوتنی هەرچی سەرهەڵدراوێکی هەڵوێستی ڕەخنەییە بەهۆی ئەو دەستبەسەراگرتنە رێکخراوو پێشکەوتووەدا. ئەنجامی لۆژیکی کردەی دەستبەسەراگرتنیش هەڵوێستی نامۆبوونی تاکە لەواقیعەکەیو لەخودی خۆیدا، کە بەشێوەیەکە نە تیایدا دەبێو نەك لەناویدا دەبێ بەڵکو وەك دوورخراوەیەك دەبێ لەبواری گشتی واقیعداو لەدەرەوەی خودە هۆشیارو ڕەخنەگرەکەی سەرەتاکەیدا وەك ئەوەی کە پێشتر لەجەوهەرە سەرەتاکەیدا وابووە، بەر لەدەستبەسەراگرتنی ئەو بوارە گەمارۆدراوەی کە دەوڵەتی مۆدێرن وەك مافێك بۆ خۆی لەدژی ڕەخنەدا بەرهەمی ناوە، لێرەدا هەریەکە لە دەستبەسەراگرتنو نامۆبوون وەك دوو وشەی هاو واتا بەکاردێن، کە پەیوەندییەکی ئەندامیو تەواوکاریی لەنێوانیاندا هەیە، چونکە بەرهەمی واقیعو کردەیەکن کە (سەرکوتکردنێکی شارستانییانەی پێشکەوتووە).

١١- **ڕەخنە** **Critique, Kritik, Critique (or critic)**

بۆ گەیشتن بە چەمکی رەخنە لای فەیلەسووفەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت دەکرێ لەسەرەتای دیارکردنی ناوەڕۆکە پێشینەییەکەوە دەست پێبکەین، کە ئەم چەمکە ناوەڕۆك‌و پێکهاتە ریشەی- وەزیفییە خاوەن کردەیەکی کاریگەر بەسەر واقیعدا بەدەستی هێناوە، دوور لە گەشە تەکنیکییەکەی ئەم چەمکە لە مێژووی فەلسەفەدا لای مارکس ناوەڕۆکێکی نوێ‌و رادیکاڵی لەخۆوە دەگرێت.بەشێوەیەك کە وشەی ٠رەخنە) پڕمانایی سیاسی‌و فەلسەفی‌و بەپیت‌و لەیەك نزیك‌و لکاوانەی سنووردار بە گەشەی بیرکردنەوەی بۆرژوازی بەدەست هێنا[٣٦].هەروەها رەخنە وەك چالاکییەکی تیۆری پسپۆڕیی سەرهەڵدەدات، رەخنەی راستەقینە وەڵامەکان شیناکاتەوە بەڵکو پرسیارەکان شیدەکاتەوە، هەمو پرسیارێکیش بەتەنها بۆئەوەی وەڵامێکی بۆ خۆی بدۆزێتەوە دەبێ پرسیارێکی راستەقینە بێ[٣٧] ، ئەم واتایەی چەمکی رەخنە خۆی لەتیۆری فەلسەفی کۆمەڵایەتی قوتابخانەی فرانکفۆرت لەپرۆژە رەخنەییەکەیاندا کە رەخنەکەیان لە ئەسڵ‌ەوە لەنوێ‌ە لەفیکری مارکسییەوە بەرجەستە کراوە خۆی دیار دەکات،١- رەخنە لە سیستمی هیگلی.٢- رەخنەی ئابووری سیاسی.٣- رەخنەی جەدەلی لەرێگەی نووسینەوە، بەم شێوەیە لەو زەمینە دینامیکییەوە بیرمەندانی قوتابخانەی فرانکفۆرت بۆ کەسایەتی پرۆژەکەیان بەهۆی دامەزراندنی تیۆرێکی کۆمەڵایەتی کەبڕیاری لەسەردرابوو سەرچاوەکەی لەنێو مارکسیزمدا سەری هەڵدا کە دووبارە وزە رەخنەییەکانیان نوێکردەوەو بەپەیوەندیی خراوەسەری تیۆری شیکردنەوەی دەروونی‌و لێکۆڵینەوە سۆسیۆلۆژییە ئەزموونیەکاندا لەلایەن ئەوانەوە بەپیتکرا[٣٨] .

## ١٢- **شیکردنەوە** Analyse, Analyse, Analysis

بەپێی مارکسییەتی سەرچاوەی رەخنەیی تیۆریستانی قوتابخانەی فرانکفۆرت، دەلالەتی شیکردنەوە لەگەڵ چالاکییە رەخنەییەکانی تیۆرە کۆمەڵایەتییەکەیاندا تەریب دەبێ، بناغە سەرەتاکەشی لەمیتۆدی دیالێکتیکدا





دەبینرێتەوە وەك دیدێکی خاوەن جووڵەی توانادار لە بەسەرکردنەوەی واقیعدا بەو پێکهاتە رەدیفکراوانەی یاخود ناکۆکانەی وەکو یەك‌و بەیەکسانی‌و لەگەڵ ئاڵۆزییە جەبرییەکەیەوە. پاشان لەسەر دەستی مارکس لەنێو میتۆدی شیکاری دیالێکتیکی، دواتر لینین لە رەسەنایەتییە ئەزموونییەکەیەوە بۆ ماتەریالیزمی دیالێکتیك[٣٩] ،چەمکی شیکردنەوە بواری فراوان‌و سەراپاگیری وەرگرت بەشێوەیەك کە دەقی جیا جیا هاتنە ناو ئەو چەمکەو وەك ئامرازێك بۆ پشکنین‌و بەسەرکردنەوەی چەمکە تیۆرییە گەورەکان بەکارهاتن، کە دەکرێ بەهۆی ئەوانەوە گەشەی مێژوویی بەدەستهاتبێت، وردتر، بیرمەندانی قوتابخانەی فرانکفۆرت بەپێدانی واتایەکی میتۆدیی‌و وەزیفییانە بۆ چەمکی (شیکردنەوە) لەرێگەی دەستکردنیان بەپرۆسەی شیکردنەوەیەکی دیالێکتیکانە بۆ واقیعی لکاو بەرەخنەدا، شیکردنەوە لای ئەوان شیکردنەوەیەکی رەخنەییانەیە بۆ واقیع کە خاوەنی میتۆدێکی دیالێکتیکی بێ لەمامەڵەکردنی لەگەڵ چونەناویەکی فرەرەهەند کە دەستنیشانکراوێکە لەسیماو ئەدگارە عەینییەکان.

## ١٣- **دۆگماتیزم**

Dogmatisme, Dogmatismus, Dogmatism

بەشێوەیەکی فراوان مارکسیانە بەکارهاتووە، بەرەو ئەو بەکارهێنانە نوێیەی بەپێی دیارکردنێکی پێشینەیی سیستمێکی فیکریی هەڵوێستێك ئاراستەی ئایدیۆلۆژیاو یەقینییە جیاوازەکان، هەر واتایەك لە گۆڕانە نوێکانی بەکارهێناندا لەنێو خودی چەمکەکەدا هەڵدەقوڵێ، پێناسە گشتییەکەیش ئەوەیە کە ئاراستەیەکی فیکرییە لەنێو کۆمەڵێك فیکردا کە شایانی گفتوگۆنەبن یان لەنێو رەخنەدا خۆی بونیاد دەنێ[٤٠]، یاخود چەمکەکە خۆی لەفیکری مارکسیزمدا واتایەکی تری تەبا لەخۆوە دەگرێ‌کە فراوانتر‌و پراکتیکی ترە وەك بناغەی باوەڕداریی،کۆمەڵێك ئامۆژگاری‌وبەکازهاتووە[٤١]
دۆگماتیزم لەچوارچێوەی خودی فیکری مارکسیزمدا بۆ دەلالەتکردنی لە ئاراستەیەکی مارکسی ئەرسەدۆکسی کە نوێنەرایەتی ئەوی دەکرد لە قالبێکی سیاسییانەدا بەکاردێت، ئەمە لەروانگەی (فەرهەنگی رەخنەیی مارکسیزم)دا،

پارتە کۆمۆنیستییە ستالینییەکانی کە باوەڕیان بەشێوازێك لە (مارکسیزم)ی ناکۆك هەبوو لەجەوهەرەکەیاندا بۆ دیالێکتیکیی فیکری مارکسیو جوولآنەوە نوێیەکەی لەناکۆکی لەگەڵ واقیعدا، مارکسیزم لای ئەم پارتانە بۆ ٠فیکرێکی) بیرۆکراتی دەگۆڕێ، کە بەهانە بۆ بوونی دامەزراوەکانی دێنێ، لەنێویاندا پارتە کۆمۆنیستە ستالینییەکان، هەروەها بۆ داخستنی دینامیکییەتی مارکسیزم لەڕێگەی گۆڕانیەوە بۆ میکانیکییەتێکی خاوەن جوولەی دووبارەو دیاریکراو، بەم مانایەش ڕۆژێك لەرۆژان فردریك ئەنگلس لەترسی گۆڕانی مارکسیزم بۆ باوەڕێکی وشكو چەقبەستوو دەڵێ: (مارکس کەسێکی مارکسی نەبووە)(٤٢).لەمێژووی بەکارهێنانی چەمکەکانی مارکسیشدا بۆ چەمکەکان دۆگماتیزم راستەوخۆ وەك دەلالەتێك بۆ قۆناغی ستالینی بەکاردێت، کە تیایدا مارکسیزم گەیشتە لوتکەی داخرانی خۆی(٤٣)، بەم پێکهاتەیە فیکری رەخنەیی تێگەیشتنێك بۆ دۆگماتیزم بەکاردێنێ لەناو خودی بواری مارکسیزمدا، بەشێوەیەك کە ئاماژەکانیدا خاوەن واتایەکی جیاواز نەبێتو لە ناوەرۆکە هەمووەکییەکەیشیدا واتایەکی تەباو ناجیاوازی هەبێت. ئاماژە بۆ هەموو بونیادێکی فیکری کە لەسیستمو فیکرە نێوخۆییەکەیدا بابەتێکی رەهاو باوەڕداری لێوەرگیراوە، کە شایانی گفتوگۆو گۆڕان نەبێت تەنانەت شایانی ئەوە نەبێت ناوی بنرێت نیمچە ناکۆك، چونکە لەدیدی ئەوانەوە نوێنەرایەتی دەکرێ کە پێیان وایە حەقیقەتێکی رەهاو کۆتاییەو ناکۆکی هەڵناگرێ، بەمانایەکی گشتی دۆگماتیزم دەلالەت لە چەقبەستوویيو داخرانی فیکری دەکات لای تاك لەبەرامبەر باوەڕێك یاخود لەلایەن کۆمەڵێکی مرۆییدا لەخاوەن هاوباوەڕێك بن لەنێو بڕوایەکی چەقبەستوودا.

## ١٤- **پێشبڕکێ** Anticipation

بەتێپەڕین لە دەرخستنی دەستبەکاربوونە فۆرمییەکەیەوە سنووری چەمکە گەمارۆدراوانە، ناودەنرێت، بەوێناکردنێکی جوولەییانە بۆ حاڵەتی ئەبستراکتی، کە لەدەلاقەی گواستنەوەیەتی کردە کۆمیونیوکاسیۆنەکەی نێوان بونیادە دابڕاوەکاندا نوێنەرایەتی دەکرێ، لەژێر سایەی پەیوەندییەکی هۆکارگەرایيو وەبەرهێنانگەراییدا. بۆ تێپەڕاندنی سەرەتایی پاشکۆیەکی رێژەییو-جۆرەکی بەزاند، بۆ بەردەوامێتی سێنترالبوونی لەنێو تەوەرە





فەلسەفییە خاوەن پێکهاتەی بەشبەشبوون لەئاراستەیەکی پسپۆرێتییەوە، بۆیە سیاقە مارکسییەکەی لەنێو بونیادە گشتییە ناچارکراوەکان بۆ جەدەل سێنترالیزەی دەکات لەگەڵ واقیعییەتی دیاردەکەو بەپێی یاسا گشتییەکەیش پلانە تیۆرییەکەی پێدەدات، رێك لەگەڵ وردی کارایی چەمکەکەدا لەنێو مارکسیزمدا بەکارهێنانەکەی لەدەقدا سنووردار دەکرێ، بۆ دەرخستنو نیشاندانی بەسەر بوونێکی چەسپێنراوی کاتی جیاوازیکەریی پەیوەستدار بە سەرخانەکان (یان بنەما سەرەتاییەکانی) هەروەها بۆ بانگ کردنی وێناکردنەکەدا، لەرێگەی نموونەیەکی کەرتییەوە، بۆ حاڵەتێکی پێشکەوتنی شیاوی خاوەن کاراییەك کە سەرخان بەسەر ژێرخانەوە مومارەسەی دەکات، هەروەها لەفەرهەنگی جۆرج لابیکا (فەرهەنگی رەخنەیی بۆ مارکسیزم) مانایەکی تری ئەم چەمکە بەدەردەکەوێت، بەتایبەت لەکاتی بەکارهێنانیدا لەلایەن مارکس دەکەوێتە پێگەیەکی نزیك لەلایەنی پێکهاتووی هەمووەکی دیاریکراوی پێشووی دەلالەتەکەدا(٤٤) .

## ١٥- **دەروونناسی کۆمەڵایەتی**.

ئەم چەمکە لەکاتی بەکارهێنانیدا لای بیرمەندانی قوتابخانەی فرانکفۆرت بەتەکنیکیێکی توند، بوارێکی دەلالی نوێ داگیر دەکات لەپێدراوە ئەگەرییەکانی ئامادەییدا، وەك دیاردەیەکی کردەیی لەسیما کۆمەڵایەتییە واقیعییەکەیدا، کە رووخسارێکی تایبەتی خراوە سەری بۆسەر پێکهاتەی یەکەمییەوە بەدەستهێناوە بۆ پێکهێنانی چەمکەکە لەرێگەی زەرووورەتێك کە بۆ بەکارهێنانییەوە لەزمانی سۆسیۆلۆژیای تەریبەلەگەڵ جوولەی بابەتی لێکۆڵینەوەکەدا دەرهاتووە، ئەو پێناسە زۆرتر نزیکەی لەدەلالەتە بەکارهاتووەکەی لەناو دەقدا لە کتێبەکەی ژان مرۆنۆفدا (سایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتی) دەستنیشانکراوە، پێناسەکەو دەستنیشانکراوەکانی تر کەمتر لکێنراون بە پێکهاتووە تەکنیکییەکەی چەمکەکە، بەبێ بەکارهێنانییەوە لەلای بیرمەندانی قوتابخانەدا، پێناسەی نزیکی میزۆنۆف ئەوەیە: کاریگەر، لەئاستە زۆرتر سادەکەیەوە، کەیەکەم مومارەسەی دەکات، سیستمی حەیزی

شوێنی کە پەیوەندی بە لایەنی زیندەگی تاکەکانو بارودۆخە تایبەتییەکەیانەوە هەیە لەناو ئەو کێڵگە حەیزییە هاوبەشەدا[٤٥]. کێڵگە حەیزییە شوێنی هاوبەشەکەش لێرەدا بواری کۆمەڵایەتی گشتییە کە هەژموونی دامەزراوە گەڕاوەکانی دەوڵەتی مۆدێرن دەیبینێ، ئەو دەوڵەتەی کە بەئاراستەیەکی یەکگرتوو کارەکانی رادەپەڕێنێتو دەستبەسەر هۆشیاری تاکدا دەگرێتو پێکهاتە سایکۆلۆژییەکەی بۆ شێوازێکی بەئەبستراکتکراو لە تاکگەراییە لەقازانجی مەیلو ئاراستەی بە کۆمەڵی هاوبەشدا دەگۆڕێت، چێژو هەستو بەهاو ئایدیۆلۆژیا کەسییەکان بەرەو گۆڕەپانی بەگشتیبوونەوە هەنگاو دەنێن، بەهۆیەوە سیمای دەروونیاوی نوێو دۆزراوەی لەسەر ئاستی رێڕەوی بەکۆمەڵی خاوەن تایبەتمەندێتییەوە بەرێوەدەچێ، بەتەنها شوێنگەرایی ناکەوێتە حەیزی مێژوویی یان کاتی. کەرەنگدانەوەی گەشەو پێشکەوتنە بەدەسهاتووەکانی سەرخان بۆ کۆمەڵگا دەبێ، لەسیستمێکی سیاسیو ئایدیۆلۆژیایەکی (فەرمی) رانەگەیەنراوی فەرمییانە، بەلام مومارەسەیەکی واقیعییانە، یاخود وەبەرهێنانی تایبەتمەندییەك بە سایکۆلۆژیای بەکۆمەڵ کە کار بەم چوارچێوە حەیزی- کاتییە هاوبەشە بکات .Spatio- temorete





## بەشی دووەم

# پرەنسیپەکانی فیکری رەخنەیی

## یەکەم :رایەلەکانی پێکهاتەی تیۆریی

### ١- رەگەکانی بونیادی فەلسەفی (ئەمانۆیل کانت)

بەتەنها ناوەرۆکی پێکهاتەکان لەبەشەکانی بونیادە فەلسەفییەکەی (کانت)دا نابێتە خۆراك بۆ تیۆری رەخنەیی،بۆ ئەوەی ببێ بەسیمایەکی کەلەکەبووی جێگیر بەدەوری میحوەرە دەرهاویشتەکەی واقیعدا وەك چاودێری جولانەوە لەگشتگیرییە نامۆکەیدا بەقبولکردنێکی ئاشکراو روونو بەردەوامدا بەو پێیەی کە شێوازێکی نموونەیی پەیوەندییە رووخاوەکەی درزی بۆشاییە، بەهۆی بونیادێك بۆ پردەکانی هۆشیاریی بەکۆمەل،کەلەوێ لە پێگەی بیرکردنەوەیەکی ئەبستراکتانەوە وەك ئەوەی کە کائینێکە لەساتەوەختی (( تەنیایی ))کاتیدا مەبەستی هۆشیارییەکەی ئەو پەیمانە تەقلیدیانەی کە لەگەلیدان نییە، بەلکو ئەوەی کەدەبێتە خۆراك، پێدراوێکی سەراپاییو بەردەوامە کە پرۆسەی رەخنە لەپێناو بوونی جەوهەرییانەی خۆیدا دەیخولقێنێ، لەسەر ئاستی ئامادەیی زەینیو تیۆرییە ئەبستراکتیەکەیەوە بێ یاخود لەسەر ئاستی ئامادەییەك بێ، لەنێو بینراوێکی وردی بەردەستدا لەرێگەی هەستو کردە تیۆرییەکەیدا یان لەرێگەی مامەلەی راستەوخۆیانەی لەگەل کەیانە شتییە چەقبەستووو شوێنگیراوەکەیدا لەو بۆشاییە پێکهاتووەی لە یەکانگیریی‌ونایەکانگیرییدا کردەی پراکتیکی بوونی فیزیاییانەی مرۆڤ

یاخود بوونی هەر دوو بەهای. بەدەستهاتوو لەرێژەیی شوێنوکاتو رێژەی بەهای زاڵو داگیرکراوی هەردوو بوارە واقیعییە ئەبستراکتیەکاندا دەخولقێنێ، بۆیە دەرچوونی زادە بەهاوکاری سیستمی رەخنەیی فەلسەفەی کانت لەسنوری ئاشکرای نیمچە رێکخراوەکەیدا گۆڕا بۆ فەزای سیستمیگشتگیرو سەراپاگیرو یونیڤێرسالی خاوەن بونیادێکی نیمچە سیستمی،رەخنە لێرەدا بوو بەهەلوێستێکی پێچەوانە لەپێناو گەرانەوە بۆ جەوهەری هۆکاری سیستمەکانو سیستمی شتە جێگیر یاخود جولاوەکان بە زیندوێتییە سەرهەڵداوەکەی لە بونیادی بەردەوامییە ناوخۆییەکەیو سەرچاوەی دارێژراوی بوونو پێکهاتە گشتیەکەی دەرەوەی خودێکی بیرکەرەوە بەپێی سەپاندنی تیۆرێك بۆ دابرانە (( بابەتییەکەی ))،ئەم سەرچاوەیە جێگەی پرسیارە،هەروەها لەحالەتی لەیەکتر دابرانی نێوان ئامادەیی لەم شێوەیەی سیستمەکانو لەدەرەوە پرسیارکردن دەربارەی ((یەکلایەنی )) سەرچاوەی سیماو بەردەوامییەکەیەتی،بوونێکیتری بێدەنگ سەر هەڵدەدات،سەپاندنێکی وەهمیانەیە بەسەر کائیندا،ئەم سەپاندنە، ترسە،کە بەدواکەوتنو خۆدانە دەستی شتەکانە لەسیستمە ئێستاییە کەیو بریاردانێکی ناوکۆیی بە بەردەوامییە بێ سنورەکەی سەبارەت بە هۆشیاریی ئێستای زەمەنی سەرپێیی جێگیر لەبەریەککەوتنە راستەوخۆییانەکەیدا لەگەڵ خودی سەرچاوەکە،کەمەبەستی گەڕانەوەیە بۆ پرسیاری یەکەم دەربارەی ئەنجامی ئەوشتانەی لەئایندەدا دادەرێژرێن ،هەروەها لەنزیکەوە لەگەڵ ئەوانەن کە ئامادەیی پرسیارکردنی سەرەتاییان نییە لە نێو ئەو نەمانەی هۆشیاریی جەوهەرییولە نێو ئەو سیستمانەی کەتەواوکاری ئێستا روونو ئاشکرایە ((رەها))کەی پێکدەهێنن،بۆیە وەهمییەتی دارِزانەوە لەپال ئامادەیی ئیستای سیمای سیستمەکان،لەسەرەتادا هۆیەکە بۆ نەبوونی ئامادەیی تیۆریی، بە دووبارە دارشتنەوە بەپێی بارودۆخە نوێکان،بەڵام ئەو گرفتە سەرهەڵداوانەی داپرانی سیستمەکەو سەرچاوەی دارشتنەکەی دابڕانێکی کاریگەر لەگەڵ میحوەری دارشتنەکانیدا دێنێتە ئاراوە،وەك





سەنتەری کارلێکی رەنگدانەوەیەکی هەمەجۆرو تەریب لەگەڵ ئەو رێو شوێنانەی کە سیستمە دەرەکییەکانی لێوە دروستدەکرێت،بۆیە گرنگی سەپێنراوی لەناوبراو لەپێناو بوونێکی سیستمیدا بەرەو وزەیەکی تەنیاو بێگەردی سەرچاوەکەیەوە درێژدەبێتەوە،ئەو لاوازییە کاریگەرە پێچەوانەییە وا لە پرۆسەی نارازیبوونی خراوەرووەکان دەکات کە لە بنەڕەتدا داواکارییەك بێ بۆ پێکهێنانی بونیادە فەلسەفییەکە یاخود خستنەرووی کردە رەخنەییەکەیەتی بۆ کردەوەیەکیتری رەخنەیی مەرجدار بەبونێکی جیاوازی دەرەکی کە رووی لەئەبستراکییەتو بیگەردییەکی ئیرادیی هەستپێکراوبێت،لەم کردە رەخنەییەدا پرۆسەیەکی بێگەردی رەخنەیی سەرهەڵدەدات،کردەی رووبەرووبوونەوەی سیستمی لە ئاراو لەناو رەگو ریشی مێژوویی زاڵدا لەنزیکەوە لەقۆناغی گۆڕانە ریشەییەکانیدا پێشکەوتنی لەسەرخۆیانەی بەخۆوە بینییوە کە کردەیەکی پێکهاتەیی کۆنەو لەسەر بنەمای دنیامیکیەتێك بۆ بونیادنانی هەلوێستێکی دژ دامەزراوە بۆئەوەی پرسیار لە هەر کائینێك بکات، لەگەڵ ئەمەشدا بواری فەلسەفیی ئاکتییڤی ئەبستراکتییەتە جێگیرەکەی تێناپەڕێنێ وەك مەحەکێکی گۆڕانە رێژەییەکەی تاوەکو ئەو نزیكو ئامادەبێتو هەروەك بناغەیەکی ئەو سەرهەڵدانە فەلسەفییەی گۆڕانی چاوەڕوانکراوی دنیا بمێنێتەوە،بە ئاماژە کردن بۆ ئاراستەیەکی نوێو سەرپەرشتیکردنی بەرەو گۆڕانێکی کردارەکی لەرێگەی ئەو فەزا فەلسەفییەی کە بەهۆیەوە تیۆری پێچەوانە سەری هەڵدا وەك دامەزراوەیەکی زەینی تەواوکارو ئامادە باش بۆ کارلێککردن لەگەڵ بابەتە هەرە راستەوخۆکاندا رووەو پێشکەوتنێکیتری تیۆریی ئاراستەی گرتووە پێش ئەوەی وەك بابەتێك بەرەوئاراستەی کۆمەڵ بڕوات.

### ٢- **رەخنەیی دیالێکتیك** ( **هیگل**)

تێگەیشتنی تێکەڵاوی شتێك لە پێگەیەکدا سەرچاوە دەگرێ، هەروەها پێچەوانە بونیادییەکەیشی لە شوێنێکی ترو تەنهادا، یاخود پێچەوانەی

جیاوازیی سستی دوو لایەنی لەسەر ئاستی بونیادیو پێگەییدا، گشتگیریی خاوەن وزەی نوێبوونەوەش لەبەرامبەر واقیعدا سەرچاوە دەگرێ،بەڵام پێشینەی تیۆریی مامەڵە لەگەڵ واقیعدا هاوشان لەگەڵ میتۆدی دیالێکتیکی هیگلییدا بوو بە خاوەن پەخشو بڵاوکراوەیەکی بێکۆتاییو بەدوایەکدا هاتوو،بەهەموو ئەو لەخۆوەگرتنە ناوکۆییەی بەسەر میحوەری پلورالیزمی فیکری نەرێ وەك بنەمایەکی زاڵ لە بونیادی جوڵەی جەدەلدا،سنورێکی لۆژیکی پێدراو نییە بۆ میتۆدی جەدەلیو گەمارۆدراو لەنێو کردەی زیهنی رووتو سێنترالیزەکراوی تایبەتمەندێتیی خودی سەیرورەکە ،بەڵکو پێدراوێکی بڵاوکراوەیە بە ئاراستەی دەرەوە ،بونیادی ناوەخۆیی بەشێوەیەکی هەمووەکیانە دەبەزێنێ وەك پێدراوێکی پێشووی خاڵی لە ئامادەییە دینامیکییەکەی بۆ تەوەری کردەی نێگەتیڤی لەگەڵ واقیعی هەمووەکیدا، بە جۆرێك کە هەڵگری رەگەزێکی نەرێیانەیە لە بوارە میحوەرییەکەیدا لە نێو پێکهاتەی سیستمی جەدەلیدا بۆ رۆڵی لاوازانەی نەرێ کە بە نیمچە پێکهاتەیی نێو یاسای گشتی ناونرابێت،بەڵکو وەك سیفەتێکی نوێو لە بونیاد دا جیاواز دەناسرێت بۆ ئەو کاریگەرییانەی کە لە دوای مومارەسە سەرەتاییەکانەوە دێن لەگەڵ یاساکانی تر بە شێوەیەك کە شتێکی نوێ بێ بۆ کردە نەرێیەکە وەك ناوکی نێگەتیڤی سیستمی گشتی بەدەوریدا دەخولێتەوە،لەبەرامبەر سیستمەکانی تریشدا لە سەنگەرێکی دژدا دەوەستێ،ئەویش نەرێی گەورەکراوە،بە گواستنەوەی لە یاسای ناو سیستمەوە بەرەو کردەی سەراپاگیریی خودی سیستمەکە،پێکهاتە بنەڕەتیو کەرتییەکانی خاوەن ناوەرۆکێکی نەرێیانەش دەبەزێنێ،لە پێگەی بەیەکگەیشتنی نیوان سیستمی جەدەلی تیۆرییو سیستمەکانی تری دەرەوەدا —بەپێی پێدراوە فیکرییەکە- پەیوەندییەکی ناتەواوی خاوەن سروشتێکی ملکەچیانە





دروستدەبێت، کە لێیەوە چەند نموونەیەکی هەڵێنجراوی دەرەوەی سیستمی جەدەلی تواناداری رێکخراوو لێکدانەوەیی پێکدێت،وەك دوا پێدراوی سیستمە پێکهاتەییەکەی خاوەن یەکانگیرییەکی ئەندامی لە حاڵەتی چالاکییەکانی دوای خۆیدا،لەگەڵ دیاردەی تەواوی دەرکەوتنیدا لەبەرامبەر ئەوەی کە عەینیو دەرەکییە، پرۆسەی نەرێیەتی لە حاڵەتی یەکگرتنەوەی نێگەتیڤانەی لەدایکبوودا لەلایەن سیستمی جەدەلیدا دروست نابێ،تەنها لە رێگەی چالاکییە هەڵوەشانەوەگەرییەکانیەوە نەبێ،لە شێوەی دروستبووی نێردراوی ناو بونیادی بەرامبەر،بەبێ ئەوەی هەڵوەشاندنەوەی بەرامبەر دەستی لێبدات بۆ دابەشکردنی ئامرازە تیۆرییەکان لە توانا لێکدانەوەییەکاندا بۆ واقیعو پێکهاتە نێوکۆییەکان،پرۆسەی پەیوەندی دەستخستنە ناو، لەلایەن کردەی نەرێیانەداو لە کاتی مومارەسەی ئەرکە هەمووەکییەکەیدا قۆناغێکی پێشکەوتووتر بە خۆیەوە دەبینێ،لە رێگای ریزکردنی قۆناغی بونیاد تەواوی ئەندامیو جیاواز لە قۆناغە پێشکەوتووەکانی کە دواتر بەدوایانەوە دێن،ئەو لێکدانەوەیەی کە پەیوەندییە سەرەتاییەکان بەرهەمی دێنێ زۆرتر دەست دەخاتە نێو هەڵوەشاندنەوە بۆ رەگەزە ریزکراوە یەکانگیرەکانوسەر لەنوێ بە پێی بونیادی جەدەلی لە قۆناغەکانی دواتر دا لە مامەڵەکانی لەگەڵ بابەتە دەرەکییەکاندا رێکیدەخاتەوە، لە هەڵوەشانەوەو ریزکردنی نوێی بەدەستهاتوودا، سیمای گۆڕانەکان لەسەر نموونە فۆرمییەکاندا کەلەکە دەبێ،بۆ ئەوەی خۆراکی خودی خۆی بدات،بە پلەیەکی خاوەن شێوەیەکی رەهەندییانەی پلورالیزمی، بونیادە ناوخۆییەکانی سیستمی دەرەکی لە حاڵەتی کردەی پێچەوانەییدا بەر سیستمی دیالێکتیك دەکەوێ،کە پێدراوەکەی تا ئەو کات ناتەواوە،ئەو فریاگوزارە تایبەتییەی دەست خستنە ناو نموونە فۆرمییەکانی رابردوو،لەجەوهەردا رەنگ دەداتەوە،بەر لە

دەستخستنی هەڵوەشاندنەوەیی لەگەڵ سیستمی جەدەلدا،ڕێگەی واقیعی پێکهاتە ناوخۆییە رابردووەکەی خۆش دەکات ،کە ریزبەندییەکی نوێی هەبێ ئاماژە بە مەدای هەڵوەشاندنەوە ناوخۆییەکەی دەداتو یان پەیوەندییە ناکۆك یاخود ڕێککەوتووەکانی بە ئاستێك کە وا لە بەردەوامییە زەمەنییەکەی دەکات لەبەرامبەر پەیوەندییە نایاساییەکانی نێوان ڕەگەزە بەریەککەوتووەکانی ناوەوەیدا سنوردار بێت،لێرەدا نەرێیەکەی یاخود خاڵە ناکۆکەکەی بەدەست دێت،و لەگەڵ سیستمەکانی تری خاوەن بونیادی نوێدا دەگۆڕدرێتەوە،یاخود گۆڕانە سنوردارەکەی بە پرۆسەیەکی نەرێیانەی کراوەدا دەگۆڕدرێتەوە لە ئاراستەیەکی تری ئالتەرناتیڤی ناسنوردار‌دا،کە بەبێ میتۆدێکی هەڵوەشاندنەوەیدا ناکرێت بەسەریدا بچینەوە ئەو هەڵوەشاندنەوەیەش کە دەبێ سروشتێکی پێچەوانە یا بەزەرورەت سیستمێکی لێکدانەوەیی بێت بەوپێیەی کە سیستمێکی جەدەلییە.

## ٣- جەدەلییەتی ڕەخنەیی کارل مارکس :( دیالێکتیكوکۆمەڵ)

لای مارکس لەلایەك سیستمی جەدەلی بەو دەرخستنە مرۆییە دووانەییەی پێدراوێکی ئەپستراکتی هەیە، بەدیارکردنی خاڵەکانی چالاکییە هەڵوەشانەوەگەرییەکەیەوە لە ڕێگەی کردەی دەستخستنە ناو سیستمی بەرامبەردا،وەك درێژکراوەیەکی پاڵپشت بۆ خودی لایەنی یەکەم،بەبێ جیهێشتنی کارلێکی پێکهاتەی ناوکۆیی لەگەڵ داپۆشینی تێڕامانی فیکری نوێ، لە لایەکی تریشەوە سیستمی بەرامبەر سیفەتوکەسایەتییە سنوردارەکەی دوور لە ئەبستراکتییەتی یەکەم بەدەردەکەوێت،بەو پێیەی کە سیستمێکی کۆمەڵایەتی هەمووەکییەو دابەش دەبێتە سەر ئەو سیستمانەی کە لە رووی قەبارەوە بچوکنو لەگەڵ ڕژێمی هەمووەکی سیستمی سەراپاگیردا





ناکۆك نییە،بەڵکو مومارەسەی وەزیفەیەکی بچوكو لەگەڵ سیستمدا ڕێکخراوو پێشتر سنوردار کرابێت،لە ڕێگەی ئەو ئامانجەی کە لە کۆتاییدا بە ئەنجام دەگات، ئەویش بەردەوامییەکی شەرعیی ئامادەیی سیستمی سەرەکییە بەهەموو ئەو ناکۆکییانەی کە بە هاوکاریی تەوزیفی (ڕێکخراو)ی چالاکییەکانی سیستمە بچوکەکان بەنیازی یەکانگیرییەکی دیاردەیین،بەو پێیەی کە پاشماوەی هەردوو بەردەوامییەکە لە نێو کردەی خودییانەی تەوزیفیی جوڵەییدا جیا دەکاتەوە،یەکەمیان بەردەوامییە سەربەخۆکەیو دووهەمیش بەردەوامێتی گشتی خاوەن نەسەقێکی وەدەرنەری(یەکانگیرییە)- بەر لە کردەی ڕەخنە- لەگەڵکۆششی لەکارکەوتووی فرە ڕێکخستنی بچوك بە ئاراستەی تەرخانکردنی سنوری تیۆریی ئێستای سیستمی دەرەکی نەرێی داهاتوویی،ئەو(٠یەکانگیرییەی))کە لە رووی فۆرمەوە لە نێوان سیستمە لەکار کەوتووەمکاندا بەهەموو ئەو پەیوەندییە ئەندامییانەوە بەدەرکەوتووە،وێڕای سەربەخۆیی پێکهاتەیی پەیوەست بە پێدراوی کردە دینامیکییەکەی، دەبێ بە ناکۆکییەکی لەجەوهەردا هەڵقوڵاوی دیدی سیستمی جەدەلی خاوەن بونیادێکی تیۆریی ئالتەرناتیڤی شیاوە لەگەڵ یاسا سەرەتاییە ئەپستراکتەکاندا، لەم دیدگایەدا کردەی نەرێ یاسا ڕێژیی دەکرێ ئەویش بە شوێنپێگرتنی لە ڕێگەی چارەسەرییەکانی نێوان پێگەی خۆیو سیستمی دەرەکیدا، پەیوەندییەکانیان لێرەوە بۆ ناکۆکییەك دەگۆڕێت،کە ململانێکەی لە ڕێگەی دەستێوەردانی هەڵوەشانەوەگەریی نەرێی سەراپاگیریی سیستمی بەرامبەر بەهۆی کەشفکردنی (یەکانگیریی) عەقلیو وەزیفیی پێکهاتە ناوخۆییەکانیان،حاڵەتی یەکگرتنەوەی نێوان تێگەیشتنی جەدەلیانەی سیستمی کۆمەڵایەتی-سیاسی لە ئارا،نابێ بە بەرهەمێکی بێلایەن بۆ مامەڵەی دیالێکتیکانە لەگەڵ واقیع بەتەنها دا، بەلکو بەرەو پێشبڕکێیەکی کاریگەر

رادەکێشرێ بۆ بنەماکانی سەرخان لە سەر شێوەی دیدی یەکەمدا ،کە قۆناغ بە قۆناغ پرۆسەی کەشفی ناکۆکییە لە ئاراکانی ناو سیستمی دەرەکیی((کۆتایی))و((بەدەستهاتوو)) بە پێی بنەمای بونیادگەرانەی جیابووەوە لە خۆی‌و لەنێو سنوری چەسپاوی ژێرخانیدا وەك هۆکارێك بۆ پێدراوەکانی دوای خۆی،بۆیە کەشفی ناکۆکی لە ئارا وەك قۆناغێکی نیمچە سەرەتایی پەیوەست بە دەستخستنە ناوی یەکەمی کە خاوەن بنەمایەکی هەڵوەشانەوەگەراییە بۆ شێوازی بەربەستگیر لەئاراو بەدەرخستنی نائامادگی رێککەوتنی نێوکۆیی پێکهاتەی بونیادگەریانەی سیستەمی سەرخان تا رادەی بەدەرخستنی دروستبوون‌و بەردەوامبوونی پێشتری، وەك رەگەزێکی وەهمی کە لەرووی دەرەوەڕا لەرێگای رێکبوونێکی شێوەیی خۆ حەشاردەدات کەتوانای دەستبەسەراگرتنی هۆشیاری دەستەجەمعی رەخنەگرانەو گۆڕینی بۆ فیکری باوەڕپێهێنان هەیە، ناسراو بە لۆژیکیەتی شەرعیەتی بەردەستی ئەو سیستەمەی کە دینامیکیەتی وەرگرتنی رەتکراوەی بەرەوژوورچوو لەخۆدەگرێ. بۆیە لەبەردەم ئەو هەڵوەستە هوشیارەی بەردەم" حەقیقەتی" وەهمیانەی سیستەمی باڵاگەردان لەرێگای جەختکردنەوە لەخود، دەکرێ میتۆدی فیکری جەدەلی پێدەچێ ئامانجی شیکارگەریی لایەنگیری لە دەرنجامدا نابەڵکو بێلایەن لە کردەوەو کرداریدا بەدەستهێناوە لەکاتی پرۆسەی چوونەناویەك لەگەڵ بونیادی دژکاری کەسیانەی ئاشکرا، کێشەکەشی بابەتێکە بۆ دینامیکیەتی،لەدەرەوەی رێسا نێوخۆییەکانیدا. بەکاربردن کۆمەڵایەتیانەی دیالیکتیك فروانبوونەوەیەکی بەردەست بۆ هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ سیستەمی کۆمەلایەتی-سیاسی‌و دامودەزگا زەمینەخۆشکەرەکان بەتەنها نابەخشێ، بەڵکو ریتمی هەڵسوکەوتەکە دەگۆڕێ‌وتەکتیکێك نوێ دەخاتەروو- کەکۆکە لەگەڵ بونیادی بابەتی





هەڵسوکەوکردن- بۆ ئاوێزانبوون لەگەڵ دامودەزگای واقیعیانەو، لەرووی ستراتیژیشەوە کاریگەرە لە هەڵوەشاندنەوەیدا لەنوخۆیرا، وەك کردەیەکی پێشوەختی ئەڵتەرنایڤی کۆمەڵایەتی ون بەدەوری خودی روانینی جەدەلیانە خۆی، لە دەستەی یەکەمی کۆتاو "داخراو" بەسەر یاسا نێوخۆییەکانی کە خاوەن تایبەتمەندی دینامیکیەتی بەردەوامن.

## دووەم : لەپێکهاتەی تیۆرییەوە بۆ تەوزیفی سیاسی

ئەلمانیا گۆرەپانێك بوو بۆ ئەم پێشکەوتنە رادیکالییانەی فەلسەفە،لە دەسهاتی تیۆریی بیرکردنەوەی فەلسەفەدا بەرەو چوارچێوەی پراکتیکی سیاسی هەنگاوی ریشەیی نا،کەدواتر لەلایەن ئۆپۆزیسیۆنی رادیکالییەوە بەدی دەهات،بەپێوانە لەگەڵ ئەو رەشەبا کاریگەرەی لەگەل تەقینەوەی شۆرشی فەرەنسادا هەلی کردبوو،تەنها بیانوویەکیش بۆ ئەم دواکەوتنە خۆی لەگرنگیدانی دەسەلاتی سیاسی کۆنزەرڤاتیڤ بەسەرسیاسەتی ناوەخۆوە دە بینیەوەو بووە هۆی ئەوەی لۆژیکی کاری سیاسی پێگەییوو بگۆرێ بۆسەرکوتکردنێکی رێکخراوو پێشکەوتووش لەلایەنی تیۆرییەوە،ئەوەی بەکردەوە نۆێنەرایەتی ئەم باڵەی دەکرد وەزیرە ئاسنینەکەی ئەلمانیا ( بیسمارك ) بوو لەماوەی ئەو چەند ساڵە درێژەی مانەوەی خۆی لەدەسەلاتدا ئەو هەر لەسەر رێبازەکەی بوو لەنێو هەموو ئەو نارەزاییە گەردەلوولییەی ناوەخۆو هەرەشە یەك لەدوای یەکەکانی بزاوتە ئۆپۆزیسیۆنیە جیاوازەکانی ( ئایدۆلۆژیی نیشتیمانیی،نەتەوەیی،ئایینی،رادیکالی راستی ..... ) لەدەوروبەری ئەلمانیادا سەر هەڵدانی باله سۆسیالیستەکان لەهەر دوو سەدەی هەژدەو نۆزدەدا پاشان ئالۆزیی ئەو بالە سیاسیەی کەمارکس هێنابوویە کایەوە وێڕای ئەو پاشماوە فیکرییەی ئەلمانیا بە هەموو ئەو رادیکالییەتە تیۆرییەوە وای

لەپارتە سیاسییەکانی ئەلمانیا کرد ئەوانەی هەلگری فیکری شۆرشگێریی بوون لە ئەلمانیا دا گەشە بکەن بەر لە هەموو ولاّتە ئەورو پیەکانی تر،وێرای فەراهەمی زێتری ئازادیو پێشینەی رێکخستنەکانو بزاوتە سیاسییە رادیکالییەکانی ئەم ولاّتانە،ئەلمانیاش یەکێ لەو ولاّتە ئەوروپیانەیە کە هەر زوو رێکخستنی سیاسی تیادا لە دایکبوو،ئەو رێکخستنانەی کە ئامانجەکانیان دیارو ئاشکرا بوو بە تێکۆشان لەدژی بۆرژوازییەتی زالو دەستەلاّتدار دا،لە نێو پێکهاتە ئەندامییە بنچینەییەکەیدا پارتی کرێکاریی متو بە پرۆگرامی مارکسی بۆکاری سیاسی بەپێی ئەو چوارچێوەیەی (( مانیفێستی کۆمۆنیستی ))و ((سەرمایەدار )) [٤٦] کێشابووی،سەرەتا پارتە مارکسییەکانی ئەلمانیا لە بزوتنەوەی ((سۆسالیستی دیموکراسی ))یەوە سەریهەلّدا کەسەرچاوەی بنەرەتی لەدایکبوونی هەردوو پارتە سۆسیالیستەکەی ئەلمانیایە،یەکەمیان ئەو کۆمەلە کرێکارییە کە فردنیاند لاسال ( Ferdinand Lassale) لەسالی ١٩٦٣ دروستیکردبوو،دووهەمیش پارتی کرێکاران کە لەسەر دەستی هەریەکە لە ڤیلهام لیبکنێخت ( Wilham Liebknecht) و ئۆگست بێبل ( August Bebel) لەهەمان سالّدا رێکخرابوو،بۆچونەکانی رێکخراوی یەکەم لەفیکری مارکسیزمدا دوور بوون بەلاّم ئەوەی دوو هەمیان کەمێك لەفیکری مارکسیزمدا نزیك بوو،وەك ئەوەی کە لەکاتی بەستنی یەکێ لەکۆنگرەکانی لەسالی ١٨٦٩ بریاری نزیککردنەوەی ئاراستە فیکرییەکەی خۆی لە فیکری مارکسیزمدا،ئەم دوو رێکخراوە لە سالی ١٨٧٥ کۆبوونەوەو بوون بەیەك،بەلاّم پرۆگرامەکە یان (( پرۆگرامی گۆتا کە مارکس رەخنەی لێگرتبوو )) مارکسییانە نەبوو بەلّکو سۆسیالیستێکی گشتی بوو، هەر لەم رێکخراوە نیمچە مارکسییانەدا فراوانبوونی بالّی سۆسیالیستی دیموکراسی لێکەوتەوە کە دواتر بوو بە نموونەی بالاّ دەست بەسەر بزوتنەوەی (( کۆمۆنیستی )) ئەلمانیا .





پاش درزتێکەوتنی چاودێرییە ئاسنینەکەی بسمارك بەسەر چالاکی سیاسیی پارتە رادیکالییەکاندا کە بەدەست لەکار کێشانەوەی خۆی لەسالی ١٨٩٠ کۆتایی پێهات،کاری رێکخراوە سۆسیالیستیەکان لە کاری سەندیکاییەوە گۆڕا بۆ رێکخستنی چالاّکییە سیاسییەکانو کەوتنە سەرپێ بە چالاّکی کاریگەرتر، لەم ساتەدا کارل کاوتسکی وەك کەسێکی رێکخەری کاری سیاسی بزووتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی ئەلمانیو کەسێك کە لەسەر دەستی ئەودا ئامانجە تیۆرییەکانی پێگەیین،بەوپێیەی کە یەکێ بوو لەو کەسانەی بە قوولّی کەوتبووە ژێر کاریگەریی مارکسیزمو لێکۆلەرانی مارکسیزمدا،کاوتسکی لەگەل هەموو ئەو جیاوازییە ناتەبایە گشتییەی کە دواتر دێتەرێ،ئاراستەیەکی مارکسیانەی دا بەبزوتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی ئەلمانی،ئەم پارتە ( پارتی سۆسیالیستی دیموکرات) رۆلێکی گرنگی بینی لە ئینتەرناسیۆنالیی دووەمدا،کە لە دواییدا پارتە کۆمۆنیستییە ئەوروپییەکان سیاسەتەکەیان بە نموونەیەکی سیاسەتی خۆیان دانا،تاوەکو ئەو قەیرانەی پارتە کۆمۆنیستەکان لەدوای جەنگی یەکەمی جیهاندا پێیدا تێپەرینو سەرهەلّدانی ئینتەرناسیۆنالی سێیەم،بۆیە لەدوای کۆتایی شەری یەکەمدا شەرێکی شۆرشگێرِیی ئەامانیای گرتەوە کە مەبەستی ئەم شەرە پیادەکردنی شێوە نموونەی پارتی کۆمۆنیستی روسو شۆرشی سۆڤیەتی بوو،کە ئەو بانگەوازەی لە ئینتەرناسیۆنالی دووەمدا هەیبوو کێشایەوەو پارتە کۆمۆنیستە ئەوروپیەکانی خستە حالەتێکی دلّەراوکێ لەبەرامبەر دوورکەوتنەوە لە مۆدێلی سۆسیال دیموکراتدا،بۆیە مانگرتنی کرێکاریی دەستی پێکردو بزاوتە توندو تیژە شۆرشگێرِەکانی ئەلمانیا بەدەنگ هاتن،کە بوو بە هۆی ئەوەی ئیمپراتۆر گەلەیۆمی دووەم واز لە کورسییەکەی بێنێو کۆماری دیموکراتی دژە بۆلشەفیك رابگەیەنرێت، کاوتسکیش بوو بە سکرتێری وەزارەتی کارو

باری دەرەوە لەو رژێمە )کۆمارییە نوێیەدا،لەم کاتەدا بزوتنەوەی سپارتاکیزم (Spartakisme) (باڵی مارکسی لەبزوتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی ئەلمانیا ) )بەسەرکردایەتی ڕۆزا لۆکسمبۆرگ‌و کارل لێبکنێخت ( Karl Liebknecht) هەڵسان بەدامەزراندنی (( پارتی کۆمۆنیستی ئەلمانیا )) تاوەکو سیستمێکی کۆماری هاوشێوەی سۆڤییەتی لە ئەلمانیادا بێننە ئاراوە،بەلاّم حکومەتی سۆسیال دیموکرات کە گەیشتە لووتکەی دەسەلاّت لە ڕژێمە نوێیەکەی کۆمارییدا لەو کاتەدا لە بالە گەردەلوولییەکەی شۆرشی بەلشەفی دەترسا،بۆیە هەلوێستێکی توندی لە بەرامبەر بزوتنەوە شۆرشگێرییە کۆمۆنیستەکانی ئەلمانیا وەرگرت،لەم پێناوەدا سیاسەتە سەرکوتکەرەکەی رژێمی سۆسیالیستی دیموکراتی ئەلمانیا پالپشتی سەرجەم رێکخراوە سیاسییە سەرمایەدارەکانی ئەورووپای دەکرد بۆ ئەوەی پاکتاوی مۆدێلە بەلشەفییەکەی شۆرش بکات لەناو ئەلمانیادا،لەوێدا پرۆسەیەکی توندو تیژیی راستەوخۆیانەی شۆرشەکەی رۆزا لۆکسمبۆرگ تەقیەوە،لەلایەن هێزە سەربازییەکانی رژێمی نوێی ئەلمانیاوە هەریەکە لەکارل لێبکنێخت‌و رۆزا لۆکسمبۆرگ دەستگیر کران‌و لەسالی ١٩١٩ دا لەدوای چەند ڕۆژێکی کەمی دامەزراندنی پارتی کۆمۆنیستی ئەلمانیا (٤٧)،لە زینداندا کوژران،ئەم پارتە لەگەل ئەوەی بەردەوام بێتوانایی خۆی لە بەرامبەر بونیاتی هۆشیاریی پێویست بۆ هاندانی جەماوەر بۆ شۆرش دژی رژێم دەردەخست بەلاّم لەسەروی ئەمەشدا گرفتەکانی سەرکردایەتی‌کردنیشی رادەگەیاند(٤٨)،هەرەسهێنانی کردەی شۆرشگێریی ئەلمانی لەڕێگەی رێکخستنی مارکسی سیاسیانەی خاوەن ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراوو پرۆگرامی کارو ئامانجێکی روونەوە بوو،یەکێ لەو وەلاّمە کۆتایانەی گەشەی خێرای بە جەماوەری بوونی باڵە سۆسیالیستە هەلقولاّوەکانی فیکری توندی مارکسیزمە،دواتر لەکۆتاییدا





لەدەرەوەی هێلەکەی خۆیدا چربونەوەی گەڕانەکانی بۆ تایبەتمەندی سۆسیالیستی گونجاو بۆ تایبەتمەندی ئەلمانیاو لەرێگەی وازهێنانی لە هێلە میحوەرییەکانی ستراتیژیای فیکریی مارکسی سیاسی،بۆیە سەر هەڵدانی زووی هێلی تیۆریی سۆسیالستی ئەدوارد بێرنشتاین (Edouard Bernstien) کەلە خودی مارکسیەتدا دەستی پێکرد بوو،ئاماژەیەك بوو بۆ هەولی دۆزینەوەی جۆرێك لەمارکسیزمی پلورالی لەسەر هەر دوو ئاستی تیۆریی سیاسی یاخود مومارەسەی سیاسی پەیوەست بە رێکخستنی شۆرشگێڕیی‌و دەرچون لەو رێسا شۆرشگێرییەی کە پێشتر مارکسیزم لە چینی کارگەرەوە سنورداری کردبوو،دواتریش گرفتێکی تیۆری گەورەی نایەوە،کەپەیوەستە بە مەدای هۆشیارییە چینایەتییەکەی تاوای لە کاوتسکی کرد ئاراستە تایبەتەکەی خۆی وەربگرێت دوور لەو شێوازەی کە شۆرشی پرۆلیتاریا لە مارکسیزمدا دیاری کردبوو،هەروەها بەرامبەرێکی پێگەیشتووی دامەزراوی سیاسی دا بەچەپی ئەلمانیای گەشەکردوو بە هەموو ئەو هێزە گەشە کردووەی خۆیشیەوە،بۆ تێگەیشتن لەو بابەتەی کە ئامرازەکانی سەرکوتکەریی خاوەن تەکنیکی پێشکەوتوو ئاراستەی دەکات،هەروەها هۆشیار بە گەشەی تیۆریی‌و ئامرازی لایەنی دژ،ئەو لایەنەی کە رووبەرووی دامەزراوە بۆرژووازییە فەرمییەکان دەبووەوە،ئەو لایەنە دژەی کە ئامرازە لێکدانەوەییی‌و رەخنەییەکانی خۆی لەلایەنی تیۆرییەوە پتەو کرد بوو،لەرێگەی تێگەیشتنی تەریب‌و مێژوویی تەوژمی رادیکالی‌وئالۆزیی بزوتنەوە کرێکارییەکان‌و هەرەسپێهێنانیان لەیەك کاتدا،ئەمجارەیان هەوڵە تیۆرییە گەورەکە لە لێکۆلینەوەی تیۆریی لکاو بە ئەزموونی سیاسییەوە دێت،ئەو ئەزمونەی کە هاوڕێ بوو لەگەل هارمۆنیایەکی فرە رەهەند،بە شێوەیەك کە لەگەل مومارەسەی رێکخستن‌و تێگەیشتنی تیۆریی سەراپاگیرو پلورالیزم‌و

دابەشبوونی ئایدیۆلۆژیی بەدرێژایی مێژووەوە بوو،هەروەها لەگەل جولانەوەی زەرەرووری کۆمەلآیەتیدا سەبارەت بەبیناى یەکەمی فیکری تیۆریی شۆرشگێریی‌و تێگەیشتنی دامەزراوی سیاسی دەستبەکارو هێزو ستراتیژیا راهێنراوەکەی لە گونجانیاندا لەگەل شێوازەکانی رووبەڕوونەوەی بەرامبەرو،قەیرانی تیۆریی‌و پراکتیکی هێزە ریشەییەکان‌و فیکری رەخنەیش بوو،ئەم شێوە هەوڵە تیۆرییانە وای لە هەولە رەخنەییەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت و بیرمەندە رەخنەییەکانی کرد کەبیر لە دامەزراوێکی تیۆریی پێگەییو وئامادە بۆ سەرهەڵدان‌و هاتنە ئارای بالێکی فەلسەفی رێکخراو بکەنەوە،ئەم هەولە فەلسەفییە تیۆرییانەی فیکریی رەخنەیی شیکاریی لەسەر دەستی جۆرج لۆکاش‌و کارل کۆرش گەورەکران،وادیارە لەسەرەتاوە شۆرشی ئەلمانی بە سەرکردایەتی رۆزا لۆکسمبۆرگ بەهاوکاریی تیۆرییانەی بالی رەخنەیی مارکسیزمەوە بوو،لەبەر ئەوە جگە لە داوایەکی توندرەوانەی پشکنینی رەخنەیی‌و گەرانەوە بۆ بنەمای مارکسیزم شتێکی تر نەبوو لەنێو بونیادی خودی شۆرش‌و پەیوەندییەکانی رێکخستنی ناوەخۆیی‌و پەیوەندییەکەی بە تیۆرێکی ئۆتۆکرات‌و سەرکوتکەری هێلی گشتی مومارەسەی سیاسی،پاشان بەئاگا هێنانەوەی پرۆژەیەکی نوێی پشکنین بۆ سروشتی چینی زاڵ لە نێو دامەزراوە بالآکاندا،بۆرژوازییەت گوزارشتێکی لکاو نەبوو بەکلاسیکییەتی مارکسیزم یاخود هەڵقولاوی هەناوی پاشماوە چینایەتییەکان لە زنجیرەی گۆرانە مێژووییە هاوکاتەکان لەگەڵ داهێنانە زانستییەکان‌و پێشوازی لە بیرۆکەی ئامرازەکانی گەیاندنی ( جیۆ نەتەوەیی ) بەسەر هەندێکیاندا،نەبوو،بەلکو بوو بە رازاوەیەکی تێکەڵ لە فیکریی رەخنەیی لەرووبەرووبوونەوەی سیاسەتی چینی زاڵ‌و دەسەلآتدارو چالآکییە ستراتیژیەکانی دامەزراوەکانیان،لەسەر ئەو هەوڵە نوێیە بابەتییانەی کە





دەکرێ بێتە ئاراوە پێویستە کە لە سنورە رادیکالییەکەی رەخنە نەچنە دەرەوە،لەگەل بواری میتۆدە (خود)ییەکەی بەسەر سرینەوەی زۆرترین دیاردە نەگۆرەکانی ئاستە دامەزراوەییەکانیانی بە رەخنە لێکدانەوەییەکەی لەهەولی هەلوەشاندنەوەی بونیادی- بابەت دایە،تاکو وەك بەرهەمێکی پاشکۆی هەلوەشانەوە — لە چالاکییە یەك لەدوای یەکەکانی ناو خودی واقیعەکە دا ببڕێنێ،ئەگەری کۆکردنەوە بەپێی ئەو ئاراستانە،ئامرازەکانی تێگەیشتنی دینامیکی خاوەن جولانەوەیەکی خودیی‌و بەردەوامییەکی ستونییە لەگەڵ فیکری رەتکردنەوەی هەولە ریشەییە نوێکاندا،گومانی تێدانییە کە شۆرشی نۆڤێمبەر سالی ١٩١٨ بەسەرکردایەتی رۆزاکسمبۆرگ. کۆمەلگای ئەلمانی هەژاند،ئەو بایە مەترسییەی کە لەگەڵ خۆیدا هێنابووی بۆ رووخان‌و لەناوبردنی بۆرژوازیەت‌و سەرمایەداری زاڵ بەسەر دەسەلآت و دامەزراوەکان نەبوو ئەوەندەی بۆ لەباربردنی هێزە سۆسیالیستە هەلپەرستەکان چەپە لاوازەکان بەپێی تیۆری چینایەتی‌و فیکری رێکخراوی شۆرش بوو،لەو کاتەدا چەپی تەقلیدیی کە لە پەنجەرەی دامەزراوە (( رادیکالییە )) رێگە پێدراوەکانی وەك سەندیکاکاندا چالاکییەکانی خۆیان دەکرد،خۆیان لەژێر هەرەشەیەکی بێدەنگدا دەبینیەوە بە هۆی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی کە هەولی رامالێنی هەمووانی دەدا،بۆیە ئەو وەك هێلێکی تەریب لەگەڵ راستڕەوەکاندا بەکردار کەوتە دژایەتی چەپی رادیکالی بەو شێوەیە شۆرش لەلایەن سەرکردەی سەندیکاکان ئەوانەی لەگەل سەرمایەدارە گەورەکاندا یەکیان گرتبوو هەرەسی هێنا،بەلآم لە هەولێکیپێچەوانەی ئەم هەرەس هێنانە تەواوی بزوتنەوەی گۆرانی ریشەیی‌و روخانێکی نیمچە تەواوی ئەگەری سەر هەڵدانەوەی هەر چالاکییەکی سیاسی کۆمۆنیستی لەداهاتوودا،پارتی کۆمۆنیستی ئەلمانیا یاخود پاشماوە هەلوەشاوەکەی دوای

ڕۆزا لۆکسمبۆرگ کەوتنەوە خۆنوێکردنەوەی ڕێکخستنیانە،تاکو دووبارە بێنەوە نێو ژیانی سیاسی ئەلمانیا،بەرە بەرە چالاکییەکانی خۆیان دەست پێکردەوە لە نێو کەش‌و هەوایەکی پڕ لەنارەزایی‌و توندو تیژیی دژی هەر جولانەوەیەکی کۆمۆنیستانەی ڕێکخراو لە ئەلمانیادا،ئەو چەوساندنەوە شاراوەو مەبەستدارە بۆ دەرکەوتنی کردارەکی لەهەر ساتێکی بێزاریی دژ بە پارتی کۆمۆنیستدا کاریگەرییە خراپەکانی بەسەر تاکتیکی پارتەکە ڕەنگی دایەوە لە شێوەی کاری لەسەرخۆو دوو دڵیانە دژ بە دامەزراوە زال‌وکۆنترۆڵی بۆرژوازییەت لە ڕێگەی دامەزراوە فەرمییە چەپەکاندا بڕیاری هێڵی فەرمی گشتی لە سیاسەت‌و قەبوڵکردنەکەی دەدرا ،لەگەڵ لاوازی روون‌وئاشکرای چالاکی پارتی کۆمۆنیستی هەر لە سەرەتاوە ،کە بڕیار لەسەر پێدراوی داهاتوو دەدات، لکانی ئامانجە سیاسییەکانی دوای چەند ساڵێ کەبە هەرەسهێنانێکی تەواو کۆتایی دێت،لەگەڵ ئەوەی کە ئۆپۆزیسیۆنی فەرمی ڕێگەی پێنەدەدرا چالاکییە لاوازەکانی ئەنجام بدات بەبێ یەکگرتنەوە لەگەڵ ئاراستەیەکی چەوساوەیی بەردەوام ،لە ڕێگەی دەزگا راستەوخۆکانی ڕژێم یاخود لە ڕێگەی بزوتنەوە چەپڕەوەکانی وەك پارتی سۆسیالیستی دیموکراتی کە دامەزراوەی فەرمی پاڵنەری بوو،تاوەکو پرۆسەی بەرەنگاربوونەوەی هێزە کۆمۆنیستی‌وچەپە رادیکالییەکان رابگەیەنێ، لەگەڵ تەقینەوەی قەیرانی ئابوری جیهانی لەکۆتایی بیستەکان‌و سەرەتای سییەکاندا،پارتی سۆسیالیستی بە تاکتیکێکی سیاسی هەڵسا دوای ئەوەی کە خۆی خستە نێو گەمەیەکی سیاسی راستڕەوو نەیتوانی لێی بێتە دەرەوە دوای ئەوەی بەمەبەستی لێدانی کۆمۆنیستەکان چوو بووە ناوی،لێرەدا لەو ئاراستە راستڕەوەدا چالاکییەکەی خۆی دەستپێکردەوە لەترسی هەیمەنەی راستڕەوە توندڕۆکاندا،راستڕەوەکان هەلی بەردەوامی‌و مانەوەی پارتی سۆسیالیستیان لەگەڵ هەندێ لە بزوتنەوە





چەپڕەوە پرۆلیتارییەکاندا قۆستەوە تاکو بتوانن ناوبژیوانێك لەنێو دڵی بزوتنەوەی کرێکاریی بۆ بۆرژوازیەت بەدەستبهێنێت،ئێمە لێرەدا ناتوانین ئەو رەخنەیە وەکو خۆی ئاراستەی پارتی کۆمۆنیستی ئەلمانیا بکەین وێڕای ئەوەی کە ئەم پارتە ڕۆڵێکی لاوازو روخاوی هەبوو،تەواو وەکو پارتی سۆسیالیستی دیموکراتی،[٤٩] لەکاتی سەرکوتکردنی‌و گەمارۆی سەختی راستەوخۆیانە پارتی کۆمۆنیستی هەماهەنگی کرد بۆ هەلوێستی ڕێکخراوە چەپەکانی‌تر بەچاو پۆشی لەو جیاکەرەوەیەی نێوانیان لەسەر ئاستی رادیکالیی پرۆگرامی سیاسی پەیرەوکراو،تەنانەت لەکاتی گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن نازییەکانەوە،پارتی کۆمۆنیستی کەوتە هەڵەیەکی نەگونجاو لە پلەکانی هەڵبەزو دابەزینیدا،ئەمەش لەبەر ئەو جیاوازییە گەورەیەی لەسەر هەردوو ئاستی بەرزی‌و نزمی نا بەڵکو لەبەر ئیقتیفانەکردنی سەرهەڵدانەکەی‌و هەماهەنگییەکی پلە بە پلەی نێو مەداری هەرەسی تەواوی ئاستی نەوعی مومارەسەی سیاسی بوو،شەپۆلە تیژ رەوەکانی کەرتی دابەزیوو لە سیمای راکێشانی سنوردا یاخود هەرەسی بێ سنوری پارتی کۆمۆنیستیدا بەدەرکەوت،بەپێ‌ی ئەو ئامانجە ئایدیۆلۆژیایەی کە پێشتر بڕیاری لەسەر درابوو،لەسەرەتادا کۆمۆنیستەکان توانیان هەندێ پشتگیریی لەلایەن بێکاران‌و کەمایەتی رادیکالی بەدەستبهێنن،بەڵام بناغە کرێکارییەکەیان پەرش‌و بڵاو بووەوە وەك ئەوەی کە لە نێو پرۆژە پیشەسازییە گەورەکانی‌دا ون بووبێ کەناوکی سەرەکی چینی کرێکاری ناوەوەی ئەلمانیایان پێکدە هێنا،یەکەمین بانگەوازییان بۆ شۆرش لەسەر ئاستی هەڵبژاردندا دووچاری سەرنەکەوتن بووەوە پاشان ئەوان وێڕای بانگەوازە تیۆرییە رادیکالییەکەیان،چالاکییەکی تێکۆشەرانەیان دژ بە نموونە کۆمەڵایەتییەکەی سەرمایەداریی نەخستە روو،هیچ شتێکیان نەکرد جگە لە لاساییکردنەوەو رەتکردنەوەیەکی

نائومێدانەی پارتی کریکاریی لە بەرامبەر سیستمی سیاسیدا کەناتوانێ جگە لە بێکاریی‌و ئێش‌و ئازار شتێکی تر بدا بەکۆمەڵ،پاشان ئەو سیاسەتە ئیفلیجەی کە پارتی کۆمۆنیست پەیرەوی دەکردو لەنێو ئەو توانا رێگە پێدراوەی دامەزراوە بۆرژوازییەکاندا هۆیەك بوو بۆ ئەوەی پەرە بە دژە پرۆگرامەکەی خۆی بدات،لەبەر ئەمە بوو فاشیزم بەدەرکەوت‌و لەناکاو گەیشتە چلە پۆپەی دەسەڵاتی سیاسی‌و پارتی نازی حکومەتی ئەڵمانیای پێکهێناو کۆمۆنیستەکانیش هیچیان پێ نەما جگە لە قەبولکردنی ئەم بارو دۆخە نوێیە بە شێوەیەکی ئازادانەو ڕاگەیانراو هەولیاندا چالاکییەکانیان لەگەڵ کەش‌و هەوای سیاسی ژێردەسەڵاتی فاشیزم بگونجێنن،وێرای ئەوەی کە باڵی سەربازی پارتی کۆمۆنیست لەشەقامەکاندا دژ بە میلیشیاکانی فاشیزم دەجەنگان، بەڵام لە کۆبوونەوە هاوبەشەکاندا لە نێوان هەر دوو پارتەکەدا سەرکردایەتی پارتی کۆمۆنیست زۆر جاران هەڵوێستی یەکگرتووو پشتگیریی یان لەلایەن پارتی نازییەوە دەکرا، وەکو مانگرتنە گشتییەکەی گواستنەوەی سالی ١٩٣٢ . سەراپاگیری هێزو چەپەکان بە هەموو باڵ‌و پارچەکانییەوە وێرای تەم‌ومژاویی هەڵوێست‌و پرۆگرام‌و نەگونجان لە ستراتیژیای کارە سیاسییەکاندا وای لەنازییەکان کرد وەکو هێلێکی رێکخراوو شیاو لەگەڵ خۆیدا بەدەرکەوێت،تاوای لێهات لەرووی جەماوەرییەوە بە خێرایەکی سەرسوڕهێنەر فراوان بێ،ئەمەش لەدەر ئەنجامی غیابی هێزێکی رێکخراوی بەرامبەرەوە بوو،لەوساوە جەماوەر بەلێشاو روویانکردە پارتی نازی وەك پارتێکی خاوەن توانای جیا جیا بۆ هێنانەدی خواستە رۆژانەیی‌و نیشتیمانیەکانیان،لێرەوە بوو ڤێلهام رایش لەدوای دەستەلاتگرتنە دەستی پارتی نازی رایگەیاند کە (( جەماوەر خۆیان ئارەزووی فاشیزم دەکەن )) ئەو وردی‌و سەرنجەی ناوەڕۆکی ئەم رستەیە لەخۆوەی دەگرێت نیشانەی ئەوەیە





کە دیدی نوێی سۆسیۆلۆژیا خەریك بوو وەك رەهەندێکی رەخنەیی واقیعێك بەدەربکەوێت بەئاراستەیەکی پێچەوانەی پێشکەوتنی عەقلانی مێژوویی بەدەستهاتوو لە بونیادی هەر کۆمەلەیەکدا،هەروەها رادیکالیانە وەك زەرووڕەتێك شێوازێکی بەرپرسیارییەتی دەرچوونی خۆنەویستانە . بۆ دەرەوەی هاوسەنگی گۆڕانی سیاسی دەداتە هێزە بزۆزەکان،ئەو گۆڕانە سیاسییەی کۆمەڵگا شێوەیەکە لە مومارەسەی پێدراو کە دەرگایەکی سەرەتایی گەشەپێدانی لێوە نەکراوەتەوە بەهۆی دەرککردنی ئەو، بۆ یاسا زۆرەملێکانی کە رێگەی گەرانەوەی زەمینەی ئایدیۆلۆژیاکەی خۆشدەکرد تاکو راستەوخۆیانە نوێنەرایەتی بکات، هەروەها وای لێکرد بە بێ ئامرازەکانی راکێشانی دژەکانی‌و هاندانیان بۆ ئەوەی پال بە بالەکەیانەوە بنێ بەرەو هەیمەنەیەکی دامەزراوەیی سەراپاگیر،بۆیە دیاردەی سەرکەوتنی نازیزم،سروشتی قەبۆلکردنی تەقلیدیانە وەها لێدەکات کە سیاسەتێکی نامومکین بێ لەوەها بارودۆخێکی نەشیاوی لەم شێوەیەدا،سیاسەت بەمانا بەرتەسکەکەی لەلایەنی پارتەکان‌و پەرلەمان‌و دەستوردا نوێنەرایەتی دەکرێ‌و ئەوەی لەسەری بوو رێگەیەکی شەرعیانەی دا بەفاشیزم تا بگاتە دەسەلاٚت،بەم شێوەیە ئەم رێکخراوە سیاسییە لە شەرعیەتی ئامانجە گشتییە دوولایەنەکانیاندا خالی دەبنەوە لەگەل زەرووڕەتی گەشەکردنەکەیاندا،گرفتەکانی فرە رەتکردنەوەو پرۆگرامی دەرهێنان لە دامەزراوە گرێبەندییەکاندا دەبن بە سەرابێك،بۆ تێپەڕاندنی سنووری پلاندانان بەرە و بواری بەئامانج گەیشتن،یاخود بۆ پەڕینەوەی فەزای بیرۆکەیەکی رووت بەرەو مەیدانی دەرهێنانە مادديیەکەی،هەموو ئەو ئامانجانەی وەك چارەسەری سەرکەو تووی قەیرانە ئابوورییە درێژخایەنەکان یان توانەوەی جیاوازییە چینایەتییەکان‌و دۆزینەوەی بونیادێکی رۆشنبیریی

کۆمەلایەتی شیاو وامان لێدەکات پرسیار لە شێوەی پێکهاتە سیاسی – رۆشنبیرییەکانی دەسەلاتی بۆرژوازیی بکەین لەسەر ئاراستەی دامەزراوە فەرمییەکان،پاشان لەسەر ئاستی هێزە نێگەتیڤەکان یاخود رادیکالی ئۆپۆزیسیۆن،هەروەها وامان لێدەکات دووبارە پرسیار دەربارەی پەیوەندیەکانی نێوان پرۆلیتاریاو پارتە سیاسییەکان بکەینەوە ئەو پارتە سیاسییانەی کە نوێنەرایەتیان دەکەن،دواتر پلەی رێکخستنی ئاکتیڤی ئەو پارتە سیاسیانە وەك رەنگدانەوەی گۆڕانی واقیعی سیاسی،ئینجا پلەی نزیکبوونەوەو دوورکەوتنەوەی نێوان ئەم رێکخستنانەو چینی کرێکاری‌و ئاستی وزە ئایدیۆلۆژیاکەی لەهەر دوولایەنی تاکتیکی‌و ستراتیژیدا،لە سۆنگەی پرسیاری لەم شێوەیەدا دەبێ باوەڕ بەتەلاری راڤەباوو ڕێگە پێدراوەکان بهێنین ئەوانەی کە پەیوەست بون بە هەرەسهێنانی بزوتنەوە کرێکاریی‌و پارتە رادیکالییەکان هەروەها پێویستکرا کە تیۆرێکی راڤەیی نوێی خاوەن رەگێکی رەخنەیی سەرهەڵبدات کە ناوەڕۆکە میتۆدیەکەی چەند دیدێکی وردبینتر لە خۆوەبگرێ بۆ تێگەیشتنی لێکدانەوەیی دیدە (( کلاسیکییەکانی )) رابردوو،لەسەر ئەم تیۆرە رەخنەییە پێویست بوو کە قایل نەبێ دیدە لێکدانەوەییە رەخنەییەکانی ئاراستەی دامەزراوە بۆرژوازییەکانی ئەم سەردەم بکات،هەروەها نابێ کارە وەزیفییەکەی خودی دابەش بکات لە ئیفلیجبوونی بەرهەمە بەرجەستەکەی وزەی تواوە لەلایەن هێزە سیاسیی و کۆمەلایەتییە دژەکانیداو چالاکییەکانی ببن بە وزەیەکی بێگەردی بەکارهاتوو،بەبێ پێدراوێك کەبتوانێ زاڵ بێ بەسەر یەکگرتنە پێچەوانەییەکەی رێکخراوی بۆرژوازی،دیسان دەکرێ تیۆرەکە بەتەنها قایل نەبێ بەم رەخنەیە بەلکو دەبێ بخرێتە نێو خودی سنوری ئۆپۆزیسیۆنە رادیکالیەکە،لێرەدا پێویستە لە سەری کە لە هۆکارەکانی هاتنەکایەی





کارەساتەکان بگات‌و ئەوانەی کە بزوتنەوە کرێکارییەکانی ئەلمانیایان داگرت دیاربکات،لەسەر تیۆرەکە پێویستە روونکردنەوە ستراتیژییەکان‌و بەهانەی چۆنیەتی ناساندنی تیۆرەکەی کە دەبێتە تیۆرێکی ریشەیی دژە کرداری هەڵسوکەوتە نامرۆییەکان [٥٠] بناسێنی‌و شیانبکاتەوە،هەروەها لەسەر ئاستی دوا دەرەنجامی بەدەستهاتوودا دەبێ بە پشکنینێکی مێژوویانە هەلسێ،بەهاوکاریی دیدە لێکدانەوەییەکەی تیۆرو رێگەگرتن‌و بلاوکردنەوەکەیشی بەپێی کات پرۆسەی تێکۆشانە کۆمەڵایەتییەکەیدا،بەهەمان شێوە خستنە رووی پرسیار دەربارەی تیۆری رادیکالی‌و مەدای تواناکەی بۆ ئەفراندنی پەیوەندیی سۆزداری نێوان خۆی‌و هەڵس‌وکەوتەکانی ،سەرهەلدان‌وگەشەسەندنی تیۆری رەخنەیی لە ئەڵمانیادا لە تایبەتمەندێتی سیاسی جیانابێتەوە کە بەهۆیەوە مێژووی ئەڵمانی‌و تایبەتمەندێتی فەلسەفیی رادیکاڵی لە رووی تیۆرییەوە پێشکەوتنیان بە خۆوە بینی، دواتر گۆڕان بۆ مەیدانی پراکتیکی سیاسی،چونکە ئەزموونی پارتی کۆمۆنیستی ئەلمانی کارل کۆرش(Karl Korsch)ی جیاکردەوە،کە لەسالی ١٩٢٠دا پەیوەندی بەم پارتەوە کردبوو،یان راستتر لەدوای کەوتنی شۆرشی ئەلمانیاو کوژرانی لۆکسمبۆرگ‌و لیبکنێخت بۆ دووبارەو سەرلەنوێ بونیاتنانەوەو زیندوو کردنەوەی چالاکی حیزبی،هەر لەگەل بزوتنەوەی سیاسی‌و کێشە نوێکان‌و بەکارهێنانی ئامرازە سەرکوتکەرەکانیدا مایەوە تاکو رێککەوتنی ئەلمانی – سۆڤیەتی نێوان ستالین‌و هیتلەر لەناو پارتی کۆمۆنیستدا مایەوە دواتر بریاری جیابوونەوەی خۆی دا،لەنوسینەکانیدا ( کۆرش) رەهەندەکانی هەڵسوکەوتی سیاسی ئەوانەی کە لەرووی تیۆرییەوە خرابوونە سەر پێکهاتەی رادیکالی فەلسەفی سۆسیۆلۆژیی رووندە کاتەوە،لەناو خودی پێکهاتەکەدا جۆرج لۆکاش دەبینین کە لەناو ئەزموونی

سیاسی کۆمۆنیستی هەنگاریادا ژیابوو،ئەو شۆرشەی کە بە چەند هەفتەیەك لەدوای شۆرشی ئەلمانیدا بەرپابوو،کۆمۆنیستەکانی هەنگاریا بەمەبەستی دروستکردنی کۆمارێکی کۆمۆنیستی لەسەر شکلو شێوەی سۆڤیەت تێدەکۆشان،توانیان بۆ ماوەیەکی کورت دەسەلأت بگرنە دەست ئینجا بە هاوکاریی راستەوخویانەی ولأتانی خۆرئاوا لەباربردراو حکومەتێکی سەرمایەداری دەسەلأتی گرتە دەستو لەوێوە جۆرج لۆکاش کەوەزیری رۆشنبیریی حکومەتی شۆرشگێرەکان بوو،هەر لەدوای کەوتنی رژێمی کۆمۆنیستی راگەیەنراودا بەرەو ڤییەننا کەوتەرێ،دواتر لەپاش روخانی هەردوو شۆرشی ئەلمانیا و هەنگاریاو زاڵ بوون بەسەر چەپەکاندا لەلایەن رێکخراوە بۆرژوازییەکاندا،تێروانینەکان بوون بە زەرووڕەتێك بۆ دۆزینەوە راڤە کردنێکی تیۆرییانەی هەرەسهێنانی شۆرش،تیۆرێك دووربێ لە گرێبەندیی رووکەشی مارکسیانەی نزیك لە ناوەرۆکە لێکدانەوەییە رەخنەییەکەی،لەراستیدا هەموو ئەو دیدو بۆچونانەی لۆکاشو کۆرش بوون بەبنەمای سەرەتایی گەشەی تیۆری رەخنەیی لای بیرمەندانی قوتابخانەی فرانکفۆرت بۆ جیاوازی نوێ لەماوەی دیالەکتیکی مارکسی وەك چالأکییەکی رەخنەیی تیۆریی کە لەمەدا رادیکالییەکەیدا سنوری رادیکالی خودی هەڵسوکەوتی سیاسی دەبەزێنێ





## بەشی سییەم

# پێشەنگەکانی تیۆری رەخنەیی

### ١- جۆرج لۆکاش

وادیارە لەسەرەتاوە ئەو هەولە تیۆرییە گەورەیەی لۆکاش ( Gorgy Lukacs ) پیَ هەڵسابوو،حالەتی دووبارەی پێکهاتەی مەفهومی دیالکتیك لە حالەتی هاوکاتی پەرەسەندووی دابڕاوی مێژوویی لە نێوان بناغەورێساکانی هیگلیوجەغدکردنە ماتەریالییەکانی لینین بۆ سروشتی ماتەریالیزم تێناپەرێنێ،کە لەدەسکەوتە بە تیۆریکراوەکانی قۆناغە جەنجالەکاندا سەرچاوەی گرتبوو،دواتر قۆناغی سەرکەوتنی ماتریالیانەی توێژینەوە دیالیکتیکییەکانی مارکسو ئەنگلسی برِی بە ئاراستەی ماتەریالیانەی کۆمەڵگا - وەك ئابووری،یان بەئاراستەی سروشت،ماتەریالیانە =وەك زانستە سروشتییەکان،بەلأم ئەو شلۆقە تیۆرییەی کە لۆکاش بە هەولەکانیەوە پیَ گەیشتبوو بەر قولأیی سیاسی کەوت کە خۆیشی تیایدا ئەزموونی شۆرشگێری هەبوو لە حیزبی رادیکالیدا،بۆیە ئەم نواندنە نوێیەی پێکهاتەی ماتەریالیزم دواتر بەدەرکەوت،لە کۆتاییدا یاخود لەو واقیعەی مومارەسەی سۆسیۆ - سیاسی لە خۆوە دەگرێت،بەمەبەستی رەخنەی هەرەسهێنانی رادیکالی بە پشکنینی سیستمی فیکری رادیکالیانە بەر

لەهەنگاونان بۆ پشكنینی هێزی بەرەنگارو دژەكە،بەلاَم لە تەوەری فیكری لكاو بە ماتەریالیزمدا،لۆكاش بوونو جوولانەوە بەرجەستەییە یەكلایەنییەكانیدیالكتیك : عەقل # ماددە رەتدەكاتەوە كە حەقیقەتە پێچەوانەكانی رافەی دوولایەنی هەردوو لاو هەروەها بناغە تەواوكارییە دوولایەنەكانیان بەدرێژایی مێژوو لە بوونیان دایە،گۆڕانی لادەری سنوری مۆنۆپۆلیزەكردنی دیالەكتیك،تەوەری عەقل لای هیگل لەدەرەوەی چوارچێوەی ماددەدا بۆی ناكرێ گوزارشت لە خۆی بكات،لە بەر ئەوەی گوتەی سنورداربوونی یەكڕایی بۆ خالَە ناكۆكەكان كە لە نێو چوارچێوەكانی ماددە دا دەخرێتە روو،بەشێوەیەك رێگە لە جولانەكانی خودی ماددەو گۆڕانو پێشڕەوییەكەی دەگرێت . ئەو خستنەڕووە نوێیە بۆ هاوكێشەكانی دیالێكتیك بوو بەهۆی تێكەلكێشبوونی یاساكانی نێو جولانەوەی سنورداری كۆمەلَ لە خالێكی زۆرتر لۆكالیزەدا بۆ تێگەیشتن لە دیالێكتێكێكی نوێ، یاخود رۆشنایی"گۆڕانی فەلسەفی شۆڕشی پرۆلیتاری" لەكۆمەلگای سەرمایەداریدا، پرۆلیتاریاو ئامێری وەبەرهێنان لەیەكتر جیاناكرێنەوە،لە كاتێكدا بەشدارە لە بوونی ماتەریالیانەی ئامێرەكە، بە شێوەیەك كە لەیەككاتدا عەقلَی خۆی لەم فەرمانەیدا بەكار دەهێنێ لە رێگەوە تا بەدەستهێنانی پلە بە پلەی هۆشیارییە چینایەتیەكەی،بۆیە پرۆلیتاریا بۆ مێژوو دەبێتە بابەتێك لە هەمان ئەو ئاستەی بوونی تایبەتی خۆیدا وەك هێزێكی وەبەرهێنەر لە نێو كاروانی پێشڤەچوونی ژێرخانی ئابوورییدا بە هۆی بوونی ئەم كاروانە،حیزبی پرۆلیتاریا دا دەمەزرێنێ كە دوواتر لە مێژوودا دەبێتە فاكتەرێكی چالاك بۆ گەشەو بوژاندنەوەی هۆشیاری چینایەتی،لێرەدارێكخستنیكرێكاریی(حزبی پرۆلتاریی )بەپالپشتی دینامیكیانەی لۆكالیزەی نوێوە بە دیاركردنی كرداریانەی مانا دەلالییەكانی





مێژوو هەلَدەستیو لە نێو هەرای شۆڕشگێڕییانەی لەدایكبوودا دەبێتە ئەگەرێكی تەواوكاریی بۆ بونیاتنانی كۆمەلَگای چینایەتی ئازاد،لەم شێوە رێكخستنە دیسپلینكراوە نوێیەدا بە دەردەكەوێتو چەمكی شۆڕش لۆكالیزە دەكات ،بەو پێیەی كە ساتی لەخۆوەگرتنی دژایەتییە ماتەریالییەكانی نێوان عەقلو ماددەیەوئەوەی كە پرۆتێستۆكراوە بە حەتمییەتی یەكنەگرتنەوەیان،كە لەكاتی فراوانبوونی چالاكییە پراكتیكییەكانیدا شێوەیەك لە تەواوكاریی بەخۆیەوەدەبینێ،ئالەم كاتەدا دەبێتە هۆشیارییەكی چینایەتیو چالاكییەكی شۆڕشگێریی نەك تێكەلەیەكی دووانەیی فۆرمالیزەكراو بەلكو لە ئاستێكی پێكهاتەییدا وەك جەستەیەكی رەها،لێرەدا لە ئانو ساتی شۆڕشدا پرۆلیتاریا هەم وەك خودو هەمیش بابەت تەواو پێدەگات،مێژووش لەم ساتەوەختەدا مێژوو بەرهەمدێنێ،لۆكاش لەم نێوەندەدا بەپێی لۆژیكی رێكخستنە پێشینەییەكانی دان بە بوونی پەیوەندی چینی كارگەر دادەنێ لە نێو ئەو پێكهاتەیەدا،بە تەریبكردنی ئەو مانا دەلالییانە پرۆلیتاریاو تەواوی رابردووو مێژوو لە گشت كاتو ساتەكانی تردا جیا دەبنەوە،ئەوەی نوێ بوو لە فیكری لۆكاشدا مامەلەكردن بوو لەگەل گرفتی فیكرو نەشونماكانی كەدواتر لە نێو تیۆری رەخنەیی قوتابخانەی فرانكفۆرتدا بەردەوام دەبێ،

پاشان لە یەك جیاكردنەوەو شیكردنەوەی هونەریو فەلسەفی پرۆگرام لە لایەن هابرماسەوە كەدوا جار ئەم بابەتە وەك بابەتێكی نوێ بۆ لێكدانەوە هاتە ئاراوە لەگەل پاشكۆ كۆمەلاَیەتییە دوور خراوەكەی لە تەوەرە ئەبستراكتەكەیدا،بەرهەمی كردەی مێژوویی ترانسێندێنتال بوو لەرێی تیۆریزەكردندا بۆ لەباربردنی شۆڕشی پرۆلیتاریا لەواقیعێكی كۆنترۆلی بۆرژوازیدا بە هەموو ئەو سیستمە یەكگرتوانەی ئاكامە سودبەخشو گوازراوە

بەردەوامەكانیدا بەهۆی بەردەوامی تەكنیكو دەزگاكانیەوە،بێگومان ئەو رێچكە لەدەرەوەی هەولی زۆرینەی ماركسیستە بونیاتنەرە خاوەن ئاراستە دژەكاندا بوو ئەوانەی كە لایەنە پراكتیكیەكەی فیكری تیۆرییان مەرجداركردبوو،لەم نێوانەدا تیۆریستەكانی پەیوەندار بە پارتە كۆمۆنیستەكان كاروانو ئاراستەی تێكۆشانی چینایەتی خۆیان بەپێی بارودۆخی رەخساوی كرانەوە لەنێو دەزگا بۆرژوازییەكانوبونیاتو بنچینە فەرمییەكەیدا بوو،لێرەوە هەولە فەلسەفییە رەخنەییەكەی لۆكاش بەدووبارە گەرانەوەی هێزی شاراوەی رەخنەیی ئابووری سیاسی دادەنرێت،ئەمەش نەك لەبەر ئەوەی رەخنەیەك بن بەتەنها لە سنوری ئابووری سیاسی دابن بەلكو بەو پێیەی كە رەخنە لە نێوەرۆكە بتگەراییوفیشیگەراییو دیاردە گشتتییەكانی نێو پەیوەندییە كۆمەلاتییەكانەوە درێژدەبنەوە لە هەمانكاتدا لۆكاش ئاراستە بۆرژوازییە قولو پێكهاتووەكانی دیار دەكات كە لە نێو ئەو ماركسیەتەی بە ئارسەدۆكسی ناو دەبرا بوونی هەبوو،ئەو بە پێی دیدی رەخنەیی بنچینەیی هەموو ئەو هەولانەی كە دەیانەویست سكێچی دیاردە كۆمەلایەتییەكان بۆ تەنها پەیوەندیی لە نێوان شتەكاندا كورتبكەنەوە پرۆتێستۆ كرد،هەروەها بە پارالێلبوون لە گەل ئەم رووانینە زانستیانەی شتەكانو حەقیقەتە فیشیگەراییەكەی بە پێی مامەلەكردن لە نێو تەوەرە واقیعییەكەیدا لۆكاش تێگەیشتنێكی سەراسەری بۆ ئەو ئاراستانە دەخاتە روو كە لە سەر لێواری دووبارە بونیاتنانەوەی تێگەیشتنی خودو بابەت بوون، لێرەدا ناوەخنی هەردوو ئەتروحەی بوونو بەزۆرە ملێ بوونی بوون نامێنێو هەرەسدێنێ پەیوەندی تاكەكان لەگەل خۆیاندا لە نێو تەنها پێكهاتەیەكی كۆمەلایەتیدا لەرێگەی ئیسپاتبوونی سۆسیالیزمو شۆرشدا بوو،بۆیە رەخنەیی ئابووری سیاسی لكاو بە رووانین لە دەلالەتە فەلسەفییە





فراوانەكانی نامۆ بوون،بەم پێیە سەرجەم چەمكەكانی سۆسیالیزمی زانستی یاخود رەخنەی زانستی سەرمایەداری نامێنێ جگە لە دەلالەتە خوازراوەكان،هەروەها بناغەی پەیوەندیەكانی وەبەرهێنان لەرووبەڕووبوونەوەی تاكەكاندا بە شێوەیەكی نامۆیانە لە نێو كۆمەلگای بۆرژوازیدا نوێنەرایەتی دەكرێ،ئەمەش وەك بەرهەمێكی رێكخستنی بابەتی پەیوەندی تاكەكان لەگەلێ هەموو نزیكایەتییە كۆمەلأیەتییەكانەوە نا،گۆرانەكانی بەسەر چەمكو مەفهومەكانی بیرمەندی ماركسیو ئاراستەكانیدا هاتن لەگەل بەدەركەوتنی كتێبەكەی لۆكاش ( مێژوو و هۆشیاریی چینایەتی ) وای لە لۆكاش كرد كە رووانینێكی نوێ بخاتە سەر تێگەیشتنەكانی رابردووی خۆی بۆ دیالەكتیك بە شێوەیەك كە بۆچونەكانی بەلای رای ئاراسەدۆكسی نەدەشكانەوە بەقەد هاوەلی ئەو بۆ گۆرانكارییەكانی كۆمەلگا سەرمایەدارەكانو ئەو كۆمەلگایانەی چوو بوونە ژێر باری سۆسیالیزم،لە راستیدا تەنها بۆچونێك كە ئەم كتێبە دابووی ئەوە بوو كە دیالێكتیك بوونی نییە بەتەنها لە نێو كۆمەلگادا نەبێ،ئەویش زووربەی كات لە نێو سروشتدایە كەبۆچونی لۆكاشو ئەنجامە سروشتییەكەی وەك بابەتی كۆتایی بە كۆمەلگاوە بایەخێكی گەوەرەی خۆی هەبوو،لەبەر ئەوەی خوێندنەوەیەكی ئەبستراكتیانە بوو بۆ دیالكتیك كە دواتر بەهۆی تەوزیفبوونیەوە بایەخەكەی زیاتر بە دەردە كەوێت،ئا لەم كاتەدا لۆكاش ئەو دیدو بۆچونە خاوەن رەهەندە توندرۆیە كۆمەلایەتییەكەی خۆی بۆ دیالەكتیك هەمواردەكات،بۆیە دوای دەرچوونی كتێبە ناوبراوەكەی پێی وایە كە دوو شێوە سروشت هەیە،١- سروشتی نا ئەندامی inorganique ٢- سروشتی ئەندامی Organique لەم دوو پێكهاتەیەی سروشتدا كۆمەلگا لە دایكبووە،بۆ یە لە نێوان ئەم دوو فۆرمەدا یاخود روونتر بلێن لە نێوان ئەم

سێ فۆرمەدا ( بەخستنەسەر کۆمەلگا وەك فۆرمی سێیەم ) بۆ بونیاد بوون،پەیوەندییەکان ئالۆزبوون کە کتێبەکەی ( مێژووو هۆشیاری چینایەتی ) بەتەواوی لێینەکۆلێوەتەوە[51]،وێرای ئەم هەموارکردنە بنچینەییەی هەلوێستەکانی لۆکاش بۆ دیالێکتیك،لێکۆلینەوەکانی بۆ خالی زیاتر رەهەندارو تایبەتمەند چوون،لەبەریەککەوتنیدا لەگەل هەژموونە سیاسییەکانی ئایدیۆلۆژیا فەرمییەکان،هەروەها لەگەل بێئاگاییەکانی چالاکی سەرمایەداری پێشکەوتووی سۆسیالیستیدا،لۆکاش هەولە تیۆرییە مەیدانییەکانی لە چوارچێوەی هاموشۆی سیاسیو کۆمەلایەتی دەولەتدا بەداخراوی نەهێشتەوە بەلکو هەولەکانی رووەو چارەسەریی لایەنە فەرهەنگییەکان دارشت بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندار بوو بە بوارە ئەدبییەکان بۆیە ئاراستەکردنی گوزارشتی هونەریی لە کەنالی تەریب بە فیکری دامەزراوەیی لە نێو دیدگای نوێی رەخنەییدا هەلۆوشایەوە کە زیاتر دیاردەی داهێنانی ئەدەبی (( لادەر )) لە ویستی باوو فەرمی لە خۆوەگرتبوو یاخود تەبابوو لەگەل ئەو رێککەوتنو گرێبەندییەی نموونە قوتابخانەییە ئاراستەکراوەکاندا لە پێناو توانا خولقێنەرییەکەی ئەو رووەو بازنەی بە زۆر پابەند بوون لە شێوازی ئایدیۆلۆژیانەوە بۆ ئەدەب هەلدەستێ بە تێکشکاندنی فەزا فراوانەکان،بێگومان بەو توانا لە رادەبەدەرەی ئەو لە خەونبینینبندا،لێرەدا ئەو لە دەقێکی ئەدەبیوسروشتی پێکهاتەکەیو لایەنە تەکنیکییە کەی هەموو ئەو ئامانجو مەبەستە دژو پێچەوانەکانی خۆی بەشێوەیەکی هونەرییانە لە ماتەریالیزمە پەیرەوکراوەکەی رژێمو نموونەیی پراکتیکیانەدا جیادەکاتەوە،بۆیە رۆمانی (( رۆژێك لە ژیانی ئیڤان دینیسۆڤیچ )) ی ئەلیکساندەر سۆلجنتسینو تەکنیکە زمانەوانییە راستەوخۆکەی مانایەك بۆ نەهێشتنی زەرووڕەتی بەسیمبۆلکردنی رووداوی واقیعییانە دەدات بە هەمان





شێوە بۆ حەتمییەتی سڕینەوەی واقیعیش،ئەم کتێبە بەقەد خۆی رەخنەیەکی توندە بێ ئەوەی داوای پەنابردن بۆ روونکردنەوەی زیاتر بکات،رەخنە لە خۆیو هۆکارەکانی لە رێگەی گواستنەوەی راستگۆیانەو بێلایەنەدا،لۆکاش لەکاتی نیشانداننوخوێندنەوەی ئەم کتێبەدا وەك نموونەیەك لە پێکهاتەی فیکری رەخنەی دامەزراو سەیری دەکات،بایەخی ناوەرۆك لای سۆلجنستینیش ئەركو وەزیفەیەکی راستەوخۆ شۆربووەوەی هەیە بۆ بابەتی بۆنیاتنانی رۆمانی خاوەن تایبەتمەندییەکی توند[52]،دەتوانین بلێین ئەوەی لۆکاش بەخشییە تیۆری رەخنەیی دابەشدەکرێتە سەر سێ ئاست : یەکەمیان پێداچوونەوەیەکی تیۆریو فەلسەفی بە پێکهاتەو ناوەرۆکی دیالەکتیك پاشان بەستنەوەی بە بواری سیاسی کۆمەلایەتیو دواتر پراکتیکییە شۆرشگێرانیەکەی،بۆیە لێرەدا فراوانبوون،ئاسۆی ژیانی فەرهەنگیو پێدراوەکانی ناو واقیعی ملکەچ بوونی مەرجە جیاوازەکانی دەسەلات دەکاتەوە .

## ۲- کارل کۆرش

کۆرش (Karl Korch ) لە سەرەتادا زۆر پشتگیریی لە گوتەو بۆچونەکانی لۆکاش دەکرد ئەوانەی کە پەیوەست بوون بە مارکسیزمی پۆزەتیڤیزمی سۆسیالیستە دیموکراسییەکان،بەلام لە دواییدا بە شێوازێکی جیا لەو هەلسا بە چارەسەرکردنی کێشەکان،تیۆری شۆرشگێرانە لای کۆرش بەوە تاوانبارکرابوو کە دەبووایە بە زۆر پەیرەوبکرابووایە لەلایەن پرۆلیتاریاوە،بەم پێیەش رەخنەی ئابوری سیاسی روونکردنەوەیەکە بۆ ئەو بەربەستانەی کە دەبوونە رێگا لە بەردەم بەرەوپێشچونیو ئازادی چینی کارگەر،ئەم رەخنەیە بەوە هەلدەسەنگێنرێت کەخاوەن مەعریفەیەکی

پۆزەتیڤانەو زانستییە ئەوەندەی خۆی خاوەن شێوازێکە لە مەعریفەی مێژوویی بالادەستی لە خۆوەگرتوویی توانای زاڵبوون،کۆرش هەڵسا بە گۆرینی رێرەوی سودی بۆرژوازیی بە وێناکردنە چاودێریکراوەکانی بینای تیۆریی لە رێگەی بەکارهێنانی چەمکە تایبەتییەکانیدا،بەگشتی هەوڵە تیۆرییەکەی لە بواری نەش‌ونمای سیاسیدا بووبە رێبەری ملکەچ بوونە ئیرادییەکەی ئەو بۆ شێوەیەك لە سودمەندییەکی شۆرشگێریی،بێگومان ئەو باوەڕەی ئەو بەم ملکەچ بوونە یەکێکە لەو پێداویستییە زەرووریانەی سەرکەوتنی تیۆرەکەی،ئەگەر دواتر لەو لایەنەدا یاخود لایەنی گیروگازی تیۆریی‌و پراکتیکیدا رەخنە ئاراستەی کۆرش کرابێت،لەسەر بێئاگایی ئەو بوو بۆ ئەو حەقیقەتەی کە پێی وایە تیۆرەکەی لە ئانی هەموو گەشەوپێشڤەچوونەکانیدا زۆرتر ئەبستراکتانەیە کە هەر لە سەرەتاوە شێوەیەك بوو لە شێوەکانی پراکتیك،بەم پێیەش بێئاگایی کۆرش لەمەدا پێچەوانەی سروشتی روانینە قوولەکانی ئەو بوو (٥٣) تیۆرەکە لێرەدا نەش‌ونمای سیفاتە دەرەکییەکانی خۆی لە خۆوەگرتبوو،واتە لە ئاراستەکانی تری پراکتیکدا دابڕاو بوو،بەمەش لێرەدا ئەو راستییە لە یاد دەکات کە پێی وایە سەرجەم نەش‌ونماکانی هەرتیۆرێك ملکەچی روانینە شاراوەکانە،یاخود بۆ شێوە فیکرییە بەبتکراوەکان (Fetichisees ) کە مارکس دەربارەیان دووا بوو،بۆیە ئەو جگە لە کەمبایەخ نیشاندنی نرخی زەروورەتی لێکترازانە جەوهەرییەکان لە ئاستی وێناکردنی تیۆریدا،پاشان لەسەر ئاستی کردارو رەوشتەکان بەمەبەستی لەناوبردنی ئەو بازنە تێکشکاوەی پەیوەندییە هاکەزاییەکانی هاولاتییان‌و رێکخستنە کۆمەڵایەتییەکانی دروستیکردوون،وێرای ئەو خستنەسەرە بنەرەتیەی کۆرش بۆ روانییە رەخنەییەکان هەموو ئەو هەوڵە رەسەنانەی خۆی لە گەشەو پێگەیاندنی





فیکری رەخنەیی تەواوکاری دا کە پێشتر پێشکەشی کرد بوو لە داهاتوودا بوو بە قۆناغێکی گرنگ لەپێشەکی دەرکەوتنی ئێستای رەخنە،لە بەرئەوەی تێروانینەکانی ئەوپشت ئەستور بوون بە مومارەسە سیاسییەکانی خۆی لە رابردوودا هەروەها ئەو رەخنانەی کە ئاراستەی رێکخستنە چەپەکانی دەکرد کە لە راستیدا ئەو پەڕی وردی‌وقووڵی لە شیکردنەوەدا لە خۆوەگرتبوو،کۆرش کاتێ کە هەستی بەو سستییەی پارتە چەپ‌ورادیکالییەکان کرد لە پیادەکردنی سیاسەتەکانیاندا هەلەنەبوو،پارتی کۆمۆنیستی ئەلمانیاو لادان‌و گۆڕانەکانی لە سیاسەتە دادپەروەرییە چەپەکەی بۆ هاوپەیمانێتی لە گەل راستڕەوەکاندا،ئەوەی راستی بێ کۆرش زۆر وردبینانە پەنجەی بۆ ئەو لە یەکچونانەی نێوان ((مارکسیستە لینینیە )) نوێکان‌و کاوتسکییە کۆنەکان کرد .

## ٣- ئارنست بلۆخ

بلۆخ (Ernst Bloch) لە سەرەتادا وەك حالەتێکی فەلسەفی‌و بازنەیەکی سەربەخۆ لە سروشتی گەشەی فیکری ئەلمانی هاوچەرخدا بەدەرکەوت،وەك حالەتێکی دانەبڕاو لە ریزبەندی گەشەو پێشکەوتنەکانی فیکری رەخنەیی‌و دەرکەوتنی رەگە سەرەتاییەکانی کولتوری فەلسەفی رادیکالی : کانتیزم،هیگلیزم دواتر بەتایبەتی مارکسیزم،ئەو بەتەنها خۆی نەبەستەوە بەتەیارێك یاخود قوتابخانەیەکی دیاریکراوی فیکری لە فیکری هاوچەرخی ئەلمانیادا جگە لەو کۆنتاکتە سەرتاسەری‌و ئەندامییەی لەگەل مارکسیزمدا کە خۆی لەگەشبینی هیومانیانەی گۆڕانی جیهان‌و حەتمییەتی شۆرشدا دەبینیەوە،بە گشتی (تیۆری رەخنەیی )) وەك بەرهەلستکارێك بۆ تەیاری رەخنەیی ئەو سەردەم هاتە پێشەوە ئەمەش نەك بەو ئامرازە تیۆرییانەی

خۆی بەلکو بەو پێشینە رەخنەییەی خۆی بوو،کە پێشینەیەکی گەشبینانە بوو بە پێچەوانەی فۆرمە رەشەکەی کە تیۆری رەخنەیی قوتابخانەی فرانکفۆرت بونیاتی نابوو دەربارەی مامەلەی ئەو لەگەل واقیعدا بەو پێیەی کە دەفرێکی فراوانی تێگەیشتنی مرڤو هەنگاونانی بوو بەرەو ئازادیو رەهایی،بۆیە ئینتیمای بلۆخ بۆ مارکسیزم لە سەر بنەماو راستییەکی جیاواز بوو لە مامەلەو تێگەیشتنو ئەفراندنی فۆرمێکی شیاووبێگەردی پراکتیزەکردنیدا،ئەمەش لەسەر ئاستی ئەو دەقە سیاسییەی مارکسیزم لە بنەرەتدا مەبەستی بوو نا بەلکو لە سەر ئاستێکی جیاوازتر لە ئیجتیهادی تێگەیشتنی جەوهەریانەی ئەو،بەو پێیەی کە هێزو وزەیەکە هەولی دۆزینەوەو لەدایکبوونی خەونێك دەدات،ناکرێ کۆتایی بێت لەو سنوورە واقیعییەی کە پراکتیزەی سیاسی نەخشەی بۆ دەکێشێ،ئەوەی نوێ بوو لە خوێندنەوەی بلۆخ بۆ هیگلیزم ،خۆی لە دەربازبوون لە قوولی رەخنەیی هیگلیزمدا دەبینیەوە،هەروەها لە جەغدکردنیدا وەك میحوەرێکی جیاواز لە ملکەچی لۆژیکییە میتۆدییەکەیدا کە لەرێگای لێکۆلینەوەو تێزە فەلسەفیەکانیترییەوە بەدەستهاتبوو،لەلای ئەو پەیوەندی لە نێوان مارکسیزمو هیگلیزمدا پەنابردن بوو بۆ میحوەرێکی هاوبەشی درێژکراوە بە ئاراستەی مارکسیزمدا،کە دواتر لە خوێندنەوەکەی بلۆخدا بۆ مارکسوئیسپاتی ( یۆتۆپیا رەخنەییە ) نوێیەکەیدا گەورە دەبێ،هەر لە رێگەی بلۆخەوە بایەخی هیگل لە نوێبوونەوەو زیندوبوونەوەی هەژموونی رەخنە لە واقیعدا بەناوی عەقلانییەتی نوێوە ناسرا،هیگل دەرگای بیرکردنەوەی بەرووی ئاراستەی مەعریفەی (خود ) ی واقیعییەتی مرۆڤو تێگەیشتنی لە کردنەوەی کەنالی خودی – بابەتی لە نێو ( خود ) دا بە دابران لە بابەتییەکەی لە رێگەی خودی خۆیدا،بەلاّم لەناو مارکسیزمدا بلۆخ





پەیامێکی عەقلانی دەبینییەوە،لەوێوە شۆرشوسۆسیالیزم تێکەلّەیەك بوون لە یۆتۆپیا مرۆڤایەتییەکان،فیکری مارکسیش لە لوتکەی تەواوکارییو بەرجەستەیی خۆی بوو،دواین نوسینەکانی مارکس ( میتا فەلسەفە ) بوو،بلۆخ گرنگی تایبەتو ئاشکرای دا بەم میتا فەلسەفەیە کە لە تێزەکانیدا بەترادیسیۆنی فیکری هیگل لۆکالیزە کرابوو،ئەو لە سەر حسابی مارکسیزمی مرۆی لەنێو خودی مارکسیزمدا هەلّسا بە رەخنەگرتن لە ماتەریالیزمی مارکس،بەم پێیەش بلۆخ پیّ وابوو کە پێویستە وەك چەکێکی رەخنەیی دژی هەموو واقیعێکی کۆمەلایەتی دیسپۆتیزمی لە مارکسیزم بروانین هەروەها وەك رەخنەیەك دژی بەسەرمایەداری نویّو دژ بە شێوازی سۆسیالیستی سۆڤیەتی [٥٤] لاوازیی هۆشیاریی رەخنەیی تێپەریو بە رێرەوی هیگلیزم-مارکسیزمدا ئامرازەکانی بەرەو توندرۆیەکی پێشینەیی دەبا تەنانەت حالەتە هەمووەکییەکەی کە هێشتا بەر واقیعیك نەکەوتووە بەلکو ( ئێستا) بە خاسییەتی دەرکەوتە داهاتووییەکانی هەلەنگوت دەکات هەرکیّ رەخنەی لە کۆنترۆلی پاشەکشەی هۆشیاری نێو سیستمی سەرمایەداری گرت،وەکو دۆخێکی نالەباری ئێستای ژیانە بەرەو هەلّوەشاندنەوەی رەخنەیی ئاراستەی تواناکەی ئایدیۆلۆژیای نێو سیستمی سۆسیالیستی فەرمیدا وەك بارودۆخێکی جێگیریی ژیانی ئێستاکەیە . ئامرازی رەخنەیی هەلّدەستیّ بەگۆران بۆ گومانێك کە ئەمجارەیان لە سیستمەوە نایەت بەلکو لە بناغەی کۆمەلاّیەتیو شێوازە رەوشتییەکەیەوە دیّ،لە دۆخێکی زەمەنی نێوان درێژی کاتی بۆ بەدەستهێنانی تایبەتمەندییەکانی،یاخود کاتی بۆ دلّنیایی گواستنەوەکەی بەرەو پلەیەکی بەرزتر . شێوازی ژیانی وردە بۆرژوا لەناو کۆمەلگای ئەلمانیدا لە ماوەی سالّانی بیستدا کە لەگەل خۆیدا هەلگری هۆشیارییەکی ساختەو ناراست بوو،حەقیقەتەکەی لە ژێر پەردەی

بەرژەوەندییەکی رووکەشدا دەجولاًیەوە لەگەل ناوەرۆکە تراژیدییە وەلانراوەکەیدا،لە سالاًنی زێرینی بیستەکاندا رەگەکانی فاشیزم لە نێو داهاتوودا دەچێنرا،کەدواتر لە سەرەتای سییەکاندا بە توندی دەسەلاًتیان گرتە دەست . لێرەدا دیاردەی کۆمەلایەتی رۆژانەو باو بۆ دەلالەتە سۆسیۆ-سیاسییەکانو سیستمێك دەرکەوت،کەلە نێو سنوری خۆیدا هەلگری شوناسی گۆرینی داهاتووی،ئەو بونیادە بووکە ئەگەری نوێبوونەوەیان تێدا بوو،ئەمە هەمووو ئەوە بوو کە ئارنست بلۆخ لە کتێبی ( میراتی ئەم زەمەنە ) دا بەر جەستەی کردبوو ،

لە راستیدا کتێبەکە هۆشیارییەکی روونی پێ بوو بۆ ئێستا،بەتەنها هۆشیارییەکی خنکاو نەبوو بۆ ئۆبژێکتیفێکی رووت،بەلکو بەرەو دەرفەتی خودیو وجودییەتێك درێژ دەبووەوە لە ژیانێکی ئاسایی کولتورییدا بۆ دەستنیشانکردنی سیماو ئەدگارە مێژووییە هەلقولاًوەکان ئەوانەی کە دواتر شوێنپێیەکی سەرەتاییو رێخۆشکەر بوو بۆ دەرکەوتنی فاشیزم،ئەو سیستمە روخێنەرەی کە لە سەرتاوە هەلسا بە تەفرو توناکردنی کەلتور لە پێناو ئەفراندنی زەینو فیکرێکی بیر تەسکانەو ئاسان بۆ کۆنترۆلو دەورەدان،بە هۆی پەیوەندییە عەینیەکانییەوە بە واقیعو ناسەربەخۆییو گەرانەوەو پاشەکشەی بۆ جیهانێکی تری تیۆریی کە لەدەرەوەی سنوری پێداویستیە رۆژانەییەکان بوون،سەرەتا بۆ لەدایکبوونی باوەرهێنان بە فاشیزم، هێلەکانی خۆی بە هەبوونی بەندەیەکی وێرانو دوور لە کولتور ئاراستە کرد،بەتایبەتی لە ولاًتێکی وەکو ئەلمانیادا (کە بەرلین تا شەوی یەکەمی سالی ١٩٣٣ پایتەختی کولتوریی جیهان بوو )) [٥٥] سالانی زێرینی بیستەکان میکرۆبی فاشیزمی کۆکردەوە .. ئەگەرچی لەو سەردەمەدا فاشیزم میکرۆبێکی بچوك بوو بەلاًم لە سەرەوە کەس قسەی لە سەر نەکردو تیشکی نەخستە سەر،ئەستەمە





بەوردی بریارە بابەتییەکانی تاكو هۆشیاریی رەخنەیی بزانرێ،دەبێ گومانێکی دلنیایانەبێ نەك پێشبینییێکی گەشاوەی ئەگەرەکانی داهاتوو،لێرەداو لای بلۆخ بەتەنها قولایی ناوکی رەخنەییو رپیشەکەی لە فیکری هیگلیو مارکسیدا دەبینیەوە،کاتێ کە بەکارهێنانە میتۆدییو ئامرازە لێکدانەوەییەکانی خۆی چاکتر دەکات لەگەل مامەلەی بارودۆخی کۆمەلاًیەتی عەینیدا،ئەو شتەی کە ئاساییە،بە ئاسایی نامێنێتەوە بەلکو دەبێتە نیشانەو ئاماژەیەك بۆ حالەتێکی بالاًتر کە دەکرێ دروست بێت،بەلاًم ئاساییەکەی سیفەتێکی تاکلایەنەیە لەزنجیرەیەکی درێژی تاکلایەنییە کۆکراوە سەرتاسەرییەکانی وەبەرهێنانی ئاماژەیەکی گشتی دیاریکراودا،بۆیە فیکری رەخنەیی مافی بەردەوامێتی لێکدانەوەو رەخنەی ئەو شتانەی کە ئاساییوئاشکران هەیە بۆ ئەوەی لە دواییدا بگاتە ئەو شتە لێکدراوو بونیادە شاراوانەی پشت ئاساییبوونی شتە بەرچاوەکان،تاوەکو لە مەودای بینینو چاودێریکردندا کزدەبێت،لە ئاساییبوونی شتی ماددی ناوەرۆکیاندا فیکری رەخنەیی بلۆخ لەبواری واقیعی سیاسی کۆمەلاًیەتی ( سادە ) دا بەرەو بونیاتە زەینیوباوەرپێکراوە گەورەکەی وەك ئایین درێژە دەبێتەوە،لەمێژە ئێمە باوەر بەوە ناهێنینولەگەلٚ هیچ شتێکی ئاسایی پێکهاتوودا بین بە شێوەیەکی رۆژانە،لەمێژە راهاتووین لە سەر ئەوەی کە مەسیح وەکو مرۆڤێکی ئازا ببینینو لە رێگەی رەوشتی خۆیو ژیاننامەی تایبەتی خۆیەوە فێرمان بکات یەکترمان خۆش بوێت وەك چۆن ئەو ئێمەی خۆش ویستووە [٥٦] لەم پێکهاتە باوەرە جێگیرەدا لە زەین، وەك وێنەیەکی ئاشکرا،بلۆخ هەلدەستێت بە هەلوەشاندنەوەی فیکری ئاینیو ستراکتورە تیۆرییەکەی،پاشان گرێدانی پراکتیکیانەی لەگەل واقیعدا لای ئەو هەر وەك ئەوەبوو کە لای مارکس وابوو،بێئومێدی ئایینی گوزارشتێکی تەواوی بێئومێدی واقیعیو دژ بەواقیعی

دۆزینەوەی ئاسۆی رەخنەیی کە کتێبەکەی بلۆخ (بێ باوەڕی لە نێو مەسیحییەتدا)کردیەوە لەو شێوازە تەواوکاروبونیادییەو دیاریکراوەی مارکسیزمەوە وەرگیراوە لەبەرامبەر رەخنەگرتنی ئایینیدا،بۆیە بەرپەرچی ئۆپۆزیسیۆنی پێکهاتە زهنییەکەی ئایین‌و باوەڕە ،کە لە لای بلۆخ لە رەگ‌و ریشەوە دابڕاو نییە لەو بەرە فیکرییانەی کە مارکسیزم لە دژی بابەتەکەدا کردنیەوە،بەلاَم لە ئەسڵدا لە خودی فیکری رەخنەیی مارکسیزمەوە وەرگیراوە بەوەی کە دووبارە زیندووی بکاتەوەو لە کردنەوەی بەرەیەکی تایبەتدا کە ئایین وێران دەکات بەبێ ئەوەی شتێکی تر هەبێ شوێنی بگرێتەوە ،لێرەوە بلۆخ دەگاتە ئەم گوتەیەی خۆی کە دەڵێ" مەسیحی راستەقینە تەنها دەتوانێ بێ باوەڕێك بێ‌و بێ باوەڕی راستەقینەش بەتەنها دەتوانێ مەسیحییەکی باش بێت" ئەم قسەیەی بلۆخ لەدەرەوەی بابەتەکەدا بەم شێوەیەی لێدێ " باوەڕداری راستەقینە ئەو کەسەیە کە بەتەنها دەتوانێ بێ باوەڕ بێ‌و بێ باوەڕی راستەقینەش ئەو کەسەیە کە بەتەنها دەتوانێ باوەڕدارێکی چاك‌و راستەقینە بێت" دیارە کە کردەی پێچەوانە لێرە لە بونیادی ئایینیدا وەکو فیکرو مومارەسە تەرازووی هەماهەنگی نێوانیان هەڵدەوەشێنێتەوە ،ئەو بونیادە لە رووکەش گەڕاوەیەش بۆ پێچەوانەییبوونیەکەی سەر بە دووانەیی کەلێنەکانی پێکهاتوویی بونیادی ئایینی، دەبێتە شەپۆلێکی عەقلانی بونیادەکە ،کە لە رێگەی متمانەی رەهەندە مێژووییەکەیەوە وەك شتێکی جێگیر لەسەر هەمان بارودۆخی پێشووی خۆی مایەوە،لێرەدا بە ئەزموونی رەخنەیی پێکهاتە کۆنەکان بەرەو جەوهەرە نایەکانگیرەکانیانەوە هەلگەڕانەوە،هەروەها پێچەوانەو پێکهاتەکانی سیستمە باوەکانیش بەهۆی لێکدانەوەی رەخنەییەوە دەبن بە ئاراستەیەك کە دووبارە دەست دەکەن بە گێڕانەوەی توانا دینامیکییەکانی فیکرە گەورەکان ،پاش رەتکردنەوەی بوونە





میکانیکییەکەی لە رێگەی کەڵەکە بوونە جێگیرەکەی بەکارهێنانییەوە ،لەسەر دەستی بیرمەندە هیگلی‌و مارکسیەکانەوە. بلۆخ قوولاَییەکی رەخنەیی دا بۆ دوای بەکارهێنان لە تێگەیشتنی بونیادی ئایینی پێشکەوتووی زەمەنی ئێستاو هاوچەرخی خۆی،رەخنەیی مارکسیزمیش پێدراوو ئەنجامێکە بۆ توانا هیگلییەکەی وەك رەخنەیەك لە دوا دەسکەوتەکانی‌و دوا سەمت ،وەك دەسهاتێکی بەدەستهاتووی میتۆدە جەدەلییەکەی کە بەدووانەیی بەدوای یەکداهاتووی ناو واقیعیی پلورالیزمییەوە بونیادنراوە،لە لێکۆڵینەوەکەیدا کە لەسەردەمی ئاوارەییدا لە ولاَتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە نووسیبووی لە ژێر ناونیشانی " سۆبژێکت، ئۆبژێکت، روونکردنەوەیەك دەربارەی هیگڵ"دا ئەو رێگایانە بەدەردەخات کە فیکریی هیگل دەتوانێ لێیەوە فراوان‌وبلاَو بێتەوە ،وەك وەبەرهێنانێك لە دژی بە ئالیەت‌و سادەییبوون، هەروەها بەردەوامێتی هەمیشەیی نێوان ئایدیالیزمی بە غەریزەکراوی ئەبەدی ناو واقیع‌و ئەوەی لەناو مێژوودا رەگی داکوتاوە یاخود لەنێوان خودی(سۆبژێکت)و بابەتی(ئۆبژێکت)دا،ئەو تێگەیشتنەی کە بلۆخ بۆ هیگڵ دەیخولقێنێ هەر یەکە لە پێداویستی‌و ڕاڕایی هەر دوو جولێنەرە بنەڕەتییەکان بۆ مێژوو[٥٧] دەخولقێنێ پێداویستی‌و ڕاڕایی وەك دوو بابەتی دیاریکراو دەکەونە بواری هاوبەش‌و کۆمینیوکاسیۆنی نێوان تاك‌و کۆمەڵ، ئەوەی کە زێدەڕۆیی بەسەر کۆمەڵەکەدا دەکات هەژموون‌و بەهانەیە بۆ مەیل‌و ئاراستەکانی تەریبن لەگەڵ هێڵی گشتییدا کە لە قوڵترین خاڵدا تاکگەرانەیەو دەست بە (منی خودی) لەدایکبووەوە دەگرێ کە بۆ ئەوە لەدایك دەبێ تا لەکۆتاییدا لەجولاَنەوەی بەکۆمەڵدا بەشدار بێ،لێرەدا ئازادی(من) واتای ئازادی کۆمەڵ دەگەیەنێ کە لەخۆی دەگرێت، لەلێکۆڵینەوە گرنگەکەی (پرەنسیپی هیوا)دا دەبینین کە ئازادی(من)و بەدەستهێنانی

پرۆژەیەکە پێشتر لە لایەن خودی(من)دا بڕیاری لەسەر دراوە،بەلاَم ئەم (خود)ە لە واقیعە پرۆتێستۆکراوەکەی بەنامۆبوونی ناو سیستمی سەروودا خالَی نابێتەوە،ئەوەی کە کەوتۆتە نێو خاوەنداریێتیو دەستبەسەراگرتنی کالاَیی ،ئەم دەستبەسەراگرتنە لای بلۆخ بارودۆخێکی داخراو نییە، رەخنە توندوتیژەکانی ئەو بەگەشبینییەك بارگاویکراون کە لەناو هەمان واقیعیی خنکاودا دەرهاتوون، چونکە تۆوی هیوا کۆتایی نایەتو هەموو حالَەتێکیش لەبەر دژێکی رەها دروستبووە، داخستنی ئەم سیستمانە خۆی لەخۆیدا هەلگری نەفییەکە، لێرەدا بلۆخ بە رەخنە پڕ لە هیواکانییەوە هێرش دەکاتە سەر سەرجەم سیستمە فیکرییەکانو هەموو بیرۆکەیەکی سیستەمو دەرگایەکی گەشبینانە لەبەردەم مرۆڤوجیهاندا دەکاتەوە،هەمیشە بلۆخ لە واقیع وەکو خۆی ،دەست پێدەکات، راستەوخۆ بەرەو(من)ێتییەوە دێ، بە پرسیارکردنە فراوانەکانی دەربارەی گەورەترین سەروسیماکان ،دواتر بەرەو کەشو هەوایەکی زۆرتر بچوكو ئالۆز دەچێو راستەوخۆ پرسیار دەکاتو دەلَێ (ئێمە کێین؟ بۆ کوێ دەچین؟ چاوەڕێی چی دەکەین؟ چی چاوەڕێمان دەکات؟) (٥٨) ئەم پرسیارانە دەمانبەن بەرەو پشکنینی واقیعو بەدیکردنی ئەو رەنگو روانەی کە دەکرێ لێیەوە نموونەی مرۆڤێکی ئازاد بەدەست بێت،ئەمەش هۆشیارییەکی تایبەتی گیروگازی هەژموونو شەپۆلە دژەکانە بەنێو لێکۆلَینەوەی ئەنترۆپۆلۆژیایی پێداویستیو ئارەزووەکانو هێزە بابەتییەکان،کە دەکرێ لەسەرەتا دابنرێن بۆ ئەولەوییەتە کاریگەرییەکەی لە چوارچێوەی مێژوودا، پشتبەستن بە هەستی گەورەی مرۆیی کە هەموو واقیعو کولتورێکی رۆشنبیریی لە شێوەی ئاستێکی گەشاوەدا هەیەتی، ئەمەش ئەوەیە کە لەگەلَ پرۆژە گەورەکەی بلۆخ دایە، لەهەمانکاتدا شێوازێك لە یۆتۆپیای روونو ئاشکرا وەك هاوکێشەیەکی خۆلَەمێشی جیهان ،دەخولَقێنێ





کە لە رەهەندێکی فیکرییو مرۆییەوە سەرچاوەیان گرتووەو جیهانیان لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژووەکەیدا جیا کردۆتەوە،بۆیە بوونی چیرۆکەکانی منالَو بەرائەتەکەیو سەرهەلَدانیان لە بارودۆخێکی شارستانی دۆگمادا هاکەزاییەك نییە یاخود دیاردەیەکی رۆشنبیریی نییەکە خاوەن هێزی بەرەو پێشچوونی خۆی بێ لە داهاتوودا بگرە لە کاتی ئێستاشدا، کەشوهەوای سیحریی کە مۆسیقاژەنێكو داهێنانە ئالۆزو لەپەلوپۆ خراوەکەی دەیخولَقێنێ،جیهانی ئالتەرناتیف کە بۆی دەکرێ لە رێگەی گۆڕینەوەی زەمەنیدا ئەگەر کاتیش بێ، هەموو ئەو توانایەی لە پەلو پۆ خستنی (من)ی پاك لەلایەن مرۆڤەوە رەتبکرێتەوەبە هەژموونێکی نموونەی ژیانی گەمارۆدراوی شوێنی، لە بارودۆخێکی تایبەتی داخراودا، لەوێش ئاماژە بە سووربوونی بواری مومکین دەکات ئەو بوارەی کە سەرهەلَدەدات وەك ئەوەی کە لەنێو نامومکیندا بەرەو ئامانجی پێکان ئاراستە دەکرێت، وێڕای سەر هەلَنەدانی هیچ کاریگەرییەکی گەشبینانە لە داهاتوودا ،هەموو ئەو سووربوونانەی بلۆخ وەك گەشبینییەك دەمێننەوە، لەدۆزینەوەی هیوا یان لانی کەم شوێنگەیەك بۆ هیوا،کە تا ئەو کاتەش لەناو ئەو کەشەی کە رابردوو زەقی دەکاتەوە یان ئەوەی کە دەکرێ ئێستای توانادار لەنێو سیستەمدا بیبەخشێ، شاردراوە نییە، پێویستە بە رەگو ریشەکردنی بەردەوامییە بۆرژوازییە سنووردارەکەیوبەردەوامیی بەرژەوەندییەکانی لەنێو نموونەی ئێستای دا وەك گرەنتییەکی دلَنیاکەرەوە بێت، دەبێ بەبەردەوامی لەگەلَ پێداویستییەکانو گرەنتی کۆنترۆلی رۆشنبیرییو کالاَییەکانیدا نوێبکرێتەوەو بگونجێنرێ .

بەگشتی فیکری بۆرژوازیی لەو بابەتەی کە مامەلَەی لەگەلَدا دەکات دوور دەکەوێتەوە، شتومەك لای ئەو وەك جەوهەرە مادییەکەی گرنگ نییە

بەقەد ئەوەی کە نرخەکەی گرنگە،ڕێك وەك ئەو گوتەیەی بێرتۆلت برێخت وایە وەختێ دەڵێ "قەت بایەخ بە برنج نادات بەڵکو بایەخ بە نرخەکەی دەدات"[٥٩] .

واقیع لای بلۆخ چرکەیەکی فریاگوزارە،لەنێو زەمەنی هەریەکە لە رابردوو بە کولتوورە ڕۆشنبیرییەکەیەوەو داهاتووش بە تواناو دەرگاکانییەوە،سنور بۆ جولانەوەکەی دادەنێ، لەبەر ئەم هۆیە سەرەکیيانەیە کە مۆتیفەکانی گەڕانەوەی ڕۆشنبیرییەکی بەهێز ڕووندەبێتەوە، ئەوەی کە بلۆخ بۆ کولتوریی‌ڕۆشنبیریی ئەوروپی لە رابردوودا پێی هەڵدەستێ،لە پێناو دەرکەوتنی بەردەوامییانەی ئێستاو دانەوەی تواناکانییەوەیە،بەشی زۆری ئاراستە پێچەوانەکانی بلۆخ بۆ دەستبەسەراگرتنی ئەنجامی ئەم هۆشیارییە مێژووییە بە هێزە پێکدێت، کە فیکر پەنا وەبەر ئینسانیبوونەکەی‌و ململانێی سنورداری ئێستاو لاوازییەکەیەوە دەبات، ئەو تێگەیشتنی خۆی بۆ ڕێنیسانسی ئەوروپی دەربڕی،وەك ئەوەی کە لە نێو گەشەی چەندایەتی‌و جۆریی کولتوری ڕۆشنبیرییدا کۆناکرێتەوە، هەروەها ڕەنگدانەوەکانی بەسەر دامەزراوە لە ئاراکان‌و یەکەو پەیوەندییەکانی لەگەڵ یەکتردا، بەڵکو لە ناو مرۆڤدا لەگەڵ (خود)ی پێکهاتووو چالاکی ئەو ڕێنینساسەدا تێکەڵ دەبێ..کە مرۆڤ خۆی بەردەوام پێگەی ئاراستەکانی بلۆخ بووە، ئەو لە پێناو ئایدیۆلۆژیایەك یاخود هەر فیکرێکدا مرۆڤ ناکاتە قوربانی،چونکە مرۆڤ ئامانجی هەموو فیکرەکانە،ڕێنینسانسیش لەدایکبووێکی نوێ نییە کە پێشتر کۆن بوو بێ،بەڵکو لەدایکبووێکە بۆ مرۆڤی نوێ‌و کۆمەڵێك ،کە هەڵگری بەهایەکی تر بێت. لە لێکۆڵینەوەکەیدا بۆ ڕێنینسانسی ئەوروپی بلۆخ وای دەبینێ کە ئەو کۆمەڵگایەی لێیەوە هاتووە بەبەراورد لەگەڵ رابردووەکەی کۆمەڵگای بۆرژوازییدا نوێ بووە،کە لەگەڵ خۆیدا بەهای نوێی پێبوو دژ بە





شێوازی فیودالی ،مرۆڤی تاك‌و داهێنانە ئەفرێنەرەکەی بناغەی سەرهەڵدانی ڕێنینسانس لە بوارە جیاجیاکانی سەرجەم بەشە شارستانییەکانیدا، لە ڕێگەی فەلسەفەوە ژیراردۆ برۆنۆBrunoو کامپانیلا Campanella وبۆهیمیە Boehmeوبیکۆن Baconبوون،لە زانستەکان‌و مەعریفەی زانستەکاندا گالیلۆو کیبلەرو نیوتن بوون، لە بواری فەلسەفەی مێژووو دەوڵەت‌و یاسا دا بۆدانBodinوکرۆتیۆس Crotiusو هۆبز Hobbes وفیگۆ Vico[٦٠] بوون،سەلمێندرا کە جگە لە مرۆڤ کەسی تر شارستانییەت‌و ڕێنینسانسی لە پێناو مرۆڤی ئاراستەکراودا ناخوڵقێنێ. تیۆری رەخنەیی قوتابخانەی فرانکفۆرت لە هیواو گەشبینییەکانی ئارنست بلۆخەوە دەست پێناکات، هەموو ئەو رەشبینییانە بۆ داخستنی واقیعی سیاسی-کۆمەڵایەتی‌و روخانییەوە کە لە لایەن یۆرگن هابرماسەوە داڕێژرابوون بۆ بونیادی کۆمەڵایەتی بوو،دواتریش هەوڵەکانی لە پێناو بونیادێکی مۆرالی نوێ بوو، دەرچون لە گێرو گازی ئەو پاشماوەیەی کە رەخنە لە دوای خۆیدا بەجێیهێشتووە لەگەڵ پەیوەستبوون بە هیوا لای بلۆخ یەکناگرێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو بۆ بونیادنانی هیوایەکی نوێ‌و دەربازبوون لە قوڵاییەکانی نائومێدی سەراپاگیردا رەخنە دەگرێ،ئەو کاریگەرییەی بلۆخ کە دواتر بوو بە هۆی دەوڵەمەندکردنی فیکری قوتابخانەی فرانکفۆرت،مکوڕی هۆشیاریی‌و کاریگەرییەکەی بووە لە هەڵوەشاندنەوەی بونیادی لە ئارای واقیعدا،هەروەها بەکارهێنانی فیکری مارکسیزم‌و هیگلیزمیش لە لێکدانەوەی رەخنەیی بۆ دەوڵەت‌و هۆشیاریی کۆمەڵایەتی‌و کاروانە زەمەنییەکەی‌و تێکڕای بەرزی‌و نزمی‌و پەیوەستبوونی بە کاروانی دامەزراوەکان‌و گەشەو بونیادە ڕێکخراوەیی‌و بیرۆکراتییەکەی،دواتر قەبارەی فراوانی لە مامەڵەکردن لەگەڵ کولتوریی رەخنەیی مارکسیزم لای بلۆخ وەك پێشەکییەکی مامەڵەکردنی

فراوانترە لای بیرمەندانی قوتابخانەی فرانکفۆرت بەرەو پێکهاتەیەکی ماتەریالییانە بۆ مارکسیزمی رەخنەیی، لە کاتێکدا بلۆخ هەڵسا بە بەهێزکردنی مارکسیزم لە رێگەی شێوەیەك لە تیۆلۆژیای ترانسێندێنتاڵییەوە، کە لەوێدا ئەو هیوایە بەسەر سەرجەم شتەکاندا زاڵە دەبێتە وجودی،یان وجودێکی نەمر نەك مێژوویی ،پاشان وجود لە نێو هیوادا پێگەی خۆی داگیر دەکات،وەك تیۆرێك بۆ سەرجەم بابەتی مرۆیی کۆتایی هاتوو، لەوێشەوە باڵە مارکسیستە زۆرتر دۆگماکان هەڵدەستن بە هەڵوەشاندنەوەی خودی خۆیان لەبەرامبەر واقیعییەتی مێژوویی پێچەوانە لەگەڵ تیۆرەکەیدا ،بلۆخ لە کۆتاییداو بە هۆی رەخنەوە ،مەبەستی چەسپاندنی شێوازێکە لە یۆتۆپیای خاوەن رەسەنایەتییەکی ماتەریالی،ئەو لە بونیادە فەلسەفییەکەیدا هەر لە سەرەتاوە یاساڕێژییەکی یۆتۆپی خەوناوی‌و یاخی‌و بەرفراوانی بۆ دەکات،بەمەرجێك لە سنورە مرۆڤایەتییەکەیەوە دەرنەچێت،ئەمەش بە روونی لەکتێبە بە نرخەکەیدا"رۆحی یۆتۆپیا" بەدەردەکەوێت،کە لەماوەی شەڕی یەکەمی جیهانیدا لە ساڵانی(١٩١٥-١٩١٧)دا نوسیویەتی، ئەم کتێبە بە گیانێکی پڕ لە هیوای بەرهەمی زەمەنە کلاسیکییەکانەوە بارگاوی کراوە،ئەو کاتە بوو کە مۆسیقای کلاسیکی‌و ئەدەب هیوایەکی بێکۆتایی بوو،بەو ئامرازە لە ئارایانەی دۆگماتیزم،ئەمە لە دژی دۆگماتیزمدا گیانێکی نوێی هەڵگەڕانەوە بوو،دژی نا ئومێدی لە ناو واقیعێکی داخراودا،بلۆخ ئاراستەی رووەو خەون دەخولقێنێ، مۆسیقاش بەو تەمومژاوییەی کە تیایدایە ،بە تایبەت، لە هونەرەکانی تر تۆباوییترە،چونکە لە کاتی خولقانی جیهانە یاخییەکەی خۆی لەواقیعی گەمارۆدراو بەهەموو ئامرازەکانی سەرکوتکەری مرۆیی‌و نامرۆییەوە هاوکێشەیەك دێنێتە ئاراوە شوناسێك دەداتە مرۆڤ لە بەرامبەر خۆیداو وێنە هاوسەنگەکەی خۆی





دووبارە دەگەڕێنێتەوە بۆ هەڵقولانەوەی لە ناو جیهانی دۆگمایی‌و داخراوو فرەییە جیاوازەکاندا،کتێبەکە دەنگێکی ئازادیخوازانەیەو پشتئەستورە بە فیکری کارل مارکس.[٦١]

ئەم رۆحە یۆتۆپیایەش لە ساڵانی دواییدا لکا بە فیکری بلۆخ‌و بەشدار بوو لە بونیادنانی ماتەریالییە ئایدیالییەکەی،بەمەبەستی بەدەستهێنانی لێدانێك لە یۆتۆپیای ماتەرییالیی نزیکی پەیوەندییەکانی پاڵپشتە واقیعییەکان، ئەمەش سەرەتا لە رێگەی رەخنەگرتن لە واقیع‌و پەرش‌و بڵاوییەکەی‌و تێكوپێك شکاندنی تیۆرییانەی ئامرازەکانی کۆنترۆڵ خۆیەوە دەبێت،ئەم بۆن‌و بەرامە رەخنەییە بەهێزە بە شێوەیەکی سەرەتایی خۆراك بوو بۆ قوتابخانەی فرانکفۆرت‌وئاراستە توندە رەخنەییەکەی،کە خاوەن گەشەیەکی میتۆدییانەی کەڵەکە بووی زەمەنییە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بۆ ئەوە نەبوون تا هەماهەنگ بێ لە نیوان هیواو گەشبینییەکانیدا، جگە لە نوسینەکانی مارکیۆزەو ئادۆرنۆ، بەڵکو لە روخانی واقیعدا بە پێی رەشبینییەك‌و رووانینێکی تاریکانە بەردەوام بوو،بە هۆی ئەو رووانینە تاریکەوە بیرمەندەکانی فرانکفۆرت بە وەڵامی زانستی‌و ماتەریالی وردبینانە گەیشتن، ئەو وەڵامانەی کە دواتر بلۆخ پێیان گەیشت، رەشبینی زیاتر بابەتییانە ،بە زەرووڕەت، لە گەشبینی بە ئاراستەی واقیعی هەمووەکی داخراندا، کەمایەتی زاڵ‌و خاوەن ئاراستەی بنەڕەتی جوڵانەوەی کۆمەڵ‌و هێزی رادیکالیی نوێنەرایەتی هێزی نائومێدی دەکەن، کە ئاڵوگۆڕی نەشوەی خەون بەبەرەنگاربوونەوەیەکی توند دەبێتە شتێکی حەتمییانە.

هەر لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە شەپۆلی رادیکالیی لە رووی تیۆرییەوە پێشکەوتوو بو، پاڵنەرێك بوو بۆ هاتنە ئارای سەرەتاکانی ئاراستەی رەخنەیی پەیوەست بە فیکری مارکسی، ئەو کاتە فیکرو بۆچونەکانی لۆکاش‌و کۆرش‌و

بلۆخ وەك پێشەکییەکی جیاجیا بوون بۆ ئەوەی باڵێکی رەخنەیی رێکخراو بەدەرکەوێ،هەندێ لە بیرمەندە لاوەکان ئەوانەی کە لەگەڵ سەرکەوتنی چەپی رادیکالییو پێشکەوتنی چالاکییە سیاسییەکانیدا ژیا بوون، هەڵسان بە پێکهێنانی ئەم باڵە، ئەو لاوانە بە حوکمی ئەو خەونو ئەرکە فیکرییە هاوبەشەیان لە پەیوەندییەکی توندوتۆڵدا بوون لەگەڵ یەکتردا سەبارەت بە گۆڕەپانی فەلسەفی ئەڵمانیو دووبارە گەڕانەوەی لێکۆڵینەوەی فەلسەفی میتۆدیو زیندوکردنەوەی وزەی مارکسیزم بەو پێیەی کە تێگەیشتنێکی رەخنەیی شیکارییە بۆ پاشەکشەکردنو شکستهێنانی باڵە رادیکالییەکان بە ئاراستەی هێزە تەقلیدییە بۆرژوازییەکانی کە سەرەڕای هەڵگیرسانی شەڕی یەکەمی جیهانی هەر بە یەکگرتوویی مابوونەوە، لەناو دەسەڵاتە خاوەن دامەزراوەی پێشکەوتووی سەرکوتکەردا بوونیان هەبوو، هەروەك کە بەشدار بوون لە بادانەوە چاوەڕواننەکراوەکانی شۆڕشی بەلشەفیی لە یەکێتی سۆڤییەتدا،بە هاندانی بیرمەندە مارکسییەکانی ئەڵمانیا بیریان لە گەڕان بە دوای نموونەیەکی تری هاتنە ئارای شۆڕشێکی سۆسیالیستی پراکتیکییانەی رووتی بیرۆکراتیانە کردەوە،کە دەستی بەردەوامییەکەی شۆڕشو گەشەی هێزە رادیکالییەکان دەبەستێ، لە دۆزینەوەی دژایەتیو خاڵە ناکۆکەکانیداو بەشێوەی رێککەوتن جەوهەرە رەسەنەکەی بەدەست بێنێت، هەروەها دۆزینەوەی بۆچونە پێشینەییەکانیش،وەك دەسهاتێکی تەریب بە دەستێوەردانی رووداوی سیاسیوهەوڵە تیۆرییە تەقلیدییەکان، لێرەوە باڵی بیرمەندە لاوە رەخنەییەکان دامەزرا ئەوانەی کە کۆششە تیۆرییەکانی ئەمجارەیان بۆ تەرخانکردنی لێکۆڵینەوەو گەڕان بوو بەدوای شێوازێکی دامەزراوەیی لە نێو دەزگای ئەکادیمیی زانکۆییدا لە ئەڵمانیا،بۆ ئەوەی لێکۆلینەوەی رەخنەیی بەدەرکەوێت بەو پێیەی کە کۆششێکی تیۆرییو





تاکگەرانەو جیاوازە،کە لەو کاتەدا لە بارودۆخی ئەوسای دەوڵەتی بۆرژوازییدا پێنەدەچوو رووبەڕووی دەزگاکانی کۆنترۆڵوتوانا رێکخراوەکانی دەوڵەت ببێتەوە،چونکە دەولەت بە هەموو توانا تەکنیکیو پێشکەوتووەکانییەوە لە پێناو پاراستنی دەسەڵاتی خۆیدا بەکاری دەهێنا،بەم شێوەیە لەم باڵە نوێیەی بیرمەندان‌دا پەیمانگایەك بۆ لێکۆڵینەوەکان لە ژێر کاریگەریی باڵی قوتابخانەی فرانکفۆرت لەدایکبوو، ئەم پەیمانگایە لە سەرەتای دامەزراندنیەوە ناونرا "پەیمانگای لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکان" Institus Fur Sozial Forschung، لەکاتی دروستبوونیەوە واتە لە ساڵی ١٩٢٣ وە تاکو ساڵانی دوای شەڕی دووەمی جیهانیدا هەر بەم ناوە ناسرابوو، لە پاش گەڕانەوەی بیرمەندەکانی لە هەندەران"ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا" کە لەگەڵ دەسەڵات گرتنە دەستی نازییەکاندا بەرەو ئەمەریکا رایانکردبوو، پەیمانگا لەکاتی خۆیدا لە فرانکفۆرت چالاکییو لێکۆڵینەوەی خۆی ئەنجام دابوو، بەهەمان شێوە لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاشدا چالاکییە زانستییەکانی خۆی ئەنجام دەدا،چەندین لێکۆڵینەوەی پڕ بایەخیان دەربارەی دیارکردنی هێڵی فەلسەفیو سۆسیۆلۆژیی پێشکەشکرد، هەر لەگەڵ گەڕانەوەیاندا بۆ فرانکفۆرت لە دوای شەڕدا بۆ یەکەمجار لە لێکۆڵینەوە فەلسەفیوکۆمەلایەتییەکانییاندا ئەوانەی کە بە ئاراستەی بونیادی تیۆریی رەخنەیی سەراپاگیرو میتۆدییانە بوو[٦٣] بە قوتابخانەی فرانکفۆرت ناسرا،

# بە شی چوارەم

# تیۆری رەخنەیی قوتابخانەی فرانکفۆرت

## دامەزران و گەشەسەندنی

فیلیکس ڤایل (Felixweil)یەکەم کەس بوو بیری لەدروستکردنی کادری ئەکادیمی کردەوە بۆ چاودێریی لێکۆڵینەوە مارکسیەکانو تیۆری رەخنەیی بە مەبەستی نوێکردنەوەی وزە رادیکالەکەی.

فیلیکس کوری بازرگانێکی ئەلمانی بوو خاوەن سەرمایەکی گەورەبوو .. لە ئەرجەنتینو هەڵسا بەدامەزراندنی پرۆژەی بازرگانی جۆراوجۆرولەو بوارەدا شارەزایی تەواوی پەیداکرد لە ئەوروپا،

لەبەر زەرورەتی کارەکە باوکی ناچاربوو لە ئەرجەنتین بمێنێتەوەو جارجارەش بێتەوە ئەلمانیا. هەر لەئەرجنتین لە سالی ١٨٩٨ لە بۆینس ئایرس لەدایك بووە، ماوەی مندالی خۆی لەبەرازیل بردۆتە سەر. کاتێ تەمەنی گەشتە نۆ ساڵان خێزانەکەی ناردیانە شاری فرانکفۆرت لەوێ خوێندنی دواناوەندی لە ئامادەیی گۆتە (Goethe) تەواوکرد، پاشان خوێندنی بالای لە زانکۆ تازە دامەزراوەکەی فرانکفۆرت تەواو کرد، بەبێ دابڕان لەم زانکۆیەدا مایەوە جگە لە سالی ١٩١٨/١٩١٩ لە زانکۆی (تۆبینگ) (tubingen).

لەوێدا پەیوەندی کرد بەکۆمەڵێك چالاکی سیاسی چەپڕەوانەی ئەو سەردەم لە نێوەندی زانکۆیی ئەم شارەدا باوبوو. دوای ئەوە ڤیلیکس ڤایل لەفرانکفۆرت درێژەی بەخوێندنەکەی دا تا توانی پلەی دکتورای زانستە سیاسیەکانی لەزانکۆی ناوبراودا بەدەستبهێنێ . لە دواییدا هەڵسا بەنوسینی





کۆمەڵێك لێکۆڵینەوەی لەسەر گرفتە پراکتیکیەکانی ئابووری لە پیادەکردنی سۆسیالدا کە لە شێوەی زنجیرە لیکۆلینەوەیەك بەسەرپەرشتی کارل کرۆش چاپکران لێرەوە ئاراستە سەرەتاییەکانی ئەو لەسەر مارکسیزمی زانستی بەدەرکەوت. هەرلەو ماوەیەدا سەرمایەیەکی زۆری کە لەلایەن دایك و باوکیەوە بۆی مابووەوە بۆ هاوکاری کۆمەڵێك بزاوتی شۆرشگێری لە ئەلمانیا ، هەروەها بۆ کۆمەڵێك پرۆژەی فەرهەنگی رادیکالی کە هەلگری ئالاو ئاراستەی مارکسی ((راستەقینە ))و ((بیگەرد )) بوون، بەبێ بەرامبەر تەرخانکرد. دوای هەرەسهێنانی شۆرشیئەلمانیا،تەیارە فەرهەنگییەمارکسی ورادیکالییەکان چالاکانەتر هاتنە مەیدانو گەشەیەکی بەرچاویان بەخۆوەبینی لەنێو ئەم زنجیرە فەرهەنگییورۆشنبیریەدا، (( هەفتەی یەکەمی کاری مارکس )) گرفتی بوو لەو لایەنە فەرهەنگیانەی( لەلایەن ئەم فیکرمەندانەوە هاوکاریی دەکران)، فیلیکس ڤایل ،جۆرج لۆکاشوسۆرج (Sorge) Richard و فریدریك پۆلۆك (Fipollock)کەدواتر رۆڵی سەرەکیان بینی لەدامەزراندنی قوتابخانەی فرانکفۆرت هەروەها کارل کرۆشوبێلد فۆکارازی ( Beld Fogarasi ) قوستەنتین زیتکن (K-Zetkin )،وڤیتفۆجێل ( Karl August wittfogel)،وشیمۆکلە (Karl Schniuckle)وکۆمەڵێك فیکرمەندیتر .

ئینجا کارەکانی ئەم بازنەیە بەرەو پێشچوو تاوای لێهات بازنەیەکی تر دروست بکرێت بەناوی (هەفتەی دووەمی کارەکانی مارکس ) بەلام ئەم پرۆژەیە لەسەر دەستی هاورێیانی ڤایل ئەوانەی هەلگری هەمان فیکری مارکسیورادیکالی بوونو کۆمەڵێك مامۆستای زانکۆ . گەشەی پێدرا تاکو ببێتە پەیمانگایەکی بەردەوام بۆ لێکۆڵینەوەی مارکسیوسیاسیوسۆسێۆلۆژی لە هەموو ئەم بیرمەندانە بەگەرمو گوڕتر بۆئەم پەیمانگەیە فریدریك

پۆلوکی هاوڕێی خۆشەویستی ڤایل بوو، فریدریك پۆلۆك لەسالی ١٨٩٤ لەشاری فریبۆرگی ئەلمانیا لە دایکبووە کوری بزنسمانێکی ناسراو بوو باوکی حەزی دەکرد کورەکەی لە بواری بازرگانی کاروباری دارایی کاربکات هەر لەبەر ئەمەش بوو پۆلۆك لەخوێندندا خووی دایە زانستی ئابووری بەلاّم لەگەلّ ئەمەشدا پەلی هاویشت بۆ بوارەکانی تری فیکر و سیاسەت لەگەل ئابووریدا لە زانکۆکانی میونخ‌و فرایبۆرگ‌و فرانکفۆرت ،هاوکات زانستە سیاسیەکانیشی خوێند، کە دواترپلەی دکتورای لە ئابووری بەدەست هێنا لە سالی ١٩٢٣ دەربارەی بابەتی( تیۆری دراو لای مارکس )[٦٤]شایەنی باسە بەر لە شەڕو لەسالی ١٩١١ پۆلۆك کەسێکی گرنگ و شارەزای سەردەمی خۆی ناسی ئەویش ماکس هۆرکهایمەر بوو کە دواتر بوو بە یەکێ لەو کەسانەی زۆر بەتاسەوە جەختی دەکردەوە لەسەر هێنانە ئارای بیرۆکەی دامەزراندنی پەیمانگایەکی لەم جۆرەدا چووە پالّ پۆلۆك بۆ هاوکاری کردنی ڤایل تا دامەزراوێکی ئەکادیمی بۆ لێکۆلینەوە کۆمەلاّیەتییەکان دابمەزرێنێ . هۆرکهایمەر لە پۆلۆك بە سالێك بچوکتربوو ئەو لەشاری شتوتگارت لەسالی ١٨٩٥ لەدایك بوو،باوکی کەسێکی پیشەساز بوو هەروەها لەنێوەندە کۆمەلاّیەتی‌و داراییەکانی ئەلمانیادا ناسراوبوو .

باوکی ئەویش حەزی دەکرد کورەکەی خۆی بەرەو بایەخ و گرینگیدان بە پرۆژە بازرگانی و داراییەکان ئاراستە بکات هۆرکهایمەریش بۆ ماوەیەکی درێژ لە گوێی باوکی دابوو ئەویش ناردیە بروکسل و لەندەن تاکو هەردوو زمانی فەرنسی و ئینگلیزی بەچاکی فێر بێت ،بەلاّم ئەو لەم ماوەیەدا بریارێکی یەکلاکەرەوەی داونەچووە ژێر باری خواست‌وویستەکانی باوکی‌ورەتکردنەوەی بزنسمانییەت‌و خووە رۆشنبیریی‌و فەرهەنگیەکەی بەرە بەرە فراوانتردەبوو لە خوێندنەوەی کتێب و بلاوکراوە. فەلسەفی‌وئەدەبیەکان نزیکتربوونەوە





هەر لەو سەردەمەدا کۆمەلێك رۆمانی نوسی کە هیچ کامیان چاپ نەکران‌و بلاو نەکرانەوە،لەسالی ١٩١٨ هۆرکهایمەر بیری لەدۆزینەوەی وەسیلەیەك کردەوە کە بتواتێ پێیەوە لەرووی فیکری و رۆشنبیرییەوە خۆی پێبگەینێ لەرێگەی خوێندنی زانکۆ بەشێوەیەکی رێك‌وپێك لەهەمان ئەو زانکۆیانەی کە پۆلۆکی تیا پەروەردە ببوو، میونیخ‌وفیربۆرگ‌وپاشای فرانکفۆرت. لەسەرەتادا لە سایکۆلۆژیاوە دەستی پێکرد لەژێر سەرپەرشتی زانای سایکۆلۆژی گشتالی ( گیلب)( Adhe Gelb )لەدواییدا پسپۆریەکەی خۆی گۆری‌و بەرەو خوێندنی فەلسەفە هەنگاوی نا، لەژێر سەر پەرشتی "هانز کۆرنیلیۆس" کەلەسەر دەستی ئەم فەیلەسوفە دکتۆراکەی لەسەر فەلسەفەی ئەمانوئیل کانت بەدەستهێنا،دواتر هۆرکهایمەر دەستی کرد بە وتنەوەی وانەی فەلسەفی وەك پسپۆرێك‌و شارەزایەك ،هەرچەندە هۆرکمایمەر لەژێر کاریگەری مامۆستاکەی کورنیلیۆس دابوو بەلام لەگەل ئەمەشدا کۆرنیلیۆس نەبوو بەکەسێکی پالّپشت بۆ دامەزراندنی پەیمانگاکە،بۆ زانین ئەو پەیوەندیە هاوڕێیانە نێوان هۆرکهایمەرو پۆلۆك بوو بەفاکتەرێکی گرنگی دامەزراندنی ئەم پەیمانگەیە،وێرای هەبوونی جیاوازیەکی روون لەنێوان میزاج و کەسایەتی هەردوو فەیلەسوف هەر بەردەوام لەکارکردن بەیەك ئاراستەیی بۆ مەبەستە مێژووییەکەیان بەبێ روودانی هیچ گرفتێکی تایبەت بەدرێژایی ماوەی هاورێیەتیان کە ماوەی شەست سالی خایەندوبەردەوام بوو سروشت‌وخووی پۆلۆك کەسایەتیەکی پراکتیکی بوو،خاوەن هەستێکی واقیعانە بوو،لەتوانای دابوو زۆر سەرکەوتوانە هەموو پرۆژە کردارەکیەکانی جێ بەجێ بکات بەلاّم هۆرکهایمەر زیاتر کەسێکی تیۆری بوو لە ئەتمۆسفیرێکی تایبەتی خۆیدا دەژیا، لیکۆلەرەوان دەلێن هەبوونی ئەم جیاوازییە گەورەیە لەدوایدا بوو بەفاکتەرێکی سەرەکی سەرکەوتنی

پەیمانگاکە. هەرای یەکەم بیرۆکەی دامەزراندنی پەیمانگا لەگەڵ خۆیدا کۆسپی گەورەی هاتەسەرڕێ سەبارەت بە لێکۆلینەوە شۆرشگێریی‌ورادیکالییەکانی کاریگەربە فیکری مارکسیزم،لەنێو دامەزراوە ئەکادییمیە ئەلمانیەکان شێوەیەك لەهەستیاری نەبوو وەك ئەوەی کەچاودێریی بخەنەسەر تاقە کەسێك،ئاخۆ چ شێوە شۆرشگێڕێك‌و مارکسیستێکە،بۆ نمونە کۆرنیلۆس کەسێکی مارکسی نەبوو بەمانا سیاسیەکەی بەلام لەگەل ئەمەشدا کەسێکی بایەخپێدەر بوو بەو دەسکەوتە تیۆرییانەی فیکری مارکس لە سۆسیۆلۆژیادا بەدەستی هێنابوو لە ئەنجامی ئەم گرنگی پێدانە تیۆریە بە مارکسیزم ئەو لەبەرامبەر مامۆستاکانی تری زانکۆی فرانکفۆرتدا خۆی وەك ڤێزەوەنێك دەبینیەوە لەبەر ئەمە لەسەر ڤیلیکس ڤایل پێویست بوو لەرێگای دامەزراندنی پەیمانگاکەو پێکهێنانی ستافی کارگێریدا دوور بکەوێتەوە لەهەبوونی مۆرکێکی سیاسی، هەر ئەمەش بوو وای لێکرد داواکەی بۆ ئەم مەبەستە پێشکەش بکات کە پەیمانگاکە شێوەو شکلێکی بێ لایەنەنانە لەخۆوە بگرێت لە لێکۆلینەوە کۆمەلایەتییەکاندا لەپێناو قولکردنی هەندێ بابەت کەپێشتر لە خودی زانکۆی فرانکفۆرت دەخوێندرا . لەوکاتەی ڤایل کە رەزامەندی پێکهێنانی بیرۆکەکەی بەدەسهێنا،مەسەلەی دارایی کۆتایی پێهێنرابوو ئەویش بەهۆی ئەو هاوکارییە مادییە گەورەیەی هێرمان ڤایلی باوکی ڤیلیکس ڤایل بۆ پەیمانگە کە ،هاوکارییەکەش بە( سی هەزار) دۆلار مەزەندە دەکرا[٦٥]لەم کاتەشدا واتە لەبیستەکانی سەدەی ڕابردوو ئەم مەبلەغە بەشێکی زۆر بوو، هەر ئەم بودجە گەورەوزەبەلاحەبوو وای کرد ئەم بیرۆکەیە سەر بکەوێ‌و مانگانەی تایبەتی لێکۆلەرەوان مسۆگەربکرێ هەروەها بودجەکە ریخۆشکەربوو بۆ سەربەخۆ بوونی دارایی پەیمانگە لە زانکۆی فرانکفۆرت‌و سەربەخۆیی فیکری





سەبارەت بە سروشتی هەندێ لەبابەتەکان کەلێکۆلەرەواکانیان خەریکی چارەسەرکردنی‌بوون هەروەها بۆ هەڵبژاردنی ناوەکەی بریاربوو ناوبنرێت (( پەیمانگای لێکۆلینەوە مارکسیەکان )) بەلاّم ڤایل لەبەر زۆر مەسەلەی سیاسی و ئایدۆلۆژیا ڤایل نەبوو بەم ناونیشانە،لەلایەکی تریش پێشنیارەکەی وەزیری فەرهەنگی نەتەوەی ئەلمانیای رەتکردەوە کە گوتبووی با ناو بنرێت (( پەیمانگای ڤیلیکس ڤایل بۆ لێکۆلینەوەی کۆمەلایەتی )) چونکە ئامانجی ڤایل لەکردنەوەی ئەم پەیمانگایە بەیەکەوە بەستنەوەی ئەو لێکۆلەرەوانەبوو کە لەبواری کۆمەلاّیەتی‌وسیاسی لە نێو پەیمانگادا کاریان دەکرد زیاتر لەوەی وەك دامەزراوێکی کەسی بناسرێ و هەلگری ناوی کەسی بێت کە هاوکاری ماددی پەیمانگای کردووە، سەر ئەنجام رێککەوتن لەسەر ئەوەی ناو بنرێت پەیمانگای لێکۆلّینەوە کۆمەلاّیەتییەکان ((Insititus Fur sozialforsc)) ،هەرلەدوای کۆتایی‌هاتنی گرفتی ناونان،گرفتێکی‌تر سەری‌هەلّدا ئەویشیان گرفتی سەرۆکایەتی کردنی پەیمانگا بوو،دیسانەوە ڤایل پێشنیاری هاورێکانی رەتکردەوە کە دەیانوت دەبێ خۆی ببێ بەسەرۆکی پەیمانگا ئەمەش لەبەر ئەمەبوو کە خۆی لەپارەدارکردنی پەیمانگاکە بەشداریەکی بەرچاوی هەبوو ئەو بەهەمموو شێوەیەك رەتیکردەوە [٦٦] ،بۆ ئەم مەبەستەش واتە سەرۆکایەتی کردنی پەیمانگا، ئوستادی بەناوبانگی ئەکادیمی (( Kurt Albert Gerlach )) هەلبژێردراووەزیری فەرهەنگ‌و رۆشنبیریی ڤایل بوو بەدانانی کیرلاخ وەك سەرۆکی پەیمانگا و ئوستادی ئابووری و زانستە کۆمەلایەتییەکان [٦٧]، ئەوکاتە بریاربوو کیرلاخ زنجیرە موحازەرەیەك لەسەر فەوزەوییەت‌وسۆسیالیزم‌وکۆمۆنیزم پێشکەش بکات بەلاّم مەرگی ئەم پیاوە لە ئۆکتۆبەری سالی ١٩٢٢ لە دەورو بەری سی و شەش سالاندا رێگەی نەدا،کیرلاخ وەسیەتی کرد کتێبخانەی شەش هەزار کتێبیەکەی بکاتە دیاری

بۆ ڤایل ئەویش کردیە دیاری بۆ پەیمانگا . دوای کۆچی دوایی کیرلاخ ڤایل بەدوای سەرۆکێکی نوێ دەگەڕا ئەمجارەیان گرۆنبێرگ( Carl Gran berg) لەلایەن پەیمانگاوە دەستنیشانکراو سەرکەوتوانە دانوستانەکەیان کۆتایی پێهێنا، لەگەلیدا بەوازهێنانی لە پلەو پایەکەی وەك ئوستادی یاساو زانستە سیاسیەکان لە زانکۆی ڤیەناو هاتنی بۆ فرانکفۆرت . گرۆنبێرگ بەئاشکرا مارکسیەکی ناسراو بوو ئەو لە بواری یاساو مێژووی سۆسیالیزمولێکۆلینەوە کۆمەلایەتیەکاندا دەستکەوتی فیکریی گەورەی بەدەستهێنابوو،هەموو لێکۆلینەوەکانی جگە لە مێژوەکە نەبێت مارکسیانە ناو دەبران.لایەنە مێژوییەکانی لەبەر ئەم جیاوازییە گەورەیەی نێوان تیورو پراکتیکی فیکرەکەبوو کە ئەو نەیتوانیبوو لەسیاقی مێژوودا لێکدانەوەی تەواویان بۆ بکات، بە کۆتاییهاتنویەکلابوونەوەی کێشەی شوێنگرتنەوەی کیرلاخ پەیمانگا کەوتە ئامادە باشی بۆ خستنەگەری تواناکانیو دەست پێکردنی چالاکیە فیکرییەکانی بێگومان ئامادەباشی گرۆنبێرگو سەرۆکایەتی کردنەکەی کاریگەری خۆی هەبوو لەو سەردەمەدا دیسانەوە دەکرێ بلێین یەکەمین ئوستادی ناسراو بوو لەنێو پەیمانگادا بەئاشکرا ئینتیمای مارکسی هەبوو لە نێوان زانکۆکانی ئەلمانیاشدا دەست بەکاربێ پەیمانگا بەشێوەیەکی فەرمی لە٣ ی شوباتی ١٩٢٣ دامەزرا بەهۆی بریارێکی وەزیری رۆشنبیریی دوای رێکەوتن لەگەلّ (( کۆمەلەی لێکۆلینەوەی کۆمەلایەتی ))و لەم کاتەدا پەیمانگا خاوەنی تەلاری تایبەت بەخۆی نەبوو وەك ئالتەرناتیڤێكو بۆ تەرخانکردنی شوێنی وانە پێشکەشکردن پرۆفیسۆر دریڤەرمان ( Drever Man ) بەرێوەبەری مۆزەخانەی سینکنبیرغ بۆ زانستەسروشتیەکان هۆلەکانی مۆزەخانەی دابینکرد.

بەشێوەیەکی کاتی تاکو پەیمانگا دەتوانی شوێنێکی تایبەت بۆ خۆی دابین





بکات لەم تەلارەدا کە هۆلێکی کتێبخانەی تایبەتی تیادانەبوو وەك ڤایل لەنامەکیدا بۆ چای (M- Jay ) دەگێرێتەوە دەلێت کە ئەو خەریکی نوسینی لێکۆلینەوەکانییەتی لەنێوژوورێکدا پر لەکتێب وهەیکەلی ئێسکی ئاژەلانو نەهەنگی تایبەت بەمۆزەخانەدا [٦٨] لە ئازاری سالی ١٩٢٣ دا واتە دوای مانگێك دامەزراندنی لە پەیمانگا بەشێوەیەکی فەرمی بالەخانەیەکی پێنج نهۆمی لەشێوەی مۆدیلی بیناسازی نوێ تەرخانکرا کە ببێ بە بالەخانەی بنکەی مەلبەندی هەمیشەیی پەیمانگا،ئەم بالە خانە نوێیە کتێبخانەیەکی لە خۆ گرتبوو زیاتر لە حەفتاو پێنج هەزار کتێبی تێدابوو لەگەلّ هۆلێکی تایبەت بۆ خوێندنەوەو شانزە نوسینگەی تایبەت بۆ لێکۆلەرەوانو چوار هۆلی تایبەت بە موحازەرەدان هەر یەکەیان نزیکەی سەد کورسی لەخۆوە گرتبوو هەروەها لەلایەنی پراکتیکیەوە بالەخانەکە زۆر بەرێكو پێکی کاری تێدەکرا. سەرۆکی پەیمانگا کارل گرۆنبێرگ وتاری کردنەوەی پەیمانگای لە حوزەیرانی سالی ١٩٢٤ پێشکەشکرد لەم وتارەیدا جەختی لەسەر زەرورەتی گرنگیدانی پەیمانگای فرانکفۆرت بە گیروگازی واقیعیانە کردەوە هەروەها چارەسەرو بەیەکەوە بەستنەوەی زانستیانەی وەك لەوەی کەپەیمانگا تەنها دامەزراوێکی فیکری بێ بۆ پێگەیاندنی رۆشەنبیرانو بیرمەندان،هەروەها پێی لەسەر ئەوە داگرت کە دەبێ پەیمانگا جیا لەسەرجەم پەیمانگاکانیتر کە کاری لێکۆلینەوەی فیکریو کۆمەلایەتیان دەکرد لە ئەلمانیا وەك (( پەیمانگای کۆلن بۆ لێکۆلینەوە لە زانستە کۆمەلایەتیەکان ))لەم نێوەندەدا دەوری کاریگەرتر بگێرێت هەر لەم وتارەیدا گرۆنبێرگ ستافی کارگێری بەکۆمەلّی رەتکردەوە زیاتر ئاماژەی بەتاکرەوی کارگێری دەدا لە پەیمانگا وەك دەسەلاتی (( دیکتاتۆری )) بۆ سەرۆك بەمەرجی هەبوونی ئازادیو سەربەخۆی تەواو بۆ لێکۆلەرەوە کارگێریەکانیتر . لەمەشدا گرۆنبێرگ پێی وابوو پەیمانگا سەرکردایەتیەی

یەکگرتوو بەهێز دەبێت بۆڕاپەڕاندنی ئەركو توانا فیکرییەکانی لەسەر ئەو ئاراستەیەی کە لەسەرەتای دامەزراندنیەوە رێککەوتبوون سەرەڕای ئەمە ماکس هۆرکهایمەر رۆڵێکی کاریگەرو بەرچاوی گێرا لە ئاراستەی تیۆرییەکانی پەیمانگا لەماوەی سالانی دواییو لەژێر سەرکردایەتی تاکرەوی کە گرۆنبێرگ بریاری لەسەر دابوو لەکاتی وتاری کردنەوەی پەیمانگادا،هەر لەوکاتەشدا ئینتیمای مارکسیانەی خۆی و رێرەوی زانستیانەی خۆی بەئاشکرا دەربڕی و ڕایگەیاند کە بەرنامەو پرۆگرامی چالاکیەکانی پەیمانگا لێرەو لەسەر سستمی مارکسسیانەدا بەرێوەدەچێت، ئەو پێی وابوو دەکرێ ئاراستەی مارکسیانە ئاراستەیەکی رەخنەییانە بێت،مارکسیزم تیۆرو باوەڕێکی ئالۆزنییە بەشێوەیەك بێت خاوەن یاساو ڕێچکەی نەمرو نەگۆڕبێت هەر کە تیۆری رەخنەی گەشەی کرد مانای ئەوە ناگەیەنێ زیان بەناوەرۆکی فیکرەکە دەگەینێ،لەگەڵ ئەوەی ئەپستمۆلۆژیا لێگەڕانەکییەکەی(الاستقرائیە) گورنبێرگ لای هۆرکهایمەرو هاورێیە لاوەکانی پەیمانگا شتێکی سەرنج راکێش نەبوو بەلام گۆرنبێرگ سەرکەوت لەوەی پێرسپێکتیڤو رێرەوی بیرکردنەوەی خۆی بکاتە ڕێرەوو بەرنامەی پەیمانگا لەماوەی سالانی سەرەتای دامەزراندنی پەیمانگا لەگەل ئەمەشدا دەبینین لەم ماوەیدا لیکۆلینەوەی جیاوازو لەدەرەوەی ئەم ئاراستەیەداو لەناو پەیمانگادا لەلایەن پۆلۆكو سۆمبارت (Sombarte)و وتارەکەی هۆرکهایمەر لەسەر کارل مانهایم[٦٩] خرانەروو. سەردەمی گۆرنبێرگو سەرۆکایەتی بۆ پەیمانگا ناونرا سەردەمی هاوکاریو دەستگرتنی زانستیانەی گرنگ بۆ لێکۆلەرە گەنجەکانی ناو پەیمانگا ئەوانەی دواتر ئاراستەی فیکری پەیمانگای فرانکفۆرت جیادەکەنەوە ،هەرچەندە سالانی بیستەکان سەبارەت بە پەیمانگا وەك فیکرێکی رەخنەیی تەواو تیۆری نەخرانەڕوو وەك ئەوەی کەلە سالانی دواتر





خرایەڕوو کەدواجار ئەندامانی پەیمانگا رووەو ئاراستەیەکی سیاسانەی دیار شکانەوە لەو سەردەمەدا ئەوەی کە لە ناو پارتی کۆمۆنیستی ئەلمانیا وەك دیارترین کەسێك سۆرج (Sorge) بە تۆمەتی کارکردنو سیخوریکردن بۆ یەکیتی شوورەوەیی هەرایەکی گەورەی نایەوە لە ئەلمانیادا ،بەر لەجەنگ و لەماوەی جەنگی جیهانی دووەمدا،هەروەها کەسایەتی وەك کارل ئۆگیستو ڤیتفۆژیلو بۆرکیناو ( Fram Borkangu )و گۆمبێرز ( Jalian Gamperz) هۆرکهایمەریش کە زۆر نزیك بوون لە پارتی کۆمۆنیستو زۆر سەرسام بوو و شەیدا بوو بە کەسایەتی رۆزا لۆکسمبۆرگ بەڵام زۆر دژی دەسەلاتی ناوەندی شورەوی بوو بەم شێوەیە ئاراستەی سیاسی کەسایەتیەکانی ناو پەیمانگا سەر بەهیچ کام لە بزاوتێکی سیاسیو پارتو ڕیکخراوێکدا نەبوون، سەرجەم پەیوەندیەکانی کورتبونەوە لەگەل بزاوتە رادیکالیی و کرێکاریەکان کەلە سالی ١٩٣٠دا، دروستیکردبوون[٧٠] هەروەها پەیمانگا هەلسا بە پەیوەندیکردن لەگەڵ پەیمانگای مارکسو ئەنگلس لە مۆسکۆ ئەمەش لەکاتێکدا بوو کە هەندێ لە ئەندامان هەلگری ئینتیمای رادیکالیانەی خۆیان بوون بەلام بەهیچ شێوەیەك کاری نەکردە سەر سەربەخۆیی کاری فیکریلەناو فوتابخانەدا،تاڕادەیەك بیرکردنەوە سیاسیەکانی ئەندامانی ناو پەیمانگا رەنگدانەوەی نەبوو بەسەر چالاکیەکانی ناو پەیمانگا . پەیمانگا لەسەرەتادا لە ئەندامانی خاوەن ئاستی رۆشنبیری بەرز پێکهات هەروەها لەسەر ئاستی جیاوازی فیکری بوو کەچی هێلی گشتی ئاراستەو ئینتیما بوونیان لە بواری مارکسیزمو سۆشیالیزمی رادیکالی بوو،هەرئەمەندەش بوو دواتر جێ پەنجەیان دیار بوو لەدیارکردنی ئاراستەی فیکری لێکۆلینەوەکانی فوتابخانەی فرانکفۆرت کە لە دوایدا بەرهەمهاتن...
یەکێ لەگرنگترین ئەندامانی کەلەسەرەتای سالانی دروسستبوونی پەیمانگادا

هاتە نێو پەیمانگا بەڵام وەك هۆرکهایمەرو پۆلۆك دامەزرێنەر نەبوون ئۆگێست ڤیتفۆژیل بووکە ئەندامێکی چالاکی پارتی کۆمۆنیستی ئەلمانیا بوو،ڤیتفۆژیل لە سالی ١٨٩٦ لە شاری ڤۆلتیر ستدرۆفو لە باوکێکی مامۆستای لۆتەری لەدایك بووە،لەماوەی جەنگی جیهانی یەکەمدا پەیوەندی کردووە بە بزاوتە خوێندکارییەکان ئەندامێکی کارای بزاوتی لاوانی ئەلمانیا بوو بەر لە جەنگ، پاشان پلە بە پلە بەلای چەپی شۆرشگێری ئەو بزاوتە داکەوت دوای دوو ساڵ چووە نێو پارتی کۆمۆنیستی ئەلمانیاو بەشی زۆری تواناو فیکری خۆی بۆ کاری حزب تەرخان کرد وێرای هەبوونی کۆمەلێك گرفت لەگەڵ سەرکردەکانی تری پارتی کۆمۆنیست لە مۆسکۆ بە هۆی تاوانبار کرانی لەسەر هەندێ هەڵوێستی سیاسیانەدا لەگەڵ بایەخی گەورەی ئەو بۆ کاری حزبیو سیاسی دا توانی خوێندنی زانکۆیو ئەکادیمی بەرچاو تەواو بکات لە لایبزیگو بەرلینو فرانکفۆرت دەربارەی زانستو کۆمەلگا بۆرژوازیەکان لێکۆلینەوەی گرنگی بە چاپگەیاند بەر لەوەی کارلە بوارە پسپۆریەتەکەی سەبارەت بە کۆمەلگا ئاسیاییەکاندا بکات .. لەسالی ١٩٢٢ ڤایل و کیرلاخ داوایان لێکرد بەهەولە فیکرییەکانی هاوکاری (( پەیمانگای لێکۆلینەوە سۆسیۆلۆژیەکان)) بکات کە دواتر بوو بە ڤوتابخانەی فرانکفۆرت بەلآم لەم کاتەدا ئەو داواکاریەی رەتکردەوە تا سێ سال دواتر کاتێ کە ژنەکەی شیلرن ( Rose Schlesin ) لەپەیمانگادا بوو بە سکرتێری پەرتوکخانەی پەیمانگا . ڤیتفۆژیل بەهۆی لێکۆلینەوەکانیەوە کە زیاتر چەمکی مارکسیزمی لە کۆمەڵگاکانی ئاسیادا ڤولتر کردەوەو لەلایەن ئەندامانی پەیمانگا رێزی لێدەگیرا،لەم کاتەشدا هۆرکهایمەر بەچاوێکی تر سەیری لێکۆلینەوەکانی ئەوی دەکردو پێی وابوو لێکۆلینەوەی هێندە ڤولّ نین لە ئاستی داخوازیدابن[٧١]،لەسالی ١٩٣١ کتێبێکی گرینگی دەرکرد بەناونیشانی ((ئابووری و کۆمەلگا لە





چین )) هەروەها کۆمەلێك کاری تری بە چاپ گەیاند دەربارەی ئیستاتیکا لەروانگەی مارکسیزمەوە جگە لە نوسینی کۆمەلێك شانۆگەریی لەماوەی سالانی بیستەکاندا سەرەرای ئەوەی کە لەچاو هاورێکانی تری لە پەیمانگا کەسێکی داخراو بوو بەلآم کاریگەرییە تیۆریی و فیکریەکەی دەربارەی ئیستاتیکاو جوانناسی مارکسیزمی زۆر لە هاورێکانی نزیك بوو بەتایبەت لەهی تیۆدۆر ئادۆرنۆو بنیامین . جوانناسەکان تیۆرولێکدانەوە رەخنەییە ئیستاتیکیەکانیان لە ڤوتابخانەی فرانکفۆرت زیاتر گرنگیی پێدەدرا ،لەگەڵ هەموو ئەمانەدا کارە سیاسیەکانی لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی ئەلمانیادا سەرچاوەی نارەحەت بوونی بەشێك لە ئەندامانی پەیمانگا بوو کە بەردەوام دەیانویست کەسێکی بێ لایەن بێ لەگەڵ برِوای تەواوی ئەوان بەماف و ئازادی فیکری سیاسی ئەندامانی ناو پەیمانگا،یەکێکی ترلە ئەندامە سەرەکیەکانی ناو پەیمانگا و سەر بەپارتی کۆمۆنیستی ئەلمانیا ( فرانتز بۆرکیناو) بوو کەلە سالی ١٩٠٠ لە ڤیەنا لە دایکبووە پەیوەندی کردووە بە رێکخستنی مارکسیو چەپە رادیکالیەکان،تا دامەزراندنی پارتی کۆمۆنیستی ئەلمانیا لەسەر دەستی رۆزا لۆکسمبۆرگ،بۆرکیناو ئەندامێکی کارابوو لە پارتی کۆمۆنیستیدا تا سالی ١٩٢٩ لە ناو حیزبدا مایەوە دواتر لەگەڵ هاتنە ئارای ناکۆکی سیاسی لەسەر هەندێ لە هەڵوێستەکانی حزبدا هاتە دەرەوە . لە نێو پەیمانگا دا ئەو تەرخانکرابوو بۆ بابەتی ئابووری و مێژووی ئابووری،کۆمەلێك لێکۆلینەوەی‌لەم بارەیەوە نووسی گرنگترینیان (( لە نموونەی فیودالی بۆ جیهان تاکو نموونەی بۆرژوازی))

بەهۆی ئەم کتێبەوە لەگەڵ یەکێ لە لێکۆلەرەوانی پەیمانگا دەبێتە کێشەیانو هەر ئەم کێشەیە وا لە بۆرکیناو دەکات واز لەپەیمانگا بێنێت، بەلآم گرۆسمان (Henryk Grosman ) یەکێ لە کەسایەتیە زانستیەکانی ناو پەیمانگا بوو

کە جێ پەنجەی ئەکادیمی لەدوای خۆیدا بە جێهێشت لەماوەی سالانی (١٩٢٦ – ١٩٤٠ ) لێکۆلەرێکی ڕۆشنبیری ئابووریو مێژوویی بوو بەگرنگیدانی قولی خۆی بۆ فەلسەفەو سۆسیۆلۆژیاو سیاسەت هەڵسا، ئەو بەرەچەڵەك نەمساوی بوو سەر بە خێزانێکی سەرمایەدار بوو،بە هۆی هاورێکەی گرونبێرگ لەکاتی دەستنیشانکران بۆ سەرۆکایەتی کردنی پەیمانگادا پەیوەندی کردووە بە پەیمانگا،ئەوەی کە بەروونی لە لێکۆلینەوەکانیدا بەدەرکەوت ئەو کاریگەرییە تەواوەی ئەوبوو بەماتەریالیزمی هیگلی نوێ کە ئەو بەنەوەی گەورەتر دادەنرێت لە نێو لاوە لێکۆلەرەوەکانی ناو پەیمانگادا وەك هۆرکهایمەرو ڤایل،بۆچونەکانی گرۆسمان بە بروای بیرمەندە لاوەکان بۆچونی بە ئاراستەیەکی لاساییکەرانەوە مەزندەدەکرا لەگەل ئەوەی زۆرینەیان خۆشەویستییێکیگەورەیان هەبوو بۆ گرۆسمان ئەو خاوەن ئاراستەیەکی مارکسی ئەرسەدۆکسی بوو بە ئاشکراو بەروونی پێیەوە دیاربوو هەر ئەمەش وایکرد جیاوازییەکی بنچینەیی لەگەل ئاراستەی مارکس بێتە ئاراوە کە نەوەی کاری بۆ دەکردو خوێندنەوەی نوێی بۆ کردبوو تەنانەت هەندێ لەلایەنگرانی پارتی کۆمۆنیستی وەك بۆرکیناو، گرنگیو بایەخی گرۆسمان لەنێو پەیمانگادا لەوەدابوو کە خۆی ئابووریناس بوو بەشێوەیەك کە هەولو ماندووبوونی فیکری گرنگی دا بەقولکردنەوەی تێزە ئابوورییە مارکسیەکان، لێکۆلینەوەکانی ئەو لەگەڵ هی پسپۆری ئابووری دووەمی پەیمانگا فریدریك پۆلۆك کۆك نەبوو، سەبارەت بە تەکنیکێکی وردو نزیك لەسروشتی تێگەیشتنی تیۆری ئابووری مارکسیزم . ئەو جیاوازییە تیۆریەی نێوان گرۆسمانو پۆلۆك بەدرێژایی سالانی مانەوەی گرۆسمان لە پەیمانگادا هەر مایەوە، کتێبە پڕ بایەخەکەی پۆلۆك (( ئەزمونی پیلانە ئابووریەکانی یەکیتی شوورەیی ١٩١٧- ١٩٢٧ )) چاکترین کتێبە کە بۆ تێگەیشتن لەو





جیاوازییە تیۆرییە قوولەی نێوان پۆلۆكوگرۆسمانو تیۆرە تایبەتییە بابەتە ئابووریەکان لەدیدگای خودی مارکسیزمەوە . پۆلۆك پەیوەندێکی توندو تۆلی هەبوو لەگەل کۆمۆنیستەکانی یەکێتی شورەوەیی بەشێوەیەك کە داوای لێ کرا هەڵسێ بەسەردانێکی رەسمی بۆ چاوپیاخشاندنێك بەدەستکەوتە ئابووریو کۆمەلایەتییەکانی دوای شۆرشی ئۆکتۆبەر،لەوێ هەموو ئاسان کارییەکیان بۆ جێبەجێ بکات تاکو کتێبەکەی بەچاپ بگەیەنێ . پۆلۆك هەر لەپەیوەندییە توندو تۆلەکەی ماوە لەگەل ئەزموونی سۆسیالیستی شورەویدا بە چاوپۆشی لەو پێشکەوتنە سیاسیو جیاوازییە گرفتانەی لەدوای مردنی لینیندا هاتنە ئاراوە،ئەو لە مەدا هیچ هەلوێستێکی وەرنەگرت بەلکو هەر لەسەرئەوە سووربوو کە گرنگیو بایەخ پێدانەکانی بەئەزموونە ئابوورییەکان، هەروەها پۆلۆك لەو ململانێیە تیۆرییەی نێوان هۆرکهایمەر لە لایەكو گرۆنبێرگ بەڕێوەبەری پەیمانگا لەلایەکی تر هەلوێستێکی یەکلاکەرەوانەی وەرگرت بە پشتگیریکردنی هەلوێستەکانی هۆرکهایمەروتیۆرە رەخنەیەکەی لەمەشدا هۆرکهایمەروتیۆرەکەی لەناو پەیمانگا بوون بە تەوەرێکی فراوانو تایبەت،کەدواترلێکۆلەرە نوێو لاوەکان پەیوەندیان پێوەکردن،بەتایبەتی هەردوو بیرمەندی لاوی ئەو کاتە کە لەهەولوکۆششی تەواو دابوون بۆ پێشکەوتنی ئاراستەی پەیمانگا هەروەها لە دارشتنەوەی تیۆری رەخنەیی، ئەوانیش تیۆدۆر ئادۆرنۆو لیولۆ ڤینتال (Leo Lowenthal ) بوون، کە لەنیوەی دووەمی بیستەکاندا هاتنە نیو پەیمانگا . ئەم دوو بیرمەندە توانیان چەندین هەولی رەخنەیی تەواوکارو رەسەن لەگەل هاموشۆی شیکردنەوەی رەخنەییەکانی بۆ دیاردە زێدەکراوەکانی بونیاتی سۆسیۆ سیاسیوەك بابەتێکی تێرو تەسەل لەسەر رێو شوێنی تایبەت لەرێو شوێنەکانی وەبەرهێناندا بۆ قوتابخانە بەدەستبهێنن . بەنموونە دیاردەی رۆشنبیریی لە

هەرسکردنو تێگەیشتندا شکلێکی نوێی وەرگرت لەکاتێکدا ئەو بابەتە بۆ بەردەوام لەلادان لەهەژموونی بە ئامرازبوونی خۆیدا توانایەکی تایبەتی هەبوو، بە هۆی نزیکایەتی لە ستاتیکای دەربریندا کە ئەدۆرنو لەهونەردا لێکۆلیبووەوە لۆ ڤینتالیش لە ئەدەب. لیۆڤینتال لە سالی ١٩٠٠ لەشاری فرانکفۆرت لەباوکێکی پزیشكو لە خێزانێکی بۆرژوازی رۆشنبیردا لە دایکبووە، سەرەتا خوێندنەکەی تا دواناوەندی لەشاری فرانکفۆرت بووە،پاشان خوێندنی بالای زانکۆیی خۆیلە زانکۆکانی فرانکفۆرتو هایدلبێرگوژیانسن لەبواری ئەدەبو فەلسەفەو مێژوو سۆسیۆلۆژیای تەواو کردووە،لەسالی ١٩٢٣ پلەی دکتورای لە فەلسەفەدا بەدەستهێناوە،لەماوەی خوێندنی زانکۆدا پەیوەندی بە هەمان نێوەندە شۆرشگێرییەکان کردووە کە کاتی خۆی پۆلۆك و هۆرکهایمەر کردبوویان،لەهەمان سەردەمدا پەیوەندێکی توندو تۆلی دروست کردبوو لەگەل ئەریك فرۆم [٧٢]کەدواتر ئەویش لەدوای هاورێکەی لیۆ هاتە نێو ریزی بیرمەندانی پەیمانگا،لۆڤینتال تاسالی ١٩٢٦ پەیوەندی نەکرد بە پەیمانگا لەو کاتەدا کە مامۆستایەك بوو لەدواناوەندییەکدا هەروەها راوێژکاری هونەریی (( شانۆی گەل ) بوو،ئەویش بەهەمان شێوەی هاورێکانی هەولو لێکۆلینەوەی زانستیئێجگار زۆری بۆ پەیمانگا لە بواری سۆسیۆلۆژیای ئەدەبو (( رۆشنبیری میللی ))دا پاشان لەسالی ١٩٣٠وە بوو بەئەندامێکی هەمیشەیی، لۆڤێنتال لەگەل ئەوەی خزمەتێکی بەرچاوی پەیمانگای کرد لەرێگەی پێشکەشکردنی لێکۆلینەوەی رەسەنو جیاجیای بوارە هەمەجۆرەکاندا،بەلام هەولەکانی ئەو لەچاو هۆرکهایمەر کەمترکاریگەرییان هەبوو لەسەر گەشەپێدانی یاساکانو تیۆری فیکریيو رەخنەیی قوتابخانەی فرانکفۆرت،بەهەمان شێوە کارەکانی ئەو ئەوەندەی کارەکانی تیۆدۆرئەدۆرنۆ کاریگەر نەبوون، لەکاتێکدا هەم لەتەمەنو هەمیش لەپەیوەندیکردن بەبواری





رۆشنبیریی پەیمانگا هاوشێوە بوون،تیۆدۆر ئادۆرنۆ یەکێ بوو لە بچوکترین بیرمەندانی ناو پەیمانگا،١٩٠٣ لەنێو خێزانێکی دەولەمەندی بۆرژوازی بازرگانیدا لەشاری فرانکفۆرت لەدایکبووە،لەسالانی زووی تەمەنیدا بەبایەخدان بەمیوزیك خەریکبووە کاریگەری ئەمەش لەبەرهەمە ئیستاتیکیەکانیدا کەدواتر پێشکەشیکردن بەروونی بەدەردەکەوێ، دایکی لەخێزانێکی میوزیکی پەروەردەبوو بوو، داپیری ئەدۆرنۆ یەکێ بووە لە دەنگخۆشانی سەردەمی خۆیو پوریشی پیانۆژەن بووە هەر ئەویش بوو وای لێکرد دواترخو بداتە فێربوونی ژەنینی پیانۆ کە لەمەشدا ئیشقێکی گەورەی موزیکی هاوشێوەی ئیشقە فەلسەفییەکەی لادروستبوو،بەم شێوەیە موزیكو فەلسەفە ژیانی ئەویان دابەشکرد هەروەك خۆی دەلێ (( بەهەموو ئەو جیاوازییە گەورانەی نێوانیان ))[٧٣] پەیوەندیەکەی ئادۆرنۆو هۆرکهایمەر دەگەرێتەوە بۆسالی ١٩٢٢ ،لەیەکێ لە سمینارەکانی هانتز کۆرنیلیۆسی تایبەت بە فەلسەفەی ئەدمۆند هۆسرەل بەیەکگەیشتن،ئەدۆرنۆش یەکێ بوو لە بایەخپێدەرانی فەلسەفەکەی هۆسرەل،تێزە دکتۆراکەشی هەر لەسەر فینۆمینیمۆلۆژیای هوسرەلی (( بوو کەلەسالی ١٩٢٤ بەهۆیەوە پلەی دکتورای لەفەلسەفە بەدەستهێنا . دواتر بەرەو نەمسا سەفەری کرد لەوێ لە ڤییەننا خۆی بەچەند کارێکی جیاجیا خەریك کرد تا پاش چەند سالێکی تر گەرایەوە فرانکفۆرت، ئەو کات ماکس هۆرکهایمەرو کارل مانهایمو هەندێ لەبیرمەندانی تر بازنەیەکی فەلسەفییان پێکهێنا بووکەتایبەت بوو بەلێکۆلینەوەی جیاجیای رۆشنبیريیو سیاسی،پرۆفیسۆر تیلیخ ( P . Tillich) سەرپەرشتی بازنەکەی دەکرد لەکاتی گەرانەوەی ئادۆرنۆدا لەڤیەننا بیرمەندانی ئەم بازنەیە زۆر بەگەرمی پێشوازییان لێکرد،ئەویش پەیوەندی پێوەکردنو لەدەرەوەی پەیمانگا دا زۆرترین گفتوگۆو لێکدانەوەی

جیا جیا یان لەسالی ١٩٢٩ پرۆفیسۆر گۆرنبێرگ تەمەنی لەشەست سالی تێپەرکردو باری تەندروستی ئەو ناچاریکرد دەستبەرداری سەرۆکایەتی کردنی پەیمانگاو سەرجەم پۆستە ئەکادیمیەکانی تربێت، بەمەش پەیمانگا خۆی لەنێو کێشەیەکیتر بینیەوە کە کێشەی دیاری کردنی سەرۆکێکی نوێ بوو ئەوەی شوێنی گۆرنبێرگ بگرێتەوە هەروەك بینیمان،بۆ پۆستی سەرۆکایەتی کردن پۆلۆك دەستنیشانکرا بەلام قبولی نەکرد بە بیانوی ئەوەی ئەو شوێنەکەی خۆی وەك بەرپرسیاری کارگێری پەیمانگای لاچاکتربوو،دواتر ڤلیکس ڤایل هەر سووربوو لەسەر هەلوێستی سەرەتایی خۆی بەوەرنەگرتنی سەرۆکایەتی پەیمانگا هەمان شێوە ئەویش پێی باشتر بوو لەپۆستەکارگێریەکەی خۆی بمێنێتەوە دواتر چالاکیەکانی ڤایل بەرە بەرە لەپەیمانگادا کەم دەبوونەوە تا سالی ١٩٢٩ فرانکفۆرتی بەجێهێشت بەرەو بەرلین تاوەکو لەبواری چاپدا کاربکات دواتر لەسالی ١٩٣٠دا بەتەواوی ئەلمانیای بەجێهێشت بەرەو ئەرژەنتین کەوتەرێ بۆئەوەیلە بواری گرنگیدان بە پرۆژە دارایی‌و بازرگانییەکانی خێزانەکەیاندا بەشداربێ بەوپێیەی کەکوڕی گەورەی دەولەمەندی ناسراو (هێرمان ڤایل ) بوو، بۆ ئەوەی خوێنەران ئاگاداربن کە ( ڤایل )ی کور هەر لەسەرەتای دروستبوونی پەیمانگادا سالی ١٩٢٣ سەرقال بووە بە کێشەو ململانێ پراکتیکییەکان وەك لەوەی بەکێشەتیۆرییە فیکرییەکان. کەگەیشتە ئەرژەنتینیش، ئەو پەیوەندییەکەی خۆی لەگەل پەیمانگادا نەپچراندو بەهەمان هەستی پێشووی بەردەوام لەپارەدارکردنی پەیمانگاو لەگەلّ هەموو ئەمانەشدا بەهیچ کلۆجێك هەولی نەدا لەلێژنەی سەرۆکایەتی دا بمێنێتەوە [٧٤] لەم حالەتەدا ماکس هۆرکهایمەر وەك تاکە پالێوراوێکی بێ رکابەر مایەوە تاکو شوێنی گرۆنبێرگ بگرێتەوە بۆ سەرۆکایەتیکردنی پەیمانگا مەرجێکی سەرەکی هەبوو ئەویش دەبوایە سەرۆك، مامۆستای زانکۆ





بێت‌و لەیەکێ لەزانکۆکانی ئەلمانیادا وانە بلێتەوە تاوەکو بەئاسانی ڕەزامەندی وەزیری رۆشنبیریی بەدەست بهێنێت ماکس هۆرکهایمەریش کە خۆی ئوستادی زانکۆ نەبوو،بەتەنها وانەبێژ بوو لە زانکۆ بە هۆی نەبوونی پسپۆری بەشە جیاجیاکانی فەلسەفە . ئینجا مامۆستاکانی فەلسەفە لەزانکۆی فرانکفۆرت کەزۆرینەیان هاوڕێی هۆرکهایمەربوون لەسەرووی هەموویان پرۆفیسۆر پ. تیلخ هەلّسان بەکردنەوەی بەشێکی نوێ لە زانکۆ کە پێشتر لەهیچ کام لە زانکۆکانی ئەلمانیادا نەدەخوێنرا ئەویش بابەتی (( فەلسەفەی کۆمەلایەتی )) بوو دوایی هۆرکهایمەر یان هەلبژارد تا سەرپەرشتی بکات بۆ ئەوەی رێوشوێنی یاسایی سەرۆکایەتی کردنی پەیمانگا لەلایەن وەزارەتەوە بەدەستبهێنێت هۆرکهایمەریش لەپێناو ئەم شوێنە نوێیەدا هەلسا بەدانانی کتێبە گرینگەکەی ((سەرەتاکانی فەلسەفەی بۆرژوازی بۆ مێژوو ))[٧٥]. دامەزراندنی هۆرکهایمەر بەسەرۆکی پەیمانگای لێکۆلینەوەی کۆمەلایەتی (قوتابخانەی فرانکفۆرت) سەرەتایی قۆناخێکی نوێبوو بۆ ئەم دامەزراوە زانستییە بەهۆی وەبەرهێنانی کاری فیکریی قول‌و رەسەن‌و گەورە،هەروەها ئەو ماوەیە بەوە جیادەکرایەوە کە چالاکی‌و پرۆسەی لێکۆلینەوە زانستیەکان بەردەوام بوون تەنانەت لەسەردەمی دەسەلات گرتنە دەستی پارتی نازی لە ئەلمانیاو راونانی بیرمەندو تیۆریزانەکانی پەیمانگا بەرەو هەندەران بەتایبەتی بۆ ولّاتە یەکگرتوەکان، هۆرکهایمەر زۆر پێی لەسەر بەردەوامی چالاکییەکانی دادەگرت. لێرەوە ماوەی هەندەران بۆ بیرمەندانی پەیمانگا دەستی پێکرد کە پڕبوو لە بەخشش‌و بەرهەمی بەپێز دەربارەی فەلسەفەی سیاسی‌و سۆسیۆلۆژیای سیاسی‌و ئابووری‌و سایکۆلۆژیای کۆمەلایەتی،ئەوکاتە هۆرکهایمەر سەرۆکایەتیکردنی پەیمانگای گرتە ئەستۆ تەمەنی ٣٥ سالان بوو لەسالی ١٩٣٠ . هەروەها لەکانوونی دووەمی ١٩٣١ بەشێوەیەکی فەرمی

سەرۆكایەتی پەیمانگای وەرگرت . لەكاتی وەرگرتنی پۆستەكەیدا وتارێكی خوێندەوە لەژێر ناو نیشانی ((بارو دۆخی نالەباری فەلسەفەی كۆمەلایەتیو ئەركەكانی پەیمانگای لێكۆلینەوەی كۆمەڵایەتی )) كەتیایدا هێلی ئاراستەی فیكری جیاوازی خۆی لەگەل گۆرنبێرگی پابەند بەماركسیزمی ئەرسەدۆكسی روونكردەوە هۆركهایمەر لێرەوە بەرەو ئاراستەی تێگەیشتن لە ئسولی مێژووی فەلسەفەی كۆمەلایەتیو فوتابخانە نوێكانی سۆسیۆلۆژیاو كانتیزمی نوێ گەرایەوە،زیاتر جەختی لەسەر زەرورەتی گەرانەوەی لێكۆلینەوەی سۆسیۆلۆژییەكان كردەوە بە پالپشتی تیۆرەكانی فەلسەفە كۆمەلایەتیكە لەرابردوودا دارێژرابوون. لەسەردەمی هۆركهایمەر چالاكییە كارگێرییەكانی پەیمانگا لەسەر ئاستی ناوەوەو دەرەوە دا لەگەل پەیمانگاو دامەزراوەكانیتری ولاتانی ئەوروپا فراوان بوو، هەروەها لقێكی پەیمانگا لە ژنێف كرایەوە [٧٦] ژمارەی لێكۆلینەوەكانی تایبەت بە چینی كرێكار زیاد بوون كە بەرهەمی ئەو پەیوەندییە نوێیانە بوون، دیسان چاپەمەنیو بلاوكراوەكانی پەیمانگا گەشەیەكیان بەخۆوە بینی هەروەها چەندبەشێكی نوێ لەناو پەیمانگادا كرایەوە لە هەموویان گرنگتر (( سایكۆلۆژیای كۆمەلایەتی )) بوو ئەو بابەتەی كەدەنگی دایەوە بەپێی گوتەی هۆركهایمەر ترسە دابراوەكەی لێكۆلینەوەی تاكو لێكۆڵینەوەی كۆمەڵ بوو[٧٧] ،هەرلەم ماوەیەدا دوو لێكۆلینەوە لەسەر سایكۆلۆژیای كۆمەلایەتی بەدەركەوتن یەكەمیان هی ئەریك فرۆم و دووهەمیشیان هی هۆركهایمەر لەژێر ناونیشانی (مێژووو سایكۆلۆژیا) هەروەها چەندین لێكۆلینەوەی تری نوێی لەم شێوەبوو وەك لێكۆلینەوەكەی لۆڤینتال دەربارەی سۆسیۆلۆژیای ئەدەبو هی تیۆدۆر ئەدۆرنۆ لەسەر ((سۆسیۆلۆژیای موزیكی )). هاتنە ئارای شیكردنەوەی دەروونی وەك بابەتی لێكۆلینەوە بۆ پەیمانگا گرینگترین جیاكەرەوەی





سەردەمی هۆركهایمەرو گۆرینبێرگ بوو لەبەر ئەوەی ئاسۆیەكی تری لەبەردەم رێرەوی شیكردنەوەی رەخنەیی كۆمەلایەتی كردەوە،كە زیاتر پەیوەست بوو بەئەنجامی كۆتاییەكانی چالاكی لێكۆلینەوەكە . وەك دەزانین ئەریك فرۆم لەسەرەتای سییەكانەوە هاتە نێو ریزی بیرمەندانی پەیمانگا ئەو لەبواری لێكۆلینەوەكانی دا دەسكەوتی نوێی بەدەستهێنا بەتایبەتی . هەرەسە دەمارگرییەكانی تاك وەك دیاردەیەكی كۆمەلی لەلایەنی تیۆرییەوە هەولەكانی تێكەلاوبوونی میتۆدییەتو لێكدانەوەی نێوان سایكۆلۆژیاو لێكدانەوەی دەروونی لە لایەكو میتۆدییەتی ماركسیزم لە لێكدانەوەی رەخنەیی كۆمەلایەتی لەلایەكی ترەوە شرۆڤەدەكرد. سالی ١٩٣٢ پەیمانگا بەهاتنەوەی یەكێلە لێكۆلەرە لاوە بەتواناكان گۆرانێكی پۆزەتیڤانەی بەسەردا هات،كەدواتر دەبێتە یەكێ لەو كەسانەی رۆلێكی پێشەنگی گێرا لە تەواوكەری تیۆری رەخنەییو رێكخستنی یاساو میتۆدییەتەكەی،ئەویش هێربەرت ماركیۆزە بوو ماركیۆزە توانی لەنێوان دەسهاتە لێكۆلینەوەییە هاوچەرخەكانی سۆسیۆلۆژیا بەهەموو بالە دەروونییەكانی وەك دیدگایەكی تەواوكەر لەبونیاتی دیدگای رەخنەییو لێكۆلینەوەی سۆسیۆلۆژی، شێوەیەكی دیپسلینكراوو لێكۆلینەوەیەكی نوێ بێنێتە ئاراوە،

ماركیۆزە لەسالی ١٨٩٨ لەخێزانێكی ئێجگار دەولەمەندا لەبەرلین لەدایكبووە،لەماوەی شەری جیهانی یەكەمدا خزمەتی سەربازی خۆی تەواو كردووەو پاشان لەدوای كۆتایی هاتنی شەردا چالاكانە پەلی هاویشتووە بۆ بواری كاری سیاسیو بەشداری لەگەل كۆمەلێك رێكخراوو كۆمەلەی سیاسیدا كردووە دواتر بۆماوەیەك چووەتەریزی پارتی سۆسیالیستی دیموكراتی ئینجا واز لە پارتە دێنی بەبیانووی ئەوەی لەگەل چینی كرێكارو پرۆلیتاردا خیانەتی كردووە،لەوێدا هەموو هیواو ئاواتێكی خۆی لەنێو پارتی

کۆمۆنیستی ئەلمانیادا بینیەوە بەلام لەدوای کەوتنی شۆرشی کۆمۆنیستی ئەلمانی بەسەرکردایەتی لۆکسمیۆرگ،مارکیۆزەیش بەیەکجاری واز لەکاری سیاسی دینێ و دەستدەداتە خوێندنی بالای فەلسەفی لەزانکۆی بەرلین پاشان لە فرینبۆرگ لەسالی ١٩٢٣ پلەی دکتورای بەدەستهێنا لە فەلسەفەو بەسەرپەرشتی مامۆستاکەی فەیلەسوف مارتن هایدگەر،لەماوەی شەش سالی دواتردا لەزۆر لە کتێبخانەو چاپخانەدا لەبەرلین کاری کردووە دواتر لەسالی ١٩٢٩ گەرایەوە فرینیبۆرگو بەردەوام بوو لەسەر خوێندنە فەلسەفیەکانی لەسەر دەستی ئەدمۆند هۆسرەل و مارتن هایدگەر کەلەکۆتاییدا کاریگەرییێکی فەلسەفیی قولو گەورەی کردەسەر مارکیۆزە،لەم ساتەدا لێکۆلینەوەی فەلسەفی ئەکادیمیی بوارە جیاجیاکانی نوسیو ئینجا لەسالی ١٩٣٢ یەکەمین کتێبی بەناونیشانی ( ئەنتۆلۆجیای هیگلو تیۆری مێژوویی ) کەکارتێکردنە فەلسەفییەکانی هایدگەری لەخۆوە گرتبوو،کتێبەکەی، فرەیزێك بوو لە بروانامەی لێهاتوویی ئەکادیمی (Habilitationss chrift )و تەواوکەری تێزی دکتوراکەی کەبەهۆیەوە مارکیۆزە دەیتوانی بچێتە زانکۆو وانە بلێتەوە،لەهەمانکاتدا هایدگەر دەیەویست لەرووی ئیدارییەوە دەستی مارکیۆزە بگرێو هاوکاری کرد تابووە مامۆستای وانە بێژ لەزانکۆی فرێنیۆرگ،بەلام بەهۆی دابرانێکی فیکریی لە نێوان هایدگەری مامۆستاو مارکۆزی خوێندکاردا، پەیوەندی نێوانیان ساردبووەوە چونکە مارکیۆزە بەرە بەرە بەپەرۆشەوە رووەو فیکری مارکسیی هەنگاوی دەناو هایدگەریش رووەو پارێزگارییەکی سیاسییانە کە هەرگیز لەگەل بالە رادیکالیەکاندا تەبانەبوو (٧٨) هەروەها مارکیۆزە زۆر بەجیدی بە رێبازی چەپی مارکسی پابەندبوو بۆیە بۆ ئەوکات ئەم فیکرو بۆچونەی ئەو هاوکارو رپخۆشکەربوو تا بتوانێ پۆستی ئەکادیمی لەزانکۆی فرینبۆرگ بەدەست بهێنێ هەر لەبەر ئەمەش بوو رووی





کردە فرانکفۆرتو لەگەلْ خۆیدا نامەیەکی مامۆستاکەی ئەدمۆند هۆسرەل پێ بوو بۆ هاورێ خۆشەویستەکەی هۆسرەل ((ماکس هۆرکهایمەر )) لەلایەکی تریشەوە تیۆدۆر ئادۆرنۆش لەسەر کتێبەکەی مارکیۆزە (( ئەنتۆلۆژیای هیگلو تیۆری مێژوویی )) نوسی لە گۆڤارێکی سەر بە(( پەیمانگای لێکۆلینەوەی کۆمەلایەتی )) تیایدا بیانوی بۆکتێبەکە هێنایەوە کە دوورکەوتنەوەیەکی پلەبەپلەی نوسەری لەهایدگەرەوە نیشاندا،پاشان ئادۆرنۆ لەوتارەکەیدا دوور کەوتنەوە تیۆرییەکەی مارکیۆزە لەهایدگەری بەدەرخستو وتی ئەمەتەنها سەرەتایەکی سەربەخۆبوونی فەلسەفیی ئەو بیرمەندە لاوەیە هەروەها نزیکایەتێکی تیۆری بەدی کرد لەنێوان مارکیۆزەی سیاسییو هی فەلسەفی، لەئەنجامی ئەو گفتوگۆ فیکرییو فەلسەفییەدا مارکیۆزە هاتەنێو پەیمانگاو هەندێ لەلێکۆلینەوەی پربایەخی دەربارەی فیکری ماتەریالیو دیالێکتیكو فیکری مارکس ،پێشکەشکردو بایەخە گەورەکەی خۆی لەمەدا بەدەرکەوت ،دواتر نێردرایە لقە نوێیەکەی پەیمانگا لە جنێف تا بەشداربن لە پێکهاتە تیۆریو کارگێرییەکەیدا (٧٩)،لەدوای هاتنە سەر حوکمی پارتی نازی لەسالی ١٩٣٣ لە ئەلمانیا،پەیمانگا کەوتە قۆناغێکی نوێی ژیانییەوە هەر ئەم هۆیەبوو وایکرد پەیمانگا بەترسەوە چالاکیە فیکریەکانی ئەنجامبدات . ئا لەوکاتەدا پەیمانگا دووچاری دووکێشەی گەورەبوو بەهۆی ئەم بارەنالەبارەی تێیکەوتبوو یەکەمیان ئاراستە مارکسیەکەی چالاکییە فیکرییەکانی دووهەمیش جولەکەبوونی زۆرینەی بیرمەندە سەرەکیەکان،هۆرکهایمەر زوو درکی بەم ترسەکرد بۆیە سەفەری کرد بەرەو ژنێڤو لەوێ لەلقی یەپمانگاکەدا جێگیر بوو،هەروەها ئاسانکاری بۆ بیرمەندانیتر کرد تا بتوانن لە ئەلمانیا بێنەدەرەوە . ئەوەبوو بە داخستنی پەیمانگاو دەست بەسەرداگرتنی کتێبخانەکەی بەم شێوەیە سەرجەم

بیرمەندانی تر ژیانیان کەوتە مەترسیەوەو ناچار بوون ولات بەجێ بهێڵن‌و لەدوایدا ڤیتفۆژێل کە بەرەو سویسرا رای‌کردبوو یەکێ بوو لەوکەسانەی بریاری گەرانەوەی جارێکی تری دا بۆئەلمانیا بۆ رێکخستنی هەندێ لەکاروبارەکانی‌و دواتر گەرایەوە بۆ سویسرا بەلام لەرێگادا دەستەلاتدارانی هیتلەر دەستگیریان کردو لەیەکێ لەسەربازگەکانی نازییەکاندا بەندکرا، تیایدا بۆ ماوەی چەند مانگێك مایەوەو دوای هەول‌و ماندووبوونێکی زۆری خێزانەکەی لەسویسرا گەرایەوە بۆ ئەلمانیاو پەیوەندیکرد بە زۆر لە نێوەندە رۆشنبیریی‌و ئەکادیمییەکانی ئەلمانیا هەروەها بەهەندێ لەرۆشنبیران‌و نوسەرانی ئینگلیزو چەند کەسایەتیێکی گرنگی سیاسی لەپێناو ئازادکردنی مێردیدا ئەم هەولەشی دوای هەول‌و ماندوو بونێکی زۆر سەرکەوتنی بەدەستهێنا لێرەدا (ڤیتفۆژێل )[٨٠] ئازاد بوو، راستەوخۆ بۆ ماوەیەکی کاتی چووە ئینگلتەراو دواتر بۆماوەیەکی درێژ بۆ ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەگەل باقی بیرمەندانی تر کە لەسویسرا لەگەل هۆرکهایمەردا نیشتەجێ بوو . بەلام تیۆدۆر ئادۆرنۆ بۆماوەی چوار سال بەدوای یەك لە ئەلمانیادا مایەوە وێرای ئەوەی چەندین سەفەری گرینگی بەرەو ئینگلتەرا کرد بەهۆی پەیوەندیە ئەکادیمییەکان بەهەندێ لەزانکۆکانی ئەوێ وەك زانکۆی ئۆکسفۆردو لەندەن،گرۆسمانیش چووە پاریس و لۆڤینتالیش لەپاریس مایەوە تاوەکو مارسی سالی ١٩٣٣ دواجار بەرەو سویسرا بەرێکەوت‌و پەیوەندی کرد بە هۆرکهایمەرو مارکیۆزەو ئەندامانی تر لەژنێف . لەژنێف پەیمانگا هەرلەسەرەتای سالی ١٩٣٣ دەستی بەچالاکییە فیکرییەکانی کرد لەوێدا بیرمەندان لەپێناو دەرخستنی پەیمانگا، لەقالبێکی ئەوروپیانەدا ناوی پەیمانگاکەیان گۆری بۆ (( دامەزراوی جیهانی بۆ لێکۆلینەوە کۆمەلایەتی )) لەژێر چاودێری‌و بەرێوەبەرایەتی کردنی دوو سەرۆکدا ئەوانیش پۆلۆك‌و





هۆرکهایمەر بوون لەمەشدا پەیمانگا (قوتابخانەی فرانکفۆرت ) چوارچێوەیەکی ئەوروپیانەی لەخۆگرت سەرنجی ئەکادیمیستە ئینگلیزو فەرەنسیەکانی بۆ لای خۆی راکێشاو بەهۆیەوە لەلایەن ئەکادیمیستەکانەوە هاوکاری کرا ،دواتر دوو لقی تری لە لەندەن‌و پاریسدا هەندێ لە بیرمەندە فەرەنسیەکان لەسەرووی هەموویان هنری برگسۆن کە یەکێ بوو لەو کەسانەی زۆر شەیدای بەرهەم‌و لێکۆلینەوەکانی بیرمەندانی قوتابخانە بوو ئەو کاتەی کە لە ئەلمانیابوو [٨١]ئەو لقەی پەیمانگا لە لەندەن هەولێدا سوود لەتوانای هەندێ‌لە ئەکادیمستی ئینگلیز ببینێ لەنێوانیاندا هارولدلاسکی،بەلام لەبەر بوونی کەم‌و کورپی بنەرەتی لەسالی ١٩٣٦ ئەولقەی لەندەن داخرا [٨٢]،بەهەمان شێوە لەئەلمانیاش گۆڤارەکەی پەیمانگا ((Zeitsehritt )) داخرا چونکە دەرچون‌و بەردەوامبوونی ئەم گۆڤارە کە لە ناوەرۆکی نامەیەکدا بۆ هۆرکهایمەر لەسویسرا روون کرابووەوە دەبووە هۆی هێنانە ئارای مەترسییەکی گەورە،بۆیە ناچار ئەم جارەیان لە فەرنسادا لە سالی ١٩٣٣ دووبارە دەستکرا بەدەرچون‌و بلاوکردنەوەی گۆڤارەکە سەرەرای هەموو ئەو گرفت‌وکۆسپانەی پەیمانگا بۆ بەردەوام دوچاری دەبوو، لایەنە داراییەکەی پەیمانگا هەر وەکو خۆی مایەوە بگرە زیاتریش بوو بەهەول‌و کۆششی هێرمان ڤایل خاوەن توانا لەبن نەهاتووەکەی چەندان پرۆژەی گەورەی بازرگانی لە ئەرجەنتین‌و باوکی ڤیلیکس ڤایل دامەزرێنەری پەیمانگا هەتا لەدوای کۆچی دوای هێرمان ڤایل خۆیشی لەسالی ١٩٢٧ پەیمانگا گرەنتی پارەدارکردنەکەی خۆی لەلایەن کورەکەیەوە پاراست‌و پەیمانگاش هەر بەسەربەخۆی وەك دامەزراوێکی سیاسی زانکۆیی،ئەکادیمیی،فەرمی مایەوە،لەوکاتەی پەیمانگا گوازرایەوە بۆ نیویۆرك، ڤلیکس ڤایل نزیکەی سەد هەزار دۆلاری تەرخانکرد بۆ بەردەوامبوونی چالاکییە فیکرییەکانی لەولاتە

یەکگرتوەکانی ئەمەریکا[٨٣] . ئەم بریارەی ئەندامانی پەیمانگا لەسەرووی هەموویان هۆرکهایمەر بۆ کۆچکردنی مەلبەندی پەیمانگا لە سویسراوە لەبەر خێرایی گۆرانکارییە سیاسییەکانەوە بوو لە گۆرەپانی سیاسی ئەوروپادا ئەو کاتەی هیچ کام لە هۆرکهایمەرو هاورێکانی گەیشتنە ئەو بروایەی کە ژنێف ئیدی شوێنێکی سەقامگیرنییە،کەنازیەکان پێشکەوتنی خێرایان بەدەست هێنا دووبارە پەیمانگا کەوتە مەترسییەوە لێرەوە دەستی بە بیرکردنەوە لەدۆزینەوەی شارێکی تر کرد کە دووربێ لەمەترسی نازییەکانو خاوەن سروشتێکی رۆشنبیریی‌و فەرهەنگی رەخساوبێت بۆیە پۆلۆك بۆئەم مەبەستە بەرەو لەندەن کەوتە رێ بەلام لەوێ لەلایەن دەزگا زانستی و ئەکادیمیاکانەوە کە خاوەن ئەو توانایە بوون هاوکاریکەربن بۆ پەیمانگا رەتکرایەوە،هەروەك پێیان وابوو کردنەوەی بارەگای سەرەکی لەپاریس لەلایەن رۆشنبیرانی فەرەنساوە بەساردییەوە پێشوازی لێبکرێ و ئەوان بەهیچ شێوەیەك بیریان لە چوونە مۆسکۆ نەکردبووە، بۆیە ولاتە یەکگرتوەکان وەك تاکە شوێنێکی شیاو مایەوە بۆ ژیانی پەیمانگا لەوکاتەدا جۆلیان گۆمبێرز( Julian Gimperz ) بە نوێنەرایەتی پەیمانگا نێردرایە ئەمەریکا بۆ دیراسەکردنی بارودۆخەکەو لەگەڵ زۆر لە ناوەندە ئەکادیمیو رۆشنبیرییەکانەوە کەوتە گفتوگۆ وەلامی ئەوان وەلامێکی ئیجابیانەبوو بەوپێیەی کە پەیمانگا خاوەن توانایەکی دارایی گەورەبوو، قەیرانی ئابووری ولاتە یەکگرتوەکان(١٩٢٨-١٩٣٠) کەکاریگەرییەکانی بەسەر ئەو ولاتە تاکو ئێستاش روونە، گرەنتی ٣٠,٠٠٠ دۆلار وەك داهاتی جێگری سالانە وانە لە نێوەندە کارگێرییەکانی ئەمریکا کرد بەئاسانی رێگە بەکردنەوەی پەیمانگا بدەن لێرەدا سەرجەم ئەندامانی پەیمانگا بریاری گواستنەوەی پەیمانگایاندا بەرەو نیۆیۆرك. لەوێ ئاپارتمانێکی تایبەتی گەورەو شیاویان کردە بارەگای سەرەکی لەسالی ١٩٣٤





دا،پاشان ئەندامان یەك لەدووای یەك روویانکردە ئەمەریکا ،((بۆپەیوەندی کردن بەبارەگا نوێیەکە))، هێربەرت مارکیوزە لەمانگی تەموزی ١٩٣٤ گەیشتە ئەمەریکاولۆڤێنتالیش لەئابداو پۆلۆك لەئەیلولی هەمان سال [٨٤]وەدواتر سەرجەم ئەندامان لە ژنێفو پاریسو لەندەندا یەك لەدواییەك پەیوەندییان کردەوە ئەریك فرۆمیش کەخۆی لەئەمەریکا دا دەژیا وەك مامۆستایەك لەسالی ١٩٣٢وە لەپەیمانگای شیکاگۆ بۆ شیکردنەوە دەروونیەکان))بوو، بەتەنها ئەندامێك کە لەئەوروپادا مایەوە کە بۆماوەی چەند سالێك لە ئەوروپادا مایەوە ئەدۆرنۆ بوو، دواتر ئەویش پەیوەندی کردەوە بە بارەگای پەیمانگای نوێ لە نیۆیۆرك .

یەکەم سیما کە ئەندامانی پەیمانگا لەو کاتەی کە لەئەمەریکا بوون دیاریان کرد ئەوە بوو کە لە چوارچێوەی یەك زمانیدا دەربچن،خۆیان لەناو ئەوەدا دیتەوە کە ناچارن توێژینەوەکانیان بە زمانی ئینگلیزی بنوسن، ئەمەش بۆ گەیاندنی بیرۆکەکەیان بە واقیعی رۆشنبیریی نوێ، ئەمەو سەرەرای نوسینی زۆرێك لە توێژینەوەکانی تریان بە زمانی فەرەنسی یان ئەلمانی (زمانی دایکیان) ئەمە هاوکار بوو لە پەلەپێکردنی پرۆسەی دەرچونی توێژینەوەکانیان بۆ چوارچێوەیەکی جیهانی، ئەمەش یەکەم بەهۆی سەراپاگیریی فیکریی‌و جیدییەتی تێروانینی فەلسەفیان،دووەم بەهۆی فرەهەندی زمانەوانی زیندوو کە توێژینەوەکانی لەخۆوەگرتبوو، سیمای دووەم دەسکەوتێك بوو لەسەر ئاستی بیرکردنەوەی رەخنەیی‌و گەشەپێدانی تیۆری رەخنەیی . بەریەککەوتنی بیرمەندانی پەیمانگا بە واقیعی ئەمەریکیو رۆشنبیریی ئەمەریکیو کۆمەلگای سەرمایەداریی،پالی نا بۆ سەرلەنوێ بیرکردنەوە بە مارکسیزم وەك چەمکگەلێکی کلاسیکی باوەڕدار.ئەم هەلس‌وکەوتە ئۆرگانیکییە لەگەڵ واقیعی سەرمایەداریدا

ئاراستەی کردن بەرەو دۆزینەوەی نوێ لە بواری فیکری رەخنەیی، بۆیە سالأنی سییەکان قۆناغێکی بنەڕەتی بوو لە پێگەیشتنی تیۆریی رەخنەییو گەشەسەندنی تا گەیشتنی بەو شێوازەی ئێستای لە زانستیبوونی توێژینەوەو دیاریکردنو وردبینی لە ئامرازە شیکارگەرییەکانی.

## ٢- قوتابخانەی فرانكفۆرت لەهەندەران فراوانتربوونی بابەتی رەخنەیی

مەنفا لەروئیای قوتابخانەی فرانكفۆرت نەبووە ئالۆزیەكو شێوانێك بەدوورکەتنەوەی بیرمەندەکانی لە گۆرەپانی گەرمی رووداوە سیاسیەکاندا کە کورتەی کۆتایی دوڕیانی سەراپای بونیادی کۆمەلأیەتی پێکدێنێ لەگەڵ سیستمی سیاسیدا، ئەو سیستەمەی مەبەستی بوو دەسەلاتوهێلی بەرژەوەندییەکانی خۆی بەچەند مەرجێکی جۆراو جۆر بپارێزێ،هەروەها مەنفا دیسان بەشێك نەبوو تا پەیوەندییەکی یەکگرتووی دیاردە کۆمەلایەتییەکان بێت لەنێو کۆمەلگای ئەمەریکادا وەك نمونەیەکی هاوشێوەوناجیاواز لەجەوهەردا لەگەڵ کۆمەلگا ئەوروپیە سەرمایەدارەکانو رێکخراوە لیبڕالیو فاشی یان نازییەکانییەوە .هەروەها بەسەر پانتایی سۆسیۆ-سیاسی ئەوروپی کەلێیەوە لێکۆلینەوە تیۆرییەکانی سەرەتایی قوتابخانەی فرانكفۆرت سەری هەلداو زاڵ نەبوو،بەلکو مەنفا بوو بە بەرپەرچدانەوەیەکی ئیزافەکەر لە پێشکەوتنی تیۆری رەخنەیی بەئاراستەی زەمینەیەکی فراوانتر لە هەلبژاردەی خراوەرووی چارەسەریی،کۆمەلگای ئەمریکیش وەك نموونەیەکی کۆمەلگا سەرمایەدارەکان بەتایبەتمەندیەتیێکی نوێ دەخرێتەسەر نمونەی کۆمەلگای ئەوروپی،بگرە هەندێ لەشێوەکانی بەوپێیەی کە نمونەیەکی سەرمایەداریی پەتییە،وەك مەنفایەك





بەرجەستەتربوو لەهەندێ کۆمەلگای تری ئەوروپی کەتیایدا تیۆری رەخنەیی دەکرا بوارە کۆمەلیەکانی زەینی ئەوانەی کە لە ژێر سێبەری سیستمە سەرمایەدارییە لیبڕالیەکان لە ئەوروپادا رۆشەن بکرێنەوە . سەرکەوتنو پەرەسەندنی سیستمە فاشییەکان لە ئەلمانیاو ئیتالیادا مانای ئەوە بوو کە پەڵەیەکی مەیدانی نوێ پەرەی سەندووە دەکرێ گەمارۆی قوتابخانەی فرانكفۆرتو ئەزموونە تیۆرییەکەی بدەن،فاشیزم کە هەر لەزووەوە بەئاشکرا هەلۆێستی توندو تیژی خۆی لەبەرامبەر هەر هەولێکی فیکری رەخنەیی ڕاگەیاندبوو دژی ئەو فیکرە رەخنەییانە گەرەکیان بوو لەنێو واقیعی سەرمایەداری کە لەسەر چەرخی بونیاتە دەستوورییە لیبرالیەکەی دا هەموو ئەو چالاکیو هەولانەی خەریکی دەورەدانو دەستبەسەرگرتنی راستەوخۆ بوون ئاشکرا بکەن بۆیە گواستنەوەی پەیمانگا بۆ نیویۆرك لەسەر قولبونەوەی ئینتمیا شیکردنەوەییەکەی سۆسیۆلۆژیای واقیعی ئەوروپی مایەوە بەنزیك بوونەوەی لەم قۆناغە مێژووییە خێراییەی سەرکەوتنی فاشیزم . ئەمە لە نوسینە رەخنە ئامێزەکانی ڤالتەر بنیامین بە شێوەیەکی تایبەت بەدەردەکەون،کاریگەریەکەی پەیمانگا بەسەر لێکۆلەرە لایەنگرەکانی لەنیویۆرکدا کورتنەبووەوە بەلکو کاریگەری دەروونیشی بەسەر لێکۆلەرانی تری پەیمانگا هەبوو ئەوانەی کە هێشتا نەهاتبوونە نیویۆرك. لێرەوە رایەلە پانو بەرینەکانی پەرەسەندنی فیکری رەخنەیی قوتابخانەی فرانكفۆرت لە مەنفا لەنێو رەهەندە جۆرێتیو پسپۆریە جیاوازەکانی لێکۆلینەوەدا پێشکەوتنێکی نوێی هێنائاراوە لە مامەلەکردن لەگەڵ بابەتەکانی تری فیکری رەخنەیی لەم قوتابخانەیەدا،بەجیابونەوە لەچوارچێوەی پێکهاتە سەرەتاییەکەی لەنێو (( پەیمانگای لێکۆلینەوەی کۆمەلایەتیدا )) لەفرانكفۆرت،چونکە بوونی فیکریی لەشوێنێکدا

بەرەنگابوونەوەیەکی تری شێوەکارگێری‌و ڕێکخراو دەسەپێنێ یاخود تاکڕەوانە بۆجێگیرکردنی بوونێکی تایبەتیانەی فیکری لە نێو ژینگەی فەلسەفەی گشتیدا لە مەنفادا ئاسۆی نوێ لە نێو تیۆری ڕەخنەیی قوتابخانەی فرانکفۆرتدا بەرجەستەبوون بەتێکەلکێش بوون لەگەڵ بابەتە نوێ‌و جۆراوجۆرەکانی لەسەروی هەموویانەوە دەرکەوتنی شیکردنەوەی دەروونی بوو، کەلایەنێکی نوێ‌و تەواوکەر بوو هاتەسەر ئامرازی ڕەخنەیی‌و لێکدانەوەییەکانی رابردووو هەڵێنجراو لە مارکسیزم‌و سۆسیۆلۆژیای ئەڵمانی هاوچەرخ بەتایبەتی ماکس ڤیبەر . لەسەرەتاو لێکۆڵینەوەکانی ڤیلهیام رایش یارمەتی دەربوون لەهێنانە کایەی زەمینەیەکی لێکدانەوەیی بیرمەندانی قوتابخانە، ئەوکاتەی ئەنجامە گرنگەکانی عەقلانیەت سەرنجی هەموویانی راکێشا کەدواتر شیکردنەوەی سایکۆلۆژیای کۆمەلایەتی پێگەیشت،هەروەها روناکبیرییە رەگ‌و ریشەییەکەی سایکۆلۆژیاو میتۆدە لێکدانەوەییە دەروونیەیەکەی خستیانەروو،بۆ لێکۆلینەوەی سۆسیۆلۆژی لەپێناو گەیشتن بە هەرچی زیاتری وردبینی لە لایەنە دیاریکراوەکان بابەتە توێژیەنەوەییە پۆلینکراوەکاندا،لەلایەکی ترەوە سایکۆلۆژیا بازنەی تاکگەری خۆی بەئاراستەی کۆمەڵگا گۆری‌و کردەی شیکردنەوەی سۆسیۆ- سایکۆلۆژیای رایش لای هێربەرت مارکیۆزە گۆرا بۆ شیکردنەوەی رەخنەیی،رەخنەی ئامانج‌و ئەنجامێکی خوازراو بوو لەرێگەی پراکتیکی میتۆدییەتی سایکۆلۆژیا بەسەر بزاوتی دیاردە کۆمەلایەتییەکان . لێرەوە کتێبی (( ئیرۆس‌و شارستانیەت ))ی مارکیۆزە بناغەو تەواو کاری تیۆری رەخنەیی قوتابخانەی فرانکفۆرت بوو ئاراستەکەی رووەو فرۆیدیزم کەدواتر بەجیا لەگەل بیرمەندانی قوتابخانەوکاریگەریەکانیان لە پێکهاتە بۆنیادییەکەیدا لەگەل رێرەوی مارکسی‌دا مایەوە بەلام پێکهاتە فیکریەکەی مارکیۆزە لە بنچینەدا لە نێو





بازنەی سایکۆلۆژیادا ئەکادیمی نەبوو بەلکو لە چوارچێوەی فەلسەفەی سۆسیۆلۆژی بوو،بۆیە دەسکەوتەکانی مارکیۆزە لە بواری سۆسیۆ سایکۆلۆژیادا لە نێو قوتابخانەدا کەم‌و کورتی ئاراستەی پسپۆرییەکی جێگیری هەبوو ئەمەش لەبەر بایەخ پێدانەکانی تری بوو بەفراوانکردنی سنوری سۆسیۆلۆژیاو سیاسەت وئابووری بوو بۆتیۆری رەخنەیی لە تێگەیشتنە نموونەییەکانی نموونەی سەرمایەداریدا،پاشان بالی سۆسیۆ سایکۆلۆژی لە نێو قوتابخانەدا تاوەکو شیکەرەوەی دەروونی بەناوبانگ ئەریك فرۆم نەهاتە ناو قوتابخانەکەونەبوو بە ئەندام پێنەگەیشت، دواتر کاری پێشکەوتووی بەدەست هێناوئەو بناغەو بنچینەیەی کە مارکیۆزە لە ((ئیرۆس‌و شارستانیەت )) بونیادی نابوو گەشەی پێدرا وەك لقێکی نوێ لە چالاکییە فیکرییەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت،لەمەدا بەشداری فرۆم بەشدارییەکی تەواوکارو زیاتر پسپۆری بوو بەیەکەم هەلقورتانە تیۆرییە تەواوەکەیدا لەنێوان شیکردنەوەی دەروونی‌وفیکری رەخنەییدا بەپێ ی دامەزراندنی بونیادی یەکگرتوو تێکەل لە مارکسیزم‌و فرۆیدیزم لەماوەی نێوان دوو لایەنی تەریب‌وبەرامبەر نەك وەك شێوەی چەندایەتی‌و بەس بەلکو لە شێوەی چۆنایەتی - ڤالبوونەوەدا [85]. ئەریك فرۆم لە بەیسیك ئەنالیزمدا پسپۆرییەکی فراوانی هەبوو خاوەن رۆشنبیرییەکی لەبن نەهاتوو بووە،لەسەرەتاوە سییەکان بەقولی فرۆیدی خوێندوتەوە بێگومان زۆر بە فرۆید کاریگەر بوو بە قولایی ئەودا چوەتە خوارەوەو تەنانەت ئەوکاتە ببوو بە فرۆیدێکی ئەرسەدۆکسی لەدواییدا کە لەگەل ڤیلهیام رایشدا لەئەرکە فیکرییەکەیان بەردەوام بوون بەرە بەرە لەو ئالۆزییەی فرۆیدییە دوورکەوتەوە ئەوان کۆمەلگایان وەك بابەتێکی کاریگەر نرخاند لەنێو بونیادی دەروونی تاکدا،هەروەها جیابوونەوەی فرۆم لە فیکری فرۆیدی لەسەر بنەمای هەلۆێستە گشتییەکان سسیستمی فرۆیدی بوو وەك

گرێی ئۆدیب، که فرۆم بەهەموو شێوەیەك دژایەتی دەکرد ئەگەر وەك داینەمۆی بنچینەیی کۆمەڵگای پاتریارکی حساب بکرێ هەروەها ئەو تێزەی لەسەر میحوەری ئۆدیبی بونیادنراوە، ناکرێ وەك پێشکەوتوویی مێژووو بزاوتی هەمووەکیی کۆمەڵگا قەبولبکرێ . ئەریك فرۆم بەدابرانی لەفرۆیدیزم تادەهات له ئاراستەی سۆسیۆ سایکۆلۆژیای نزیکدەکردەوە کەبنەما سەرەتاکانی له لێکۆلینەوەکانی بەرجەستە دەبوو بەپلەی یەکەم ( رایش ) هەر لەسەر لێکۆلینەوەکانی رایشدا بایەخی فیکری لای ئەریك فرۆم بەدەرکەوت کەوەك فیکر ،خوێندنەوەی مارکسیانە بوون‌و خاوەن تیشك‌و رووناکی فراوان بوون له تەفسیری زۆر دیاردەی سایکۆلۆژی که بێئاگابوون له مەیدانی پێکهاتەی رووتی تاکگەرایی بۆ گرێ‌و دەمارگیرییەکان، بەخوێندنەوەکانی فرۆم بۆ مارکسیزم لێکۆلینەوەکانی شێوەیەکی رەسەن‌و نوێیان وەرگرت،کە دواجار هەموو لێکۆلینەوەکانی وەك پرۆسەیەکی شیکردنەوەیی دەروونی کۆمەل دانرا بەپێی بارودۆخی ئابووری سیاسیی سەردەمەکە،بە گەیشتنی پەیمانگا بۆ نیۆیۆرك،زۆرینەی ئەندامانی بایەخی گەورەیان دا بەشیکردنەوەی دەروونی وەك کلیلی چالاکی لەپێناو دەولەمەندکردنی خوێندنەوە رەخنەییەکانیان بەئامرازە نوێیەکانیشەوە،بەلام توێژینەوەکانی فرۆم زۆرترین کاریگەری لەسەر قوتابخانەی فرانکفۆرتدا هەبوو له بواری سۆسیۆ دەروونیدا بە شێوەیەك کە توێژەرە نوێکان دواتر کاریان تێدا دەکردو لەسەر ئەو بنچینەیەی مارکیۆزە له (( ئیرۆس و شارستانیەت )) دا پێکی هێنا بوو،هەروەها لەوەگەیشتن کە فرۆم بۆ ئەم بنەرەتەی بەدەستهێنابوو لەپێگەیاندنی میتۆدییانەی دواتر بوو بەتەیارولقێکی سەربەخۆ لەفیکری رەخنەییقوتابخانە فرانکفۆرت.

رەخنەگرتن له بنەمای تەقلیدی‌و شەرعییەتەکەی‌و سەرچاوە تیۆرییەکەی له





دەسەلات گرتنەدەست‌و کۆنترۆلدا، بەگەڕانەوە بۆ ڕەگ‌و ریشە مێژوویی‌و رەخنەی تیۆری (( یاسای سروشتی )) دەبێ، کە ببووە سەرچاوەیەکی (( شەرعی )) زۆرینەی دامەزراوە سەروەرەکانی ئەو کات وەك دەسەلاتی سیاسی لەنێو سستمی لیبرالیدا،لەوکاتەدا رەخنە ئاراستەی پاڵپشتە تەقلیدییە پێکهاتووەکانی بناغەی شەرعییەتبوونیەوە دەکرا،تاوای لێهات شەرعیەتی رێرەوەکە له سەپاندنی میتۆدیکی شیکردنەوەی رەخنەیی هەلوەشانەوەگەریدا له نێو واقیعی سەرمایەداری لیبرالیدا بگۆری بۆ میتۆدێکی توێژینەوەی سسیستمی سیاسی لەسایەی سەرمایەدارییە هەمووەکییەکەی راستەوخۆ وەك فاشیزمی ئیتالی‌و نازیزمی ئەلمانیا ،هەروەها ئەگەر هاتوو دەسەلاتی سیاسی لەناو سسیستمی لیبرالیدا شایەنی ئەوەبوو شەرعیەتە تیۆرییەکان خۆی لەژێر پالەپەستۆی رەخنەی رادیکالی دەسەلات لەهەموو چرکەیەکدا دووپاتی ئاشکرایانەی هەمووەکیەکەی بکات، دەبێتە رەخنەیەکی حەتمی‌و بەزۆر کە دەچێتە دەرەوەی خواست‌و سیفەتی حالەتی یەکەم سەرەرای زۆری لێکۆلینەوەی رەخنەیی لەسەرنازیزم لای بیرمەندانی قوتابخانەی فرانکفۆرت دا بەلام ئەوەی کە نازیزمی خستبووە حالەتی دلەراوکێ نوسینەکانی ڤالتەر بنیامین بوو وەك لەوانی تر،بەشێوەیەك کەلای نازییەکان بووبە مەترسی هەرە گەورەی بواری رەخنەیی،نازیزم لەو کاتەدا حەقیقەتە ترسهێنەکەی بەدەرکەوتبوو بەو پێیەی کەیەکێك بوو لەتووندووتیژترین شێوەکانی دەسەڵاتی ناشەرعی‌و فیکرە بنچینەییەکەی سیستمی نازی تەواو پێچەوانەی یاساولۆژیك بوو بەهۆی پرەنسیپی ئینتیما ناسیۆنالی‌و رەگەزپەرستییەکەی ،چونکە هەموو هۆشیارییەکی ناسیۆنالی هۆشیارییەکی فاشیستانەیەو لەسەربنەمای رەتکردنەوەی فیکری ئەوی‌دی دایە ،ئەو ئامرازەکانی سەرکوتکردن‌و توندو

تیژی لەنێو دەسەڵاتی سیاسیدا بەرهەم دەهێنا،سەرهەڵدانی نازیزمو پەرەسەندنەکانیو پێگەیشتنە باڵاکانی لە ئەڵمانیادا زیاتر ئەوکاتە رێگری جەوهەری بوون لەدژیتیۆری رەخنەییو فیکری دژەلێکدانەوەییەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت بوو ،لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر نازیزم سەری هەڵنەدابوایە فیکری رەخنەیی قوتابخانەی فرانکفۆرت بۆی نەدەگرا بوارو مەیدانێکیتر بدۆزێتەوە بۆزۆرترو فراوانترکردنی هەوڵە لێکدانەوەییەکانی پەیوەندی نێوان دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکانو دەسەلاتو ئایدۆلۆژیاکەیو ئامرازە سەرکوتکەرە راستەوخۆو ناراستەوخۆکانی تریو بونیادە ئابووریەکەیو پێشینە بەدەسهاتووە تیۆریەکەی بۆشێوانی هۆشیاریی بە کۆمەلو چەسپاندنی ئارەزووە گشتیەکانی بۆ قەبولکردنی بەردەوامێتێییەکەیو قەبولی دژە بۆچونە حەیابەرەکانی وەك دیاردەیەکی (( لۆژیك))!! لەم رووبەرووبونەوەیەدا لەگەل نازیزمدا فیکری قوتابخانەی فرانکفۆرت توانی تەرکیز لەسەر ململانێیەکیجیاوازە فۆرم لەناوەرۆکە فەلسەفییەکەیدا بکات،تاوەکو دواجار دوا ئامرازی بەرەنگاری لێکدانەوەی رەخنەیی خۆی بۆ حالەتی نازیزم بەیانکرد،لێرەدا دەکرێ نازیزم لە ئامادەیی واقیعییو دەسەڵاتدارییە وەحشیگەرییەکەی بەسەر باڵی لۆژیکییو میتۆدییدا لە قالبێکی تیۆرییەوە هەڵوەشێنێتەوە، چونکە توندو تیژی کردارە ناعەقلانیە تێکدەرەکانی لە بەرامبەر پێکهاتەی بوونی مرۆڤدا بێگومان هەڵوێستێکی گوماناوی دەداتە لێکدانەوەی تیۆریی وەك بەربەستێك لەبەردەم تەلاری فاشیزم بەهەموو ئەو گەورەییەی دامەزراوەکانیەوە لەگەل هەموو ئەم توندو تیژییەی بەرامبەر تاكوشوێنگەی گشت ئەوانەی لەدەرەوەی ئایدۆلۆژیاکەیاندا مامەلەیان دەکرد،هەر ئەمەبوو وای لە ڤالتەر بنیامین کرد لەکۆتاییدا نائومێدبێ سەرەرای سەرکەوتوویی بونیاتە فیکرییەکەی لەلایەنە





تیۆرییەکەدا،لەتێگەیشتنی سروشتی نازیزمی ئەلمانیاورەخنەگرتنی دا، هەرگیز نەیتوانی پاساوەکانی خۆی پێشکەش بکاتو بەیەکجاریو سەرتاسەری مەحکومی بکات لەبەر فراوانیو زۆری توندوتیژییو هەبوونی دژواریو هەنگاونانی رووەو لووتکەی بەهێزی خۆی هەموو ئەمانە بەکردار بنیامینیان لەڕو لاواز کرد،لەسالی ١٩٤٠ ڤالتەر بنیامین خۆی وەك قوربانی راستەوخۆی واقیعی داخراوی فاشی ببنیەوەو شتێکی نەبینی (( سودمەند )) بێ لەبەرەنگاربوونەوەیدا . تەنانەت سادەترین چالاکییە فیکرییەکان، کۆتاییان پێهاتو خوێندنەوەو نوسین لای ئەو بووە کارێکی ئەستەم ئەم حالەتە گرانە بوو بە هۆی ئەوەی لەیەکێ لەبەرەبەیانەکانی سالی ١٩٤٠ داخۆی بکوژێ (٨٦) بنیامینو نوسینەکانی یەك شت بوونو لەیەکتری جیاناکرێنەوە،فیکری رەخنەییوبابەتە فیکرییەکانی لای ئەو ژیانی تایبەتی ناوەوەی ئەو بوون ئەمەش لەسەر زمانی تیۆدۆرئادۆرنۆوە بیستراوە لە کاتی وەسفکردنی نوسینەکانی بنیامیندا، نوسینەکان سەرچاوەی ترسبوون کەدواتر دەبنە کامەرانی(٨٧) ئەو سەبارەت بەخۆ کوشتنەکەی بنیامین وتی بەردەوامییەکی کردارەکی هۆشیارییە تیۆریەکەیبوو وەك گەشەیەکی رەخنەیی دیکە، دەکرێ بکرێتە نموونەیەك لەنێو بونیادی فیکریدا چونکە لەکۆتاییدا بەشێك بوو لەو،ئەم خۆکوشتنە، ئامانجەکەی بنیامینی بەرجەستەکرد کاتێ رۆژێ لەرۆژان لەلای یەك لە هاورێکانیدا درکاندبووی : پەیوەندیکردن بەو خالەی تیایدا سێنترالیزە دەبێ دوورکەوتنەوەی هەموو واقیعێکی ئەتککراوەیە(٨٨) . بەسەرکەوتنی نازییەت فەیلەسەفیتر بەرهەمهاتن کەدواتر هەڵسان بەتەرخانکردنی فیکرە رەخنەییەکانیان بۆتۆژینەوە لە قوتابخانەی فرانکفۆرت لەماوەی قۆناخی مەنفا لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا بەڵام توێژینەوەی هیچ کام لەم فەیلەسوفانە نەگەیشتنە ئەو ئاستەی کە نوسینەکانی بنیامین پێیگەیشتبوو، وێرای بایەخی گەورەی هەندێکیان وەك نیومان (Franz Neumann ) کە توێژینەوەکانی بەبایەخەوە وەسفدەکرێن بەشێوەیەك کەسەرنجو بایەخو گرنگی کەسێکی وەك ئەنتۆنیۆ

گرامشی بۆلای خۆی راکێشاو پێی وابوو کە بناغەیەکی تیۆرییە لە بنەماکانی رەخنەی فاشیزمدا،هەروەها کەسێکی وەك کیرخهایمەر(Kirch heimer ) کەدواتر چەندین کتێبو توێژینەوەی پسپۆریی لەسەر نازیەتوشیکردنەوەی سروشتی نازییەت نوسی . یەکێ لەو لقە نوێو گرنگانەی هاتنە نێو تیۆری رەخنەیی قوتابخانەی فرانکفۆرت بواری توێژینەوەی ئیستاتیکی بوو،لەمەشدا توێژینەوەکانی ئەدۆرنۆ کە بەیەکێ لەناودارترین جوانناسەکانی قوتابخانە دادەنرێت توانیان چەمکە مارکسیەکان لەبواری جوانناسیو پێوەرکانی پشکنینی کاریگەریی هونەریو وزەی نەفیکردنو دەستبەسەراگرتن تیایداوبەردەوامییە رادیکالییەکانی لەنێو چەسپاوی کۆمەلایەتیی دەرهاویشتەی قولایبوونی هەمووەکیانەو سەراپاگیریی سیستەمی لێکۆلینەوەی شیکاری رەخنەیی بۆ کاریگەری هونەریوپێکهاتە وەزیفییەکەی لە ئەفراندنی گۆرەپانی خوازراوی گۆڕان دژی ئەو چەسپاندنەی کە دەویسترا لەرێگەی دەزگاکانی راگەیاندنو(( رۆشنبیری )) دەسەلات بکرێ بەرەخنەیەکی تری رۆشنبیریی فەرمی ( زالّ ) ی بێتە بەرهەم،یان ئەوەی پێی دەگوترا ئایدۆلۆژیا بەو رۆشنبیرییە جەماوەرییەی کە رۆلی شۆرشگێریی هونەری یان کاریگەری ئەدەبی رەتدەکردەوە، کە لەرێگەی نرخە جوانو رادیکالییەکەیدا نوێنەرایەتی دەکرد،دیارترین ئەو کەسانەیش کە لەبەردەم ئەو بابەتەی جوانناسیو رۆشنبیری جەماوەرییەوە وەستابوون هەریەکە لە تیۆدۆر ئادۆرنۆو هێربەرت مارکیۆز بوون،هەر لەکاتی گواستنەوەی (( پەیمانگای لێکۆلینەوەی کۆمەلایەتی )) سالی ١٩٣٣ بۆ سویسراو پاشان بۆ نیۆیۆرکو تا سالی ١٩٥٠ مێژووی گەرانەوەی بۆ فرانکفۆرت لە ئەلمانیادا،پەیمانگا، ئاراستەیەکی فەلسەفیو سۆسیۆلۆژی تایبەتی لەفیکری جیهانی هاوچەرخ لەخۆوەگرتبوو لە هەموو بابەتە جۆراو جۆرەکانی کە بابەتی توێژینەوەی پەیمانگا بوون . بیرمەندانی قوتابخانە لەمەدا سەرکەوتن،تیۆرێکی رەخنەیی تایبەت بەخۆیان هێنابووەکایەوە کە هەلگری بنەماو پالپشتی فەلسەفی نوێ بوون ئەوان شیکردنەوەوچەمکە رەسەنەکانیان لە ڕێگەی ((توێژینەوەی





عەقلی بۆرژوازی))و جولانەوە سیاسی و کۆمەلایەتیەکەیدا ئیزافەکرد، هەروەك سەرجەم هەولەکانیان لەدوای سالی ١٩٤٠ەوە لەبواری تیۆری رەخنەیی وەك بابەتی سەرەکی گرنگ بۆ نازییەت،رەخنەی سەرمایەداری دەولەتو رەخنەی سۆسیالیستی دەولەت تەرخانکرد بوو،پەیمانگا لەماوەی ژیانیدا لە مەنفا ئەرکی چاپکردنی بەشێکی گەورەی توێژینەوەو دیراسەی خاوەن کۆمەلێك بابەتی جیاجیا بوون کە زۆربەیان لە گۆڤارە سەرەکیەکەی پەیمانگا (( گۆڤاریتوێژینەوەی کۆمەلایەتی )) بلاودەکرانەوە،هەر لە سالی ١٩٣٢ وە تاکو سالی ١٩٤١ بەردەوام بوو،ئەوکاتەش دەرکردنی ئەم گۆڤارە بەیەکێ لە چالاکیە گرنگەکاندا دەنرا لە قۆناغی مەنفای دوورلە ئەوروپا . سەرەرای زۆری بیرمەندانی سەربە ((پەیمانگای لێکۆلینەوەی کۆمەلایەتی )) (قوتابخانەی فرانکفۆرت ) ئەوانەی کە تەیاروئاراستە فەلسەفییە گرنگەکانیان داهێنا بەپێی سروشتی ئەو بابەتەی کەتیایدا پسپۆر بوون،کەچی تیۆری رەخنەیی شیکاریوئاراستەی فیکری جیاکەرەوەی ئەم قوتابخانەیە بەهەولی سێ بیرمەندی سەرەکی هاتنە ئەنجامدان کە فەلسەفەکانیان بووبە میحوەری سەرەکی کە دواتر رەسەنایەتی فیکریی قوتابخانەی فرانکفۆرتی لەسەر بونیاتنراو، بوو بە تەواوکاریك بۆ تیۆرە رەخنەییەکەی ئەوانیش : ماکس هۆرکهایمەرو تیۆدۆر ئادۆرنۆو هیربەرت مارکیۆزە بوون .

## بەشی پێنجەم

### پاژی یەکەم

# بیرمەندانی قوتابخانەی فرانکفۆرت

## ١-ماکس هۆرکهایمەر

شەڕی جیهانی یەکەم لەدیدی هۆرکهایمەرو ئادۆرنۆش پێکدادانێکی ئاسایی نێوان دیموکراتیەتو فاشیزم نەبوو.[٨٩] چونکە ئەو ئۆرگانو دامەزراوانەو،گەمارۆدانی بونیادی دژکاریەکانیانیشیان لەنێوان خۆیاندا لەرووی شێوازەوە بەشداریان تێدا کرد،وەلێ ئەو تایبەتمەندیانەی کۆی دەکردنەوە، ئامانجی بەردەوامی بۆ ڕێکخستنی هەژموونو چەپۆکی بوو، بەپێی میتۆدێکی پێشکەوتووی هوشیارانە لەهەمبەر حەقیقەتی ئەو هێزانەی مەترسیان دەخستەسەر بوونی، بۆیە گریمانەی کێشکردنی هاوپەیمانان بۆ جەنگ بەلای هۆرکهایمەرەوە قۆناغێکی نوێ نەبوو لەمێژووی مرۆڤایەتیدا. بەڵکو تەنها بارومەرجێکی نوێی چینێکی باڵادەست بوو کە بەسەر شێوازێك لەشێوازە داهێنراوەکانی جەختکردنەوەو بەعەقڵانی کردنی کەرەستە هەژموونگەریەکەیدا دەیسەپاند.. دواجار جەنگی جیهانی دووەم بەزەرورەت کلیلی چارەسەری سەرکەوتوو یان دەسپێکێکی ریشەیی نوێ نەبوو. هەر لەجەنگی جیهانی یەکەمەوە هۆرکهایمەر ئەوەی دەبینی کە





شەڕێکی تەواو ڕووداوێکی نێگەتیڤی ڕەها ناتوانێ دەرەنجامێکی رادیکاڵانە لەسەر ئاستی گشتی بەدەربخات.

گەشبینی فەلسەفیانە یان فەلسەفە گەشبینیەکان لەدیدی ئەودا شتێك نەبوون جگە لە دوورکەوتنەوەی تەواو لەحەقیقەتو واقیعیەتی شتەکان، بەردەوام بەلای ئەو شتانەی کە دژ بەگەشبینی سادەیی وێناکردنەکاندا دەکشا، وەك ئەوەی کەبەلای فەلسەفەی شوبنهاوەردا کشابوو، وای دادەنا گوزارشتە لەبەدەرخستنی راستەقینەی واقیعی شەڕو ناسۆرییەکانی. وەك حاڵەتێکی سروشتیش لەرەشبینیدا فیکری رەخنەیی لەدایك دەبێت، رەخنەش شتە میتالیەکان قەبوڵ ناکات، رەشبینیش رادیکاڵیەتی گۆڕانکار بەرهەم دێنێ، چونکێ خۆی رەتکەرەوەی بوونی ئەو وجوودەیە کەهەیە. لێکۆڵینەوەی وردبینانەی هۆرکهایمەر بۆ مارکسیزم وای لێکرد بنەما سەرەکیەکانی هەزمبکات، کەوا بەتەنها فەلسەفەیەك نەبوو بۆ مێژوو، هەروەك شوناسی کۆتای کەرەستە کۆمەڵایەتیەکانیش نەبوو. هۆرکهایمەر وای هەلسوکەت لەگەڵ فیکری مارکسیدا کرد، کە ئامرازێکی زانستیانەی رۆشنکەرەوەی واقیعە. مارکسیزم لەدیدی ئەودا دەبێتە شێوازێك لەواقیعیەتی زانستی، ڕێك بەپێی ئەو دیدەش لەسەر ئاستی راستەوخۆی سیاسیانە هۆرکهایمەر ئەو بنبەستبوونو سەرکەوتنانەی کە شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەیەکێتی شورەوی بەدەستیهێنابوو لەبەرچاوی گرتن. دیارە دوای گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن ستالینەوە وای دانەدەنا کە سەرکەوتنێکی تەواوە لەپراکتیکدا، هەروەك ئەو بۆچوونەی کە شیوعیە ئیماندارەکان ئەو شیوعیانەی کە هیچ شتێکیان نەدەدی تەنها لەرێگای بڵاوکراوە حزبیو دەقە بەرتەسکەکانەوە نەبێت، دواجار هۆرکهایمەر شۆڕشی ئۆکتۆبەری وەك بەبنبەست گەیشتوویەکی تەواو نەدەزانی وەك ئەوەی بۆرژوازییو دوژمنەکانی ئەو

شۆڕشەو ڕەوتە رادیکاڵیەکەی ئەو شۆڕشە، وایان دەبینی. بەڵکو وای دەبینی که بنبەستبوونو سەرکەوتن لەشۆڕشدا لەوانەیە پرۆسەی بەشۆڕشکردنی خۆی لەیەکتر جیاببێتەوە. بۆیە هەر رەخنەگرتنێك لەشۆڕش که چینی کرێکار پێیهەڵسابێت، حەقیقەتێکی فیکری لەخۆدەگرێتو هورکهایمەر وەك هوشیاریەك بۆ گۆڕینی شتەکان وەسفی دەکات لەمیانە کردەیەکی رەخنەیی تیۆریش کەلەدەرەوەی چینی کرێکارو بزوتنەوە رێکخراوەکەی سەرهەڵدەدات. لەحاڵەتی گەشەسەندنی بەردەوامو بەرەوپێشچوون دایەو دەسپێك لەساڵی ١٩٣٠ ئەوکاتەی هۆرکهایمەر تێکەڵ بەفوتابخانەی فرانکفۆرت بوو، بیرۆکە سیاسیی‌و فەلسەفیەکانی دەستی پێکرد، روانینشی دەربارەی کاری رەخنە وای لێهات رەهەندێکی فەلسەفی‌سۆسیۆلۆژی وەربگرێ بەشێوەیەك که لەچوارچێوەی تەنزیرکردن بۆ بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی‌و کاری سیاسی لەنێو واقیعداو بەرۆڵی فیکری میتۆدی بەخشی..گیرگازو خەمخۆرییە فەلسەفیە تیۆریەکانیش لەلای هۆرکهایمەر دەرکەوتن بەتایبەت لەنووسینە بەراییەکەی بەناوی( تیۆری کلاسیکیو تیۆری رەخنەیی) که ساڵی ١٩٣١ دەرچوو، تیایدا رەخنەی لەتیۆری کلاسیکی گرتبوو لەبواری بیرکردنەوەداو چەند هێڵێکی بۆ ئاراستە نوێیەکان دیاریکرد کەرەخنەی شیکارگەرایی بۆ واقیعو دینامیکیەتی کۆمەڵگاو سیاسەتی لەخۆگرتبوو. بۆ بیرۆکەکانی سودی لە کۆڵەگە تیۆرییە بنەڕەتیەکانی تیۆرە رەخنەییە پێشوویەکان لە فەلسەفەی ئەڵمانیدا وەرگرت بوو.. هەروەك پرۆژەکەی لەبارەی رەخنەی ئابووری سیاسیش سودی لەمارکس وەرگرت. لەرێگای لێکۆڵینەوەی فیکری هۆرکهایمەر ئەو بۆچوونە لەدایك دەبێت که تیۆری رەخنەیی هەموو رەگەزە چالاکەکانی لەمارکسیزم وەرنەگرتووە، لەگەڵ ئەوەی هۆرکهایمەر باوەڕی بەوە هەبوو که پرۆلیتاریا نوێنەرایەتی دەسکەوتەکانی فیکری رەخنەیی رادیکاڵیەو گەورەکەرەو





پێشەنگیشە بۆ بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی، وەلێ لەگەڵ ئەم رەهەندە تەواو مارکسیە رەسەنەشدا هۆرکهایمەر بەشێوەیەکی قوڵ سودی لەتەواوی ئاراستە رەخنەییەکانی فەلسەفە هەر لەسەردەمی رۆشنگەرییەوە بگرە بینیوە.[٩٠] گرنگی هەرە گەورەی لێکۆڵینەوەی هۆرکهایمەر لەوەدا کورت دەبێتەوە.. که هەڵساوە بەدەرخستنی جیابوونەوەو دابەشبوونە فەلسەفیە کلاسیکیەکانو گۆڕانیان بە مەعریفە لەواقیعی مێژوویی‌و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان. هۆرکهایمەر وایدەبینێ پرسیارکردن یان هەوڵدان بۆ بەدواداچوونی عەقڵانیانە دەربارەی کاری ئەپستمۆلۆژیا بەزەرورەت ملکەچی بەرەنگاربوونەوەیە لەگەڵ دەرونشیکاریو ئاوێتەبوونە لەنێو بوارە هەژموونگەریی‌و کاریگەرییە کۆمەڵایەتیەکەی، ئەمەش گەواهی دادەتە جێگیربوونی حاڵەتی بێئاگاییکردن بەدەوری کۆمەڵێك لەکاردانەوەی ئەکتێڤی پەیوەست بە مۆراڵی پێشوەخت لەئارا ئەمەش لەبەرامبەر کاردانەوە کەسیەکان.

ئەمەش تاکە شتە کەتوانای چاوەڕوانی عەقلانی دەخاتەروو، دیارە تۆبزکاری کۆمەلایەتیش کارێکی ئاسان نییە، تەنها بەهەوڵدانێکی گەورە نەبێت بۆ بەدەستهێنانی چۆنیەتی یەکبوونی ئەو تۆبزکاریانە لەنێو گروهە هەستیەکانی تاكو گروهە هەستیەکانی کۆمەڵ، یان چۆنیەتی روودانی جیابوونەوەی نێوان ئەوەی که کۆمەڵایەتیە لەگەڵ ئەوەی که تاکە کەسییە.. لەسەر ئەو زەمینەیەی روانینەکان هۆرکهایمەر بەشێکی زۆری بیرۆکەکانی گەڵاڵەکردو بەو ئاراستەیە گەشەیان پێ دەدات بۆ پرۆسەی سۆسیال socialissationیان هێنانە ژێرباری ئەوەی دەوڵەت یان هەندێ لە دامودەزگاکانی جێبەجێکاری سۆسیالیستی بکەن، بەگونجانی تەوافقی لەگەڵ شێوازی هەژموونی سەپێنراو لەلایەن دەسەڵاتی سیاسیدا.

شیکردنەوەی بەدەرکەوتوو لەدەرەنجامە کۆتاییەکانی نێو مەیدانی کۆمەڵایەتی سنورێکی سەرخانییە بەنیسبەت روانینی بنەڕەتی هۆرکهایمەر لەبواری هەڵسوکەوتی تیۆری لەگەڵ مارکسیزم‌و ماددیەتدا، بۆ بونیادی ماددی سەرەتا لەلای هۆرکهایمەر بەکردەکی لەسەر باوەڕهێنان بەحەتمیەتی پێشکەوتن ناوەستێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە بەشێوەیەکی هەستیارو وردبین توانایەکی دیاریکراو لەبەرچاودەگرێت بۆ شێوەیەك لەگەڕانەوەی مێژوویی[٩١] لەمیانەی ئەو تێڕوانیەی بۆ پێکهاتی ماددی‌و هەژموونی تیۆری کاردانەوەکەی چەقگیر لەواقیعی سیاسی- کۆمەڵایەتیدا دەردەکەوێت، بەو پێیەی کە تیۆر هیچ سنورێك بۆ بونیادنانی گریمانەکان دروست ناکات کە لەپەیوەندی لەگەڵ واقیعدا ببن بەچەمك.[٩٢] لەوماوەیەشدا کەوا رەگەزە تیۆرەیە رەخنەییەکانی فیکری هۆرکهایمەر قۆناغی رێڕەوگیری کامڵبوونی بەئاراستەی بونیادنانی روانینێکی شیکارگەرایی سەراپاگیری دەبڕی، ئەوکات بارومەرجی گشتی بۆ نموونە سیاسەتە گشتگیرەکان بەرەو سەرەوەگەشەیان دەکرد، بەئاراستەی جەختکردنەوە لەسەر ئامادەگی (داخراویی) لەسەر هەردوو شێوازی ئایدیۆلۆژی‌و مەیلی جێبەجێکاری لەنێو سیستەمی کۆمەلایەتی –سیاسیدا.. بۆیە لەنموونەی سۆڤیەتیدا، دەبینین کە هەموو ئەو گەشەسەندنانەی لەیەکێتی سۆڤیەتدا لەدوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر روایاندا، پەیمانگا لەلێکۆڵینەوەکانی بەردەوام بوو. لەگەڵ هەموو ئەو خۆوەدوورگرتنانەی کەهۆرکهایمەر دوای هاتنە سەرکاری ستالین لەبەرامبەر یەکێتی سۆڤیەتدا هەیبوون، دەبینین کە لێکۆڵەرانی پەیمانگا بەردەوامبوون لە لێکۆڵینەوەکانیان دەربارەی پلانی ئابووری‌و ئەزموونی سۆسیالیستی شورەوی‌و گەشەسەندنە پۆزەتیڤە بەردەوامەکان.. هیچ گۆڕانێك لەهەڵوێستی پەیمانگا بەرامبەر بە یەکێتی شوەروی رووینەدا، تەنها ئەوکاتە نەبێت کە





سیاسەتی لەناوبردنی ستالینیانە گەیشتە ترۆپك‌و پرۆتۆکۆڵی نازیەت – سۆڤیاتی بەسترا، کەبووە هۆی رێککەوتنێکی ئاستیانەی نێوان ستالین‌و هیتلەر. لەوێوە کۆگیری راستەوخۆیی سەریهەڵدا، کەوا ئەو سیستەمە ئەوروپاییانە بەرجەستەیان کرد، بەشێوەیەکی تایبەت خۆیان لە فاشیزمی ئیتالی‌و نازیزمی ئەڵمانی‌و، ستالینیزمی سۆڤیەتی بینیەوە.

بەبۆچوونی هۆرکهایمەر ئەو سیستەمانە بەگشتی (چ لەخاڵە وێکچووەکانیان یان لایەنە جیاوازەکانیان) شتێك نین جگە لەقەیرانی سیستەمی سەرمایەداری، کەوا سەرکەتوو نەبوو لەدۆزینەوەی دەروازەیەکی پۆزەتیڤ لەسەردەمی ئێستادا بۆ ئەو بالأبوونە تۆتالیتاریەی دەوڵەتی نوێ. لێرەوە هۆرکهایمەر بەدارشتنی هەنگاونانی زێتر پێشکەوتوو هەڵسا لەبەدەستهێنان فیکری رەخنەیی، بۆیە لەساڵی ١٩٤٢ توێژینەوە هەرە گرنگەکەی بەناوی ( دەوڵەتی تۆتالیتار) Autoitae Staat ی نووسی، تیایدا رێڕەوی کۆمەڵگا سەرەکیەکانی شیکردبووەوە، وەك پێشکەوتنێك کەبەئاراستەی سەرمایەداری دەوڵەت دەڕوات، کە دەرهاویشتەی پرۆسەی کەڵەکەبوونە بۆ یەکلایکردنەوەی بوارەکانی کەڵەکەبوون‌و کۆتایی پێشبڕکێی سەرمایەداری بەکاربراوە بۆ بەرزبوونەوەی قۆرغکارییەکان‌و نفوزی دەستخستنە ناوەوەی دەوڵەت‌و راکێشانی بەرەو سوچی دیکەی ژیانی کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌و رۆشنبیری، تا ئەو ئاستەی هەژموونی دامودەزگا فەرمیەکان تیایدا دەردەکەوێت کە گشتگیرن‌و چوونەتە نێو هەموو شتێك. دژکارییەکان لەو کۆمەڵگا سەرمایەدارییە سەرکوتکارانەدا دەرکەوتنیان کەمتر بۆتەوە، ئەمەش بەهۆی راکێشانیان بەئاراستەی سیستەمی شیاوو هاوسەنگ کردنیان لەگەڵ ئاراستەی گشتی‌و خواروخێچ بوونەوە بەشیەکان. ئەو کەمبوونەوەیەش لەنێو چوارچێوەی سەرمایەداری نێودەوڵەتیدا ئەنجامدراوە، بەهۆی جۆرێك

لەپلان‌و بەسیاسیکردنی هەڵوێست‌و قەیرانەکانی بونیادگەری نێو سیستەمەکە، لەپرۆژەی دامەزراندنی ماددیانەی رەخنەدا، بەئامانجی هاتنەکایەی بنەمایەکی فەلسەفیانەی ماددی نوێگەر بۆ تیۆری رەخنەیی، دابڕکراو لە پەیوەستیە ئایدیۆلۆژیە سیاسیەکان‌و نێوەڕۆکی چالاکی چینایەتی، ئادۆرنۆ هەڵسا بەهاوبەشی کردنی هۆرکهایمەر بۆ دامەزراندنی ئەو پرۆژە تیۆرییەی کە لەشێوازی نوێگەری ماددیانەی دیالیکتیکی رەخنەگەرا هەڵقولابوو.

لەکتێبی (دیالێکتیکی عەقڵ) کە هەردووکیان لەنووسینیدا بەشداربوون فیکرەی بنەڕەتی سەیرورەتی (دەستوریانەی) بۆ عەقڵ لەچوارچێوەی تێگەیشتنی لەئارا یان لەمیانەی گەشەسەندنی کەڵەکەبوو دەردەکەوێت. ئەو رێڕۆیشتنە نوێکراوەیەش بەناوی خەبات دژی دژکارییە سروشتیەکانەوە دەبێت کە کۆمەڵگایان گۆڕی بۆ سروشتێکی دووەمی زیاتر توندڕەوو جیاواز لەشێوازی یەکەمی خۆی. بەو شێوەیە دەبینین کە عەقڵ پوکاوەتەوەو وەلانراوە، ئاسۆیەکی نوێی بەسەر ئەو گەشەسەندنانەدا کردۆتەوە کە دژکاری هەموو ئەو شتانەبوون کەتوانیوەیەتی لەسەرەتاکانی سەردەمی بۆرژوازیدا وەك شارەزاییەك خۆی دەربخات، بەشێوەیەکی تایبەتیش کۆنترۆڵی عەقڵانیانەی ناکۆکیەکانی نێوان گروهەکانە، هەروەك ناکۆکی نێوان چینەکان‌و نەتەوەکانیشە، دواجار بەشێوەیەکی زیاتر بەنوێکردنەوەی ئامرازێك بۆ رۆشنبیری جەماوەری هەڵسا کە بەزەرورەت بووە هۆی دروستکردنی رۆشنبیری شمەکی کەقابیلی بەکارهێنانی نێگەتیڤیانەو قابیلی گۆڕینەوەبوون. هەروەك کاری لەسەر داخستنی ئایدیۆلۆژی بۆ مرۆڤ کرد، وەك کاردانەوەیەکی کردەکیانە بەرامبەر بەربەریەتی بەئامێرکراوو Mecanisee بەسیاسیکراو لەرووی بەرێوەبردنەوە. چالاکی وەرگیراویشی





لەفرەهەندی ناکۆکیە دامەزراوەییەکان لەگەماڕۆدان‌و تواناداری عەقڵ لەسوچێکی وادا، راستەوخۆ ئەو بەربەستە ئاراستەگیرییە شمەکیانە تێناپەڕێنێ کەبەرهەمهێنەری بونیادی ئایدیۆلۆژییانەی خاوەن دەسەلاتی تەواون، بۆئەوەی هەوڵە عەقلانیەکان والێ بکات کە هەوڵدانێکی چۆنیانە نییە، تالەواقیعی کۆگیریانەی دەستبەسەراگیراو دەربچێت..بەڵکو لەجەوهەردا کردەیەکی شێوەییانەیە لەسەر بنەمای مەیلی دامەزراوەیی‌و دەسەڵاتگەرایی پێکدێت..لێرەوە هونەرو مەیلی ئێستاتیکیانەی تێدا یان لەسروشتی پارێزراو لەهەژموونی فەرمی بۆ بێلایەنیە( رێژەییەکە) دەردەکەوێت، وجودی بنەڕەتیانەو مانەوەیەتی لەخولگەیەکدا کە تیایدا عەقڵانیەت حوکمی ناکات، ئەو عەقڵانیەتە کۆت‌و بەندکراوەی کۆنترۆڵی دەوڵەت‌و ناهەستی نێو ئاخنی ئەو هەژموونەیەو لەوانەیە لەبەرامبەریدا هەڵبزەلین. بەلای عەقڵانیەتەشدا ئەو بارومەرجەی ئازادییە ببێتە ئەو سەرەتایەی دەرچوونی لەو عەقڵانیەتە دروستکراوە یان لەراستیدا لەبارچووە. لێرەوە پێدەچێت تەنها ئەو فەلسەفە ناعەقڵانیانە بن کە خاوەنی رۆڵێکی توندڕەوانەن لەعەقلانیەتیاندا کەوا دەبێتە ئەو پێوانەیەی. بەراوردی رادەی داخران بەسەر "عەقلانیەتی" واقیع، سیستەمە فیکرییە گەورەکانی وەك فەلسەفەی نیتچە یان کیرکیگار لەخولگە هونەرییەکاندا دەخولێنەوە یان خەون بەفراوانی وێرانکردنی ریشەیی ئامرازەکانی واقیعی قەیراناویی‌و لەسەر بنەمای بەندکراو لەزیندانی (بەعەقلانیکردن)دا دامەزراوەو" لۆژیکیەتی" تۆتالیتاریانەیە.. لێرەوە ناماقولیەت لەیەك کاتدا دەبێتە ریشەیی‌و ئازادکراو: کاتێك سیستەمی بابەتیانە دەبێتە هەوڵدەر بەقەدەری ئەوەی کە ئەفسانەیی بێت‌و بەپێی روانینی بەروەختە حوکم لەبارەدراو بێت.ئەوکات هیچ سیفەتێکی سروشتی تیا نامێنێتەوە بەو رادەیە نەبێت کە لەپێکهاتیدا تۆپەڵێکی ماددی هیولیە.

لەو روانگەیەوە دەبینین کە نیتچە هیچ جۆرێك لەو یاسایانەی کە ئێمە باوەڕیان پێدەکەین، قەبوڵناکات، ئەوەش رەتناکاتەوە کە مرۆڤ دایناون، بەڵکو رەتکردنەوەکەی تەواو یاسا سروشتیەکان دەگرێتەوە.(٩٣) دیاریکردنی فەلسەفیانە لەلای هۆرکهایمەر،شێوەو گوزارشتی زیاتری بەکورتی لەکتێبە هەرە گرنگەکەی بەناوی (پوکانەوەی عەقڵ)دا وەرگرتووە. کەوا هیچ گۆڕانکارییەکی جەوهەرییانەی تێدا نابینینەوە، کەرەنگدانەوەی ئەو پێشوەچوونانە بێت، کە لەکاتی جەنگی جیهانی دووەمدا باڵیان بەسەر جیهاندا کێشابوو، تیۆری رەخنەیی لەلای هۆرکهایمەر لەگەشەکردنی بەردەوامدا بوو تاوەکو خۆی لەرەخنەی خودیانە بۆ عەقڵ بینیەوە، یان رەخنەیەك بەتێپەراندنە لۆژیکیو ناعەقڵانیەکانی Iationnel Logiue،یان باوەڕێکی پۆزەتیڤیزمی خۆی هەبوو، ئەو تیۆرە بەشێوەیەکی وردو زێدەبوونێکی پلەیانە لەسەر هەڵوێستی بەرگریکردن لە تاکگەرایی وەستابوو، لەبەرەنگاربوونەوەیدا بۆ فیشیەتی ئەو دامودەزگا کۆمەڵیانەی کە لە روانینو زەمینەی کۆگیری لەئارا هەڵقولابوو.[٩٤] بۆیە ئازادبوونی عەقڵ لە پێوەندیو کۆتەکانی لەگەڵ واقیعدا بەشێوەیەکی گشتگیر بەرەو نامۆبوونو توانەوە لەنێو جۆرەها بەشتبوونی رەمزدار دەچوو وەکو حەقیقەتێکی کردەیی کە پێویستە لەسەری هێرشی بکاتە سەر نەخۆشی ریشەیی عەقڵو شوێنگە داکوتانی لەنێو جەرگەی شارستانیەتی نامۆکراو بەهۆی ئیلهامی بەربژووچوو. چینە هەرە قوڵەکانی ئەو شارستانیەتە ئەوە نیشان دەدات کە نائاگایی عەقڵی هاوچەرخو عەفەویەتەکەی بەرپرسیار نیین لەزاوزێکردنی ئەو رێیەی بەدگۆڕانو شێواندنی نێو سەیرورەتی کۆمەڵگا، بەو رادەیەی کە خودی دیالیکتیکی عەقڵ لێی بەرپرسیارەو دەکەوێتە ئەستۆی نەوەکو وەئاگاهاتنی ئەو دیالیکتیکە_ عەقڵ بەو رادەیەی کە ئۆرگانێکە بۆ ئیدراكو





لێکجیاکردنەوەی سروشتو حەقیقەتی واقیعی ئێمە، لەگەڵ دەست نیشانکردنی ئەو بنەمایانەی حوکم لەژیانمان دەکەن، هێدی هێدی بەرەو پوکانەوە دەچێت.. ئەو هەڵوێستە پێشکەتووەی تیۆری رەخنەیی لای هۆرکهایمەر بەردەوام دەبێتو دەستنیشانی (ابتشارات)ی لەناکاوی بونیادی عەقڵی تاكو کۆ لەنێو واقیعێکی داخراودا دەکات کەبیرکردنەوە تیایدا لەنێو (اقنیە)ی پێشتر هەڵکۆڵراودا بەئاراستەی تەرتیبی ئایدیۆلۆژیای گشتگیری دەوڵەت، جاراستەوخۆ بێت یان ناراستەوخۆ، لەم باریەوە هۆرکهایمەر هەوڵو کۆششی بیریاری عەقلانی فەرامۆش ناکات بۆیە دەبینین تیۆری عەقڵ لەلای ئەو تەواوکەری میتۆدی تیۆری رەخنەییە ئەوەش لەنێو کتێبە کورتەکەیدا(عەقڵو چاککردنەوەی من) کە تێیدا دان بەوەدا دەنێت کە بیریارە عەقلانیەکان لەسەر هەقن کاتێك دژایەتی بیریارە ئەزمونگەراکان دەکەن بەوەی بەشێوەیەکی زەیەینی تەماشای کۆمەڵگای بۆرژوازی دەکەنو چەمکی سەربەخۆیی خودی بۆ تۆتالیتاریەتی بەکاردەهێنن، پاساویشیان ئەوەیە گوایە کردەی هاوکاریکردنی نێوان تاکەکان لەو کۆمەڵگایەدا سەرکەوتوو نەبوو، کە بەوەی تەنها لەرێگای شێوازەکانی توندوتیژی تێکشێنەردا گوزارشت لەخۆی بکات.

## ٢- تیۆدۆر ئادۆرنۆ

ئەگەر چیرۆکی پاڵتۆی نووسەری روسیایی٠ گۆگۆڵ دەریچەیەك بێت بۆ بەدەرخستنی رەسەنێتیو بنەمای هونەری چیرۆكو رۆمان لەرووسیادا، وای لەیەکێك لەرومانووسە روسەکانی دوای گۆگۆڵ کرد هەموو رۆژێك بڵێت:" هەمووومان لە(پاڵتۆ)ی گۆگۆڵ هاتینەدەرەوە، بنبەست بوونی شۆڕشی شیوعی لەئەڵمانیاداو سەرنەکەوتنی بزوتنەوە سۆسیالیستیە رادیکاڵەکان لەئەوروپا

ئەوا ئەو (پاڵتۆ)یە بوو کە هەموو بیرمەندە رەخنەگرەکانی لێ دەرچوون‌و لەنێویدا تیۆری فەلسەفەی رەخنەیی قوتابخانەی فرانکفۆرت هەڵقوڵا. لۆژیکی رەخنەییانەی تیۆدۆر ئادۆرنۆ بەشرۆڤەکردنی ئەو هۆکارانە هەڵسا کە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەیەکێتی سۆڤیەتدا بوونە هۆی بنبەستبوونی شۆڕشە سۆسیالیستسەکانی ئەوروپا. پێش ئەوەی بەرەو توێژینەوە فەلسەفیەکان بچێت دەربارەی ئێستاتیکا وەك دینامیکیەتی ریشەیی لەواقیعی دەست بەسەراگرتووی سەرتاسەر کەوا دەزگا بۆرژوازیەکان هەژموونیان بەسەردا هەبوو. رێگای رەخنەییەکەی بەهەوڵدانی تیۆری دژی ئایدیۆلۆژیای نیشتیمانی سۆسیالیستی(نازی)و دژ بەو جێبەجێکاریانەی کەوەریگرتبوون بۆ دامەزراندنی هەژموونی گشتگیرانە دەستیپێکرد.

لێرەوە نەفەسە توندەکەی دژی فەلسەفە وەك ئەوەی لەکاتی ئێستادا هەیەو خۆی لەو ئاراستە لەئاراو بەتاڵانەدا دەبینێتەوە لەوەزیفەو رۆڵی شۆڕشگێڕەکاندا، ئەو وای دەبینێت فەلسەفە بۆتە فیکرەیەکی سەرخانی‌و هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو بەربەستە دیواریانەدا ناکات کە جیهان تێیدا دەژێت، بۆخۆی لەو بارەی ئێستایدا لەنێو ئەو سیستەمە میتالیانەدا چەقبەستووە کە قوتابخانەی ماربۆرگ (Meboug)ی فەلسەفی‌و فەلسەفەی وجودی هایدگەری‌و فەلسەفەی پۆزەتیڤیزمی بازنەی ڤێنا بەرجەستەیکردوون. فیکرەی رەخنەیی ئادۆرنۆ بەرەخنەگرتن لەخودی فەلسەفە دەستیپێکرد، دەسپێك لەو بارومەرجە لەئارایەی ئەو مرۆڤەی کە بەدژکاریە خودی‌و شوناسیەکانی گەمارۆدراوەو بەشێوەیەکی روون دوای دارمانی سیستەمە میتالیەکان لەفەلسەفەدا دەرکەوت، بۆ ئاشکراکردنی کەینوونەیەکی دژکار کەبوونی خۆی بەبەزاندنی تاکی سەردەمیانە هەڵدەسەنگێنی، بەهۆی روانینێکی دیاریکراو بۆ شوناس‌و گشتگیریەکەی لەو دەزگا لەئارایانەدا





دەتوێتەوە کەنامۆبوون بە وجودی جەوهەریانەی وەك: دەوڵەت‌و دەسەلاتی سیاسیی، دەستوور، دامەزراوە ئیدارییەکان، رێکخستنی بیرۆکراتیانە. ئادۆرنۆ بەفەلسەفە دەستیپێکرد، بەئاراستەیەك بەرەو باری قەیرانگیری تاك‌و دواتر سنووری بڕی بەرەو گێروگازی هوشیاری وەك کردەیەکی گەمارۆدەری تاك بەرەو دەرەوە، یان بۆ دەستخستنە ناو ئەو دامەزراوەیەی کە حوکم بەتاك‌و کۆمەڵی بەشەری دەکات، فەلسەفە لەو جۆرە بارومەرجەیدا لەسەری پێویستە کە سەرخانیەکەی بەجێبهێڵێت، ئەگەر نموونەیەکی نوێش لەشرۆڤە هەڵسەنگێنێ،ئەوا راڤەکردنێکی ماددیانەیە بۆ واقیع‌و خستنەرووی ماددیانەی راڤەکردنەکانیش، کاردانەوەیەکی نێگەتیڤانەیان دەبێت کە ئادۆرنۆ بۆ رووبەرووبوونەوەی" میتافیزیکا"ی هایدگەرو هەژموونگەری فەلسەفیانە بۆ وجودگەرایی ئەنتۆلۆژیانەو هەموو وجودیەتی ئەڵمانیای هاوچەرخ گرتیەبەر، کە فەیلەسوفانی وەك پۆپەر buberو یاسبرز jaspes نمایندەیان دەکرد.. بنەما گریمانەییەکەشی لەرەخنەدا ئەوەبو کەوا روانیینی فەلسەفیانە بۆ وجودیەت لەوانەیە ببێتە روئیایەکی ئایدیۆلۆژیای نادیار بۆ هەژموونی مرۆیی، لەوکاتەیدا ئەوە رادەگەیەنێ کەوا رەخنە لە(نامۆبوون) دەگرێت.[٩٧]

ئەو هەنگاوە فەلسەفیانەی ئادۆرنۆ لەو رەخنە فەلسەفیەوە دێت بۆ لێکۆڵینەوەی ئێستاتیکانە، بەسووربوونی لەسەر ئەوەی کەدەبێت فەلسەفەپابەند بێت بە لێکۆڵینەوەی واقیع‌و دیاردە گشتیەکان، لەپێش هەمووشیانەوە لێکۆڵینەوەی وشەکان.. یان دەق‌و بەرهەمە رۆشنبیرییەکان بەشێوەیەکی گشتی. بەتایبەتیش شێوەی گوزارشتی ئێستاتیکانە، یان ئەدەب، چونکێ پەیوەستی یەکەمە بە کەینونەی وشە، پێش ئامرازی گوزارشتە ئیستاتیکیەکانی دیکەی دەرەوەی خولگەی وشە وەك مۆزیك‌و نیگارو پەیکەر..

ئەنسکلۆپیدیاش لە بەریەککەوتنی فەلسەفیانەدا لەگەڵ بابەتە ستاتیکیەکان، بەشێوەیەکی قوڵ لە کاریگەری هیگلیەوە دێن، لەپێکهێنانی زیاتر رایەڵی جەوهەری لەفیکری ئادۆرنۆدا ئەنسکلۆپیدیای هیگلی تەنها بەشێوە ئاسۆییە ئەبیستراکتەکەی مۆرکی خۆی پێ نادری، بەڵکو سەرهەڵدانەوەی یەکەمە بۆکاریگەریەك لەو پێکهاتە دیالیکتیکە ستوونیانەی کە فیکری هیگلیش لێ هەڵدەقوڵێت. لەوبارەیەوە ئادۆرنۆ ئەو بڕیارەیدا کە فەلسەفەی هیگلی بەبێ هیچ گومانێك زۆرتر دیالیکتیکیە لەوەی خۆی رەچاوی دەکات.(٩٨) بۆیە فیکری فەلسەفی رەخنەییو ئێستاتیکی ئادۆرنۆ لەو سێ کتێبە سەرەکیانەیدا دەردەکەوێت کە:( ١- دیالیکتیکی عەقڵ، بەهاوکاری لەگەڵ هۆرکهایمەردا، ٢- دیالیکتیکی نێگەتیڤ، ٣- تیۆری ئیستاتیکی)ن.  لەکتێبی یەکەم هەڵگری هەڵوێستی تیۆری هاوبەشە لەنێوان خۆیو هۆکهایمەردا ئەو قۆناغی دارمانە دیاریدەکات کە عەقڵ پێیگەیشتووە، بەوەی کە قۆناغی روخانی خودەو عەقڵ بۆ نێوەڕۆکە تواناداراەکان بەورادەیەی کە پرسیارکردنە لەمەڕ چۆنیەتی ئەو ئامرازە گرنگە هەر لەسەردەمی ئیمانۆئل کانتو سەردەمی رۆشنگەرییەوە پێهەڵساوە بۆتە ئامرازی دەستبەسەراگرتنو لەکارکەوتوو لەباری ئێستادا لەبەرامبەر تێگەیشتنو رەخنەی بابەتیانە بۆ واقیعەکەی، دوای رۆیشتنی بە قۆناغە دینامیکیە گەورەکاندا  لەبەرهەمهێنانی زۆرێك لەو ئیمتیازە ماددیە بەدەستهاتووە بەرچاوانە، لەسەر ئاستی خۆشگوزەرانی تاكو بەشێوەیەکی گشتی ئەو گەشەسەندنە  بەدەستهاتووانە لەبواری مەعنەویەتی تایبەتدا، دواتر لەهەوڵی بەردەوامی بەرەو بەدەستهێنانی خودی خۆی بەشێوەیەکی عەقلانیانەو بەعەقلانی کردنی ئەو دەوروبەرەی پێیەوە بەندە،  چۆن ئەو عەقڵە  لەکۆتایدا بووە (ئامرازێك) بەدەست چینی دەسەڵاتدار کەوا واقیع بەتەواوی ئابووریو سۆسۆ-سیاسیەوە رێك بخات، بەوئاراستەیەی کە





بەرژەوەندییە تایبەتەکانی بەرجەستە دەکات؟ وەڵامی هاوشانی ئەو پرسیارە بەدەوری جددیەتی هاوکێشەکە سێنتڕال بووە کە دەرئەنجامی سەیرورەتی نوێکراوەیەو پێکهاتەکەی لەعەقڵداو لەمیانەی گەشەسەندنێکی  عەقلانی هەڵقولاوە، لەرۆڵی عەقڵ خۆیو لەنێو ئەو مەیدانەی کە یاسای مێژوویی حوکمی دەکات، هەروەك لەهاوکێشەی کۆنتڕۆڵو لایەنە هاوسەنگ یان ناهاوسەنگەکەی بەرجەستە دەبێت، بەبێ زەرورەتی مێژوویی: سروشت/ مرۆڤ، دواتر مرۆڤ/مرۆڤ، بەدەرکەوتنی پەیوەندی نێوان دوو سنوور لەهاوسەنگی، دەستبەسەراگرتنی پێچەوانەی بەرامبەریەك، ناجێگیر ناهاوسەنگ لەهەردوو لای هاوکێشەکەدا، لەوانە هوشیاریەکی نوێ لەئاستی جۆری بنێتەوە، کە هوشیاری تەکنۆکراتیەو وای لەعەقڵی بێگەرد کردووە ببێتە ئامێر، ئەو "ئامێر"ە لەئاراستەی بابەتیانەی خۆی لایداوەو وایلێهاتووە بەرەو خاڵو ئەرکی هەڵە دەچێت. لەنێو ئەو بارە نوێیەی عەقڵ تێدایە لێدەرچوونی حەتمیەتی کەینوونەیی چۆنگەرایی، بەزەرورەتو لەبونیادا جەخت لەسەر نوێکردنەوەی جەدەلی دەکاتەوە. بەمانای پێکهاتەیی چووەناویەكو درێژکراوەی-دواکەوتوویی، بۆ گوزارشتی جەدەلەکە، بۆ ئەوەی دەرچوون لەگێروگازی دەستبەسەراگرتنی بەرەوژوورچوو بەدەستبهێنێ.

بەدڵنیایەوە، ئەو مانەوە درێژخایەنەی کە ئادۆرنۆ لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەسەریبرد، فاکتەری دەوڵەمەندکردنی روئیا رەخنەییەکەی بوو، لەبەرامبەر کۆمەڵگای سەرمایەداری بەکاربەر لە لوتکەی جێبەجێکردنە پراکتیکیو رۆژانەیەکاندا، ئەو عەشقە حەشاردارەوەی ئادۆرنۆ بۆ هونەر بەهۆی ئەو رێژە زۆرەی بەرهەمی هونەری کە لەوڵاتە یەکگرتووەکاندا هەبوو تێربببوو، خۆیان لەزۆری فیلمەسینەماییەکانو زۆری سێدیو ئاسانی بەدەستکەوتیندا دەبینیەوە، بەشێوەیەك جیاواز بوون لەگەڵ ئەوروپا لەگەڵ

ئەو پێشکەوتنەش کە وڵاتانی ئەوروپا بەخۆیانەوە دیبوو، لە ئاسانی گەیشتن بەداهێنانی هونەری، وەلێ نەگەیشتبووونە ئەو ئاستەی کە ئەمریکا لەو بوارەدا پێیگەیشتبوو، ئەوەی ئەو درێژبوونەوە نوێیانەشی داهێنا بۆ هاتنەناوی شیکردنەوەی رەخنەیی بۆ سروشتی شوێنگەی هونەر لەو کۆمەڵگایانەی کە گەیشتوونەتە قۆناغێکی پێشکەوتوو لەبەکاربردن، بەوەشەوە لەدایکبوونی گرنگترین شادەماری لەپێکهاتنی روانگەی رەخنەیی ئیستاتیکی دامەزراندو بووە رایەڵی نێوان داهێنانی هونەری‌و رووکارەکەی‌و نێوان دەزگای پروپاگەندەو رۆڵی سیاسی ئابووری دەزگا بەکاربەرە جەماوەرییەکان، بۆ ئەوەی رۆشنبیریی دروستکراو" ئاشکرابکات، چونکێ خۆی چالاکی رۆشنبیرییەکەی هاوچەرخە، بەرهەمێکە لەبەرهەمهاتووەکانی کۆمەڵگای پیشەسازی‌و تەکنیکاری پێشکەوتوو، کەوا رۆشنبیری بەدەرکەوتوو تیایدا رۆشنبیرییەکە ئامێری هەزمکراوەو رەنگدانەوەی واقیعی پیشەسازی نامۆیە، " فیکرەکەی بێهۆشکراوەو نێوئاخنە بنەڕەتیەکانی ونکردووە. بەهۆی ئەوەی نمایندەی دەکات لەنێو رۆشنبیری جەماوەری بەکاربەری گشتی، کەپێداویستیەکانی کۆمەڵ بەرجەستە دەکات، بۆئەوەی لەرێگای ئەو رەزامەندییەوە درێژە بەهەژموونی دەوڵەت‌و دامودەزگاکانی بدات، بەبێ ئەوەی ئەو رۆشنبیرییە پێویستی بەخستنەروی خۆی هەبێت، بەهۆی دروشمکی راشکاوانەی لەحەقیقەتی خۆیدا ئەویش ئەوەیە کە رۆشنبیریەکی جەماوەرییە، وەك ئەوەی لەدامودەزگا گشتگیرو راستەوخۆکاندا هەیە، کاتێك دەستبەسەر دەسەلاتی سیاسیدا دەگرێت بەشێوەی تاك حزبی‌و یەك کەسی دیکتاتۆر یان دوو لەیەك کاتدا.

ئاراستەی تایبەتی لای ئادۆرنۆ بەرەو شرۆڤەکردنی رەخنەیی، وەك گریمانەی فیکری گشتی بۆ کۆمەڵگا پیشەسازیە پێشکەوتووەکان‌و، دواتر





سیستەمایزەکردنی (جولە)کانی خوارەوەو چالاکیەکانی وەك ئەدەب‌و مۆزیك‌و هونەر بەشێوەیەکی گشتی، ئەمە گرنگیدانەکانی بەزانستی ئێستاتیکاو پێکهاتنی تیۆری رەخنەیی ئیستاتیکیدا کورتکردەوە. دەرکەوتەی گرنگیدانەکانی بە ئێستاتیکا لە کتێبی " دیالێکتیکی عەقڵ"دا دەستی پێکرد. هەندێ لەبەرهەمە ئەدەبیەکان لەرووی پێکهاتنی رووکاریانەی پەیوەست بەدۆزی نامۆبوونی فیکریی‌و دەستبەسەراگرتنی هوشیار لەکۆمەڵگای سەرمایەداریدا پێشترو هەروەك لەنێو لێکۆڵینەوە فەلسەفی‌و سۆسیۆلۆژیە رەخنەییەکانیدا تێبینی کردبوو، دەستەمۆکردنی هونەرو رۆشنبیری گشتی بۆ کردەی بەرهەمهێنان ئاماژەیەکی وردبینە لەسەر ئەو قەیرانەی دۆزی سەربەخۆبوونی خودی هونەری بۆرژوازی تێیدا دەژێت، لەبەرامبەر قەیرانێکی دیکەدا کە نقومبوونی عەقڵ‌و رووچوونیەتی بەنێو ئایدیۆلۆژیای لەئارادا، لەقۆناغی گواستنەوەی گشتیشدا تیۆری رەخنەیی ئادۆرنۆ جەختی لەسەر بواری فەلسەفەو کۆمەڵناسی سیاسیی کردەوە، بۆ مەیدانی ئێستاتیکی پەتی کەوا گەشەکردنی فیکریانەی بەهێزێکی پلەپلەدا دەڕوات. لەساڵی ١٩٦٦ دا کتێبە گرنگەکەی بەنێوی " دیالکتیکی نێگەتیف" دەرکرد ئەو کتێبەی بازنەی بەیەکگەیشتن بوو لەنێوان دامەزراندنی فەلسەفی‌و سۆسیۆلۆژیی بیرۆکەی رەخنەیی‌و نێوان روانگەیەکی تەواو بەرەو زانستی ئیستاتیکی لەدواتردا. کتێبی " دیالێکتیکی نێگەتیف" ئەو تێزە فکریانەی تێپەراندن کە ئادۆرنۆ لە" دیالێکتیکی عەقڵدا " لەهەمبەریاندا وەستابوو، کارە تیۆریەکەشی لەتاوانبارکردنی عەقڵدا بەوەی"عەقڵ" کەموکورتە دیاریکرابوو، لەکاتێکدا " دیالێکتیکی نێگەتیف" تاوانباکردنەکانی ئاراستەکرابوون بەرەو عەقڵ وەك بابەتێك‌و دەیگواستەوە بۆ چوارچێوەیەکی نوێ کە لەنێو شێوەو پێکهاتی مێژوویدا سێنتڕاڵ دەبێت. ئەو دینامیکیەتەی

که (دیالێکتیکی نێگەتیف" لەخۆی دەگرێت جەخت لەسەر تواناو تواناداریەکی دیکە دەکاتەوە بۆ عەقڵ، ئادۆرنۆ ناوی دەنێت" بیرکردنەوەی دووەم". ئەو دینامیکیەتە نوێیە دژی عەقڵ تێدەکۆشی، ئەمەش بەهۆی کردەیەکی عەقڵانی کە عەقڵ خۆی دەریدەدات، بەومانایەی عەقڵ دەبێتە رەقیبێك لەسەر بەردەوام بوونی دیالێکتیکیو وەزیفەی خۆی بۆ دەستبەسەراگرتنی واقیع بەبێ کەوتنە نێو مەیدانی وەرگرتنەوە، بەبێ کەوتنە ژێر هەژموونی (هوشیاری) ئاسایی بۆ "فیکر"ی دامودەزگایی.. گواستنەوەشی بۆ ئیستاتیکا بەشێوەیەکی پلەپلەیی دەبێت، لەرێگای وتەزایەکی گرنگ لەکتێبەکەیدا کە" پێکهاتی شێوەیی بۆ کاری هونەریو لۆژیکی ئەو کارە گەواهیدەرن لەسەر بوونی تیرازێکی دیکەی عەقڵانیەت، کەبەشێوەکی گشتی جیاوازە لە شێوەی عەقلانیەتی ئامێری، جیا لەو بەریەککەوتنە راستەوخۆیەی لەگەڵ گیروگازی ئێستاتیکی،ئادۆرنۆ لە" دیالێکتیکی نێگەتیف"دا بنەمایەك بۆ تیۆری ئیستاتیکی رادەگەیەنێ، پشتبەست بەو هێزەی کەوا توانایەکی هەیە لەسەر وەلانانی وەهم، بەباتگەریەکی پێکهاتەیانە لەرێگای شێوەیەکی ئەنتۆلۆژیایی میتالی یان فینۆمینۆلۆژیانە کتێبەکە بەگەواهیەوە لەوە دەکۆڵێتەوە کەوا شرۆڤەکردنی کارە هونەرییەکان مەحاڵ نەبێ بۆکاری فەلسەفی. لێرەوە ئادۆرنۆ بەرپماندنی سنووری ئەو دەستبەسەراگرتنە هەڵدەستێت، ئەویش بەهۆی ئەو لێکۆڵینەوە ئێستاتیکە رەخنەییەی بۆ کارەهونەرییەکانو نێوەرۆکە شۆڕشکردنەکەی بەهۆی دەستگرتن بەفیکری دیالیکتیکی نێگەتیف، ئاگایی رێگایەکی دوانەیی لەبیرکردنەوە لەوەی فکر دەبێتە دژێكو نێگەتیڤێك بۆخۆی، بۆ وەلانانی بنبەستیو کەوتنە نێو تۆڕی دەستبەسەراگرتن، ئەو تۆڕەی کەوا واقیع دەیچنێ.





دیالێکتیکی نێگەتیف بەجەوهەرو هەڵسوکەوتدا لەگەڵ ناوئاخنی شتەکانو قوڵییان، خۆی لەجیابوونەوەیەکی تەواو دەبینێتەوە لەگەڵ باری بیرکردنەوەی ئەنتۆلۆژی، بیری ئەنتۆلۆژی بۆتە فیکرێکی ئایدیۆلۆژی لەنێو هەژموونی عەقلانیەتی لەئارا، دابڕانی رەخنەیی لەو هەڵوێستەی کەوا لە" بیرکردنەوەی دووەم" بەپێی رای ئادۆرنۆ، رێگا بەچالاکی دینامیکیانە دەدات بۆ توانایەکی ئەبستراکتی یۆتۆپیایی، بەو مانایەی پیادەکردنێك بۆ ئەو ئامانجە کردەیانە بەرجەستە دەکات کە عەقڵ لێی دەسڵەمێتەوە. وەلێ لەکتێبە سەرەکیەکەیدا "تیۆری ئێستاتیکی" توێژینەوەی رەخنەیانەی ئادۆرنۆ رەهەندی تەواوکاری لەهەردوو بواری رۆشنبیریو هونەریو چارەسەرکردنو هەماهەنگی لەگەڵ یەقینی جەماوەری وەردەگرێت، بەوەی کە هونەرییە وەك سیفەتو سیما ئێستاتیکیە ئەکتێڤەکان هەڵدەگرێت. ئادۆرنۆ لەو کتێبەیدا هەوڵیداوە گەشە بە چەمکی نوێگەری بەتایبەت لەهونەردا بدات بەو شێوەی لەسیمای پێناسە سەرەتایی، یان ناسەرەتاییە پێشوەخت بڕیار لەبارەدراوەکان دەرنەچێت، لەو ماوەیەی کەسەرمایەداری تیایدا نوێنەرایەتی لیبرالیە بۆرژوایەکان نەبووە.

کەواتە ئەو نموونە کۆمەڵایەتی-سیاسیەی کەوا ئادۆرنۆ پشتی پێبەست، سەرمایەداری نێوان ساڵانی ١٩٣٠-١٩٥٠ بوو، هەروەك لەهەمان کاتدا چارەسەری قۆناغی کۆمەلگای پیشەسازیو پێشکەوتوو Avencee کردووە، کە لەبواری تەکەکنەلۆژیدا بەتوێژینەوەو رەخنەی پێشکەوتنی زێدە نوێگەر هەڵساوە، هەروەك هەڵسا بەتوێژینەوە لەمەڕ نوێبونەوەی ئەو پێشکەوتنەو ئەو دامودەزگایانەشی کەبەپاراستنی رژێمو زامنکردنی شەرعیەتی نوێی هەڵدەستن.

چەمکی هونەری نوێ بەشێوەیەکی یەکانەیی پەیوەست نییە بە "دروستکردنی رۆشنبیری" کە ساڵی ١٩٤٧ لەکتێبی "دیالێکتیکی عەقڵ"دا شرۆڤەیکرد، هونەر بەهەموو لقەکانیەوە بێ سێودوو دەچێتە ملکەچی جۆرێك لەتەکنیکی نابینراوو پەیوەستە بەدەزگای فەرمی گشتیو هێڵی سەیرورەتو ئاراستەکەیەتی لەخزمەتی چینێکی دیاریکراوو، لەبارێکی تایبەت لەقۆناغەکانی سەرمایەداری پێشکەوتوو،هەروەها لەشێوازی بەرهەمهێنانیشدا بۆنموونە لەبواری مۆزیکدا ئادۆرنۆ وای دەبینێ ئەو مەیدانەی سەرلەنوێ بەرهەمهێنانی مۆزیکی تێدا سێنتراڵ دەبێت، شوناسێکی نوی وەردەگرێت، لەسروشتیدا نزیکە لەو خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیە لەئارایانەی بەشێوەیەکی راستەوخۆ هەن، کەچی ئەو " خزمەتگوزارییە" هونەرییە لەسایەی چینێکی دیاریکراودا دەمێنێتەوە کەدەتوانێ برە پارەیەك بدات بەرامبەر چێژوەرگرتن لەو هونەرە، کەوا نابێتە هونەر بەڵکو شمەکێکی بەرهەمهاتووە، کۆپیکراوی بارومەرجە گشتیەکەی رەوتی بەرهەمهێنانەو پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانە کە بەشێوەیەکی زۆری لەکۆمەڵگادا هەیە. پرۆسەی بەرهەمهێنانی مۆزیکی خۆی خۆی نوێدەکاتەوە بەشێوەیەکی بەردەوام،هەروەك چالاکیو ئەرکە کۆمەڵایەتیەکەی نوێدەکاتەوە،پێش ئەوەی تووشی بەستەڵەك بێتو لەنێو شێوە شمەکیە راستەوخۆکەی دادەنێ [٩٩].

لەکتێبەکەی " تیۆری ئێستاتیکی"، ئادۆرنۆ بەهیچ شێوەیەك لەسنووری پەیوەستی نێوان هونەرو رەخنەی رادیکاڵی بۆ کۆمەڵگای هاوچەرخ نەوەستاوە. هونەر ئەرکێکی رەخنەییو بەشۆرشکردنی هەیە بەهۆی خوڵقاندنی جیهانێکی ئێستاتیکیانە لەبەرامبەر داخراوی واقیعو بەرەنگاربوونەوەی، لەکاتێکدا ژیانی رۆژانە دەبێتە ئامێری دەستبەسەراگرتنی بەردەوامی هوشیاریو لەناوبردنی لەمیانەی دروستکردنو





ئاراستەیەکی ئامێری کەدامودەزگا فەرمیەکان، شێوازی ژیانو بیرۆکە سەپێنراوە پێشوەخت دانراوەکانی دایدەنێن. ئەو جیهانەی کەکاریگەری هونەری خەڵقی دەکات، دەبێت _ ئەو هونەرە گوزارشت نەبێت لەروئیای فەرمیانەی راستەوخۆ، بەڵکو ئەبێ لەدەرەوەیدا بێت، شوێنگەیەك بێت، بۆ سەرلەنوێ بەشۆڕشکردنەوەی هوشیاریو سەرلەنوێ پێدانی ئەو وزە یاخیو رەتکەرەوەیە، دوای هەڵگرتنی لەنێوەندی شمەکیانەی کەبەدوای بەکاربردنو ئارەزووە کورت خایەنو بێناوەرۆكو تێرکەری شێوە کاتی وێڵە، ئارەزووگەلێك کە لەلایەن دەسەڵاتەوە دانراون، بەمەبەستی ئەوەی هەموو رێرەوەکان بۆ دەفری بەرژەوەندی بەردەوامی چینی سودمەند بگەرێنەوە لەو رێڕۆیشتنە کۆمەڵایەتیە(رێکخراوەدا). لەهونەردا عەقڵ توانای خۆی بەسەرخەونو فڕین بەسەر ئەوەی سنووردارەو بەرەو ئاسۆی نادیاریکراودا، دەیگێرێتەوە، ئەو ئاسۆیانەی خەیاڵو گۆڕانی زەینی، کە لەدواجاردا بەرەو هەستکردنی "سنوردار"و شوناسی وەرگێراو لەواقیع دەڕواتو دواتر هەڵوێستی فیکریی نێگەتیڤانەی پێك دەهێنێ.

ئادۆرنۆ هەڵوێستێکی لەبەرژەوەندی حزب، لەنوێگەری هونەری وەرگرت، کەوا رەخنە لەپێشهاتو دراوە تەکنەلۆژیە زێدە پێشکەوتووەکان دەگرێتو هیچ دژیەکاریەك لەگەڵ ئەو رەخنەیەدا پێکناهێنێت کە خودی ئادۆرنۆ خۆی پێئامادەکرد، بەڵکو ئەو نوێگەرییە رەتکردنەوەیەك بەرهەمدێنێ بۆ تەواوکردنی بوارە رۆشنبیریو هونەرییەکان لەنێو رەوتی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا بۆیە گوزارشتی هونەریو گوزاشتی ئیستاتیکی پێکدەهێنێ، گوزارشتێك لەتوانایدایە بەرەنگاری تاكو پاراستنی هوشیاریەکەی لەدەستبەسەراگرتن ببێ..بەڵکو ئەو گوزارشتە لەوانە شێوە هونەریەکی سەرکەوتووو باڵا بێت بەسەر تەکنەلۆژیادا لەوپەڕی حاڵەتە هەژموونیو

پێشکەوتنەکەیدا، لەرێگای ئەو ئاراستە هونەریەو کاری هونەری دەتوانین ئەرکە رەخنەییەکانیان لەبواری سنورە بەرتەسکەکانی واقیعی لەئارا بەشێوە بەردەوامەکەی جێبەجی بکەین، حەتمیەتی نوێگەری لەهونەردا ئەو وزەو توانا بنەڕەتیەی پێ دەبەخشێت بۆ وەستان دژی دەستبەسەراگرتن‌و رووبەرووبوونەوەی. چونکێ بەپلەی یەکەم نوێگەری هونەر مانای ئیرادەی سەرلەنوێ دۆزینەوەیە، ئادۆرنۆ ئەو ئیرادەیە بە"هێزی بەرەنگاری هونەری" ناودەبات، هەروەك لەشێوەی پەیوەندی نێوان هونەرمەندو کارە هونەریەکەی، پێویستە هونەرمەند سەروەری ئەوو کارەکەی بەشێوەیەکی رەها باڵادەست بێت بەسەر کارکەیدا، لەوکاتەدا کارەکەی بەدوور دەبێت لەکاریگەریە نامۆگەرییەکان کە شێوازەکانی دیکەی گوزارشت نوقمی بوون. کاروشاکارە کلاسیکیەکان لەبواری هونەر بەگشتیو لەمۆزیکدا بەتایبەتی ئەو هەستە هاوچەرخ‌و نوێیە دەدەنە دەست، بەرەتکردنەوەی واقیع لەپێناو گەڕانەوە بۆی‌و دواجار گۆڕینی . چونکە دەبێتە شیکەرەوەو هەڵوەشێنەرەوە، لەئاسۆ نادیارەکان‌و دینامیکیەتی زیندووو، گۆڕانی هەڵقولاو لەهونەر، کاری کلاسیکی گەورە دەبێتە نوێ لەجێبەجێ کردنی ئەرك‌و فەرمانی بنەڕەتی یان ریشاڵی. وەلێ ئادۆرنۆ بەشێوەیەکی تایبەت‌و لەبوای مۆزیکدا جەخت لەسەر ئەو هونەرمەندە نوێگەرانە دەکاتەوە کە لەدەرەوەی زەمەنی سەرمایەداری زاڵ‌و رۆیشتوو بەرەو سودمەندی نوێ بۆ سیستەمی سەرمایەداری لەئارادان- بابەتی لێکۆڵینەوەی ئادۆرنۆ_ بۆیە دەبینین بەکارە هونەرییە گەورەو هاوچەرخەکانەوە دەلکێ، بەتایبەت لەو کۆمەڵگایانەدا لێکۆڵینەوەی رەخنەیی لەمەڕکردوون. جگە لەو رۆڵەی کە بەرهەمە زەبەلاحەکانی مۆزیکوانە کلاسیکیەکان، دەیگێڕن، بەتایبەت: شۆپێر، باخ، چایکۆفیسکی، ڤێردی، راڤێڵ ڤیڤالدی، شتراوسی، ئادۆرنۆ بە بەرهەمە مۆزیکیە هاوچەرخەکانیشەوە دەلکێ





وەك شۆنبیرگ، بێرگ، ڤێبیرن، یان زێدە نوێگەرەکانی وەك ستهاوزن، مالارمیە، پۆل ڤالێری،دواتر مارسیل پرۆست‌و فرانسس کافکا، هەروەها سموئیل بیکیت، لەنیگارکێشەکانیشدا ناوی کیلی، کاندنسکی، مارگرێت، سلڤادۆر دالی دێنێ. هونەر لەبەرهەمەکانی ئەوانەدا ئەرکێکی رادیکاڵیانەی هەیە بۆ دوورکەوتنەوەی سەخت لەسنووری ئەو واقیعە کە کەوتۆتە نێو بەستەڵەکێك، ئەوە لەو رۆشنبیریەدا هەیە کە بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ گوزارشت لەروانگەی فەرمی دەکات، بەڵکو ئەو گوزراشتەی کە لەگەڵ رەوتی لەئارا تێکەڵ بووە، ئەم رەوتەی کە دامودەزگاو بەرژەوەندییەکانیان نەخشەو ئاراستەی بۆ دیاریدەکەن.
بۆیە کاری هونەری بوونی هەیە، بۆ ئەوەی کارێکی بابەتی بێت، لەکاتێکدا ئەم سیمایە سەرهەڵنادا تەنها لەرێگای نێوەندیەکی خودیانە نەبێت لەتەواوی ساتەکاندا[١٠٠]. لێرەوە کاری هونەری بەهەمموو توانا ئێستاتیکیەکانیەوە بازێك دەدات بەسەر سنووری خودی گۆشەگیر بۆ مەیدانی مرۆیی، پێشوازیکەرە بەشێوەیەك، خۆی لەخۆیدا گوزارشت لەبوارەکانی ناکات، بەڵکو لەقوڵاییە ئێستاتیکیەکەیدا دەبێتە بەرهەمێك بۆ زەرورەتی بابەتی لەئاراو پاشکۆ لەخولڤاندنی هاوتاو هاوسەنگ کەلەسەر حەقیقەتی دەستبەسەراگرتنی زاڵ بەسەر هەمموو ئاراستە دیارەکانی هوشیاری ئاسایی پێویست دەکات.
ئامانجی تەواوی ئادۆرنۆ وەك ئەوەی دەیەوێت لەکتێبی " تیۆری ئێستاتیکی"دا بەرجەستە دەبێت کەوا تیایدا گوزارشتی لەمیتۆدی مارکسیزمی پەتی نەك دۆگمایی کردووە، تادەگاتە بەدەرخستنی ئەوەی کە هونەر لەجیهانی رۆژئاوادا هونەرێکی بەرتەسکە بۆ کۆمەڵگایەکی بەرتەسك، لێرەوە هەر هەوڵێك بۆ خولڤاندنی هونەرێکی ریشەیی دیکە پێویست دەکات ئەو نێوەڕۆکە بەهۆکارو ئەرکە کۆمەلایەتیەکانی پڕبکاتەوە. دروستکردنی

رۆشنبیری‌و بەرهەمە ساختەکانی وای لێهاتووە مەترسیەکی گەورە دروست بکەن بەسەر  نێوەڕۆکی بەرهەمی هونەری‌و ببێتە هۆی لەباریەکچوون‌و توانەوە لەنێو پرۆسەی هەژمونگەری بەکاربردن، کەوا دەبێتە نائامادەگی هونەر بەمانای جێبەجێ کردنی ئەرکە راستەقینەکانی لەبواری رەخنەو شیکردنەوەو بەشۆڕشکردنی، ئادۆرنۆ بەو تیۆرە رەشبینیەی دەربارەی نائامادەگی هونەر، ئەوەشی پێباشترە کە بەتەواوی هونەری ون بێت، نەك هونەرێکی فەرمی بێت‌و گوزارشت لە فیکری دەسەڵاتی سیاسی بکات، هەروەك ونبوونی هونەری لا باشترە لەبوونی هونەری واقیعی سۆسیالیستی کە گوزارشت لە ئایدیۆلۆژیای فەرمی دەسەڵات دەکات‌و لەشێوازی راستەوخۆو روکەشیدا نقوم بووە. لەگەڵ ئەو ریشەیی‌و قوڵیەی ئادۆرنۆ لەرەخنەی ئێستاتیکی سۆسیۆلۆژیانەیدا، کەچی بەتەواوی هەست بەوە دەکات کە بە هێزی واقیع‌و هەژموونی تا ئەوپەڕ لەسەرخۆیی شۆڕاوەتەوە. هێزی دەستبەسەراگرتن‌و رەگەزەکانی گەمارۆدانی هێشتا بەس نەبوو لەوەی وەك سەرکەوتوو دەرکەوتوون، ئەوەی " کە لەتوانادایە ببێتە جیاوازو دژکاری واقیع تاوەکو ئێستا دەستی پێنەکردووە" هەروەك لەکتێبەکەیدا" دیالێکتیکی نێگەتیف" جەختی لەسەر دەکاتەوە، وەلێ ئەو بێ ئومێدی‌و رەشبینیە رادیکاڵیە باشترە لەو گەشبینیە روکەش‌و هەرزانەی کە بیرۆکە عەقڵانیەکان‌و ئایدیۆلۆژیای حزبە چەپەکانی نێو یاری دەستبەسەراگرتن پێشکەشی دەکەن، رەشبینی ئەو کەلەبەرە کە رەخنە لەنێو واقیع‌وپاڵنەری زەینی دەریدەدات‌و ئاراستەی هوشیاری بەرەو گەڕان بەدوای ئەڵتەرناتیڤی لەتوانادابوو دەکات، لەنێو گەردەلوولێك لە خنکانی ناتوانایدا. ئایندە کلۆم نەدراوە بەڵکو کراوەیە بەسەر ئەگەری ئازادبوون‌و کۆنبوون لەو بارومەرجە لەئارایەماندا، ئایندەو





هونەر ئەو دوو ئاسۆ تەنهایەن، کە تیایدا ئازادی تاك‌و هوشیاری بنەڕەتی دەمێنن.

## ٣-هێربێرت مارکیۆزە

لەوکاتەیدا کە تەکنەلۆژیا کۆمەڵێك ئامێرو ئامرازی گشتی تەواو بەیەکداچووی پێشکەشکرد، بەشێوەیەك کە لەتوانای ئەو تەکنەلۆژیا پێشکەووەدا بوو، لەلایەك توانای مرۆڤ لاوازبکات‌و لەلایەکی دیکەش دەسەڵاتەکەی بەرەوژوور ببات. لەقۆناغی ئێستادا گریمانەیەك سەرهەڵدەدات کە لەوانەیە ئەو ساتە بێت کە مرۆڤ خودی خۆی تێدا دەدۆزێتەوەو وای دەبینێت کە لەبارێکی زێدە لاوازدایە لەهەژموونیدا بەرامبەر ئەو ئامێرەی لەبنەڕەتدا ئینتیمای بۆ هەیە یان بەکاری دێنێ[١٠١]. تێزی سەرەکی مارکیۆزە دەربارەی" مرۆڤی تاك رەهەند" لەو هەڵاوسانە بێسنوورەی دەسەلاتی ئامێر لەکۆمەڵگا پیشەسازییە پێشکەوتووەکان هەڵدەقوڵێت، لەلایەك سەیرورەتە تەکنیکیەی بۆ سیستەمی کەڵەکەبوو کە خۆی لەنێو سیستەمی ئامێری‌و لەلایەکی دیکە  خۆی لەنێو رەهەندە کۆمەڵایەتیە هاوئاهەنگەکان بونیاددەنێ. بەشێوەیەك سیستەمێکی لەبەردەستی لەنێوان تاك‌و دامودەزگاکان بەرهەمهێناوە، ئەو دامودەزگایانەی لەرێگای رێکخستنی کۆمەلایەتی‌و وجودی رۆژانەیاندا حوکم دەکەن‌و وایان لەهوشیاری تاك کردووە لەیەك خاڵی دیاریکراودا سێنترالێ بێ‌و بەرەو ئەو ئامانجە ئاراستەبێت کە دەوڵەت‌و پێکهاتەکانی دیاریان کردووە. بۆزامنکردنی بەردەوامبوون‌و هەڵکشانی لەئاستە جۆری‌و چۆنیە گونجاوەکان سودە بەردەوامەکان دەردەدات، بۆهەژموون‌و سەرکردایەتی کردنی پرۆسەی بەرهەمهێنان‌و گێڕانەوەی

لەسەرخانی گشتی بنەمای ئابووری. کە تیایدا ئامێری پێشکەوتوو رۆڵێکی جەوهەریو بنەڕەتی دەگێڕێ.

لەو واقیعە داخراوەی کۆمەڵگادا، بەبێ رەخنەو مرۆڤی تاکیش هیچ هەستێکی نەبێت، تەنها ئەوە نەبێت کەراستەوخۆ واقیعیەو لەنێو دووبارەبوونەوەو دینامیکیەتی شمەکیو بەکاربردنی سنووردارداا پەنگ خواردووە، مارکیوزە بەدامەزراندنی تیۆرە رەخنەییەکەی دەربارەی ئەو زەمینە گەمارۆدراوو تاك رەهەندە هەڵدەستێ، بۆ ئەوەی تیایدا ئامرازەکانی کۆنترۆڵکردنو هەژموونی نوێی دەوڵەتو دامودەزگاکانی لەنێو کۆمەڵگا سەرمایەدارییە پێشکەوتووکان هەڵبهێنجێ. هەروەك بۆ ئەوەی بەدوای تروسکاییەکانی ئومێدو رۆڵی شۆڕشدا بگەرێت کە هێشتا ئامێرە پیشەسازییە گەورەکانو ئاراستەی بەکاربردنی لەناوبەر نەیخنکاندوون، سەرکەوتوو بووە لە خولقاندنی دژەمەیل لەنێو گەردەلوولو رەوتی توانادار کەوا لەگەڵ خۆیدا ئەو هێزە کلاسیکیەی شۆڕشی راماڵی کە خۆی لەحەقیقەتی پرۆلیتاریایی بەسیاسیی کراو، بەپێی ئامرازی تۆتالیتاریو هەژموونی سیستەمی لەئارادا دەبینێتەوە. ئەو هەژموونە چ لەرێگای بەجەماوەریکردنی دەزگاکانەوە بێت کەبەو ئاستە باڵایە پێشکەتوون، لەئامرازی هەڵسووکەوتکردنی تەکنیکی لەگەڵ بابەتە کۆمەڵایەتیەکاندا گەیشن، یان لەرێگای ئەو شێوازە ئایدیۆلۆژیەی پرۆسەی پێکهاتنی کەڵەکەبوو بۆ بونیادنانی نموونەی گشتی سیستەمە فیکرییەکەی بەرهەمیدەهێنێت،کە خاوەنی ئاراسەیەکی ستوونیە لەگەڵ دینامیکیەتی کۆمەڵگاو بەرەو ژوورچوونی پێداویسیە بەکاربەرییەکان، هەروەك خاوەن ئاراستەیەکی ئاسۆییە لە ستراکتۆری هەمەجۆر، کە پێکهێنەری چینو توێژە کۆمەڵایەتیە گەورەو جیاوازەکانە، لەرووی چینو رۆشنبیریدا یان لەرووی ئەتنیدا.





لەگەڵ هەموو ئەو رەخنانەی کە دەکرێن ئاراستەی بیرۆکەکانی مارکیۆزە بکرێن، بەتایبەت لەلایەن پارتە شیوعیەکانو رێکخستنە رادیکاڵیە پێشکەوتووەکانی دیکە، لەگەڵ ئەو هەڵوێستە توندو رەخنەییانەی مارکیۆزە لەهەمبەر ئەو رێکخستنانە بەتەواوەتی یان هەندێکیان نەبێت، پشکدارییە فەلسەفییەکانی لەتیۆری رەخنەییداو هەروەك لەدەروونناسی کۆمەڵایەتیو فەلسەفەی سیاسیدا بەپشکداری رەسەنو خاوەن گرنگی قوڵ، لەکاریگەری بوون بەسەر فیکری سیاسیو بزوتنەوە سیاسیە هاوچەرخەکان لەقەڵەم دەدرێن. هەروەك نووسینەکانی دابرانێکی گرنگی لەفیکری قوتابخانەی فرانکفۆرت هێنائارا کە بەشێوەیەکی بنەڕەتی هاوکاربوو لەتەواوبوونی تیۆری رەخنەیی قوتابخانەی فرانکفۆرتو سەراپاگیرییەکەی کە دواتر لەبەرهەمە فەلسەفیەکانی هابرماسدا گەڵاڵەبوو، گرنگی فەلسەفیانەی مارکیۆزە لەلێکۆڵینەوەیدا دوور لە روانگەو رێسا سیاسیە پێشوەختەکانی یان چوارچێوە ئایدیۆلۆژیا پێچاوپێچەکانی نێو دەقە باوەڕگەراکان، بەدەرکەوت. هەروەك هەستکردن بەداخرانی کۆمەڵگا پێشکەوتووەکانی ژێرسایەی سەرمایەداریو نائامادەگی ئۆپۆزسیۆنێکی بنەڕەتیو قەدەغەبوونی رەخنە، یان بەرامبەرێکی پۆزەتیف کەوا لەئارادابوو، پاڵی بە مارکیۆزەوەنا کە توێژینەوە فەلسەفیەکانی بۆدوو ئاراستەدا کوربکاتەوە: یەکەم دۆزینەوەو هەڵوەشاندنەوەی ئامرازەکانی وەرگرنو سیاسەتەکەی، دووەم: گەڕان بەدوای ئیرادەو هێزی ئومێد بەخش کە بەسەرکردایەتی کردنی شۆڕشی نوێ هەڵبستێ. گرنگیە فەلسەفیەکەی لەوێدایە کە مونەزری شۆڕشی داهاتووەو، مونەزری رەگەزەکانیشیەتی. دۆزینەوەی هێزو دینامیکیەتی سێنتراڵ بوونیەتی لەدەرەوەی بوارو خولگەکانی دەزگا رەسمیەکانو هەموو ئەو پاشکۆیانەی وەك پارتە سیاسیەکان کە لەسایەی ئەو دەزگا رەسمیانە

مومارەسەی چالاکیە سیاسیەکانیان دەکەن. ئەو پارتانەی کەلەگەڵ ئەوەشیدا(چەپن) یان بەرنامە ئایدیۆلۆژیەکەیان خاوەن رەگێکی رادیکاڵیانەیە وەلێ ئێستا بڕیاردەری شەرعیەتی هەژموونگەری دەوڵەتن. لەبەر ئەوەش نووسینەکانی هێربرت مارکیۆزە لەسالآنی شەستەکاندا بەرنامەیەکی شۆڕشگێڕی بۆ بزوتنەوەی خوێندکاری‌و رادیکاڵە سەربەخۆکانی دەرەوەی حزبە سیاسیە سۆسیالیستیەکانی پاشکۆی دامودەزگا سەرمایەدارییەکان خستەروو. تیۆرییە رەخنەییەکەی لەهەمانکاتدا، بەپەرۆشیە شۆڕشگێرییە ونبووەکەیەوە لەسایەی واقیعی سیاسی‌و کۆمەلایەتی لەئارای جیهانی سەرمایەداری، خەونی گۆڕانکاری دەخستەروو. لەوکاتەدا کە شەرعیەتی ساختەی دەزگا لەئاراکان هەڵدەوەشایەوە. رەخنەی نەزانانەی لەئامرازەکانی گەمارۆدانی هوشیاری تاك‌و کۆمەڵ دەگرت. مارکیۆزە شێوازێکی لەیۆتۆپیای عەقلآنی خستەروو کە لە قولآیی بێئومێدی بەستەڵەکی واقیع‌و نامۆبوونی ناکۆتا هەڵقولآبوو.

هەر لەرێگای رەخنەگرتن لەژیانی هاوچەرخ وەك لۆژیك، گرنگی لەبەیەکبوونی لەگەڵ جۆرێك لەخەون یان ئاسۆیی ئەڵتەرناتیڤی لەبنەڕەتدا میسالیەتی عەقلآنی لە مەیلە یۆتۆپیا بارگاوییەکەی بەرەخنە هەلقولآوە، لەبەر ئەوە مارکیۆزە لەهەستی رەخنەیی کارەساتاوی نزیك دەبێتەوە ئەو رەخنەیەی کە ڤالتەر بیامین پێی دەناسرێتەوە حاڵەتێکی گەشبینی لەخۆدەگرێت بەو شێوەیەی کە فیکری" ئارنێست بلۆخ"ی جیاکردەوە کە ئاوێزانی باوەڕبوون بەئایندە بوو، لێرەوە بەرگریکردنی دوولایەنەی لەرەخنەو فیکری نێگەتیڤی وەك لایەنێك‌و حەقێك لە خەیاڵ‌و خەوندا،وەك لایەنی تەواوکەری ئاراستە فەلسەفیە رەخنەییەکەی درێژکردەوە، دەسپێك بە لێکۆڵینەوەکەی دەربارەی هێگڵ" عەقڵ‌و شۆڕش"[١٠٢]، لەو کتێبەدا تێزە





فەلسەفیە سەرەتاییەکانی دەربارەی هیگڵیزم تێپەڕاند، هەروەك بەرهەمەکانیشی کەوا مارتن هایدگەر کاری لەسەر کردوون.

لە "عەقڵ‌و شۆڕش"دا مارکیۆزە تەواوی توانا فەلسەفیەکەی تەرخان دەکات بۆ بەرگریکردن لە فیکری نێگەتیڤی‌و پیشاندانی رۆلی شۆڕشگێڕی دیالێکتیك وەك ئامرازێکی شیکردنەوەو رەخنەیی بەشداربوو لە بونیادنانی فیکری کۆمەلایەتی رادیکاڵی‌و قوتابخانە شیکارگەرییە مەزنەکە. هەر لەو هەوڵە فەلسەفیە بانگەشەییە گەوەریەدا مارکیۆزە دەستی بە ئاراستەکەی بەرەو کۆگیری دیاردە کۆمەلایەتیەکان‌و پەیوەستیەکانی کرد، بەبەکارهێنانی بنەما فەلسەفیە زەبەلاحەکەی لە هەرسکردنی فیکری هیگڵی‌و میتۆدگەرای مارکسیزمی لەرەخنەی شیکارگەرایی رادیکاڵیدا. بۆ ئەو واقیعەی خاوەنی پێکهاتی ئۆرگانیکی سێ رەهەندە" بنچینەی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی".

یەکەم لێکۆڵینەوەی فەلسەفی مارکیۆزە لەو بوارەدا رەهەندەکانی جێبەجێکردنی سۆسیالیستی لەیەکێتی شوەروەیدا لەکتێبی" مارکسیزمی سۆڤیەتی" لەخۆگرت.[١٠٣] بەشێوەیەك کەلەنێو هێڵە گشتیەکانیداو لەلێکۆڵینەووە دەربارەی واقیعی دەوڵەتی سۆسیالیستی لەنێو یەکێتی سۆڤیەتدا بگاتە دەرەنجامی کۆتایی. حزبی شیوعی سۆڤیەتی لەو سەروبەندە دابوو کە ببێتە حزبێکی( سۆسیالیستی دیموکرات) وەك حزبیی سۆسیالیستی ئەڵمانیا کە هاوسۆزبوو لەگەڵ دەسەڵاتی بۆرژوازی، هەروەك مارکیۆزە دیاردەی بیرۆکراتیەتی دەزگاکانی لەیەکێتی سۆڤیەتدا خستە ژێر توێژینەوەو، لەو درێژبوونەوەشی کۆڵیەوە کە بیرۆکراتیەتی رێکخراو بۆ بەسیاسیەتکردنی پەیوەندی‌و بەهاکان‌و هەرشتێکی نائاسایی پیادەی دەکات، بۆ ژێردەستەکردنی یەك لایەنە لە دەوڵەت‌و بیرۆکەی رەسمی‌و هەموو ئەو نەخشەو پلانانەی کە لەرێگای دامودەزگاکانی جێبەجێی دەکات. ئەو بڕیارەی کە مارکیۆزە، لەرێگای

تویژینەوەی بۆ تێگەیشتن لەچەمکگەری پێشوەخت دابووی، گواستیەوە بەرەو سیستەمی سۆسیالیستی ئومەمی یەکێتی سۆڤیەتی، بەتۆتالیاریەتی سیستەمەکەشیەوە.

بڕیارێك بوو بەزمانێکی ناراستەوخۆ، بەڵکو بەرووکەشێکی دیاریکراوی زمانەوانی بۆ نێو سیاقی میتۆدی توێژینەوەی رەخنەیی‌و تێکەڵبوونی بۆ داماڵینی دەسەڵات‌و دام‌ودەزگاکانی لە پەیوەندی بە عەقلانیەتی دیاردەکانەوە. بۆ بەدەرخستنی هەڵوەشانەوەی راستەقینە لەواقیعی ئەو کێشکردنەی کەپێدەچێت لەباری ناکۆکی شێوەیی‌و نێوکۆیی دابن‌و، دواتر بڵاوبوونەوەی ئەو هەڵوەشانەوەیە لەکاردانەوە(ناسەرەکی)یەکانی بونیادی بیرۆکراتیەت‌و گەمارۆدانی سیستەمەکەی بەدەربکەوێت. زەمینەی سۆڤیەتەکان بۆ تیۆری رەخنەیی لای مارکیۆزە پێویستی بەئاگاداربوون هەیە، بەرەو سەرەتا حەشاردراوەکان لەنمونەی سەرمایەداری رۆژئاوایی‌و بەرێککەوتن لەگەڵ سیستەمگێری دەوڵەت‌و رێگا زێدە نێوکۆییەکانی لەگەمارۆدانی پرۆسەی دژی هوشیاری‌و، وەرگەڕان بۆدیاردەی دەست بەسەراگرتن لەکۆمەڵگا رۆژئاواییەکاندا، دوای ئەزموونی تیۆری رەخنەیی پێشتر، کە لەسایەی زەمینەیەکی تایبەتمەندی پەیوەست بەو کۆمەڵگایانە بەدەست هاتبوو، وەلێ لەبوارێکی ژیاری تایبەتمەنددا کە دەروناسی کۆمەڵایەتی بوو لەکتێبی( ئیرۆس‌و شارستانیەت)[١٠٤] تیایدا بەیەکەم خوێندنەوەی بۆ دەقەکانی فرۆید دەربارەی رۆشنبیری هەڵسا. بەشێوەیەکی تایبەت کتێبی (رارایی لەشارستانیەت)دا بۆ تێگەیشتن لەو دەستبەسەراگرتنەی دەرەنجامی ئارەزووەکانەو ئەو گەمارۆدانەی کە پێشکەوتنەکانی نێو سیستەمە کۆمەڵایەتیە ژۆرداچووە تەکنەلۆژییەکان پیادەی دەکەن، گەمارۆدانە لەنێو بنەماو رێسای نوێ‌و





تازەکراوەکاندا.دواتریش ئەو سەرکوتکرنەی کە رۆشنبیری لەکاتی زێدەرۆیکردنێکی بەرەوژوورچووی لەحاڵەتی گەشەکردنی مەدەنیدا، بەسەر ئارەزووە سروشتیەکان‌و هەروەك لەنێوکۆدا دەیسەپێنێ. بەایبەتی ئارەزووی سێکسی، بۆیە دەسپێك لەو شوێنگە فرۆیدیانەوە مارکیۆزە توێژینەوە دەربارەی ئەگەری بوونی رۆشنبیریەکی ناپەیوەست بەسەرکوتکردن یان رۆشنبیریەکی پەیوەست نەبوو بەکۆنترۆڵکردنی ئارەزووەکان‌و دەستنیشانکردنی هەرەمەکیانەی رووگەکەی خۆی بۆ گوزارشت کردن لەخۆی، لەکۆمەڵگای نوێی پیشەسازی‌و لەژێر سایەی سەرمایەداری پێشکەوتوودا ئارەزووە سێکسیەکان بەشێوەیەکی راستەوخۆ بەپێی ئەو رووگەیەی دامەزراوەکان،بۆئاراستەکردنی ئارەزووەکان دەسنیشان دەکەن، سەرکوت دەکرێت‌و بەشێوەیەکە تێرناکرێت. بەو رادەیەی هاوسەنگ لەراستەهێڵێکدا بەتەنیشت بەرژەوەندی سیستەمی بەرهەمهێنان‌و ئامانجی لەبەردەوامبووندا دەڕوا، کە هاوشانی بەخشینی عەقلانیەتە بە بزاڤی شێوە دیارەکانی..لەنێو کایەی تایبەمەندێتی رەخنەگرتن لەسیستەمی سەمایەداری‌و مومارەسە پەراکتیکیەکانیدا دەگوازێتەوە سەر کایەیەکی فراوانتر ئەویش رەخنەی گشگیرە، یان دەست بەسەراگرتنی بنچینە تیۆرییەکان بۆ زیاتر باڵادەست کردنی دەستبەسەراگرتن بەپێی شەرعیەتێکی عەقلانی، کە بتوانێت لەگەڵ لۆژیکی هوشیاری کۆمەڵایەتی لەبەردەوامبوون‌و گەیاندندا بێت، لۆژیکی هوشیاری کۆمەڵایەتی کە خۆی لەبنچینەدا لەسەر ئەو شێوەیە دامەزراوە، کە کەلتووری بەکاربەرو پیشەسازیەکەی لەسەر دامەزراوەو دانی پێدا دەنێت. رەخنەی گشگیری لای مارکیۆزە لەنێو کتێبە سەرەکیەکەیدا" مرۆڤی تاك رەهەند"بەباشی دەردەکەوێت، سەرەڕای ئەو رەخنە تیژەی مارکیۆزەو ئەو رەشبینیەی کە مارکیۆزە لەبارەی کۆمەڵگا بەکاربەرە خاوەن تەکنیکە

پێشکەوتووە بەرزەکان وێنای دەکات، وەلێ لەپاڵ ئەوەشدا شتێك بۆ هیوای ئایندە دەخاتەروو کە بنچینەو وێنەکەی لەدوو کتێبەکەی دواتر دەردەکەوێت" بەرەو ئازاد بوون لەدوای "مرۆڤی تاك رەهەند"([١٠٥])و، " شۆڕش‌و دژە شۆڕش"([١٠٦]). تەنانەت کتێبی "مرۆڤی تاك رەهەند"یش تۆوی هیواو ئاواتی بەختەوەری تێدابوو دوای دەستبەسەراگرتن‌و دژایەتی کۆمەڵگای داخراوو سیستەمە لەناوخۆگرەکانی، مارکیۆزە گریمانی دەرخستنی کۆمەڵگای ئازادو بەختەوەر دەکات لەو نموونەو وێنەیەی کە کۆمەڵگای ئێستای ئەمریکی پێشکەشی دەکات، کە تیایدا گشتگیری تاك رەهەند باڵادەستەو زاڵە بەسەر هەموو مومارەسەیەکی ژیان، لەزێدەخەرجی‌و خۆشگوزەرانی ژیاندا، بەوەش خولیایەکی نوێی بەربەرییانەی داهێناوە کە دەشێت بەهەندێك بەهای نوێی شارستانیدا بگۆردرێنەوە. کۆمەڵگای خۆرئاوای پیشەسازی، وەك میتۆدێکی پێشکەتوو هەموو خولیاکانی خۆی بۆ کۆنترۆڵ‌و باڵادەستی دەگونجێنێت‌و بەرەو پێشەوەیان دەبات. بەمەبەستی ئەوەی لەکۆتاییدا داخراوبێت بەسەر یەك تواناکاریدا ئەویش بەردەوام بوونی رەوشی ئێستاو پاراستنی چینی باڵادەستە بۆ رەوشی ئێستای. وەلێ ئەو کۆمەڵگایانە لەهەمان کاتیشدا ئەو توخمە ریشەییانە بەرهەم دێنن کە دژکاری‌و نێگەتیڤی لەخۆدەگرن‌و لەلایەنخۆشیانەوە رەتدەکرێنەوە، چونکە هەڕەشە لەبوونیان دەکات، بەو شێوەیەش ئەنجامی راستەوخۆی ئەو تەواوکارییە سەرکوتکەرانەیە، ئەو هاوشێوەیەیە کە لەنێو سیستەمدا، لەنێوان هێزو بەرژەوەندی دژدا هەیە. دواتر مارکیۆزە لەرێگای تێڕوانینی رەخنەیی شیکاریانەی خۆی بۆ هێزە میکانیکیەکان‌و ئەوانەی سیفەتی ئامێر دەخەنەسەر شتەکان لەنێو کۆمەڵگای پیشەسازی نوێدا، دێ ئەو سەرکوتکردنەی لەلایەن ئەوانەوە یان لەلایەن پێدراوە لاوەکیەکانەوە بەسەر





هوشیاری‌و ئارەزووە سێکسیەکان‌و حەزو سۆزەکاندا دەیسەپێنێ، رەتیدەکاتەوە. بەرادەیەك لێکۆڵینەوەکانی لەبارەی واقیعی هوشیاری نێو کۆمەڵگای تاك رەهەند لەو بونیادە فەلسەفیانەی هوشیاری سەرگەردانیە دەچێ لەلای هیگڵ.

کۆمەڵگای پیشەسازی لەژێر سایەی سەمایەداری پێشکەوتوودا کۆمەڵێك پێداویستی درۆزنانەو خەونی ساختەی بەرهەمهێناوە کە رێگرن لەبەردەم پرسیاری راستەقینەو رادیکاڵیانەو رێگا نادەن ئەو سەرکوتکردنەی لەئارادایە بخرێتەروو، لەپاڵ ئەو بنچینە کردەییانەی کە وەکو حەقیقەتێکی بەردەوام‌و قەبوڵ کراو بوونی خۆی جێگیر دەکات. لەژێر سایەی ئەو رەوشەدا هەموو ئەو دەرهاویشتانەی کە دەشێت هوشیاری وەکو فەرمانگەرایی لەهەموو کردەیەکی ئافرێدەکردنی فیکری نوێدا، ئەدەب‌و هونەرو سێکس‌و هوشیاری‌و سۆزو هەموو ئەو پێوەندیانەی وادێنە بەرچاو کە ساختەو دەستبەسەراگیراوو بەتاڵن . ناوەرۆکی ئازادانەی مرۆڤ بەشێوەیەکی پەڕەلێل ئاراستە دەکرێن بۆ تەرخانکردنی بەردەوامیدان بەدەوڵەتی ئێستاو دامەزراوەکانی‌و بەهیچ شێوەیەك هەڕەشە نییە لە رایەڵە کاراکانی، هەموو ئەو توخمانەی کە دەتوانن رەگ‌و ریشەی کارایی شۆڕش یان ئاسۆی خۆشگوزەرانی لەخۆبگرن لەنێو ئەو کۆمەڵگایانەدا لەنێو شەپۆلی بەکاربردن‌و کاڵاگەراییدا لەخۆدەگیرێن، سێکس دەبێتە بابەتێك بۆ خزمەتکردنی باشترین فرۆش ئەو لەخزمەت (کردە)ی فرۆشتندایەو بەشدارە لەپاڵپشتی کردنی لەبەکاربردن‌و چالاککردنیدا. تەنانەت زمانیش ئەو ئامرازە زیندووەی گوزارشتی ئەدەبی‌و ژیاری، ئێستا لە چەمکە بزاڤە دالەکەی بەتاڵ کراوەو لەنێوەرۆکە زیندووەکەی خۆی داماڵراوەو لەجێگای ئەویش زمانێکی نوێی سادە هاتۆتەبوون کە خزمەتی ژیانی ئاسایی رۆژانە دەکاو پێداویستیە سادەو راستەوخۆییەکانی بەدەست

دێنێت، بەوەش کولتووریش بۆتە شتێکی رۆژانەو تاك رەهەندو بەکاربەر، ئەویش رەهەندی راستەوخۆیەو دەستبەرداری ئەوەش بووە کەلتورێکی ریشەییو گۆڕان بێت. سێکس بۆتە تەواوکەری لەخۆگرتنی ئەو وزە دینامیانەی زمانو کولتوور لەرێگای بەرجەستەبوونی میکانیکیو ئامێرگەرایانەی تەواوکاری سەرکوتکارانەدا لەئاست ئەو هەڵوێستە فراوانە لەنەبوونی هیواو نەبوونی هێزی نێگەتیف بۆ ئەو داخرانە بێکۆتاییەو، لەبەردەم ئەگەری دەرچوون بۆ پانتایی ئازادبوون لەپێداویستی کالاّییو سەیرورەتەکەیدا، مارکیۆزە پێیوایە هیوای نوێ لەحزبە سیاسیە رەسمیەکانو ئەو سەندیکایانەدا بەدی ناکرێ کە بوونەتە بەشێك لەو سیستەمەو پاشکۆیەکی لاوەکی ئەو سیستەمەنو نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی ئەو سیستەمە دەکەنو وزەی رادیکاڵیانەی خۆیان بۆ ئازادبوونو دروسکردنی شۆڕش لەدەستداوە. بەڵکو پێیوایە ئەوەی هێشتا جێگای هیوایە ئەو چینو توێژە پەراوێزە رەتکراوانەن کە هێشتا نەچوونەتە نێو رژێمەو، رژێمیش هیچ بەرژەوەندیەکی نەبووە لە لەخۆگرتنیاندا وەکو دانیشتوانی گوندە دوورە دەستەکانو رەش پێستو خوێندکارانی چینە هەژارەکانو رۆشنبیرە رادیکاڵەکان، دواتریش لاوانی نەوەی نوێ کە رژێم لەبەر هەندێك هۆی ئێستاتیکی رەتدەکەنەوە، نەوەك لەبەر هۆی سیاسی یان ئەخلاقی. لە کۆتایی"مرۆڤی تاك رەهەند"یشدا مارکیۆزە وادێتە بەرچاو کە دەستی بەو هیوایەوە گرتووە کە لەبەردەستدایە چونکە لەو واقیعە رەشو داخراوەدا ئیمکانیەتی سەرهەڵدانی شۆڕش دێتە بوون. مارکیۆزە کتێبەکەی خۆی بەو رستە ناوداره کۆتایی پێدێنێ کە رۆژێك لەرۆژان ڤاڵتەر بنیامین نووسیوویەتیو دەڵێ:" ئێمە هیوامان نەبوو تەنیا لەرێگای ئەو کەسانەوە نەبێت کە بێ هیوابوون". ئەوتێکشکاندنە رەخنەییە عەقلانیەی مارکیۆزە بۆ





سیستەمی سەرمایەداری پیشەسازی پێشکەوتوو ئەنجامیدا، بەهەولێك کۆتایی هات بۆ دۆزینەوەی ئەڵتەرناتیفو چارەسەرییەك، نەوەکو بەداڕشتنی پرۆتۆکۆڵێك بۆ ئەڵتەرناتیف یان چارەسەریەکی ئامادەی وەك کالاّ. ئەوەش لەنێوکارە دواییەکانیدا دیارە "بەرەو ئازاد بوون"،" شۆڕشو دژە شۆڕش" مارکیۆزە، هەموو راوبۆچوونە پێشینەییەکانی خۆی بەرەو پێشبردن بەرەچاوکردنی واقیعی سیاسیی جیهانیو ئەو پێشوە چوونانەی خوێندکارانی ساڵی ١٩٦٨ هێنابوویە پێش کە مارکیۆزە وا وەسفی دەکات، گوایە شۆڕشێکی " ئێساتیکیو ئیرۆتیکیە" چونکە ئەو خوێندکارە پەراوێز کراوانە لای مارکیۆزە بنچینەو بنەمای ئۆپۆزسیۆنێکی نوێن، کە لەنێو ئایندەیەکی نزیکدانو بلاّودەبنەوەو جیهان دادەپۆشنو رووبەرووی گشتگیری اك رەهەند دەبنەوە لەنێو ئەو لاوانەدا ئەو شتە دەست پێدەکات کە بە" رەتکردنەوەی مەزن" ناونراوەو بەرجەستەکاری خەونی ئازادبوونە لەنێو ئەو خەیاڵدانەی تا ئێستا واقیع بەتەواوی لەخۆی ناگرێتو، لەئایندەشدا گرەوەی لەسەر دەکرێت. لەرێی ئەو بازدانە لەرەخنەی رەشبینانە بۆ واقیع بەرەو بڕوا هێنان بەئاینده، فیکری رەخنەیی مارکیۆزە بەدوو رووگە بونیادنراوەو خۆی هەستیکرد بنچینە عەقلانیەکانی ئەو دوو رووگەیە قوڵترو جێگیر دەکا، کە بریتین لە دەستبەسەراگرتنو خەیاڵ.

## ٤- درێژبوونەوەکان

دوای گەڕانەوەی قوتابخانەی فرانکفۆرت لە مەنفای خۆیو لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بۆ خاڵی دەستپێکردنی لە ئەڵمانیا فیکرە رەخنەییەکەی بەتەواوی قاڵبووەوە لە بونیاتنانی بنەمایەکی سەرەکیو دیاریکردنی ئەو زەمینەیەی تیایدا جەماوەریبوونو فراوانبوونەوەی

تەواوەکی بابەتە ڕەخنەییەکانی ئایندەی گەشەدەسەنێ. لە میانەی سالأنی پەنجاو شەستەکان بەبەردەوام بوونی لە نووسینە جەمسەرییەکانی، کاریگەریە مەزنەکەیەوە، ڕۆشنبیرانی ئەورووپاو بەتایبەت جیهانی ئەنگلۆساکسۆنیو دواتر سەرجەم ولأتانی ئەورووپا بەدەرکەوت، دواتر کاریگەرتربووەوە بۆ ولأتانی جیهانی سییەمو گرنگیەکی زۆری پێدرا لە نێو هەندێك لە بازنە ڕۆشنبیرییەکان.

ئەو ڕەوتەی کە قوتابخانە نوێنەرایەی دەکرد، بووە ڕەوتێکی جەوهەریانە لە فەلسەفەی ڕۆژئاوای هاوچەرخدا، دواتر میتۆدی شیکارگەرایی ڕەخنەیی لەبواری لێکۆڵینەوە ی کۆمەلأیەتیو سیاسیدا ڕەسەنایەتییەکی زانستی نوێی بەدەستهێنا لەمیتۆدەکانی بیرکردنەوەی جیهانگەرای هاوچەرخ. یەکەم بەیەکگەیشنی فەیلەسوفانی ئەندام لە قوتابخانەی فرانکفۆرتدا لەگەڵ ڕەوتە فەلسەفی ئەوڕوپیەکاندا یەك دەگرێتەوە، بۆ ماوەی مەنفای یەکەم لە ئەورووپاداو پێش نەقڵبوونی پەیمانگا بۆ نیویۆرك لەوکاتەی کە هۆرکهایمەر بۆ ماوەیەك لە پاریس بوو، لەوێ چاوی بە (( هینری برگستۆن)) کەوتبوو، کەلەوکاتەدا فەلسەفە ڕەوتێکی گرنگی لەفەڕەنسا پێکدەهێنا، لێکۆلینەوەیەکیشی دەربارەکرابووە کە بۆ خۆی لێکۆڵینەوەیەکی دەگمەن بوو، هەروەکو هەندێك لایەنی زۆر ووردبینی، لەفەلسەفەکەی لەخۆگرتبوو، لەوکاتەی کە هێشتا هۆرکهایمەر هەڵوێستی ڕەخنەیی خۆی لە ڕووی فەلسەفیانەو یا هەڵوێستی سیاسیانەی فەلسەفی دەربارەی ڕەوشی گەرماوگەرم، یان دەربارەی چینی پرۆلیتاریا وەرنەگرتبوو. کاتێك بەخوێندنەوە دەربارەی ( برگسۆن)و دوور لە روئیای ئەنتۆلۆژیانە هەڵسا[١٠٧] لەو لێکۆڵینەوەیەدا بەتایبەتی ڕەوشی میتافیزیکای زەمەنی لای برگستۆن وەرگرتبوو.[١٠٨] ئەو پەیوەندییە سەرەتاییەی لەگەڵ ڕۆشنبیرانی ئەورووپا





بەشێوەیەکی کەسیانەو دواتر گرنگیدان بە بیرۆکەکانیانو لێکۆڵینەوە دەربارەیان ئەفرێنەری بنەمای یەکەم بوو بۆپەیوەندی لەنێوان بیرمەندانی فرانکفۆرتو واقیعی ڕۆشنبیریانەی ئەورووپی، کەوا هەولێ  بۆ تێکەڵبوونو ئاوتێەبوون لەگەڵ ڕەوتە دیارەکانی دەدا. ئەوەش بوو وای لە توێژینەوەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت کرد، گرنگییەکی ئەورووپیانەی هەبێت لە سەرەتاوەو لەنێو نێوەندە فەلسەفیو ڕۆشنبیرییە تایبەتییەکاندا، بەڕادەیەك کە دواجار گەشەبکات و ببێە هۆی لە دایکبوونی شەپۆلێك لە گرنگیدانی گشتیانە.

ڕەوتی فەلسەفیانەی ڕەخنەیی قوتابخانەی فڕانکفۆرت کە کەڵەکەببوو،وەك ئاڕاستەیەکی فەلسەفی سەربەخۆش ڕەخسابوو. دوای گەڕانەوەی پەیمانگا لەمەنفای ئەمریکی ئاگایی بۆلای کارو بەرهەمی بیرمەندەکانی ڕاکێشا بە تایبەت (مارکیوزە) لە ماوەی شەستەکانداو (ئادۆرنۆ) کە نووسینەکانی لە کاتی دەرچوونیدا وا لە قەڵەم دران کە ڕوداوێکی ڕۆشنبیرین لە واقیعی فەلسەفیانەی ڕۆژئاوا. کتێبەکەی ((دیالیکتێکی نێگەتیڤ)) زۆرێك لەدەموودووی هێنایەگۆڕێ، بووە هۆی نوسینی زۆرێك لە لێکۆڵینەوەو توێژینەوە دەرباریو وای کرد یەکێك لە مامۆستاکانی فەلسەفە وا وەسفی بکات، کە کتێبێکی ڕەخنەیی زێدە پێگەیشتوەو زۆر ووردبینانەیە لەڕێکخستنو ڕێك بوونی فیکریانەی لە ڕەخنەگرتنیدا دەربارەی میسالیەتی فەلسەفە لەنێو تیۆری ئەبستمۆلۆژیادا [١٠٩] گێڕانەوەی فیکری ڕەخنەیی بۆ قوتابخانەی فڕانکفۆرت بەپێی تواناو وزەی زێدە ئۆرگانیکیو ئەکتیڤ دوای گەڕانەوەی لە مەنفای ولأتە یەکگرووەکان، ئەوەی سەلماند کەوا مەنفا کاریگەری بەسەر ئەندامەکانییەوە لەڕووی گرنگی دان بە کۆمەڵگاکانی ئەورووپا نەبوو.

چونكە یەكبوونی كۆمەڵگەی ئەمریكیو ئەوروپی بەمل كەچكردنی بۆ هەژموونی داموو دەزگا سەرمایەداریە گەورەكانو شێوازی پروپاگەندەیەكەی پاڵی دەنێ بۆ بەردەوامبوونی هێڵێكی شۆڕشگێڕی كەلە نێو یەك جیهانو لەلایەن چینێكی هەژمونگەرا بەبێ ڕەخنەو بەڵكو دژی فیكری ڕەخنەیش كێشراوە.[110] ڕەوتی فیكری قوتابخانەكە دوو ئاراستەی جیا بەشێوەیەكی قووڵ لە ڕووی ڕوئیاو لە هەمانكاتیشدا یەكگرتوو دیاریكرد، لە لایەنی تۆڕێكی شیكارگەرایی ڕەخنەیی بەو مانایەی دەرئەنجامی كردەیی یەك فیكری دیالەكتیكین. ڕەوتی یەكەم ڕەشبینییەكی تەواو كە مەیلی زۆرینەی بیرمەندانی قوتابخانەی فرانكفۆرتی پێك دەهێنا، ڕەوتی دووەم گەشبینێك بوو كە لەهەستكردن بەلایەنە دژكارییە خودییەكەی نێو بوارو زەمینەی بابەتی ڕەخنەیی هەڵقوڵاو..ڕەوتی یەكەم بەهەستیاریەكی ڕاڕاوە نمایندەیەكی كەوتە ئەوپەڕی توندڕەوی‌و ڕەشبینانە.

فەیلەسوف (ڤاڵتەر بنیامین) كە قلەقە ڕەشبینیەكەی بەرەو ((ئارامبوونەوە))چووبوو یان (( ڕووئیاگەری)) بابەتیانەی لەلای هۆركهایمەرو ماركیۆزە و ئادۆرنۆش، كەبەتەواوی بەلای بارومەرجی ڕەشبینیدا بەپێی دیاریكردنی دەروازە تیایدا نەشكابوونەوە. هەوڵەكانی لابردنی لاوەكییەتی بەردەوامبوونی شێوازانەو توانای ڕەتكردنەوەی بەشێوەیەكی بەهێز هەبوو لەنێو هەمان واقیع.. لە وانەشە لایەنی گەشبینی بەرهەمی ئەو كاریگەریانە بوویێت كە (ئارنست بلۆخ) بەسەربیرمەندانی قوتابخانەدا هەببوو ،بەو پێودانگەی كە ڕەوتێكی فیكری دامەزرێنەر بوو هاوكاری ئەو ماوە سیاسییە ڕۆشنبیرییە بوو كە پێكهێنەری ڕەگەزەكانو كادیرە ڕۆشنبیرییە گەنجەكان بووە كەدواتر بەدامەزراندنی پەیمانگا هەڵسان. (بلۆخو بنیامین) پەیوەندییەكی برادەرانە كۆی دەكردنەوە وەك ئەوەی كە وێنەیەكی





تەواكاریو جەختكردنەوەبێ لە سەردوو ڕەوتی دژكاری كەئاڕاستە فیكریەكانی قوتابخانەی دابەشكردبوو،(بلۆخ) ڕێزی زۆری بۆ (ڤاڵتەر بنیامین) هەبوو لەگەڵ ئەوەشیدا كە كۆك نەبوو لەگەڵ تێڕوانینە ڕەشبینییەكەی بۆ واقیع[111]، ڕەشبینی لای ( بنیامین) واقیع بوو یان زەرورەتی یەكەم بوو بۆ تێگەیشن لە واقیع بە شێوەیەكی بابەتیانە ،هەروەك تاكە سیمای بنەڕەتی بۆ ئەو واقیعە نێوەرۆكیكی درامیانەو ڕاژیدیەكەیەتی لەبەرئەوە وای كرد بەرهەمەكانی لە شوێنگە دامركاوو هەڵاوساوەكانی نێو داواكارییە گشگیرو زۆرە ملییەكانەوە هەڵبقوڵێت. وەك ئەوەی فاشیزمو نازیزم ئەو براكسیسەی درێژكراوەی سنورەكانیانن، ئەو ڕەشبینیە تەنها واقیعە كە دەكرێ لێیەوە دەست پێبكات، لەڕێگای ئەو دەست پێكردنەش لەحەقیقەتی كارەساتباری واقیع بەپێی ئەو كاری فیكری وردبین لە تێگەیشنو دەستپاك لە گواستنەوەی ئەوەی هەیە بەبێ لادان لەخاڵە ئۆرگانیكیەكانی بەدەستدێ. ئەو نوسینانەی كەبەدوای ڕایەكەیدا هاتن، گوزارشت لەواقیع وەك خۆی دەكەن، بەشێوەیەكی حەتمیو بەزەرورەتیش‌هەموو دەرئەنجامە بابەتییە زاڵەكان لە خۆدەگرێت.[112]

كەچی ئەو ڕەشبینییە لای بنیامین بەخاوەن بنەمایەكی شیكارگەری بۆ كۆمەڵگا وەسف دەكرێت، لە نێو ڕەهەندی مێژوویی خاوەن سیماو سیفەتی وەرگیراو لە ماوەی زەمەنی لە ئاراو گەشەكردوو، ئەمە وەك گەشبینی ( بلۆخ) وایە لەسەر تێروانینی سەرخانی تویێژاڵی شارستانی دانامەزرێ ،بەڵكو قوڵتر دەروات لەو ڕەهەندە مێژووییەی كە لەساتەوەختی ڕووداوی (سیاسی، كۆمەڵایەتی) لەئارا دەردەكەوێت، لەگەڵ خۆشیدا پاشئاخنی رابردوویی دێنێت، لەكەرستەی ئامادەبوونی زەمەنی هیچ شتێك لەئێستادا وەرناگرێ جگە لەدەفرێكی راستەوخۆ لەدەرهاویشە ئۆرگانیكیە بارگاویبووەكان بەنێوەرۆكێكی دیكەو، لەرێگای سەركەوتنی فاشیزم لەئەورووپادا دەردەكەون.

بنیامین وای دەبنێت کەوا کۆمەلێك ساتەوەخت هەن تەواو ئاشکران، بەشێوەیەکی روکەشیانە لەنێو چوارچێوەی تراژیدی بەرەدەوامی مێژوودا دەردەکەوێت.[١١٣] کردەی مێژووی بەردەوام لەنێوەرۆکە درامیەکەیدا یان" کارەساتبارییەکەیدا" بەپێی گوزراشی بنیامین روئیاو چەمکگەلێکی نوێ بۆمانای نوێگەری، پەیوەست بە بارومەرجی سیاسیو کۆمەلاّیەتی گشتی هەلّدەقولّێن، بۆ تواناداری شۆڕشو تێکۆشان بەبارێکی پرۆلیتاری تایبەت دەنێو ئەو دووئیمکانیەتەدا، هەروەك ئەو روئیایەی بنیامین هاوجووتە لەگەلّ دەسپێکە رەسەنە رشبینو بێئومێدیەکانی.[١١٤] وەلێ ئارنێست بلۆخ وای گوزارشت لەگەرانەوە بۆدواوەی رووداو لە مێژووی کۆمەلاّیەتی سیاسیی کرد، بۆ دەرچوون بەروانگەیەکی گەشبینانە بەرەو ئایندەیەکی دژ بەواقیعو ئەگەری روودانی ئەو دژکاریە روئیای بنیامینە بۆ مێژوو وەك روئیایەکی دینامیکیو لەکتێبەکەیدا " مەبدەئی هیوا"[١١٥] بانگەشەی بۆکرد. وەلێ لەنێوان هەردوو تیۆری بلۆخو بنیامیندا واقیع وەك خۆی سەرهەلّدەدا، واقیعی زیندوو، گەشەکردوو، هەسپێکراوی رۆژانە لەمیانەی تاكو پێویسیەکانیو خەونە پێشەنگەکانی .. هەسپێکراو بەهەموو شێوەو جومگەکانی کۆنترۆلکردن تیایدا، دەسپێك لەدەسەلاّتی گشگیری خاوەن ئاستی فرەزۆری یان خاوەن پلەپلەیەکی هەرمیانەی هاوئاهەنگو ئایدیۆلۆژیا" پاساوگەرەکەی " بۆ مومارسەکردنەکانی. لەنێوان ئەو دوو تیۆرەدا روئیای بنیامین بۆ واقیعی رەشبینی لەئاراو ئامادە، بالاّدەسەتەو لەو قۆناغەیدا کە لەسەر بنەمای جیاوازی ئایدیۆلۆژی وەستاون، وەك بەرهەمهاتووێکی بۆ ژیانی میسالی یان" تۆباویانە" لەخۆناگرێت، وەك نزیککردنەوە لەو نموونەیەی کە مرۆڤ بۆی دەڕوانێ: یۆتۆپیا" فیکرەیەکی رەها" نییە هەلّدەقولّێن کەلەنێو رێکخستنێکی دەولّەتی پروسی" نموونەی ئەلّمانیا" بەرجەستە بووە،





هەروەك کۆمەلگایەکی بەتالّ نییە لەچینەکان کەبەهۆی داموەزگا گشگیرەکانی ولاّتانی ئەورووپای رۆژهەلاّتی "بەرهەمهاتوون".[١١٦]

کاردانەوەی هەرە گرنگ لەهەمبەر رەخنەیی بوونی قوتابخانەی فرانکفۆرت دەکەوێتە نێوان دوو خالّ: رەشبینیو گەشبینی، بەنێوەرۆکە فەلسەفیە مێژوویەکەیانەوە. رەشبینی دەرەنجامی رەخنەی گشگیربوو بۆ ئەو نموونانەی لەسایەی دەولّەتی پیشەسازی پێشکەوتوودا هەبوون" گەشبینی"یش وای لەرەخنە نەکرد ببێتە درێژبوونەوەیەکی کۆتاهاتوو یان ناتەواو. چونکە دۆزینەوەی توانای ئەلّتەرناتیڤی بوو لەنێو قولاّیی واقیعی گەمارۆدراو بەئامرازەکانی هەژموونی دەولّەتو دامودەزگاکانیو دواتر سەراپاگیریو "عەقلاّنیەت"، ئەو گەمارۆیە لەهەلّسوکەوتی لۆژیکی لەگەلّ وزەی بەردەستی بۆ هوشیاریو پەیوەست بەزەینیەتی هەزمکراوو دروستکراوە لەنێو قالّبێکی دیاریکراو لە ریتمەکانی بیرکردنەوە..بۆیە رەخنە.. ئەو رەشبینیە بابەتیەیە، دواجار بەسەر گەشبینی بابەتیانەی مەبەستداردا دەکرێتەوە لەو زەمینەیەی داگیری دەکات، بۆئەوەی ئەو کەوتنە نێو شێوازی رووکەشی نوێیە پەراوێز بکات. هەروەك دەریچەیەکی نوێ بەسەر رۆمانسیەتی عەقلاّنی دەکاتەوەو هەولّدەدا سەرلەنوێ ببێتەوە لەنێو سیستەمی سەرمایەداریدا، هەندێ بەهای ژیانیو ئێستاتیکی ون یان سەرلەنوێ لێیان بەهۆی رەخنەگرتن لەخودی سەرمایەداری دەتوێژیتەوە.[١١٧]

ئەو کاردانەوانەی کە بەهۆی گەشەسەندنی روانگەی رەخنەی قوتابخانەی فرانکفۆرت دەرکەوتن، ئاراستەیەکی نوێکراوەییەو لەمەیدانی لێکۆلّینەوە فەلسەفیە کۆمەلایەتیەکاندا، لەرێگای گەشەسەندنی پلەپلەیشدا بەرهەمی هەبوو لەبواری ئامرازە تەکنیکەکانیو میتۆدە رەخنەییە زێدە تایبەتەکان، هەروەك گەشەسەندن وەك سەرهەلّدانی دەروونزانی کۆمەلاّیەتی کە وەك

ئاراستەیەکی نوێو ئەکتیڤ لەتێگەیشن لەسەیرورەتە جیاوازەکان بەرجەستەبوو، بۆ بونیادی فرەهەندی کۆمەڵایەتیو کاردانەوەی ئامرازەکانی کۆنترۆڵکردنی لەسەر زەمینە" ناهوشیار"ەکەیدا، کەبەرهەمی کردەی گشگیری عەوامی هوشیارە. لێکۆڵینەوەی فرۆیدی ئەو توانایەی سەلماند لەسەر داگیرکردنی رۆڵێکی تەواوکاریانە لەنێو مەیدانی سۆسیۆلۆژیای هاوچەرخو لەنێو میۆدی مێژووی کۆمەڵایەتی گشتی، کە فەزڵەکەی بۆ مارکیۆزە دەگەڕێتەوە، لە دانانی هاوسەنگیەکی میتۆدی بۆیو بەیەك گەیاندنەوەی لایەنەکانی رەگەزی لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکان، لەڕووی تایبەمەندییەوە بەڕەوڕەوەی بیرکردنەوەی فرۆیدیانە. ئامانجی مارکیۆزە لەکاتی لێکۆڵینەوەی دەربارەی دیاردەیەکی قوڵ لەنێۆ کۆمەڵگادا، بەیەك گەیاندنەوەی ڕەهەندی مێژوییە بەڕەشبینی فرۆیدییانەی بەرهەمهاتوو لەڕوئیای فرۆید بۆ پاشەکشەکردنی ئارەزوەکان لە ئاستەکانیدا لە بەرامبەر گەشەسەندنی ژیاریو تەکنیکی گشتیدا.[١١٨]

درێژبوونەکانی فیکری ڕەخنەیی قوتابخانەی فرانکفۆرت کاریگەریەکەی تەنها لە ناو ئەڵمانیاو جیهانی ئەنگلۆساکسۆنی قەتیس نەما بەڵکو کاریگەریەکانی لە فەرەنسا بەشێوەی فرە سەریهەڵداو بەرجەستەبوو، بەهۆی ئەفرێدەبوونی ڕەوتی ڕەخنەیی تەواوکار لای هەندێ بیرمەند، ئەوانەی کەتەواوی بەرهەمە فیکریەکانیان بۆ لێکۆڵینەوەی دیاردەی دەستبەسەرداگرتن لەنێو کۆمەڵگاکانیان راو ڕەخنەگرتن لە سیاسەتی دەوڵەتو چالاکییە سەرکوتکەریەکانیو دامودەزگا بەرێوەبەریە یاساییو دەستوریانە تەرخان کردبوو. لە جیهانی ئەنگلۆ ساکسۆنیدا کاریگەری قوتابخانەی فرانکفۆرت وایکرد چەندین بیرمەند بۆ ئەوە ڕابکێشرێن هەندێ لێکۆڵینەوە یان دانانی گشتی تایبەمەند تەرخان بکەن بۆ ئەو فیکرانەی





کەقوتابخانەی فرانکفۆرتو فەلسەفە ڕەخنەییەکەی لە خۆیدەگرێت، یان بۆ لێکۆڵینەوە لەمەڕ یەکێك لەبیرمەندەکانی، هەروەك کاردانەوەی کاریگەری قوتابخانەی فەلسەفیو توێژینەوەی بیرمەندانی ،کۆمەڵێك لێکۆڵینەوەی بەرهەمهێنا کە سوودمەند بوون لە دەستکەوتەکانی ( هۆرکهایمەرو مارکیۆزەو ئادۆرنۆ) کەچی ئەو کاریگەریە درێژنەبوەوە بۆ ئەو ئاستەی کە پاڵ بە هیچ بیرمەندێك یان فەیلەسوفێکەوە بنێت، بۆ گەشەپێدانی تەواوی لێکۆڵینەوەکانی بەئاراستەی ڕەخنەی فەلسەفیو سۆسیۆلۆژی- سیاسی، بەئامانجی خستنە ژێرباسی تایبەمەندی کۆمەڵایەتی –سیاسی وڵاتەکەی، بۆ زنجیرەیەك لێکۆڵینەوەی رەخنەیی بەردەوام، هەروەك لەفەرەنسا لەسەردەستی ژان-ماری فانسین، روویدا کەسەرەتا کتێبێکی تەواوی تەرخان کرد دەربارەی قوتابخانەی فراکفۆرت کە " تیۆری رەخنەیی قوتابخانەی فرانکفۆرت" بوو، ئەوە جگە لەوەی کەوا تەواوی توێژینەوەکانی بەپێی میتۆدی فەلسەفی رەخنەییانە چونەرێوەو بیرمەندانی فرانکفۆرتیش پلانیان بۆدانابوو وەك " رەخنەگرتن لەمومارەسە سیاسیەکان"[١١٩]

هەروەك کتێبەکەی بەناوی" فاشیزمو کۆمەڵگا"[١٢٠] و " درۆکانی دەوڵەت"[١٢١] جگە لەمە، لەفەرەنسادا چەندین رەوتی فەلسەفی دیکە بڵاوبوونەوە کە لەقوتابخانەی فرانکفۆرتەوە هەڵقولابوون.. وەلێ نەدەگەیشتنە ئاستی هێڵە فیکرییەکەی ژان-ماری فانسین، بەهۆی دابەشبوونی بەسەر بەرهەمە لابەلاکانی چەندین بیرمەند،لەگەڵ ئەوەش لەکۆدا کاردانەوەیەکی پێکهێنا کەخاوەن قورساییەکی گەورەبوو لەنێو لێکۆڵینەوە فەلسەفیو سۆسیۆلۆژییەکان لەفەرەنسادا. لەفەرەنسادا لێکۆڵینەوەی زۆری دەربارەی قوتابخانەی فرانکفۆرتو بیرمەندەکانی نووسی.[١٢٢] هەروەك چەندین دۆسیەی تایبەتی دەربارەی بڵاوکردنەوەو لەچەندین بواراداو چەند

لێکۆڵینەوەی وەرزیانەی شێوە توێژینەوەی ئەکادیمیانەی بڵاوکردنەوە[١٣٣] هاوشانی ئەو " دەسەڵاتە" فەلسەفیە زەبەلاحەی کە قوتابخانەی فرانکفۆرت بەسەر واقیعی رۆشنبیری‌و ئەوروپایی‌و جیهانی، هەر لەسەرەتای شەستەکانەوە تاوەکو ئێستا پیادەی کرد.

بەشێوەیەك بوونە هۆی دەرکەوتنی فەیلەسوفانی ئەڵمانی یۆرگن هابرماس کەوا بە میراتگرو نوێنەری ئێستای قوتابخانەی فرانکفۆرت دادەنرێ، کە تاوەکو ئێستا لەوپەڕی بیربەخشی دایە بەهۆی "بچووکی" تەمەنیەوە لەبەرامبەر پرۆژەی فەلسەفی کە فەیلسوفێك پێی هەڵدەستێ، لەگەڵ ئەوەی پرۆژە فەلسەفیەکەی هێشا تەواو نەبووە، ئێستا لەتەمەنی (٥٥) ساڵیدایەو هێشا توانای فیکری لەبەردەمیدایە بۆ دامەزراندن‌و کامڵکردنی پرۆژەی فەلسەفی دیکە. چەندین کتێب‌و لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی درێژی بەتەواوی زمانە زیندووەکان (ئینگلیزی، ئەڵمانی، فەرەنسی، ئیسپانی، ئیتاڵی..) دەربارە نوسراون، کە پێکهێنەری گرنگیەکی فەلسەفی دانسقەیە کە شوێنگەیەکی گرتووە، گەر بەهۆی بەرهەمەکانیەوە شوێنگەیەکی نەگرتبی کە تاوەکو ئێستا لە بیست کتێب تێپەڕاندووە، کە تەنهایە لەوسیما فەلسەفیانەی تایبەتمەند،وای لەزۆرێك توێژەرەوەی فەلسەفە کردووە بۆ بونیادنانی سیستەمی فەلسەفی نوێ بیپاڵێون، بۆ هاوشانی ئەو سیتەمە فەلسەفیە زەبەلاحانەی کەسیمای مێژووی بەشەریەتیان گۆڕی، وەك سیستەمی ئەفلاتوون‌و ئەرستۆو کانت‌و هیگڵ‌و مارکس.

هابرماس هەمان خەتە فەلسەفیەکەی گرتەبەر کە لەسەردەستی فەیلەسوفە گەوەرکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت دامەزرابوو، لەرێگای هەزمکردنە فەلسەفیەکانیان دوای رۆیشتن بە تیۆری رەخنەییدا لەنێو چەندین بواری نوێ کەپێشتر توێژینەوەی رەخنەیی لەمەڕ نەکراوە. هابرماس دامەزراندنە





فەلسەفیە زەبەلاحەکەی بەلێکۆڵینەوەی فراوان بۆ رەگ‌و ریشاڵی فەلسەفەی جیهانی بەهەموو رەوتەکانیەوە پێك دەهێنێ. تا بە لێکۆڵینەوەی هەزمکردنی تەواوی فەلسەفەی ئەڵمانی‌و مێژووەکەی‌و دواتر تەوەری بابەتە بنەڕەتیەکانی‌و جەوهەرەکەی دەگات، بونیادە سەرەکیەکانی پڕکردۆتەوە، بەتەرخانکردنی لیکۆڵینەوە فەلسەفیەکانی بەچاوخشاندنی ئەنسکلۆپیدیای تایبەتمەند بۆ رەوتەکانی کۆمەڵناسی کلاسیکی‌و نوێ‌و لێکۆڵینەوەی دەربارەی ئابووریزانی‌و گەشەکردنی تیۆرو چەمکەکانی، لەو بنچینە فەلسەفیە کۆمەڵایەتیەوە لەتوانادایە دابنرێت بۆ بونیادنانی تیۆرەکەی کە قوڵبوونەوەو پڕۆگرامی رەخنەیی‌و پرۆژەی بەربڵاوی بیرمەندانی قوتابخانەی فرانکفۆرتی تەواوکرد، تا ئەو رادەیەی هەندێ لەفەیلەسوفە هاوچەرخەکان بڕیار لەوەدەدەن کە بیرۆکەی هێربەرت مارکیوزە کە سەرەتا بەتیۆری رەخنەیی دەستی پێکرد تا ئەوپەڕی پێدەچێ فیکرەیەکی بێهێز بێت بەرامبەر توێژینەوە رەخنەییەکانی هابرماس لەمەڕ دیاردەی هەزمکردنی هوشیاری (کۆ) لەلایەن دامودەزگا فەرمیەکانەوە کە دەستبەرداری گەشەپێدانی میتۆدە زانستی‌و تەکنەلۆژیەکانیان نابن. کەچی هابرماس دوای" تەواوکردنی" پرۆژە رەخنەییەکەی بەرەو توێژینەوە فەلسەفیە زەبەلاحەکەی چوو کە یەکەم جاریەتی بەئامانجی بونیادنانێکی رەسەن بۆ ئەپیستمۆلۆژیا بەپێی پرۆگرامی وردبین کە سەیرورەتی ئەبستمۆلۆژی لەرێگای گۆڕانکارییە مێژووییە ئەوپەڕ وەردبینیەکانەوە بخاتە ژێر باسەوە، هەروەك بڵاوبوونەوەی ئەو گۆڕانە لەنێو شەپۆلە میتۆدیەکان بۆ دەستکەوە فەلسەفیە گەورەکانی وەك( کانت، شلینگ، هیگل، فیورباخ، مارکس هۆسرل، هایدگەر..) ئەوشتەیە کەوای لەبەرهەمە فەلسەفیە هەرە رەسەنەکانی هابرماسکرد بۆ بونادنانی سیستەمێکی ئەپیستمۆلۆژی فەلسەفی " تەواو" بەپێی رای هەندێ لەفەیلەسوفو

توێژەرەوە هاوچەرخەكان، كەبەئاستی هەمان دەسكەوتە گەورەكانی بەرلەخۆی دەوەستێت. لەبەرئەوە هابرماس بەگرنگترین فەیلەسوف لەئێستای ئەڵمانیادا دەژمێردرێ، توێژینەوە فەلسەفیەكانیشی گرنگیەكی جیاواز لەرەوتە فەلسەفیە هاوچەرخەكان لەخۆدەگرێ. بۆیە ئەو (باسە)ی پێویست دەكات توێژینەوەیەكی تەنهای لەمەڕبكەین، كەئەو باسەیە فیكری هابرماس شڵەژاندن. ئەمەش لەبەر دوو هۆكاری بنەڕەتی، یەكەمیان پەیوەستە بەگرنگیە فەلسەفیەكەی توانای گشتی بەدامەزراندنی سیستەمێكی فەلسەفی تەواو، بەڵام هۆی دووەم شەرعیەتەكەی لەوە وەردەگرێت، خۆی ناوی (هابرماس) بەمانای كرنۆلۆژی بۆ چەمكی نەوەكان، بۆتە زانستێك لەبۆچوونەكانی نەوەی نوێ لەقوتابخانەی فرانكفۆرتدا.[١٢٤] ئەگەر نەشڵێن تاكە میراتگری فیكری ئەو قوتابخانەیەو گرنگترین فەیلەسوفی هاوچەرخە، تەنها لەسەر ئاستی فیكری رەخنەیی نا، بەڵكو لەسەر ئاستی فیكریو فەلسەفی بەگشتی.





## بەشی پێنجەم

پاژی دووەم

# یۆرگن هابرماسو فەلسەفە رەخنەییەكەی

## كورتەیەكی فیكریی

هابرماس نمایندەی نەوەی دووەمی فەیلەسوفانی قوتابخانەی فرانكفۆرت دەكات، ئەو نەوەیەی كە پێشەنگی تیۆری رەخنەییان كرد بەرەو قۆناغێكی پێشكەوتوو لەرووی گشتگیریو فراوانبوونەوە. تیۆرەكەیان والێكرد زیاتر كراوەبێت، بەسەر زانستەكانی ترداو زیاتریش تێكەڵ بێت لەگەڵ دەسكەوتە تیۆریو میتۆدیەكان، هابرماس لەیەك كاتدا فەیلەسوفو سۆسیۆلۆژیستە، بە خستنەژێر لێكۆڵینەوەی سۆسیۆلۆژیانەی دیاردەی كۆمەڵایەتی-سیاسی هەستاوە كە لەروئیایەكی فەلسەفیانەی شیكارگەرا هەڵدەقوڵێو بنەمایەكی زێدەفراوان پێكدەهێنێتو لەرێگای ئەو بنەمایەوە ئاوێتەبوونی هەڵسوكەوتی فەلسەفیانە بەسیمایەكی سۆسیۆلۆژیو بەكارهێنانی ئەو هەڵسوكەوتە لەنێو فەزای رووبەرووبوونەوەی دیاردە كۆمەڵایەتیەكانو هەڵوەشاندنەوەیان

لەکاتی توێژینەوەیاندا دێتەئارا. لەو سیمایانەی کە کارەکانی هابرماسی پێ جیادەکرێتەوە، مەیلە میتۆدیەکەی دێت، کەبەلای ئەفراندنی تیۆرییەکەدا دەشکێتەوەو لەتونایدایە زانستە مرۆییەکان والێبکات لەنێو سیستمێکی گشتیدا رێکبخرێنو جەخت لەسەر بەشداریکردن لەیەک بنەمای مەعریفی بکەنەوە.. جگە  لەوەی هابرماس بەرهەمێکی زۆری هەیەو نووسەرێکی چالاکە، شۆرەتەکەی بەشێوەیەکی زوو لەژیانیدا بەدەرکەوت، ئەمەش بەهۆی بڵاوبوونەوەی وتارە زۆرەکانی لەرۆژنامەو گۆڤارە هەفتەییو وەرزییەکانی ئەڵمانیادا. هابرماس تەنها بەدانانو نووسینی کتێبو لێکۆڵینەوە فەلسەفیە درێژەکانی نەوەستا، بەڵکو بەردەوام لەپەیوەندیدا بوو لەگەڵ رۆژنامە سیاسییو رۆشنبیرییەکانو زۆرێک لەرووداوە فیکرییەکانی دەخستەروو کە خۆیان لەرەخنەو خوێندنەوەی کتێبو رەخنەی ئەدەبیو شانۆییو هونەری دەبینیەوە، لەنێویشیاندا تاوەکو بەنووسینی سیاسیانەی راستەوخۆ دەگات. وەلێ وتارە فەلسەفیەکانی لەهەموو نووسینەکانی دیکەی جیاوازترو دیارتربوون، هەر لەسەرەتاوە ئەوەیان بەدەردەخست کە لەئایندەدا فەیلەسوفێکی  گرنگ بەدەردەکەوێت، ئەمەو جگە لەو گرنگیە زۆرەی نووسینە سیاسیو ئەدەبیەکانی کە بەجددیەتو قوڵی وەسفدەکرانو لەلایەن رۆشنبیرانەوە گرنگیەکی تایبەتیان پێدەدرا. تاوەکو ئێستا بیست دانراوو نوسراوی هەیەو شۆرەتێکی جیهانی گەورەی لەوڵاتانی ئەوروپاو ئەسکەندەنافیاو جیهانی ئەنگلۆسەکسۆنی، بەتایبەت لەوڵاتە یەکگرتووەکان بۆ بەدەست هێناوە، ئەمەش بەهۆی جددیەتو رەسەنایەتی ئەو گیروگازە فەلسەفیانەی خستوونیەتەروو، زۆرجاران ناوی دێتو گەواهی بەڕاکانی دەدرێت، بەو پێودانگەی مەرجەعێکە لەبواری فەلسەفەی سیاسییو کۆمەلایەتی لەسۆسیۆلۆژیاو لێکۆڵینەوەی تایبەت بە ئەبیستمۆلۆژیا(١).





هابرماس سەرنجی خوێنەرانی ئەوکاتە بەلای خۆیدا راکێشا کە ساڵی ١٩٥٣ وتارە بەناوبانگەکەی بەناوی( بیرکردنەوە لەگەڵ هایدگەر دژی هایدگەر)ی بڵاوکردەوەو ئەوکات لەتەمەنی (٢٣)ساڵیدابوو. نووسینەکانی هایدگەر زاڵ بوون بەسەر فەزای فەلسەفی ئەڵمانیادا. هەروەک تاوەکو ئێستاش بەشێوەیەک لەشێوەکان وایەو دوایین رەوتی فەلسەفی بووە، مەیلی گشتگیری هەبووبێت. کاریگەریەکەشی تەنها بەسەر ئەڵمانیادا نەبوو، بەڵکو بەرەو ئەوروپا کشاو هاوکاریش بوو لەگەشەکردنی چەندین فەلسەفەی گەورەی وەک( وجودیەت) لەفەرەنسا.. هەروەک زۆر لەو ئاراستە میتافزیکیانەی کە لەسەر بنەمای راڤەکردنی ئەنتۆلۆژیانەی واقیع یان تێگەیشتنی دیاردە مرۆییە واقیعیەکان هاتبوونە ئارا، لەقوڵاییە وجودییەکەیان تێگەیشتنێکی فەلسەفیانە بوون. هابرماسیش یەکێک بوو لەوانەی کە لەهەژموونی فیکری هایدگەری دەربازی نەبوو، لەوانەشە هەر ئەوەش لەهۆکارە بنەڕەتیەکان بووبێت کە پاڵی بەهابرماسەوەنا دواتر رەخنە لەدەستبەسەراگرتنو هەژموونی دامەزراوەکان بەسەر هوشیاری فەردیو کۆمەڵدا بگرێت.. لەو لێکۆڵینەوەی کە (جان-رۆنیە لادمیرال) دەربارەی هابرماس لە(قاموسی فەیلەسوفان)دا نووسیوویەتی ئەو کاریگەرییەی کە فرۆیدو دەرونشیکاری هەیانبوو بەسەر میتۆدی فیکریی شیکارگەرایی بەدەردەکەوێت کە دواتر لەبەرهەمەکانیدا پێیانەوە پابەندە.. لەگەڵ تێبینی کردنی ئەوەی کە بێگومان قوتابخانەی  دەرونشیکاری مومارەسەی کاریگەریەکی داماڵراوو دابڕاو لە رەوتە سۆسیۆلۆژییەکانی ئەڵمانیا بەگشتیو مارکسیزمی بەتایبەتی نەکردووە، لێرەوە دەتوانین  لەو کارتێکردنانەی هایدگەر تێبگەین لەفیکری رەخنەییانەی هابرماس، لەمیانەی نزیک بوونەوە لەگەڵ قوتابخانەی دەرونشیکاری بەگرنگیدانی هەردووکیان بەهوشیاری فەردی.. دەرونشیکاری لەروانگەیەکی زانستی ئەزموونگەرا

گرنگیدا به دۆزینەوەی نێوەرۆكی هوشیاریو ئەو هۆكارە خودیو دەرەكیانەش كه كاریگەریان بەسەرەوە هەیە. فرۆیدگەرایی بەپێی پلەكانێی زانستی زێدە رۆچوونە لەجیهانی تاكدا، بەڵام فیكری هایدگەری بەتایبەتی هەروەك لەكتێبی (وجودو زەمەن)دا هاتووە، لەهوشیاری دەكۆڵێتەوەو هەڵنگوتنێك دەخاتەروو لەسەر توانای لەدیاریكردنی شێوازی وجود. ئەو نموونانەی (وجود) كه هایدگەر لێیكۆڵیونەتەوە وەك"وجودی راستەقینە"و"وجودی ساختە" ئەمە بەشێوەیەكی بنەڕەتی دەرەنجامی بارومەرجێكی جوڵەیی دەرەكییە.. جگە لەو حەسانەیەی لەتوانای خودی هەڵقولاوە بۆ قوڵبوونەوەی هوشیاری تاك لەواقیعەكەیو رەهەندە راستەقینەییو ساختەكان تیایدا. هایدگەر ئەو دۆزە دەتەقێنێتەوە، لەرێگای زێدەرۆچوونێكی قووڵ بۆ نێو كەینونەی فەردی، بۆئاشكراكردنی ترسی وجودو توانای دەرچوونی لەساختەییو دەستبەسەراگرتن. فەلسەفەی هایدگەرو ئەو میتۆدەی كه تەحەكومی پێوەدەكات دژ به دەستبەسەراگرتنو زەوتكردن دەوەستێتەوە. لێرەوە دەتوانین لەو فیكرە رەشگەراییەی لای هایدگەر بگەین، بەوەی كه فیكرێكی رەسەنو شۆڕشگێڕە. بەو مانایەی كه لەدەرەوەی ئەو پەیوەندییە وەرگیراوانە دەوەستێت، كەوەك وەرگیراوێك پێویستە بژین، لەو روانگەیەی پەیوەستە بەهوشیاری فەردو كەینونەكەشی رەتدەكاتەوە. بەو شێوەیە هابرماس لەژێر هەژموونی هوشیاری توندی هایدگەریدابووە، بەتوانای ساختەكردنی هەموو شتێكو رەخساندنی بواری تێڕامانو كرداری كرانەوەمان بەسەر ئەو شتانەی لەدەوروبەرمانن و پێویستیشە بیركردنەوەكانی دیكە لەدەرەوەی بن. ئەوە تۆوی سەرەتا بوو كه ئاراستەی روانینی كۆمەڵایەتی بەرەو ئازادبوونكرد. لەرێگای دیاریكردنی روانگەیەكی سۆسیۆلۆژی كەیەكەمجار پەیوەیست بێت به هوشیاری تاك، ئەمە





بوو كه لێكۆڵینەوەكانی دواتری هابرماس رایانگەیاندو بەدەریانخست جگە له لێكۆڵینەوەكانی دەربارەی تیۆری ماكس فیبەر لەبواری كۆمەڵناسیو كارل ماركس لەبواری ئابووری سیاسیو بزوتنەوە ئایدیۆلۆژییەكان لەكۆمەڵگادا. ژیانی ئەكادیمییانەی هابرماس تارادەیەكی زۆر هاندەربوون كه وەك كەسایەتیەكی فەلسەفی نموونەیی بخرێتەروو. نموونەی فەیلەسوفی ناسراوی ئەڵمانی بێت.. هابرماس بەدوای ئەو ئاراستە كلاسیكیەی ئەڵمانیا بۆ دروستبوونی كەسایەتی فەیلەسوفدا چوو. لەسیما بنەرەتیەكانی ئەو ئاراستەیە، چوونەناو دامەزراوەی ئەكادیمی زانكۆو چاودێریكردنی خوێندنی فەلسەفەبوو تیایداو، هەموو قۆناغە یەكبەدوایەكدا هاتووەكانی، تاوەكو بەدەستهێنانی پلەی دكتۆرا لەفەلسەفەداو دواتر مانەوە لەنێو دامەزراوەی زانكۆییو وتنەوەی خوێندنی فەلسەفەی برِی، بەبێ دابڕان له نووسینو دانانی فەلسەفیانەو بڵاوكردنەوەی لێكۆڵینەوەی فیكریی رەسەن لەدەرەوەی سنووری ئەو دامەزراوەیە.

هەموو فەیلەسوفانی ئەڵمانیا بەو قۆناغەدا تێپەڕیون.. وەك كانت، هیگل، شیلینگ، هۆسرل، هایدگەر.. هیچ كەسێك بەدەر نەبوو لەو بنەمایەی زانستی بوو، تەنها كارل ماركس نەبێت كه دامەزراوەی زانكۆیی دوای بەدەستهێنانی پلەی دكتۆرا بەجێیهێشت كه لەتەمەنی (٢٢) ساڵیدا بەدەستی هێنابوو، لەبەر ئەوەش دامەزراوە زانستیو ئەكادیمیەكانی سەردەمی خۆی باوەڕپێكراو نەبوو، هابرماس پابەندبوو بەو رێچكە كلاسیكیە میتالیە، بۆ خوڵقاندنی رێچكەی فەیلەسوف بەمانای وشە. هەروەك پابەندبوونی ئەكادیمیانەی بەشێوەیەكی هاوسەنگ بوو لەگەڵ داهێنانە فیكرییە بەردەوامەكانی لەرێگای دەركردنی زۆرێك له لێكۆڵینەوە فەلسەفیە گرنگەكانی لەدەرەوەی دامەزراوەی زانكۆیی.. رێك لەبەر ئەو رێرۆیشتنەی لەگەڵ

نەریتی(دامەزراوەی) فەلسەفی لەئەڵمانیادا، ئەو فەیلەسوفە هیچ ژیانێکی نەبوو، جگە لەژیانێك بۆ لێکۆڵینەوەی زانکۆییو شارەزایی ئەکادیمی.

هابرماس لەساڵی ١٩٢٩ لەشاری دۆسیلدرۆڤی ئەڵمانی لەدایك بووە، پێگەیشتنی سەرەتایی لەنێو خانەوادەیەکی بۆرژوازی بەسەربردووە.. تواناو زەمینەیەکی زانستی لەباری لەخۆدا بەدی کردووە. باپیرەی لەرۆشنبیرە کلاسیکیەکانی ئەڵمان بوو، ئەوەش وای لەهابرماس کرد سوود لەو کتێبخانە گەورەیەی ماڵەوەیان وەربگرێت.. لەتەمەنێکی زوودا چووە نێو خوێندنەوەی کارە فەلسەفیو ئەدەبیە کلاسیکیو نوێکانیش. خوێندنی ئامادەیی لەساڵی ١٩٤٩ تەواوکرد، چووە زانکۆ بۆ خوێندنی فەلسەفەو شارەزابوو تێیدا. لەکاتێکدا شارەزایی لەفەلسەفەدا رێگر نەبوو لەکرانەوەی بەسەر ئەو بابەتانەی کەلەگەڵ وانەکانیدا بەشێوەیەك کە شارەزایەتیەکەی بوون، وەك مێژوو، دەروونناسی، دەرونشیکاریو ئابووری سیاسیو ئەدەبی ئەڵمانیو ئەدەبی جیهانی.. لەساڵی ١٩٥٤دا پلەی دکتۆرای لەفەلسەفەدا لەسەرتێزی (دەربارەی فەلسەفەی شیلینگ) بەدەستهێنا.. دواتر بەنووسینی چەندین لێکۆڵینەوە هەڵسا سەبارەت بە مێژوو، چەمکی ئایدیۆلۆژیا، سیستەماتیکیەتی بیرۆکەکان، لەهەمان کاتدا بەشێوەیەکی چالاكو بەردەوام لەبواری رۆژنامەوانیدا کاری دەکرد، زۆر وتاری لەبارەی ئەدەبو هونەرو بوارە رۆشنبیرییەکانی دیکە نووسی. زۆر لێکۆڵینەوەی تایبەت بەخەڵاتکردنی فەیلەسوفانی ئەڵمان لەبۆنەی جیاوازی وەك لەدایکبوون یان یادی مردنیان نووسی. لەنێو ئەو لێکۆڵینەوانەشدا لێکۆڵینەوە گرنگەکە "بیرکردنەوە لەگەڵ هایدگەر دژی هایدگەر"هەبوو.

هابرماس لەپۆستی مامۆستای هاوکاری تیۆدۆر ئادۆرنۆ لەنێوان ساڵانی ١٩٥٦-١٩٥٩داو لەپەیمانگای لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی (قوتابخانەی فرانکفۆرت)





دەستبەکاربوو، بەشداری لە توێژینەوە تیۆریو ئەزموونیەکانی ئەو پەیمانگایەدا کرد..ئەمەو ئەگەرچی لە زانکۆی فرانکفۆرتیش بوو، بەڵام تێزی دووەمی دکتۆراکەی لەبەشی زانستە سیاسیەکانی زانکۆی ماریبۆرگ Marburg ١٩٦١،لەژێر چاودێری مامۆستا(ڤۆلڤگانگ ئەبیندرۆت- Wofgang Abendroth خرایە بەر گفتوگۆ. تێزەکە لە توێژینەوەیەکی گەورە دەربارەی فەلسەفەی سیاسی- کۆمەڵایەتی پێکهاتبوو، کە پێشتر لەساڵی ١٩٥٩ ئامادەکرابوو، هەروەك پێشکەشی بە زانکۆی فرانکفۆرت کردبوو، کەچی ئەوکات ماکس هۆرکهایمەر لەسەر گفتوگۆکردنی راستەوخۆی ئەو تێزە رازینەبوو، بەڵکو داوای لێکردبوو لێکۆڵینەوەیەکی تەواوکەر کەسۆسیۆلۆژیای تیۆریو ئەزموونی لەخۆی بگرێت، هاوپێچی ئەو تێزە بنووسێت. ئەو تێزە بابەتی ئەرکۆلۆژیای کۆمەڵایەتی مێژووی بۆ رای گشتی لەخۆگرتبوو، وەك رێچکەیەك لەهەژموونی دامەزراوەیی لەنێو کۆمەڵگا بۆرژوازییە نوێو هاوچەرخەکاندا. ئەو توێژینەوەیە لەساڵی ١٩٦٢ لەژێر ناونیشانی (مەیدانی گشتی) چاپو بڵاوکرایەوە. هابرماس پێش گفتوگۆکردنی ئەم تێزەی لەزانکۆی هایدلبرگ بۆ پۆستی مامۆستای "بەرز"ی فەلسەفە بانگکرابوو. لەسەر ئەو پێشنیارە رازیبوو، لەو زانکۆیەشدا فەیلەسوفی ئەڵمانی (هانز – جۆرج گادامێر hans-georges gadamar)ی ناسی، کە کاریگەری بەسەر زۆرێك لە فیکرەکانی هابرماسەوە هەبوو. هەروەك چاوی بە کارل لۆڤیتچی فەیلەسوف کەوت.. زۆر بە فیکرو بیرکردنەوەکانی کاریگەربوو، بەشێوەیەك بەشێکی سەربەخۆی لەکتێبی" چەند لایەنێکی فەلسەفیو سیاسی" تایبەت بەوکرد.

لەساڵی ١٩٦٤ هابرماس زانکۆی هایدلبرگی بەجێهێشت، بۆئەوەی پۆستی مامۆستای فەلسەفەو سۆسیۆلۆژیا لەزانکۆی فرانکفۆرت وەربگرێ، کەتیایدا

بووە هاورێی کارکردنی مامۆستای کۆنی خۆی تیۆدۆر ئادۆرنۆ تاوەکو مردنی ئادۆرنۆ لەساڵی ١٩٦٩. هابرماس پێشتر خوێندکارێکی چەپی زانکۆی فرانکفۆرت بوو، کاتێکیش لەو زانکۆیە بوو بەمامۆستا، وەك مامۆستاکانی پێشوتری: هێربەرت مارکیوزە، ئارنێست بلوخو تیۆدۆر ئادۆرنۆ. بووە باوکێکی رۆحی خوێندکارە رادیکاڵەکان لەساڵی ١٩٦٩ لێکۆڵینەوەیەکی بەناوی (خوێندکاران‌و سیاسیەت) بڵاوکردەوە. کە بەهاوبەشی لەگەڵ (ڤۆن فریدبۆرگVonffriedburg )و( کریستۆڤ ئاویهلیر Christoph Oehler)و( فریدریك ڤیلتز F. Weltz)دا نووسیبوو. لێکۆڵینەوەکە لێکۆڵنیەوەیەکی سۆسیۆلۆژی مەیدانی بوو بابەتی (هوشیاری سیاسیی لای خوێندکارانی ئەڵمانیای رۆژئاوا)ی لەخۆگرتبوو. ئەو لێکۆڵینەوەیە هەندێ دراوی تارادەیەك رەشبینانەی لەخۆدەگرت، کە دواجار بووە هۆی ئەوەی هەندێ لەهێزە چەپەکانی نێو خوێندکاران‌و رۆشنبیران پێیان هەزم نەکرا.

لەو قۆناغەی ژیانی فیکری‌و ئەکادیمیدا هابرماس هەڵوێستێکی پشتیوانی وەرگرت لە یەکێتی خوێندکارە سۆسیالیستەکانی ئەڵمانیا، لەوکاتەی کە لەنێو سلکی وەزیفی زانکۆدا دەستی بەپێشکەوتن کرد، دواتر ئەو هەڵوێستە سیاسیەی سیمایەکی تری وەرگرت کە لەدیدی هەندێ هێزی خوێندکاری بە" چاکسازی رادیکاڵیانە" وەسفدەکرا. لەکاتێکدا هەندێ گروهی تری خوێندکارانی توندڕەو هابرماسیان تەنها وەك لیبراڵێکی رەخنەگر دەدیت، هەروەك لەنووسینە رەخنەییەکانی ئەوە بەدەرکەوت‌و بەمەسەلەی چەپ‌و هەڵوێستیەکانیدا چوەوەو رێچکەیەکی سیمۆنتیکیانەی دیاریکراوی لەدەستەواژە تەکنیکیە سیاسیە بەکاربراوەکانیدا گرتەبەر، وەك دەستەواژەی (فاشیەتی چەپ) کە لەرێگای چەندین گریمانەی بەدوایەکداو بەلێکۆڵینەوەی بەردەوامی بۆ سروشتی بزوتنەوەی چەپ لە ئەڵمانیادا پێیگەیشتبوو.. ئەو





دەستەواژەیە گەردەلوولێکی لەرەخنەو گلەیی توند دژ بە فەیلەسوف( هابرماس) نایەوە کە خۆی وایکرد ببێتە ئامانجێك لە ئامانجە رەخنەییەکانی گروهە خوێندکارییە توندڕەوەکان.

لەساڵی ١٩٦٩دۆسیێەکی مێژوویی کە دیدێکی رەخنەیی لەبزوتنەوەی خوێندکاران هەبوو بڵاوکردەوە.. ئەویش لەرووی لاوازی چالاکیە سیاسیەکانیان بەرامبەر بەهێزی (چالاکیە) هەڵپەرست‌و ئینتقالی‌و ناعەقڵانیەکان، کە یارییە سیاسیەکانی باڵێ راست‌و تەیاری پارێزگارو چینی تەکنۆکرات بەرێوەیدەبردن.

هابرماس لەساڵی ١٩٧١ زانکۆی فرانکفۆرتی بەجێهێشت بۆ ئەوەی پۆستی سەرۆکی پەیمانگای ماکس بلانك بۆ لێکۆڵینەوە دەربارەی ئاکاری بەشەری لەدنیای تەکنیکیدا لەشاری ستڕانبرگ وەربگرێت. ( Max- Plank institut zur Erforschung Der lebensbeding ungen der wissensch- Ftlich- Techuischer Welt stransberg) بەشێوەیەك کە بواری کاری بەتەواوەتی رەخسا بۆنووسینی توێژینەوە فەلسەفی‌و زانستیەکان. لەو قۆناغەدا دەستی بەنووسینە رەخنەیی‌و شیکردنەوە فەلسەفی‌و سۆسیۆلۆژییەکان کرد. رێچکەیەکی بەهێزی لە فیکر روونی‌و هێزی تیۆری جیاکار وەرگرت. نەخشەی بۆ تەیارێکی فەلسەفی نوێ دانا، کە بەشێوەیەکی توند لەرووی بونیادی میتۆدی تۆکمەبوو.. لەبەکارهێنانیشیدا کاریگەرییەکی توندو چالاکی لەنێوەندی رۆشنبیری‌و فەلسەفی ئەڵمانیا نواند، بەتایبەت لەنێو ریزی چەپ‌و هێزە رادیکاڵیەکان. دواجار بووە هۆی سەرهێشاندنی بیرمەندانی باڵی راستی ئەڵمانی‌و هەموو دامەزراوە رۆشنبیری‌و سیاسیە پارێزگارەکان..

نوسەرە راستڕەوەکانیش بەهێرشێکی فیکری توند هەستان، دژی هابرماس لەرۆژنامەو میدیاکان‌و هێرشیان بردەسەر بیرۆکە رەخنەییەکانی‌و تۆمەتباریان کرد بەوەی‌کە: بیرۆکەکانی روخێنەرو تێکدەرانەن، تا ئەو رادەیەی هەندێکیان فیکری فەلسەفی هابرماسیان بەسەرچاوەو بەرپرسیاری ناراستەوخۆی سەرهەڵدانی چالاکیە توندو تیژەکانی ئەڵمانیا دایە قەڵەم. کە دواتر کاریگەریەکەی لەرێکخراوی بادر- ماینهۆفدا گەشەی کرد، ئەمەش بەهۆی ئەو هاندانەی بۆ هەڵقولانی ئۆپۆزسیۆن دژی دامەزراوە لەئاراکان بوو. ئەوەش لەمیانەی ئامادەکردنی تیۆریانە بۆی‌و لەرووی ناوەڕۆکە رەخنەییە فەلسەفی‌و کۆمەڵایەتیەکەیشەوە. ئەو رەخنەگرتنە لەهابرماس سەرکەوتوو بوو، بەشێوەیەك توانی هانی زانکۆیەکی جددی وەك زانکۆی میونیغ بدات بۆ رەتکردنەوەی دانی پۆستی مامۆستای فەلسەفە بە هابرماس، لەکاتێکدا کە ناوەکەی لەنێو چەندین پاڵێوراودا زۆرترین گرنگی هەبوو بۆ ئەو پۆستە.
هابرماس دوای دوو ساڵ کارکردن پۆستی سەرۆکی پەیمانگای ماکس بلانکی بەجێهێشت‌و دەست لەکارکێشانەوەی پێشکەشکردو هۆیەکەشی رێکخستنەوەی نوێی ئیدارەکە بوو، کە بووە هۆی سەرهەڵدانی چەند ناکۆکی‌و گرژییەکی فیکری لەنێوان هابرماس‌و رێکخەرو لێکۆڵەرە نوێیەکان، بەڵام پۆستی مامۆستای فەلسەفەی لەفرانکفۆرت تاوەکو ساڵی ١٩٨٣، یان دوای دوو ساڵ بەجێهێشتنی پەیمانگای ماکس بلانك وەرنەگرت. شۆرەتە جیهانیەکەی هابرماس فراوانبووەو هابرماس زوو بوو بە فەیلەسوفێکی باوەڕپێکراو لەلایەن دامەزراوە زانستی‌و رۆشنبیرییە جیهانییەکان بەتایبەتی لەجیهانی ئەنگلۆسەکسۆنی‌و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کەچەندین جار لەسەر داوای زانکۆو پەیمانگا زانستیە پسپۆرییەکان سەفەری بۆ کرد. هابرماس لەنێوان ساڵانی ١٩٦٧-١٩٦٨یشدا لەقوتابخانەیەکی نوێی تایبەت بە لێکۆڵینەوەی





کۆمەڵایەتی لەوڵاتە یەکگرتووەکان‌و لەشاری نیویۆرك وانەی گوتەوە( New school For social Researchs) لەوماوەیەشدا شۆرەتێکی زۆری پەیداکرد، هەرزوو کتێب‌و توێژینەوەکانی بوونە جێی گفتوگۆی خەست‌و دەمودووی درێژ..
ئاماژە دیارەکانی ژیانی فیکری هابرماس وایان لەنوسینەکانی کرد، ببنە ئامێری بەکارهێنانی گونجاو بۆ چەپ‌و راستەکانیش لەهەندێ کاتداو لەسەر ئاستی تاکتیکیش بۆ هەردوو هێزی سیاسی، بەپێی چوونە نێو نێوەڕۆك‌و بونیادی فەلسەفە سیاسیەکەی‌و رەهەندەکانی، ئەو بەکارهێنانە لەلایەن هەردوو هێز، جەخت لەو گرنگیە دەکاتەوە کە فیکری هابرماس بەدەستی هێناوە لەسەر ئاستی دروستکردنی پردی تیۆری لەنێوان فەلسەفەو سیاسەتدا، بەشێوەیەك کەچالاکی سیاسی تواناداراە لەسەر بەرهەمهێنانی بواری تیۆری فراوانتر لەخۆی بۆ بەدەستهێنانی گەواهی لۆژیکی کە شەرعیەتی گشتی بەبوونی بدات.

## سەرچاوەکانی فەلسەفەی رەخنەیی لای هابرماس

سەرەڕای کانتیزم‌و هیگلیزم‌و مارکسیزم‌و رەوتە فەلسەفیەکانی ئەڵمانیا لە هەردوو سەدەی هەژدەهەم‌و نۆزدەهەمدا، سەرچاوە بنەرەتیەکانی تیۆریی رەخنەیی هابرماس سەرەتا بەکاریگەربوون بەفەلسەفەی هایدگەر دەستیپێکرد، دواتریش بە فەیلسوفانی هاوچەرخی ئەڵمانیا، بەتایبەت فەیلەسوفانی پێشەنگی قوتابخانەی فرانکفۆرت، یان بابڵێن لەژێر کاریگەری ئەوانەدابوو کە فەلسەفەو سۆسیۆلۆژیاو روانینی سیاسیان لە لێکۆڵنەوەکانی لەمەڕ واقیعدا کۆکردبووەوە. بنەمای( کلاسیکی —نوێگەر)(کانت، هیگڵ،

مارکس)شتێك نەبوو جگە لە دەفرێك کە لقەکانی زیاتر وردبینیو پسپۆری لەخۆگرتبوو، هەر ئەمەشبوو لە پێکهاتەی تیۆرییە رەخنەیەکەیدا بەرجەستەببوو. کاریگەرییەکانی هایدگەر،سەرەتا خۆیان لەو سێ لێکۆڵینەوەیە بینیەوە کە هابرماس بۆ (مارتن هایدگەر) تەرخانی کردبوونو دواتر لەکتێبەکەیدا بەناوی( لایەنە فەلسەفیو سیاسیەکان) کۆیکردبوونەوە، ئەو دانراوە رەنگدانەوەی سەرەتای پێکهاتی رەخنەی پێشوەختەو،هاوکاتیش لەهەڵوەشاندنەوەی کاریگەرییە کۆکراوەکان بۆ فاکتەرە بەراییەکانی بوو لەلایەن هابرماس.

کتێبەکە کۆمەڵێك لێکۆڵینەوەی گرنگی لەخۆگرتبوو، لەنێوانیاندا لێکۆڵینەوەیەك بەناوی" سودی فەلسەفە چییە؟"لەو لێکۆڵینەوەیەدا رایەڵەکانی بەرایی گرنگیدانە فەلسەفیو سۆسیۆلۆژییەکانی هابرماس بەدەردەکەون، کە لایەنی فەیلەسوف بوونی زوو تیادا دەرکەوت، ئەو بەدەرکەوتنەش بەشێوەیەکی ئۆرگانیکی بەکاربراوو لێکدراو لەناو ئامانجی واقیعی کە سیماکانی لە لێکۆڵینەوەو دانراوەکانی دواتردا دیارکران. ئەو لەکاتی وەڵامدانەوەی پرسیاری( سودی فەلسەفە چییەدا؟) ئەوەی دەبینیکە: فەلسەفەی پەتی لەوانەیە خاوەنی دەرهاویشتێکی پۆزەتیڤانە نەبێت، ئەگەر تەنها لە چوار چێوە خودییەکەیدا قەتیسکرابێت، ئەمەش لەسەر لایەنی رادەی توانای وەرگرتنی بابەتە چارەسەرکراوەکان دەوەستێت. لەکاتێکدا کە رێچکەی بیرکردنەوەی فەلسەفیانە لەتوانایدایە بەردەوامبێتو بمێنێتەوە ئەمەش بەهۆی سۆسیۆلۆژیای رەخنەیی جەدەلی کە دوای پاراوکردنی تەنزیراتی رەگەزە ئەپستراکتەکان لەواقیع بکۆڵێتەوە، لەکاتێکدا هیچ یەکێك لەو تەنزیراتانە توانای بەدەستهێنانیان ئاسان نییە، تەنها لەرێگەی بیرکردنەوەیەکی فەلسەفیانەوە نەبێت، کەپێشتر هەبووبێتو





لەتوانایدابوبێت تا ئێستا بەردەوامبێت.، یان لەرێگای کەرەستەی دیکەی لێکۆڵینەوە لەنێو مەیدانی زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا.. هەروەك ئەوەش دەبینێت کە لەوانەیە فەلسەفەو فەیلەسوف بەمانا کلاسیکیو میتافیزیکیەکەیانەوە ون ببن، فەیلەسوفی نوێ جۆرێکی دیکەیە لە بیرمەندان چونکێ پەیوەستە بە شێوەو کێشەی کۆمەڵایەتی لەئارا، بۆیە لەسەر فەلسەفەیە کە رەخنە بێت، بەمەش بەهەق سەربەو سەردەمە دەبێت کە تیایدا دەژین..یان بەو مانایەی بەردەوام هاوچەرخ دەبێت. هەروەك لەسەر فەلسەفە پێویست دەبێت کەرەخنە لەو دراوانەی زانستی هاوچەرخ بگرێت رەخنەیەکی شیکارگەرا دوای ئاوێزان بوونێکی چەمکیانە لەگەڵیدا، لەهەمانکاتدا ئەبێ لەرەخنە گرتنی بۆ زانستەکان لەرێگایەکی زانستی عەقڵانی هەڵقولابێت.ئەگەرنا دەبێتە ناعەقڵانیو بەتاڵدەبێتەوە لەنێوەرۆکی رەخنەییەکەی. بەکورتی هابرماس فەلسەفە وەك پرۆگرامێکی فیکریی، میتۆدی عەقڵانی رەخنەیی دەبینێت.(٣)

لەو وەڵامەشیدا کە هابرماس خستیەروو، کاریگەرییەکی روونی بیرۆکەی تیۆدۆر ئادۆرنۆی دەربارەی فەلسەفەو سودەکانی پێوەدیارە. ئادۆرنۆ (ئەندامی) ئەو بازنە بچووکە بوو کە کاریگەریەکی جەوهەری لەسەر دروستبوونی بنەمای بەرایی فەلسەفی لای هابرماس دانا.. کە دواتر لەو بەارییەوە بیرۆکەو گیروگازە فەلسەفیەکانی ئایندەی هابرماس گەشەی کرد. بەڵام شێوەی کاریگەری (ئەندامانی) دیکەی ئەو بازنەیە لە کتێبی " لایەنە فەلسەفیو سیاسیەکان" بەدەرکەوتن.. دوابەدوای هایدگەرو ئادۆرنۆش، (کارل یاسبێرز- Karl jaspers) کاریگەریەکی گەورەی کردە سەر دروستبوونی فیکری هابرماس بەتایبەت لە لێکۆڵنەوەکەی دەربارەی (شیلینگ)ی فەیلەسوف کە تێزی یەکەمی دکتۆراکەی لەبارەیەوە پێشکەشکرد.دواتریش

ئارنێست بلۆخو هێربەرت مارکیۆزە کاریگەریان بەسەرەوە نواند.ئەمە سەرەڕای کاریگەری هەندێ فەیلەسوفی کەمشۆرەتی دیکەی وەك (کارل لۆڤیتو لۆدڤیگ فتگنشتاینو ئارنۆڵد گیهلن) بەسەر هابرماسەوە.

هابرماس بەهۆی ئەو زێدەکردنە فیکریانەی ئەم بازنەیەوە توانی پلانە رەخنەییەکەی زیاتر،بەرەو کامڵبوون بەرێت.. ئەو فەیلەسوفە نوێگەرانە بەلێکۆڵینەوە دەربارەی ئاراستە فەلسەفیەکانی سەدەی هەژدەهەمو نۆزدەهەم هەڵسان، بەمەش کلیلێکی نوێیان بۆ تێگەیشتن لەکەلەپووری "کلاسیکی" لەفەلسەفەی ئەڵمانیداو رێگای قوڵبوونەوەیان لەکەرەستە حدسیەکانی فیکری رەخنەیی دۆزیەوە. نموونەش لەسەر ئەم مەسەلەیە لێکۆڵینەوەی مارتن هایدگەرە دەربارەی نیتچە بیردەخەینەوە، کە کاریگەریی روونی بەسەر هەڵوێستەکانی دواتری هابرماسەوە هەبووە، لەبەرامبەر فیکری نیتچەگەرایی، کەلەسەرەتاوە بەئاراستەکردنی رەخنەیەکی گرنگ لەهەمبەر فەلسەفەی نیتچە هەڵسا، لەگەڵ رێزگرتنێکی گەورەی بۆ ئەو توانایەی کە لەبواری رەخنەی میتالیانە پێشکەشی دەکات. ئەوجا بە دروستکردنی پرۆژە ئەپیستمۆلۆژیەکەی دەستیپێکرد، دەسپێك لەو فەلسەفەیەو لەو روانگەیەی کە نیتچە لەرەخنەگرتنەکانیدا بابەتگەرایی ئەزموونی دەرخستووە.

وەلێ کاریگەری هیگل لەسەر هابرماس لەهەردوو خوێندنەوەی : یەکەمی بۆ خودی هیگڵو دووەمی لەرێگای بەرهەمە بڵاوکراوەکانی فەیلەسوفانی فرانکفۆرت بەرجەستەبوو، بەتایبەت کتێبی هێربەرت مارکیۆزە کە گرنگترین فەیلەسوفی سەدەی بیستەمە لەوانەی هیگلیزمیان هەزمکردووەو پەیوەستیو گیروگازە حەقیقیەکانو جەوهەری رەخنەییان ئاشکراکردووە. هەروەك فیکرەی کێشکردنو دینامیکیەتی جەدەلی هیگڵیو ئاراستە میتۆدییەکەی بەشێوەیەکی بەهێزو روون لەبەرهەمەبڵاوکراوەکانی هەموو





بیرمەندانی قوتابخانەی فرانکفۆرت دەبینین، کە هابرماس لەکتێبە فەلسەفیەکانی بەشێوەیەك لەرێگای زێدەکردنی رەهەندی نوێوە بۆسەر ئەو خوێندنەوانە سەرلەنوی بەرهەمی هێنایەوە،کەوا دەتوانین بەخوێندنەوەی سێیەمی تێر رەخنەی،یان زێدەپابەند بەنێوەڕۆکی رەخنەیانەی ئەو فەلسەفەیەی بدەینە قەڵەم.

هابرماس لەنێو هیگلیزمدا رەخنەی ئاراستەی( سنورداری رەهەندی مێژوویی لەئاستی فیکریی سیاسیدا)کرد، وەلێ زیاتر لەفیکری هیگلی نزیکدەبێتەوە ئەوەیش لەبواری سیاقی مێژووی هاوئاست لەگەڵ شۆڕشی فەرەنسادا. لەو بیرۆکەیەدا وزەیەکی رەخنەیی ئاشکرا دەکات، کە ناچێتە ناو لایەنە گشتگیرییەکەیو بە شێوەیەکی سۆسیۆلۆژیانە لە راڤەکردنی رەخنەیی بۆ کۆمەڵگای بۆرژوازی بەرجەستە دەبێت، کە بەئاراستەیەکی نزیککراوە لەگەڵ زەرورەتی فرەهەندی بەرهەم دێنێتو کێشە لەئاراو ئێستاییەکانی کۆمەڵگا هاوچەرخەکانمان لەخۆیان دەگرن..لەپێشەنگیشیاندا کێشەی پێکهاتی شوناسی کۆو عەقڵانیەتی گشتی.

فیکری هیگلی بەشێوەیەك لەشێوەکان رەنگدانەوەی لەنووسینەکانی هەموو ئەو فەیلەسوفانەدا هەبوو کە هابرماس کتێبی" لایەنە فەلسەفیو سیاسیەکان"ی بۆ تەرخانکردبوو. ئەو وێنا پرۆڤایلیە فەلسەفیانە لەوکاتدا وێنای سیاسی بوون، لەبەر ئەوەی هابرماس سەرەڕای فەیلەسوف بوونی ،زانایەکی سۆسیۆلۆژیش بوو، دەبینین بەرەو ئەو میتۆدە فیکرییە چووە، کە نێوەڕۆکە سیاسیەکەی سۆسیۆلۆژیای رەخنەیی بەدەردەخات کە لەپشتی دەمامکە فەلسەفیەکانو لەنووسینی ئەو فەیلەسوفانەدا شاراوەبوونو لەبنەڕەتدا پاڵنەری مێژوویی-کۆمەلایەتی – سیاسی جوڵاندوونی. لەگەڵ ئەوەشدا فەلسەفە لای هابرماس لەسنووری داماڵروو ناسراویدا ناوەستێ،

بەڵکو  مادەیەکی بنەڕەتیو زەمینەیەکی تیۆری ئەزموونی، لەپێناو بونیادنانی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتیدا بەرهەمدێنێت. کەواتە هابرماس بەدیارکردنی تایبەتمەندیو بنەما بونیادگەرییە سەرەتاییەکەی هەستاوە.

سەرلەنوێ خستنەرووی  پرسیار دەربارەی سروشتی کلاسیکیانەی فەلسەفەی لەئارا، بەتەنها نێوەڕۆکی ئایدیۆلۆژیانەی رەخنەیی لەخۆناگرێ، تەنها هەوڵێکیش نییە بۆ هێنانە ناوەوەی فەلسەفەی سیاسی بۆ نێو بوارێکی لەم شێوەیەی نێو گەمەی هێزە کۆمەڵایەتیەکانی ئێستا، هەروەك پرۆسەیەك نییە بۆ دانانی ئەو فەلسەفەیە لەشوێنگەی شیاوی خۆی، بەڵکو درێژەپێدانو درێژکراوەی چالاكو ریشەییە کە پاڵ بە فەلسەفەوە دەنێن بۆ گێڕانی رۆڵی خۆی لەرەخنەگرتنی هەندێ لەرەگەزە فەلسەفیەکان کە تیۆرییە هەڵقوڵاوەکانی نێو خودی خۆی دەریانهاویشتوون. رێك بەپێی ئەو وێناکردنە، هابرماس بەمومارەسەکردنی ئەو میتۆدگەرایيە هەڵدەستێت کە ناوی لێدەنێ مێژووی تیۆری مەیلگەرای ئاراستەکراو بەرەو سیستەمگەراییو رێکخستن.

سروشتی ئەو جێبەجێکردنە میتۆدیەشە بەرەو هەڵوەشاندنەوەی ئەو تیۆریانە بڕوات کە شرۆڤەیان دەکات، بەئامانجی  سەرلەنوێ بونیادنانەوەی تێزەکانی بەپێی نەسەقێکی تیۆری نوێ کە لەلایەکەوە لەگەڵ هەژموونی باڵایداو لەلایەکی دیکەشەوە لەگەڵ بونیادی نێوخۆیدا بگونجێ. بەو شێوەیە دەتوانین ئەوە ببینین کە بیرکردنەوەی بنەڕەتیانەی هابرماس  دەکەوێتە نێو ئاستی نەسەقیانەی رەخنەگری فەلسەفیو تیۆری هاوچەرخ. لەچوارچێوەی روانینی بیرکەرەوانەی گشتی بۆ هەردوو ئاینزای ماددیو ئەویتریان مێژوویی کە ئێستاش لەهەرەتی گەشەسەندن دان.

فیلەسوفە هاوچەرخەکان، ئەوانەی پشکداریان لەبونیادنانی بنەمای رەخنەیی بۆ فەلسەفەی هابرماس کردووە وای دەبینن کە: دەبێت فەلسەفە





پابەند بێت بە نەرێتە بنەڕەتیەکانی وەك بیرکردنەوەی قوڵ لەنێوەڕۆکی شتەکانو مەدلولی دیاردەکانی، کە پێویستە خۆیشی ببەزێنێت.. ئەمەش لەرێگای کردنەوەی بواری پێویست بۆ گەشەکردنی ئاراستەی رەخنەیی سەرتاپاو رەسەنەوە. بەو رێگایە هابرماس  توانی چەندین روانگەو دەسپێکی نوێ بۆ تیۆری رەخنەیی تایبەت بەخۆی دابمەزرێنێت. کە ناسراوبێت بە مەتینی مەعریفیانەو میتۆدگەرایی،هەروەك سیمای درێژکراوەو بەردەوامی لەگەڵ گۆڕاوەکانی ئایندەی پێوە دیارە. هەروەها ئەو تیۆریە لەو زەمینەیە دابڕوا نییە کە بەهۆی نەوەی یەکەمی بیرمەندە رەخنەگرەکانەوە رەخساو دواتر رێورەسمی بنەڕەتی فیکریان بۆ قوتابخانەی فرانکفۆرت دیارکرد. ئەو بنەما فەلسەفیە تیۆرییەی کە هابرماس لێیەوە دەستپێکرد زیاتر پتەو بوو.. دواتر ئومێدە فەلسەفیەکانی هابرماس لەباری رەخنەیی خاوەن سیمایەکی سەرکەوتووانە بوون، بەتایبەت لەئاستی سەرپەرشتکاری دەسکەوتەکانی دوو لەگرنگترین بیرمەندانی قوتابخانی فرانکفۆرت کە هیربێرت مارکیۆزەو ماکس هۆرکهایمەرن.. کە هەرلەسەرەتاوە جیاوازیان لەگەڵ هابرماسدا کەوتە نێوان، هۆرکهایمەر بەدامەزراندنی هابرماس وەك مامۆستا لە قوتابخانەی فرانکفۆرت رازی نەبوو، هەروەك  تێزی دکتۆراکەشی رەتکردەوە کە هابرماس پێشکەش بەهەمان زانکۆی کردبوو. سیمای رەسەن لە تیۆری رەخنەیی هابرماس،سووربوون بوو لەسەر بەکارهێنانی هەموو کەرەستەیەکی تیۆری پێشکەوتووی زانستە مرۆییە هاوچەرخەکان، لەپێناو دەوڵەمەندکردنی بە رەگەزە میتۆدییەکان کە توانای هەڵوەشاندنەوەی دیاردە کۆمەڵایەتی-سیاسیەکانیان هەبێتو  تێیانبگاتن دواتر ئەگەر توانی ئەڵتەرناتیڤێکی عەقڵانی بۆ نێوەڕۆکە بنبەستبووەکان بداتەدەست. سەرەنجام سەرکەوتوو بوو لەدیارکردنی رێوشوێنی نزیکراوە لەسەر ئاستی میتۆدی، لەبەرانبەر  زانستە

کۆمەڵایەتیە نوێیەکان وەك سۆسیۆلۆژیای هاوچەرخ، دەرونشیکاری فرۆیدیو ئەو قوتابخانانەی لێیانەوە هەڵقوڵاون،دواتر ئەپستمۆلۆژیا بەپێی قوتابخانەی بیاجیە Piaget،ئەمەو جگە لەتازەکردنەوە زۆرو رەسەنەکانی کە هابرماس خۆی خستنیە نێو بواری ئەپستمۆلۆی.. لەلایەنی زانستی زمانەوەری هاوچەرخیشدا هابرماس پشتی بەو دەستکەوتەی چۆمسکی بەست کە بونیادنانی شێوازێکی پەیوەندی بوو لەنێوان زمانەوەری وەزیفی لەلایەكو لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتیەکان لەلایەکی دیکە، بەتایبەت پشتی بە توێژینەوەکانی (ت.پارسونس T.Parsons )و(ج. ه.مید G.h.mead) لەبواری دەروونناسی کۆمەڵایەتی بەست.

ئەو ئاراستەیەی کە قوتابخانەی چۆمسکی لەزمانەوەریدا خستیەروو لەهەندێ رووی سیاسیەوە لەگەڵ تیۆری رەخنەیی هابرماس نزیك دەبێتەوە. لەوانەیە ئەو نزیکبوونەوەیەش لەو هەڵوێستە هاوبەشەوە سەرچاوە بگرێت کە چۆمسکیو هابرماس لەهەمبەر دەوڵەت وەك دامەزراوەیەکی بیرۆکراتیو گشتگیرو دەستبەسەراگردا هەیانە. سۆسیۆلۆژیستی فەرەنسایی جان- ماری ڤانسۆن ئەوە تێبینی دەکات کە: لەوانەیە هابرماس پشتی بە دەسکەوتە زانستیەکانی چۆمسکی بەستبێت دەربارەی ئەو مەسەلەیەی کە: زمان کاردانەوەیەکی سادە پێکناهێنێ وەك ئەوەی کە واقیعە،بەڵکو کۆمەڵی رێکخراو، گروهێك رایەڵو نەخشەی تایبەت بەجیهانی سەرەتاکان لەخۆدەگرێ. بنەمای رێزمانی زمانیش،لەهەندێ جۆری زیندووی بەشێوەیەکی قوڵ پەیوەست دەبێت بە مومارەسەکردن لەنێو واقیعی ژیاندا.. (٤). چۆمسکی لەو بیرمەندە پابەندانەیە بە دۆزەکانی واقیع، سەرەڕای توێژینەوەکانی لەبواری زانستی زمانەوەریدا، نووسینە سیاسیەکانی سیفەتێکی تاکانە لەنێو نێوەندی فیکری ئەمریکی بەخۆوە دەگرن. خۆشی





لەهێزە چەپە چالاکەکانی نێو کۆمەڵگای ئەمریکایە.. کەوا بەشێوەیەکی وردبینانە هەژموونی دەوڵەتی نوێ و گەشەکردنی بەکارهێنانی بۆ ستراتیژیەتی دەستبەسەراگرتنی رێکخراو دەخاتە سێرەوە، کە ئامانجی گۆڕینی هوشیاری رادیکالانەتر بۆ هوشیارییەکی سادە یان" هوشیارییەك" کە گونجاوبێت لەگەڵ روانینی رەسمیانەی دەوڵەت، لەرێگای هەموو کەرەستە بەردەستەکانی دەسەڵات لەپێشەنگی هەمووشیان رۆژنامەگەری.. چۆمسکی پێیوایە نموونەی رۆژنامەگەری سۆسیالیستی لەکۆمەڵگای ئەمریکایدا یان لەرۆژنامەوانی ئەمریکاییدا بوونی نییە، لەبەرئەوەی هاوڵاتی نێوەراست سەد لەسەد هەڵگری روانگەی سەرمایەدارییە.

هەروەك بەهەمان شێوە لە یەکێتی شورەویدا.. رۆژنامەگەری ناکرێ ئەو نووسەرو رۆژنامەوانانە لەخۆبگرێ کە نمایندەی تیلەنیگای رەسمی یان ئایدیۆلۆژیای حزبی دەسەڵاتدار ناکەن، بۆیە ئەمە بە ( پۆشاکی ئایدیۆلۆژیای یەکگرتوو) ناودەبرێت، دیاردەیەکی وروژێنەرە بۆ پرسیارکردن، بەهۆی ئەوەی لەنێو ئەو کۆمەڵگایانەدا بوونی هەیە، کە خاوەن پێکهاتەی پلۆرالیزمیو ئاڵۆزنو وەك زەرورەت پێویستیان بەفرەهەندی ئایدیۆلۆژی هەیە کە لەگەڵ بونیادەکەیدا بگونجێ.(٥) لەو روانگەیەوە جان –ماری ڤانسۆن لەکتێبەکەیدا بەناوی ( درۆکانی دەوڵەت) وای دەبینێت کە: دەوڵەت وەك ئەوەی کە پێیوایە عەقلانیترین شێوەی رێکخستنی کۆمەڵگایەو تەنها دامەزراوەیە توانای دۆزینەوەی چارەسەری بۆ کێشە لەئاراو ئاشکراکان هەیە.. لەراستیدا شتێك نییە جگە لەکیانێکی درزبردوو لەژێر گوشارو پەستانی تەقینەوە قوڵەکان لە بونیادی نێو خۆیدا، دەوڵەتی هاوچەرخ لەکاتێکدا کە دیموکراتیەت وەلادەنێو پەراوێزی دەکات.. بەرەو شێوازێك بۆ لەناوبردنی بەرنامە بۆداڕێژراوو نهێنی فیکری دەچێت.(٦)

تێگەیشتنی رەخنەییانە لە مارکسیزم : لەگەڵ ئەوەشی کە کتێبی هابرماس (تیۆرو پراکتیك)، چەندین ساڵ دوای کتێبە سەرەکیەکەی " مەیدانی گشتی" دەرچوو، وەلێ لەسەر ئاستی پێکهاتی تیۆری وا لە قەڵەم دەدرێت کە پێش هەموو دانراوە رەخنەییەکانی هابرماسە.. " مەیدانی گشتی" روانگەیەکی رەخنەییانەی بەسەر کەرستەی دیارکراو لەنێو کەرەستەکانی دەستبەسەراگرتندا سەپاند کە ( پروپاگەندەیە).ئەو کتێبە تێگەیشتنێکی قوڵی بۆ فیکری مارکسیزم بەدەرخست.. مەبەست لەوەیە کە هابرماس پێشتر مارکسیزمی بەوردیو قوڵی خوێندبووەوەو هەڵوێستێکی لەبەرامبەردا وەرگرت کە هەڵوێستێکی ئایدیۆلۆژیو رقگەرا نەبوو، بەڵکو هەڵوێستەکە میتۆدیو رەخنەیی بوو بەشێوەیەك کە زێدە ببێتەسەر کەرەستەکانی راڤەکردنی رەخنەییانەی پێشوتر، ئەگەر نەڵێین پێوانەیەکی بابەتیانە بوو لەمەڕ دەسەڵاتی زانستەکانی دیکەو قووڵییان لەتوانای رەخنەییاندا.

هابرماس لەوە دەستپێیکرد کە مارکسیزم فیکرێکە توانایەکی رەخنەیی زۆر لەخۆدەگرێت بۆ هەموو شتێك کەگشتیو سەراپاگیرە..لەهەمان کاتدا پرۆژەی " سەرلەنوێ ئارستەکردنی مارکسیزمی" خستەروو، کە مەبەستی تەماشاکردنەوەی بوو نەك وەك بڕوایەکی دۆگمای داخراو، بەڵکو وەك رەخنە، لێرەوە هابرماس گوزراشتێکی نوێی لەفەلسەفەی رەخنەیی هێنایەئارا کە گوزارشتی" مارکسیزم وەك رەخنە" بوو. مارکسیزم بەهۆی ئەو تێڕوانینەوە دەتوانێ جۆرێك لەهەژموونی فەلسەفی لەهەمبەر فەلسەفەکانی دیکە ببینێت.. مارکسیزم فیکرێکی زانستی، ماددی رووت نییە کە لەپێکهاتی شێوازێکی روانینی بابەتیانە بۆ مێژوو بەرجەستەببێت.. هەروەك پێوانەیەك نییە بۆ چەماوەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیو دابڕانەکانی لەنێو بەردەوامی زۆرەملێیانە. بەڵکو لەمە گرنگترە، بەهۆی خستنەرووی پێوانەوپێوەری





زانستی کە ئامانجی دیارکردنو چاودێریکردنی سەرخانی کۆمەڵگایە بەپێی روانینی پیشەسازی گشتی، بەتایبەت ئەوەی پەیوەستە بە نەرێتی رۆشنبیری لەناو ئەو بونیادەدا.جگە لەوەی کەلەسەری رێکدەخرێت لە لایەنی بونیادی کۆمەڵایەتی دیکەی وەك یاساو ئاکارو ئایینو هونەر.. لەبەر ئەوە مارکسیزم ئایدیۆلۆژیاو بڕوایەکی سیاسی نییە بەتەنها، بەڵکو وزەیەکی بەردەوامە بۆرەخنە. لەگەڵ مارکسیزمدا دەتوانین بەشێوەیەکی ماددیانە بیربکەینەوەو دەتوانین بەشێوەیەکی گشتی تیۆرو پراکتیك لێکدابڕین یان بەیەکیانەوە ببەستینەوە. دواجار مارکسیزم لای هابرماس تیۆرییەکە بانگەشەی بیرکردنەوەو راڤەکردن بەدوو ئاراستەدەکات: یەکەمیان تیۆری راڤەکردنی مەرجە بابەتیەکان کە هەوڵی تێگەیشتنی پێکهاتی گەشەکردنی تایبەتو دروستبوونی لەنێو مێژوودا دەدات، یان بابڵێین بە ئاراستەی ئەزموونی کۆمەڵایەتیانەی واقیعیە. دووەمیان توانستیەتی لەسەرکرانەوەی واقیعیانەی تواناکان بۆ جێبەجێ کردنی سیاسیانە، کە بتوانێ رەهەندێکی گرنگ بداتە دەست بۆ کامڵبوونی تیۆری پەیوەست بەلێکۆڵینەوەو راڤەکاری رەخنەیی حەشاردراوی پشتی دراوە سیاسیەکان. بەشێوەیەك ئەو پێکهاتە تیۆریە بتوانێ چالاکی رەخنەیی ئاراستەی تەواوی ئۆرگانەکانی بکاتو هێزێکی نوێ لەنێو پانتاییە فەلسەفیەکەیدا بەرهەمبێنێت.

هابرماس لەکتێبە گەورەکەی "تیۆرو پراکتیك" بە " پاککردنەوەی حیساب" لەگەڵ مارکسیزمدا هەڵدەستێ، ئەمەش لەرێگای لێکۆڵینەوەی بەشێوەیەکی فراوانو قوڵ، دواتریش هەموو ئەو رەوتانەی لەمارکسیزم هەڵقوڵاون ئەخاتە ژێر رکێفی توێژنەوەو لەخۆیان دەگرێت.دەتوانرێ بگوترێ ئەوئاراستەیە لەدیراسەکردنی مارکسیزم لەو وەڵامەی هابرماس دەچێت بۆ پرسیاری"سودی فەلسەفە چییە؟" لە کتێبی لایەنە فەلسەفیو سیاسیەکان" لەگەڵ یەك

جیاوازی کە کتێبی " تیۆرو پراکیتیك " دەکرێ وەڵام بێت بۆ پرسیاری" سودی مارکسیزم چییە؟" کە وەڵامەکەی بەپێی خستنەسێرەی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتانی رۆژئاوای لیبراڵ لەلایەك‌و خستنەئامانجی زیاتری قوڵبوونەوە لەفەلسەفەی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی لەجیهانی رۆژئاواوە دەبێت، هەروەك بەلێکۆڵینەوە لەگیروگازەکانی تێگەیشتن لەکێشە کۆمەڵایەتیەکان یان توێژینەوەی تیۆری کۆکراوە لەنموونەی سیاسیانە دەبێت. هابرماس ئەو ئاراستە فیکریانە دەخاتە ئامانجەوە. هەر لەفەلسەفەی کۆن کە خۆی لە فەیلەسوفانی گریك دەبینێتەوە تادەگاتە ئاراستە هاوچەرخەکانی هەڵقوڵاوی مارکسیزم وەك فیکری جۆرج لۆکاش‌و تیۆدۆر ئادۆرنۆو تێپەڕین بەتیۆری یاسایی سروشتی‌و ئاراستە فەلسەفیە گەورەکانی وەك کانتیزم‌و هیگلیزم‌و دواتر مارکسیزم کە تەوەری پسپۆڕی کتێبەکە پێك دەێنن. هابرماس پەیوەندییەکانی نێوان مارکسیزم وەك رەخنەو فەلسەفەی کۆمەڵایەتی‌و سۆسیۆلۆژیا خەستتر دەکاتەوە، لەپێناو گەیشتنیشی بە دۆزینەوەی وزەی رەخنەیی لەتیۆری مارکسیزمدا بەوەرگرتنی زۆرێك لە بنەماو تێڕوانینی فیکری هیگڵ هەڵساوە بۆ ئەوەی ئەو سروشتە کاتییەی فەلسەفەکە بەدەستی‌هێناوە ئاشکرابکات، تاوەکو دواتر روبچێتە نێو فیکری مارکسی هەروەك لەدواتردا لەسەری دەڕوات.

هابرماس پشتی بە جەدەلی هیگڵی بەستووە، لەپێناو گەشەپێدانی تیۆرێکی تایبەت بە(ئاکار)، هەروەك روئیایەکی نوێی بۆ دیالیکتیکی دیکە بونیادنا، جیا لەدیالیکتیکی کاری تەکنیکی، بەڵکو شێوازێك لەجەدەلی باڵا، دەربارەی ئەوەی خودگەراییەو ئامادەگی دینامیکیانەی بەردەوامی لەنێو فیکری مارکسیدا هەیە سەرلەنوێ چالاك دەکاتەوە. مارکسیزم لەپەیوەندییەکی بەردەوامدا بووە لەگەڵ فەلسەفەی کۆمەڵایەتی‌و فەلسەفەی مێژوویی..





مارکسیزم وەك فەلسەفە بۆ مێژوو خاوەنی توانایە لەسەرپێدانی دراوو گریمانەی زانستی‌و پراکتیکی، هەروەك زەرورەتیش پەیوەستە بە عەقلانیەتی هاوچەرخ کە خۆی لەرەخنەدا دەبینێتەوە.. هابرماس لەرێگای دیارکردنێکی ورد پەیوەندی مارکسیزمی رەخنەیی بە سۆسیۆلۆژیا لەلایەك‌و ئەپستمۆلۆژیای مەعریفی لەلایەکی دیکە بەدەردەخات. دواجار دەکرێ مارکسیزم وەك رەخنە بخرێتەکارەوە، کەوا تایبەتمەندێتیە ماددی‌و جەدەلیەکەی توانادارن لەسەر خستنەرووی تیۆرێکی رەخنەیی تەواوو پوختە. ئاوێتەبوونیش لەگەڵ تیۆرەکانی دیکە دوا ئەنجامی فیکری مارکسیە کە دەتوانرێ سودێکی دوولایەنەی هەبێت لەسەر ئاستی تیۆری رەخنەیی هابرماس‌و زەمینەپێدانی گەڕانەوەیەکی رەسەن بۆ فیکری مارکسیزمی بۆ دەرخستنی ئەو توانایەی کە لەنێو تیۆری کۆمەڵایەتیەوە لەسەرچاوەی نوێوە هەڵدەقوڵێن. لەگەڵ وشەدا هابرماس پڕۆژەیەك دەخاتەروو، توانایەك بەرجەستە دەکات بۆ دیارکردنی هەڵوێستێکی شێوە نوێ دەربارەی ئەو پێداچوونەوانەی کە فیکری مارکسی لەلایەکەوە دایگرتن‌و لەنێوان دینامیکیەتی جەدەلی فیکری هیگڵی لەلایەکی دیکەوەو بەسێنترالّ بوونی تێزە فەلسەفیە مارکسیەکان لەناو واقیعی لەئارا روویەکی دیکەیەتی.. دەبینین هابرماس نێوبەندێکی قوڵی دۆزیەوەو بەکاریهێنا کە شیلینگ لەنێوان فیکری هیگڵی‌و فیکری مارکسیزمیدا دایهێنابوو.. هابرماس وێنەی" شیلینگی مارکسیستی " بەدەرخست‌و لێکچوونی زۆرێك لە لێکنزیکی فەلسەفیانەو فیکری شیلینگ‌و مارکسی بەرجەستەکرد، هەریەکە لەمارکس‌و شیلینگ هاوبەشیان هەبوو لەدۆزینەوەی بنبەست‌و هەژموونگەریی نێوان سەرخان‌و ژێرخانی کۆمەڵگا. هابرماس لە توێژینەوە دەربارەی هیگڵ ئەوەی دەبینی کە " مێژوو" لەلای هەردووکیان بریتیبووە لە جوڵەیەکی جەدەلیانە.

ئەو لێکنزیکیەی کە هابرماس لەنێوان شیلینگ‌و مارکسدا دۆزییەوە لەوانەیە بەرەو ئەو دەرەنجامە رەسەن‌و نوێیە بچێت کە " گومانکردنە لە ئاوێزان بوون"، کەلەمێژووی فەلسەفەدا وەك شتێکی ئاسایی لەنێوان فیورباخ‌و هیگڵدا خرایەروو، دواجار کاریگەری هەبوو لەسەر دروستبوونی " مارکسی لاو". هابرماس لایەنێکی تابڵێی گرنگی لە فیکری شیلینگدا ئاشکراکردکە: بیرۆکەی بەزاندنی سیاسەت بوو لەمیانەی پراکسیسەوە، هەروەها بیرۆکەی بەزاندنی دەوڵەت، کەوا رەگەزی مرۆیی بەو بەزاندنەوە بوونی دەبێت، بەشێوەیەك، ئازادەبێت لەو رەگەزە ساختانەی کەوا هەژموونی گشتگیرانەی دەوڵەت دەیخاتەروو. ئەو بیرۆکەیە لەلایەن شیلینگ‌و مارکس بەشێوەیەکی لێکچوویی‌و لەکاتی لێکۆڵینەوە بەردەوامەکانیان دەربارەی کۆمەڵگا خرانەروو،( شیلینگ) بۆ (مارکس) رایەڵ‌و پردێکی گرنگ بوو،لەهیگڵێزمەوە تاوەکو فەلسەفەی کۆمەڵایەتی خاوەن روانینێکی تەواوەکی. " لەروانینی هابرماسدا" شیلینگ گەشەی بە بواری دیالیکتیکی نێوان دەوڵەت‌و خەڵك داوە. لەرێگای ئەو گەشەپێدانەشەوە" مارکس" هەستی بەتوانای بەزاندنی جەدەلی دیالیکتیکی هیگڵی کرد. ئەگەر لەتوانادابوو بەکارێکی کۆمەڵایەتی وەك دامەزراندنی خاوەندارێتی بۆ ئازادی هەڵسی،ئەمەش لەمیانەی خستنەژێر چاودێری بەهەمهێنەرە پشکدارەکان لەگەڵ یەکترداو، ئاسانیش نییە لەهەمان کاتدا توانای بیرکردنەوە بەرجەستەببێت، وەك بەزاندنی مێژووییانەی بۆ پەیوەندی لەئارای نێوان چالاکی کۆتایی بابەت‌و کۆتایی بابەتیانە کە بەشێوەیەکی بەردەوام دەیبەزێنێ.(٧)

لەو لێکۆڵینەوە بەرفراوانە بۆ مارکسیەت وەك رەخنە، هابرماس لەتوێژینەوە بەراییەکانیەوە رێك چووەتەسەر راڤەکردن‌و رەخنەی لایەنی دەستبەسەراگرتن لەنێو کیانی دەوڵەتی هاوچەرخدا، بۆ ئەوەی دواجار





بەرەخنەگرتنی دامەزراوە کۆمەلایەتیە لاوەکیانە کۆتایی بێنێ، کە بەرپرسیارن لەسەر دامەزارندن‌و بونیادنانی هوشیاری تاك لەکۆمەڵگا رۆژئاواییە هاوچەرخەکاندا. هابرماس ئەو گریمانە رەخنەییانەی هەر لەتوێژینەوە رەخنەییە سەرەتاییەکەی (مەیدانی گشتی)، لەنێو فیکری مارکسیدا دیارکردن،بەمەرجێ هەڵوێستی رەخنەیی پێشوەختەی لەبەرامبە مارکسیزم بەشێوەیەکی روون وەرنەگرت، تەنها لەکتێبەکەیدا نەبێت بەناوی (تیۆرو پراکتیك)، ئەو کتێبە جگە لەئامانجە دیارکراوە تیۆرییەکەی کە خزانە نێو هەڵسەنگاندنی ئاراستە فەلسەفیەکانە، خاوەن بنەمایەکی ریشەیی رەخنەیی بوو، بەئامانجی وەرگرتنی هەڵوێست لەبەرامبەریاندا، لەهەمان کاتدا توێژینەوەکان خاوەن رەهەندێکی رەخنەیی بوون، چونکی بەپێی سیاقێکی فەلسەفیانەی گشتی خرابوونەروو، هەڵوێستێکی دژو بەرەنگاری هەموو پرۆسەیەکی قەتیسکردن‌و بەندکردنی مەیدانی سیاسیی بوو، کەرەگ‌و ریشەکەی لەنێو بارومەرجی مێژوویی هەردوو نیەتەکە بۆرژوازیەت‌و بیرۆکراتیەت دیاردەکرێت.

هابرماس لەکتێبی" تیۆرو پراکتیکدا" بەوروژاندنی پرسیارێکی بەروەختە هەڵدەستێت دەربارەی ئازادبوون‌و کۆنبوون، لەبارومەرجی دەستبەسەراگیراوی هەنووکەی .. هەروەك بەسەرلەنوێ گێڕانەوەی چالاکی‌و گەشەسەندنەوەی تیۆری رەخنەیی هەڵدەستێ بەپێی نێوەڕۆکی دیارکراوی پێشوەختە لەلایەن هۆرکهایمەرو مارکیوزەو ئادۆرنۆ. ئەو کتێبە سەرپەرشتیارییە بۆ ئەو بارومەرجانەی دەبنە هۆی سەرهەڵدانی تیۆری کۆمەلایەتی بارگاوی بەکۆتاییەك کەخاوەن بونیادێکی پراکتیکی جێبەجێکراوبێت. بەپێی ئەو بارودۆخەش پرسیارەکە ئەوە بێت: ئەو بارودۆخە گونجاوە چییە کە پێویستە بۆ هاتنەکایەی پێکهاتەیەکی عەقلانی گونجاو بۆ پراکسیسەکردنی

تیۆری کۆمەڵایەتی، کەلەسەر ئیرادەو هوشیاری مرۆڤی هاوچەرخ هاتبێتەئارا؟ بەشێوەیەك کەتوانای دۆزینەوەی رێگایەکی شەرعیو گونجاوی هەبێت بۆ ئازادبوونی تەواوی بەشەریەت کە لەژێرسایەی دامودەزگای داپڵۆسێنەر رێکخراون. رێگای بەدیهاتنی گفتوگۆی سیاسیانەی توانادار لەسەر مومارەسەکردنی پرۆسەی تایبەت بەتاكو کۆمەڵ دەدات. هەموو ئاراستە فەلسەفیە گەورەکان هەر لەئەرستۆوە بگرە تاوەکو کانتو هیگڵو مارکسو فرۆید، بەدیارکردنی ئاسۆ فەلسەفیەکانی ئەو پرۆژە هەڵساون کە هابرماس لە" تیۆرو پراکتیکدا" وەریگرتوون، ئەو کەرەستانەشی پێداون کە لەتوانایدایە بەکاریانبێنی بۆ وێرانکردنو تێکشکاندنی هەموو بەربەستو بنبەستەکان لەگەڵ سیاسەتی بەعەلمانیکراو.ئەو وێرانکردنە بەپێی جێبەجێکردنی تەکنیکی سادە دەبێت بۆ ناساندنی ئەو تیۆرییانە لەپێناو گێڕانەوەی جموجۆڵو گەرموگوڕی بۆ چالاکی ریشەیی دژ بۆ هەردوو نموونەی تەکنۆکراتیو راپۆرتگەری. دەسپێك لەو پرۆژەیەوە پرسیارکردن دەربارەی سروشتی تیۆری مارکسی سەرهەڵدەدات، ئایا ئەو جەختکردنەوەیە مانای شوناسی تەکنیکیە یان دەتوانین فیکری مارکسی وادابنێین، تیۆرێکی رەخنەییە کە توانادارە لەسەر دانانی کۆتاییەك بەهەژموونی دامەزراوەیی لەئارا، ئەویش لەپراکسیسەکردنی نێوەرۆکێکی رەخنەییانە بۆی. ئەو پرۆژەیە لەلای هابرماس مانای بەدرۆخستنەوەو لاوازکردنی هەموو ئەو وەهمە تەکنیکیانەی کە دەرەنجامی گەشەسەندنی تەکنەلۆژین، کەوا مارکسیزم دەبێتە بابەتێك بۆ پرۆسەی لاوازکردنی هۆکارگەرا، لەو رەهەندەی کە بۆ چینی کرێکاری دانابوو وەك دەرهاویشتەیەك بۆ تەکنەلۆژیاو پێشکەوتنەبەردەوامەکەی ،هەروەها هاوکاریکردنی فیکری مارکسیزمی بۆ ئەوەی سەرلەنوێ پێشەنگی فیکرێك بکات بەرەو ئازادبوون لەمیانەی





پراکسیسی مەیدانی.. دوای ئەوەی لەناو حزبەسیاسیەکاندا بووە بڕواگەراییەکی ئاینی دەستەمۆکراو.

ئەو پرۆژەیەی کە هابرماس چووەنێو بەدواداچوونی لەسەر سێ بنەمای زەبەلاح وەستاوە: یەکەمیان خوێندنەوەیەکی بەرفراوانی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی، دووەمیان خوێندنەوەی مارکسیزم وەك رەخنە، سێیەمیان رەخنەگرتنی مارکسیزم خۆی بۆ خۆی. ئەمە بەهاوتایی لەگەڵ پرۆسەی سەرلەنوێ کردنەوەی دۆزی ئازادبوونو توانا مەیدانیو پراکتیکیەکانیو دواتر سەرلەنوێ کردنەوەی توانای بونیادی لەنێو بواری فەلسەفە بۆ بونیادنانی خەونێك لەپێناو ئازادبوون، دوور لە سروشتی پێشبینیکراوی رووتو هەڵقوڵاو لەو کەلەبەرە ئازادانەی کە لەدەرەوەی دەستبەسەراگرتنەکانی نێو کەینوونەی گشتی لەگرێوگۆڵو نێوبەندیەکانی کۆمەڵگا ماونەتەوە، لەدەرەوەی دامودەزگای داخراوو بەشدار لەپەکخستنی ئازادبوون. لەلایەکی دیکەوە خەون لەئازادبووندا حاڵەتێکی تۆباوییانە نییە، مادامەکێ ئەو رێگایەی بۆی دەچێت لەسەر چالاکی عەقڵانی بۆتێگەیشتنی واقیعو لەباریەکچوونی بونیاد دەنرێ. ئەمەو ئەگەر لەکاتی نەبوونیشیدا وەك زەرورەت حاڵەتی تۆباوییانە بێنینەبوون، ئەمە بۆ ئەوەیە بەرەنگارییەکی هاوتای ئەو واقیعە دروستبکەین، کە زنجیرەیەك کارەساتی بەدوایەکداهاتوو دایانپۆشیوە . دوای ئەو بنەما تیۆرییەی کە هابرماس سنوورەکانی بەرووتی لەکتێبی (تیۆرو پراکتیك)دا کێشاون، دەتوانین لەتیۆری رەخنەیی ئەزمونگەریی تێبگەین هەروەك لەسێ لەهەرەگرنگترین کارەکانی رونکراوەنەتەوە کە:"مەیدانی گشتی "و" عەقڵو شەرعیەت"و" تەکنەلۆژیاو زانست وەك ئایدیۆلۆژیا"ن.

## تیۆری رەخنەیی هابرماس

کتێبی" مەیدانی گشتی" لێکدانەوەیەك بوو بۆ پروپاگەندەو راگەیاندن وەك ئامرازێکی ئەکتێڤو راستەوخۆ لەنێو ئامرازەکانی هەژموونی دەوڵەتو دامودەزگا بیرۆکراتیەکانی، بەشێوەیەك بەشدارە لەپێکهێنانی رای گشتی کە هاوشانی ئامانجە بەردەوامەکانە، رێگاش بەو رایە نادات کە ناکۆك بێت لەگەڵ پرۆگرامو پرۆژە گشتیەکان لەکۆنترۆڵکردنیدا. ئەمەش لەرێگای پاڵنەری نەرم بۆ دەزگا هەژموونگەریەکەی بەسەر هوشیاری دەستەجەمعیدا، ئەکتێڤ کردنی ئەو دەزگایانەش بەشێوەیەکە، هاوئاستی دینامیکیەتی مێژووی گەشەسەندنی هوشیاری دەستەجەمعیە، هاوئاستی ئەوکاریگاریانەش دەبێت کە لەدەوروبەری ئەو هوشیاریەدان، هەروەك ئەو توانایە لەخۆدەگرێت بۆ دەرچوونی بەشی یان تەواوەکی خۆی، لەدەسبەسەراگرتنی گشتیدا.

ئەو لێکۆڵینەوەیە بەشێوەیەکی مێژوویی پلەپلەکراو دەرواتەڕێ، لەئاراستەگرتنی بۆ پرۆسەی هوشیاری دەستەجەمعی بەرجەستەبوو وەك رایەکی گشتی لەکۆمەڵگاکانی ئەوروپادا. هابرماس لەلاپەرە سەرەتاییەکانی کتێبەکەیدا هەڵدەستێ بە دەستگرتنی بەو رایەڵە سەرەتاییانە بۆ ئاراستەگرتنی دینامیکیەتی فراوانبوونەوەی هەژموونی دامودوزگاکان لەمەیدانی گشتیدا. دواتر چاودێری گەشەسەندنە پلەپلەیەکەی دەکات لەمیانەی ماوە مێژووییە پێشکەوتووەکانیو دەچێتە نێو بەشێکی زەبەلاحی مێژوویی بۆ دینامیکیەتی پروپاگەندەو راگەیاندنو گەشەسەندنی ئامرازی کۆنترۆڵکردنی فەرمی بەسەر رای گشتی جەماوەر، هەروەك ئاراستەی ئەو گەشەسەندنە چڕە پاساودارو قوڵەی میتۆدی کارگەرایی بە پلە یەك دەکات. کە تیایدا هەست بە دیواری زەبەلاح دەکەینو پێدەچێ بەدەورمانەوە دروست





بێت، هەروەك هەست بەوێناکردنێکی راستەقینەو هوشیاری گەمارۆدراوو مەحکوم بەرێورەسمی زەینی سەرخانی دەرچوو لە چوارچێوەی مەیلی ئازادمان دەکەین. کتێبەکە بەشێوەیەکی بەرجەستەبووە وەك بەیەکەوەژیانی رەشبینی ئەو واقیعەی کەتیایدا دەژین، هەژموونی تەواوی ئامرازەکانی پروپاگەندە کە هەست بەتەحکومی تەواوی بەسەر هوشیاریمانەوە ناکەین، وای لێهاتووە بوونمان ببێتە تەنها پروپاگەندە یان پێویستی بە پەیوەستبوون هەبێت، بەهەر پروپاگەندەیەك بۆ ئەوەی هەست بکات کەوا بوونی هەیە. ئەو کردە رەخنەییە کاریگەرەی کە کتێبەکە خەڵقی دەکات ئەوەیە، وا لەخوێنەر دەکات کە دوور مەودایەکی رامانگەرایانە بەرامبەر بەواقیعەکەی بوەستێ، ئەو لەو واقیعە دەستبەسەراگرە دەردەچێت، بۆ ئەوەی شیبکاتەوەو وەلایبنێو ئەو تۆرە چڕەی هەژموونی فەرمی ئاشکرا بکات کە تەحەکوم بە رێچکە مێژوویەکەیەوە دەکات. دواتر بەدوای ئەو چڕیە دەرکراوەی هەژموونەکەو گەشەسەندنی لەمیانەی قۆناغە زەمەنیەجیاوازەکاندا دەروات، (بەراوردکراو بەزانستو تەکنەلۆژیا) کەتواناای نوێ بۆ دامودەزگاکانی دەوڵەت زێدە دەکەن، تاوەکو لەبەرفراوانکردنی ئامرازەکانی کۆنترۆڵو دەستبەسەراگرتن بکەونە کار. پێدەچێ ئاماژەکە لەسەرەتاداو پێشچوونە بۆ لێکۆڵینەوەی چڕوپڕی جەوهەریانەی کتێبەکە" مەیدانی گشتی" توێژنەوەیەکە لەیەك کاتدا تیایدا روانگەو میتۆدی فەلسەفی ئەبیستراکت لەگەڵ سۆسیۆلۆژیای تیۆری ئەزمونگەری ئاوێزان دەبێت. ئەو کتێبەیە وامان لێدەکات لەسەرەتادا هابرماس جگە لەوەی کە خۆی فەیلەسوفە، وەك سۆسیۆلۆژیستیش ئاشکرای بکەین، ئەو گیروگازانەشی کە بەگەشەپێدانیان لە"مەیدانی گشتیدا" هەڵساوە، میتۆدێکی نوێ دەکاتەوەو خۆی لەنزیککردنەوە فرەهەندیەکاندا دەبینێتەوە کەلەنێوان فەلسەفە لەلایەكو

زانستە کۆمەلایەتیەکانی دیکە لەلایەکی دیکەوە بونیادی دەنێ، بەتایبەت لەنێوان فەلسەفەو سۆسیۆلۆژیای ئابووریو زانستی سیاسییو یاسای گشتیو مێژووی کۆمەلایەتیو مێژووی ئایدیۆلۆژیاکان.

لەدیوی روانگە فەلسەفیە گشیەکانیەوە کە تەوەرەکانی کتێبەکەیان بەسەردا دابەش دەبێت هابرماس جەخت: یەکەم لەسەر زەرورەتی سەرلەنوێ ئەکتێڤکردنەوەی فیکرەی ئەمانوئێل کانت دەربارەی تیۆری ئەپیستمی دەکاتەوە، ئەمەش لەمیانەی گەڕانەوە بۆ نێو ئەو مۆزایکە فەلسەفیەی کە لەخودی پرۆژەی کانتیزمی.. گەڕانەوە بۆ رەخنەی تایبەت بە سەرەتای شتەکانو پێشەکی هەبوونی عەینی یان ئەبستراکت لەنێو بواری لێکۆڵینەوەی فەلسەفیدا.

ئەو گەڕانەوە رەخنەییە بۆ سەرەتاکان، ئەو پرۆژە فەلسەفیە گەڕانەوەی وەك " فینۆمینۆلۆژیای رۆح"ی هیگلو رەخنەی مارکسیزمی بۆ ئایدیۆلۆژیاکان جیاکردۆتەوە. بەو هێڵە تیۆرییە فەلسەفیە دەتوانین بڵێین کتێبی "مەیدانی گشتی" تێکەڵەیەکە لە فینۆمینۆلۆژیای رۆحی هیگلو رەخنەی ئایدیۆلۆژی کە مارکس پێ هەڵسا. ئەو دوو رەهەندە فەلسەفیە لەسەر یەك زەمینەی هاوبەشدا گوزرە دەکەن، ئەویش مێژووی کۆمەلایەتی گەلانی ئەوروپاو ئەو گۆڕانکارییە بەرهەمهاتووانەن تیایاندا، بەتایبەت دەنێو مەیدانی بۆرژوازی گشتیدا. لەگەڵ دینامیکیەتی زەمەنیانەی مێژووی ئەوروپا، هابرماس بەدامەزراندنی شێوازێك لە فینۆمینۆلۆژیای هوشیاریو دەستبەسەراگرتنی لەنێو چوارچێوەی پروپاگەندەییو میدیایی لەکۆمەڵگاکانی ئەوروپا هەڵدەستێ، لەکاتی باڵابوونی پلەپلەییو روونی چینی بۆرژوازیدا. لەکۆتایی سەدەی حەڤدەهەم لەئینگلتەراو لەکۆتایی سەدەی هەژدەم لە فەرەنسادا، چینی بۆرژوازی بەخۆیان هوشیاریەکیان بەرامبەر بەدەسەڵات بەرهەمهێنا،





ئەمەش لەمیانەی دامەزراندنی رێساو بنەمایەك بۆ خولقاندنی دیالۆگو دەمودووی ئازادی گشتیو یەکسان. دواتر ئەو چینە هەڵسان بە پیادەکردنی کردەی گفتوگۆ بەپێی رێچکەی رەخنەیی. ئەو کاتە مەبدەئی دیالۆگی کراوە هەڵقولاو بواری بۆرژوازی گشتی دەستی بە سێنترالّ بوونی یەکەمی خۆی کرد، لەنێو هۆڵەکانو دواتر بۆ نێو قاوەخانەکانو دواتر بۆ میتینگە رۆشنبیرییە گشتیەکان تاوەکو گوزراشتی لەخۆی کردو، لەکۆتاییدا لەنێو شێوازی دەوڵەتی دەستووریو لەسایەو ساباتی دیالۆگەکانی تایبەت بە هەڵبژاردنو پەرلەمان سێنتراڵ بوو.[٨]

ئەو چالاکیەی کە هەژموونی بۆرژوازی لەنێو مێژووی ئەوروپیدا پیادەی دەکات، هاوشانی ئەو چالاکیەیە لەبیرکردنەوەو بەردەوامبوونی پەیوەست بە رۆڵگێڕانی لۆژیکی بەرهەمهێنانو گەشەسەندنی پیشەسازیانەو سەیرورەتی هەریەك لەهێزی بەرهەمهێنو سیمای تەکنیکی بۆ ئامرازەکانی بەرهەمهێنان. بۆیە هابرماس نامۆبوونی هوشیاری ئێستاتیکی لەنێو پروپاگەندە بەپێی میتۆدگەرییەکی وەرگیراو لەکتێبی " فینۆمینۆلۆژیای رۆح"ی بەدەرخست.. کەچی لەلایەکی دیکەوە هەڵوەشاندنەوەی بونیادگەراییو هاوسەنگیەتی فیکری سیاسیو خاوەن شەرعیەتی دەسەڵاتی بەپێی میتۆدگەلێکی وەرگیراو لە رەخنەی مارکسیزمی بۆ ئایدیۆلۆژیاکانی بەدەرخست. دیاردەی پەیوەستی نموونەی مەیدانی گشتیش بە دینامیکیەتی دیموکراتیەتە رزگارگەرەکانو، دوای ئەو پلەداری لەتوێژینەوەی مێژوویيانەی هاوشانی باڵابوونی دیموکراتیەتە جەماوەرییەکانیان بەدەستەواژەیەکی دیکەی دیموکراتیەتی گەلی شیکردەوەو(٩) گەیشتن بەو قۆناغە لەجێبەجێکردنی دەستووری بۆ بەدەستهێنانی شێوازێك لەبواری گشتیدا، بەرەئەنجامی گەشسەندنی مێژووییە، کە چینی بۆرژوازیو هەروەك خودی چەمکی " مەیدانی گشتی"

یان بوارە عەینیەکەی نێو کۆمەڵگای ئەوروپا پێیدا تێپەڕیووە. هابرماس بەخستنەژێرباسی مێژووی گەشەسەندن بۆ چەمك‌و پەیوەندییە نێگەتیڤ یان پۆزەتیڤەکانی هوشیاری دەستەجەمعی، بەهۆی ئامرازی میدیایی‌و پروپاگەندەیی هەر لەسەرەتاوە تاوەکو زەمەنی ئێستامان هەڵساوە. ئەو ئاراستەکردنەی بەمیتۆدێك لەمێژووی فەلسەفی –سۆسیۆلۆژیی تایبەت بەو دیاردەیەی هاوشان کرد. هابرماس هەر لەسەرەتاوە بەدیاریکردنی چەمکگەریانە بۆ دەستەواژەی "گشتی"و"تایبەتی" دەستیپێکرد، دوو ماوەی شارستانی،هیلنیەت‌و رۆمانیزمی وەرگرت‌و ئەو گەشەسەندنانەی کە بەسەر نێوەڕۆکیاندا هاتووە بەدرێژایی سەدەکانی دواتر کە دەوڵەتی رۆژئاوایی بڕیوینی تا دەگاتە سەردەمی نوێ لەخۆیگرتن. هەروەك لەبەردەم هەندێ قۆناغی گرنگ لەسایەی سیستەمی سیاسی وەستاوە کەوا شتێکی نوێی زێدەکردبێت لەمیانەی جێبەجێ کردنی پراکتیکیانە بۆ نێوەڕۆکی هەردوو دەستەواژەکە وەك سیستەمی لویسی چواردەهەم‌و شانزەهەم، دواتر لێکۆڵینەوە دەربارەی پەیوەندی نێوان" گشتی"و ئەوەی" تایبەتە" لەلایەك‌و لەنێوان سیستەمی ئابووری‌و شێوازی بەرهەمهێنان لەلایەکی دیکە دەکات.

"گشت"چییە؟ پەیوەستیی ئۆرگانیکی بەبوارە کۆمەڵایەتیە ژیانیە رۆژانەیەکان لەخۆدەگرێ، بەمانای سروشتی ژیانی شار یان گوند یان ئامرازەکانی بەرهەمهێنان‌و گەشەسەندنی هاوشانی زێدەبوونی توانای تەکنەلۆژی لەرێگای پەیوەندی‌و پەیوەستی نێوان شارەکانی کرد، هەروەك گشت پەیوەستە بە سەیرورەتی بەرەوژوورچووی کردەی بازرگانی‌و فراوانبوونەوەی بەرهامهاتووی چالاکی بانکی کەوا هابرماس بەگرنگیەکی زۆرەوە لێیدەکۆڵێتەوە، چالاکی بانکی هاوشانی دەرهاویشتەی دراوە





بنەڕەتیەکان کرد، لەسەردوو ئاستی ئابووری –سیاسی‌و کەلتووری – فەرمی‌و هەرشتێك کەلەسەر ئاستی دامودەزگا کۆمەڵایەتیەکانەوە پەیوەستە پێیانەوە.

هابرماس دەسپێشخەربوو بۆ ئەو لێکۆڵینەوە سۆسیۆلۆژیە-سیاسیەی لەبواری گشتی، بەدیاریکردنی چەمکی دەستەواژەیی "گشتی" لەبواری زمانەوانی‌و بەدرێژایی سەردەمە شارستانیەتەکان کە پیایاندا رۆیشووەو هەردوو شارستانیەتی گریکی‌و رۆمانی هەڵسا، کە رەگەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەردوو زمانی یۆنانی‌و ئیتاڵیایی‌و دواتر ئەو گەشەسەندنەی بەسەر مەدلولەکانی چەمکی" گشتی"یدا هاتوون لەنێو زمانەکانی وەك: لاتینی‌و فەرەنسی‌و ئەڵمانی‌و ئینگلیزی بۆئەوەی دواتر بەئەنجامێکی هاوبەش دەرکەوێ، لەپێکهاتنی زمانەوانیەوە دەسپێدەکا تا دواجار لەنێو جێبەجێ کردنی پراکتیکیدا بۆنموونەی" مەیدانی گشتی" لەیەکە کۆمەڵایەتیە بچووکەکاندا بەرجەستە ببێ، وەك خێزان‌و یەکە کۆمەڵایەتیە گەورەکان وەك کۆمەڵگا بەهەموو دامودەزگاکانیەوە.

مانای شوێنگەیی مەیدانی گشتی لەنێو خێزان خۆی لە(صالە) سەرەکیەکەی نێو ماڵ دەبینێتەوە کە سەرداری ماڵ رۆڵی سەرەکی تێدا دەگێرێ لەنێو یەك خێزاندا، بواری گشتی لەوانەیە لەسەرەتادا رێکخستنێکی عەفەویانەی تێدا لەدایك ببێ بۆ خێزانی بۆرژوازی، دوایی درێژبێتەوە بۆ واقیعی دەرەوەی بەرجەستەبوو بە جێبەجێ کردنە کۆمەڵایەتیەکانی چەندیانەوە، ئەوە دەبینین کە وەزیفەی سیاسی مەیدانی بۆژوازی گشتی زامنی کۆنترۆڵی کۆمەڵگای مەدەنی لەرێگای هێزی ئەزموونی قولاییی ژیانی تاکە کەس دەکات.. ئەو مەیدانە نوێیە زۆرەملییەکی پتەو بەرامبەر دەسەڵاتی پاشایانەی لەئارا پێك دێنێ(١٠)

لەو جێبەجێکردنە ئاشکرایانە بۆ مەیدانی گشتی هۆبز دەستی کرد بەخستنەرووی وتەزاکەی دەربارەی بنەمای دەسەلاتی رەها کەوا دەوەری سەرەکی تیۆرییە پەیوەستەکەی بوو بە دەوڵەتو ئەوەی لەخۆدەگرت کە بەتەنها حەقیقەت نەك دەسەلات، پێکهێنەرو خەڵقکەری "یاسا"ن.

هابرماس جەخت لەهەڵقولانی شێوازێکی " ئۆپۆزسیۆن"ی دەکاتەوە لەنێو زماندا، ئەمەش لەرێگای دەرچوونی هەندێ دەقی ئەدەبی نوێوە کە هەلگری سیمایەکی دژن بەرامبەر ئەوەی کە هەیە وەك کتێبی" گلفەر"ی سۆفتو swift "لاندۆنیدا"ی Pope، بۆبو" چیرۆکەکان les fables"ی گای cay. دەرکەوتنی ئەو کتێبانە لەساڵی ١٩٧٦ سەرەتایەکی بەرجەستەبوونی مەیلی رەخنەیی بوو لەنێو ئەدەب بەتایبەتیو بەرهەمی رۆشنبیری ئەوروپی بەگشتی، کە هابرماس چاودێری بڵاوکراوە سەرەکیەکانی دەکرد.. ئەمەش بەجەخت کردنەوە لەسەر ئەو لایەنە رەخنەیەی کە لەبەرهەمەکاندا هەن، لەئینگلتەرادا لەوماوەیەدا هەندێ گەشەسەندنی گرنگ لەبواری رۆژنامەوانیدا رویاندا، هەندێ رۆژنامەی ئۆپۆزسیۆنی دەرچوونو سەرەتایەکی هوشیاری رەخنەگرتن لەکتێبە ئەدەبیو مێژووییەکاندا بەدەرکەوتو، بەدوایدا ئەو گەشەسەندنەی نێو سیستەمی سەرمایەداریو چالاکیە ئابوورییە فرەییەکان هاتن، وەك کاری بازرگانیو پیشەسازیو چالاکی بانكیو هی دیکەش.[١١] لەلایەکی دیکەوە هاوشانی " رۆژنامەوانی ئۆپۆزسیۆنی" تازە سەرهەڵداو، رۆژنامەگەری سەرمایەداری بەدەرکەوت کە داکۆکی لەسیستەمی لەئاراو بەرژوەندییە فەرمیەکانی ئەوکات دەکرد، ئەوکارەی وا لەقەڵەم دەدرێت، کەسەرەتای سەرهەڵدانی هەژموونی دەسەلاتی سیاسیو دامودەزگا پەیوەستەکانیەتی لەروو بەرژەوەندیو ئایدیۆلۆژیاوە.[١٢] هەر لەسەرەتاو لەسەدەی هەژدەمدا زمانی رۆژنامەوانیو میدیایی لەئینگلتەرا وادەستی





پێکرد کە بەرەو دیاریکردنی شێوازێکی هوشیاری گشتیو هاوبەش دەروات، ئەمەش لەرێگای لەخۆگرتنی جۆرێك لەگوزراشتی نزیك لە چینە خەڵکیەکانو هەستی دەستەجەمعی، هەندێ دەستەواژەی وەك" عەقڵیەتی خەڵك"و" دەنگی هاوبەش"و رۆحی گشت"و داواکارییە کۆمەلایەتیەکانی خەڵك بەدەرکەوتن.

دەرکەوتنی ئەو پێکهاتە زمانەوانیانە ئەوە دەردەخات، فیکری ئۆپۆزسیۆنی دانی بەوەناوە کە بەدەستهێنەری واتایە بۆ کاری پۆزەتیڤیو زمانەکەی بەرەو گشتبوون گەشەپێداوە، دوای ئەوەی ئۆپۆزسیۆنیەکەی لەنێو چالاکییە نێگەتیڤە زەرەرمەندەکان لەبەرامبەر خۆیدا سنووردارکرابوون، وەلێ دەسەلاتو دامودەزگا فەرمیەکانی بەهەمان شێوە بەگەشەپێدان زمانییان هەڵسان، لەنێو رۆژنامەو ئامرازەکانی میدیایی بۆ بەرەنگاربوونەوە گەشەسەندووەکان کەلەنێو ئۆپۆزسیۆن وەبەرهاتبوون، کەهەندێ دەسکەوتیان لەرای گشتی دژ بە دامودەزگا فەرمیەکان بەدەستهێنابوو، چالاکیەکانی ئەو ئۆپۆزسیۆنەش بەشێوەیەکی ئاشکرا لەو ماوەیەداو لەمێژووی ئەوروپا دانپیانراوو فراوانبووەوە. سەرەتای چالاکی بۆرژوازیانەی ئۆپۆزسیۆنی فیکری، هاوکات بوو لەگەڵ سەرەتای هەڵقولانی هەوڵی رێکخستنی ریشەییانە بۆ مەیلی داودەزگایی، بۆنموونە لەئینگلتەرادا ئاراستەیەك لەو قۆناغەدا دروست بوو هەوڵی پێکهێنانی بونیادێکی بەرێوەبەریی رێکخراوی دەدا، دواتر گەشەی کرد بۆ ئەوەی بگۆڕێتە سەر مەیلێکی دامودەزگاییو ئامانجی تەحەکومکردن بوو بەواقیعو کۆنترۆلکردنی گشتو خستنە خزمەتی پرۆژەی ئابووری سەرمایەداری بەرەو ژوورەوەچوو لەپێناو خۆسەپاندنو خۆتەرخانکردن. وەلێ لەفەرەنسادا، ملکەچپێکردنی مەیلی دامودەزگایی، لەچارەکی کۆتایی سەدە نۆزدەهەمدا نەبوو، ئەمەش بەهۆی ئەو کەلەپوورەی شۆرشی فەرەنسی

کەوای لەو مەیلە کرد بەئاراسەیەکی جیاواز لەگەڵ نموونەی ئینگلتەرادا بڕوات، ئەگەر بەسەر خەڵکیدا بکرێتەوە ئەوکارە مەترسیەکی زێدەتر پێکدێنێ‌ودەشبێتە هۆی ئەوەی هەموو لایەنی چالاکیە کۆمەڵایەتیەکان کەخاوەن توانای رەتکردنەوەن، لەلایەن ئەو دامودەزگایانەوە لەبەردەم ئەگەری گەمارۆداندا بن. لەسەدەی هەژدەهەمدا کە رۆشنبیریی دەستی بەگەشەسەندنێکی بەپەلەکردو وای لێهات رۆژنامە خوێندنەوە ببێتە دیاردەیەکی رۆژانەی بەرفراوان، دەسەڵات دەستی بە بەکارهێنانی بواری رۆژنامەوانی کرد بۆ گەیاندنی بیرۆکە سەرەکیەکان بۆ بەرفراوانترین پانتایی کۆمەڵایەتی. وای لێهات چاپکراوەکان ببنە ئامرازی یەکەم‌و خاوەن گاریگەری قوڵ لەبەدەستهێنانی هەژموونی بیرۆکەکانی چینی دەسەڵاتدارو بکرێتە ئایدیۆلۆژیای رەسمی‌و، گوزراشتێك نەبێت جگە لە بەرژەوەندییە سەرەکیەکانی ئەو چینە.

هابرماس، سەرهەڵدانی مەیلی دەزگاگەرایی‌و فراوانبوونەوەی، هاوشانکرد، لەگەڵ هەڵسان بەپرۆسەی دانانی یاسایی‌و ئامانجی لەپێدانی دامودەزگا پرۆژەییەکان، بەپاساو هێنانەوەیەکی عەقڵانی بۆ پیادەکردن لەنێو مەیدان گشتیدا. بەشێوەیەکی بەدوایەکدا زۆرێك لەیاسای مەدەنی‌و یاسای تایبەت دارێژران، کەوا دان بە مافی تایبەت، بەپێ سیستەمی ئابووری‌و سیستەمی موڵکداریدا دەنێت، جا موڵکداریەکە وەك مافی کشوکاڵی یان پیشەسازی یان بانکی بێت. هەروەك ئەو یاسایە لەگەڵ بەرژەوەندی سیستەمی سەرمایەداری‌و ئاراستە بەرژەوەندیخوازییەکەی دەسەڵات‌و سووربوون لەسەر بواری گشتی‌و ملکەچپێکردنی بۆ پرۆسەی گەمارۆدانی پلان بۆدانراو، لەلایەن دەوڵەتی بۆرژوازییەوە هاوسەنگ بوو.





هابرماس هەموو ئەو دیاردانەی بەهۆی باڵادەستی مەیلی دامودەزگایی وەك نموونەیەکی دەوڵەتی هاوچەرخ‌و دژکاریە نێوخۆییەکانی بەرهەمهاتوو لەهەوڵەکانی ئەو ئاراستەیە بەرەو گشتگیرو بەدەستهێنانی دەستبەسەراگرتنی تەواوەکی دیموکراسیەت‌و رۆشنبیری‌و یاساو دادەوەری دەخاتە ژێر لێکۆڵینەوەو باسەوە.

ئەو لایەنەش لەژیانی سیاسی‌و کۆمەڵایەتیماندا پێدەچێ لەرووی ئاشکرایدا وەك ئەوەی کە پاساو بێ بۆ بوونی دەزگای فەرمی کەبەبەکارهێنانی هەڵدەستێ، بەکارهێنانێك پێچەوانەیی.

بۆنموونە لەسروشتی داداوەریدا نییە، لەدەسەڵاتی سیاسی سەربەخۆبێت وەلێ لەبەرامبەردا دەکەوێتە ژێر سایەی رای گشتی، لێرەوە سەربەخۆیی واقیعیانەی دادوەری پەیوەستە بە بەرپرسیارێتیەکەی بەرامبەر بەدەسەڵاتی جێبەجێکردن‌و پەیوەستە بەکۆمەڵێك بەرژەوەندی تایبەت. بۆیە سەربەخۆیی دادەوەر زامن نییە، تەنها لەرێگا رای گشتیەوە نەبێت، کە ئامادەگی تیابێت بۆ ئەوە مافی خۆی لەرەخنەگرتن بەکاربهێنێ. لەو دەسپێکە سەرەکیانەوە هابرماس ئەو گیروگازە دەستبەسەراگریانە بەدەردەخات کە دەرەنجام هەژموونی پروپاگەندەین لەکۆمەڵگای رۆژئاوایی‌و سروشتی ئەو بونیادەن کەئەو هەژموونەی لەسەر بەردەوام دەبێ، بەدواداچوونی ئەمەش لەمیانەی روانگەیەکی مێژوویی ریزکراو لەرووی زەمەنیەوەو خاوەن نەسەقێکی میتۆدی لەشێواز وروژاندنی پاساوە جەوهەریەکان بەشداری لەهاتنەکایەی گیروگازە گەورەو کۆتاکان دەکات، یان: هەزمکردنی سەراپای هوشیاری لەرێگای ئامرازە میدیاییەکانەوە. لەو گیروگازانە کە هابرماس رەهەندی نوێی بۆ تێگەیشنە زمانەوانیەکانی دیاریدەکات، ئەو گیروگازەیە کە گوزراشتی " رای گشتی" یان رای جەماوەری

لەسەر پێك دێت. دواتر" جەماوەری را"و رادەی شەرعیەتی ئەو رایەو باگراوندی ئەو جەماوەرەی ئەو رایە دروستی دەکات وەك حەقیقەتێکی ئەکتێڤو کاریگەر دەیخاتەروو. هەروەك هابرماس هەوڵە تەنزیریە فەلسەفیەکانی کە هەوڵی دیاریکردنی ئەو بابەتەیان داوە، هەر لەهۆبزەوە بگرە تا دەگاتە مارکس، بەتێپەڕین بە مۆنتیسکیۆو رۆسۆوە دەخاتەروو، بۆئەوەی لەمیانەی لێکۆڵینەوەکەیدا بەئەنجامی وردو کۆتا بگات.

هابرماس وای دەبینێت کە پرۆسەی ئاسایکردنەوە رای‌گشتی لەئەوروپای رۆژئاوا هەر لەساڵی ١٧٩٠ لەئەڵمانیادا لەسەردەستی فردریك جۆرج فورستری Fridric Gorges Forster دەستی پێکردووە،کە ئەو کات ئەڵمانیا زیاتر لە حەوت هەزار کتێبو ئەدەیبو رۆشنبیری ئەکادیمی لەخۆدەگرتو خاوەنی ئازادییەکی وانەبوون کە بتوانن رایەکانیان بەشێوەیەکی ئاشکرا بخەنەروو، بەشێویەك کە رێگایان بدات کاریگەریەکی فیکریان بەسەر رای گشیدا هەبێت. بەپلەیەك هاوئاستی ئەو کاریگەرییە بێت کە دامودەزگا رەسمیەکا پیادەیان دەکرد. بەڵکو رای ئەو رۆشنبیرانە وەك دیاردەیەکی ئۆپۆزسیۆن بەرامبەر رای دامودوزگا لەئاراکان هەستپێکراویش نەبوون.[١٣]

لەنێو هەوڵەکانی هابرماس بۆ کۆتایی هێنان بە کەلەپووری فەلسەفی پێشتر گرنگی بە لێکۆڵینەوەی رەوشی رای گشتیو پەیوەندی بە دەسەڵاتی سیاسیەوەدا، جەختی لەسەر هەوڵە فەلسەفیە رەسەنەکانی ئەو بوارە کردەوە، بەتایبەت هەوڵی ئەمانوویل کانت، لەکتێبەکەشیدا بەناوی" ململانێی کۆلێژەکان" چەند پاژێکی دوورودرێژی بۆ گفتوگۆ لەمەڕ سیاسیەو شەرعیەتو ناشەرعیەت کردبوو، لەتەحەکومو کۆنترۆڵکردنی زەینیەتی گشتی. دواتر فەلسەفەی کانتی بەشێوەیەکی سەراپایی بەگەشەپێدانی هەندێ چەمکگەلی تایبەت بەرای گشتی هەڵساوە. هەر وەك هابرماس فیکری هەریەك





لە هیگڵو مارکسو روانگە دیالیکتیکیەکانیان لەمەڕ پروپاگەندە وەردەگرێت. دواتر توێژینەوەی تیرۆتەسەلی خۆ تەرخان کرد بۆ فیکری جۆن-ستیوارت میلو رایە پەیوەستەکانی بە پروپاگەندەو میدیاو ئامرازەکانی کۆنترۆڵکردنی خستەژێرباس کە دەسەڵات بۆ گەمارۆدانی هوشیاری تاكو کۆمەڵ پیادەی دەکات، بەتایبەتی لەبواری سیاسیو لەکاتی هەڵبژاردندا.. جۆن -ستیوارت میل لەو بوارەدا بەبیرمەندی زێدە رەسەن دەداتە قەڵەم، هەروەك لە دەروونناسی کۆمەڵایەتی کۆڵیوەتەوەو بەجێبەجێکردنە تیۆرییەکانی دەربارەی واقیعی سیاسی هەڵساوە.

هابرماس وا دەبینێ کەفیکری رەخنەیی دان بەتوێژینەوەی بابەتی "مەیدانی گشتی" دوا، هەر لەسەدەی نۆزدەهەمەوە کە هەندێ تەنزیراتی رەخنەیی دەربارەی باڵادەستی دەوڵەتو دەسەڵاتی سیاسی، دەستیان پێکرد ،کەوا فیکر رەخنەیی بەشیکردنەوەی باڵادەستیو هەژموونی فەرمی وەرگرت، جاچ بینراوبێت یان نابینراو، کەبەناراستەوخۆ رێگا بەرەو بەدەستهێنانی ئامانجی کۆتای دەسەڵات خواردەکاتەوە. لەو ماوەیەدا چەندین گۆڕانکاری ریشەیی لەبونیادی کۆمەڵایەتی مەیدانی گشتی رویانداوەو چەندین ئاوێزانبوونی سیما رەتکەرەوەی دابەشبوو لەنێوان هەردوو بواری گشتیو تایبەت، سەریان هەڵداوە. هەروەك جەمسەرگیری بەرەوژوورچوو روویانداوە لەلایەن نێوەندی کۆمەڵایەتیو سیاسی بۆ هەر شتێك کە تایبەتە، دەسەڵاتی سیاسی هەوڵیداوە بۆ راکێشانی تاكو خێزان بەلای خۆیدا، لەمیانەی پێشکەشکردنی زۆرێك " دەمچەورکردن" یان هاوکاری لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتیو خێزانی. هاوکاری دارایی کە دەوڵەت بڕیاری داوە لەکاتی لەدایکبوونی منداڵ یان هەرشتێکی دیکەی لەو شێوەیە وای لەخێزان کردووە بەرەو نێوەندی دەسەڵاتی سیاسی بانگەشە بکاتو پشتیوان بێت، چونکە شەرعیەتێکی بەهێز

بۆ بەرجەستە دەکات بڕیار لەسەر بوونو بەردەوامی دەدات، بەو مانایەی ئەو دەسەڵاتە" دەسەڵاتێکی مرۆییە".

هاوکاری دارایی بۆهاوڵاتیانو بیمەی کۆمەڵایەتی فاکتەر خستنە ژێرکارییگەریەکی بەهێزە بۆ مەشروعیەتی دەسەڵات، بۆتە هۆی راکێشانی تاك بەشێوەیەکی پلەپلەیی بەرەو نێوەندەکەو دواتر بەدەستهێنانی کۆنترۆڵکردنی تەواوی نێوەندی کۆمەڵایەتی گشتی. خێزان گرنگیەکی تایبەتی لەپرۆسەی کۆنترۆڵکردندا وەرگرتووە، گوێزانەوەی پلەپلەیی لەبواری تایبەت بۆ بواری گشتی گریمانەیەکی بۆ گۆڕانی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانو گواستنەوەی پێکهاتە ئابووریەکەی لەقۆناغێك بۆ قۆناغێکی دیکە خستەروو. هەروەك گۆڕانی ریشەیی بەسەر وێنەی بیناسازیماڵی خێزاندا هات، دوای ئەوەی لەرابردوودا خانووەکان لە یەکتر نزیك بوون یان لەناو یەکدابوون بەهۆی پشت بەستنی خێزانەکان بەیەکتریەوە، وای لێهات لەسەرەتای سەردەمی نوێدا ئەو ماڵو خانووانە لێکترجیا ببنەوەو دابەش ببن، ئەمەش بەهۆی پشت بەستنیان بەدامودەزگا حکومیەکانو پاشکۆکانی دەسەڵات. هەروەك سروشتی بیناسازی ماڵی خێزانیش لەناوەوە گۆڕا، ئەو شوێنەی کە بواری گشتی بوو لەناو ماڵدا وەك صالۆنی گەورەو شتیتر کەمکرانەوە، ئەمەش بەهۆی پەیوەستبوونی خێزان بەبوارو مەیدان دیکەی دەرەوە ماڵ، کە خێزان پەیوەستدەکەنەوە بەدەسەڵاتو دامودەزگا بەرێوەبەرییەکانی. ئەو گەشەسەندنە سنووری نێوان هەردوو مەیدانی گشتیو تایبەتیشی رەتکردەوە، تەنها کاریگەری نەکردە سەر بیناسازی،بەڵکو درێژەی کێشا بۆ بیناکردنو نەخشەکێشانی شارەکان، دواتر درێژبووەوە بۆ هونەری پەیکەرتاشیو باڵەخانەو دیزاینی دیکۆری دەزگا گشتیو شوێنەکانی کۆبوونەوەو یەکتر بینینی نێوان خەڵك.





بەشێوەیەکی هاوئاستی گۆڕانی پیشەسازی، گۆڕانیش لەسروشتی رۆشنبیریو ئاراستەکانی رویدا، ئەدەب لەقۆناغی کلاسیکیو مرۆیی سەراپاگیر گواسترایەوە بۆ قۆناغێکی دیکەی شێوە پروپاگەندەیی هەندێك نزیك لەراستەوخۆیی. ئەو گەشەسەندنەی هاوکار بوو لەژیانی کۆمەڵایەتیو پەیوەندیەکانی نێوان خەڵك بۆیە دەرکەوتنی کۆمەڵێك قاوەخانەو نێوەندو کۆڕی ئەدەبی، وایکرد ئەدەب لەبازنە ئەرستۆکراتیە بەرتەسکەکەی بێتەدەرەوە بەرەو مەیدانی زێدەفراوانتر، هەروەك هەندێ لەقاوەخانەکان کە پێشتر پشتیان بە بەشدارە پێشەنگەکان لەپیاوان دەبەست وای لێهات ئێستا دەرگاکراوە بن بۆ هەردوو رەگەزی نێرو مێو زۆرێك کۆڕی ئەدەبیو رۆشنبیر دروست بوون. وای لێهات پرۆسەی بەرهەمهێنانی کتێبو رۆشنبیری لەلایەن دامودەزگاکان لەو قۆناغەدا هاوشانی ئامێری ئابووریو سروشتی بەرهەمهێنانەکەی بێت، لەلایەك ئەو بەرهەمهێنانە وای لێهات پشتیوانو ئامادەکەری ئالیەتی ئابووری بێتو لەلایەکی دیکە پەیوەستبێتەوە بە پلانی سیاسەتی بیسکی-ستراتیژی لەلایەن رژێمەوە، هابرماس وای دەبینێ کە رۆشنبیری لەو ماوەیەدا چووە قۆناغی بەکاڵابوونو بوو بەشمەك. تەنها لەشێوە دیارەکەی نا بەڵکو لەنێوەرۆکەکەشیدا بوو بەشمەك. دیاردەی بەرهەمهێنانی جەماوەری بۆ کتێب بەدەرکەوتن وەك کتێبی گیرفانی نرخ هەرزان، کە جێگای گرنگیدان ئەو رۆشنبیرانەبوو، کە ئامانجیان دەسکەوتی مەعریفە بوو وەك خوێندکارو کتێب، لەکاتێکدا چاپە دانسقەکانی بەهاگران، لەسنوور ئەو جەماوەرەدا مایەوە کە چینی دەوڵەمەندەکان بوون، ئەوانەی دەقەکان ناخوێننەوە، بەڵکو کتێب تەنها بۆ دیکۆرو رۆیشتن لەگەڵ باری گشتیدا هەڵدەگرن.. چەندین یانەی تایبەت بۆ کتێب کرانەوەو لە پرۆسەی چاپو بڵاوکردنەوە لەرێگای پێشکەشکردنی چاپی جوانو نرخ گونجاو

بەشداربوون. بەوشێوەیە دەبینین کتێبو ڕۆشنبیری وایان لێهات ببنە پرۆسەیەکی بازرگانیو بخرێتە مەیدان بەکاربردنەوە، تێبینیەکی گرنگ هەیە پەیوەستە بە دیاردەی بڵاوبوونەوەی یانەی تایبەت بە کتێبو بڵاوکردنەوە، کەوا دوای جەنگی جیهانی یەکەم بەرەو زیادبوون چوو، تێبینیەکە ئەوەیە کە ئەو یانانە سەرکەوتوو بوون لە بیناکردنی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ خوێنەر، بەبێ نووسەر، بەوشێوەیە ڕۆحی ڕەخنەگرتنی پێشتریان بۆ کتێبە نوێیەکان یان کلاسیکیەکان کوشت. چونکە هەموو کتێبێکمان کە دابەش دەکرد بەپێی شێوازی پروپاگەندەیی رووکەش بوو، دوور لە ڕۆحی ڕەخنەی ئەدەبی جددیو قوڵ. دوای ئەوەی ڕەخنەی فیکری کە ڕەخنەگری جددی پێیهەڵدەستا تاکە شێوازبوو بۆ هەڵسەنگاندنی کتێبوگەیاندنی بەخوێنەرو هاوکاریکردنی لەبڵاوبوونەوە، وایلێهات خوێندنەوەو خستنەرووی بازرگانیانەی بەپەلە کە یانەکانی کتێب، پێشکەشیان دەکرد بووە ئەڵتەرنایڤێكو شێوەیەکی پروپاگەندەیی رووکەشیانەو بەپەلەی لەخۆگرتو وای کرد ببێتە هۆی کوشتنی وەزیفەی ئۆرگانیك کە ڕەخنەی ئەدەبیو فیکری جددی لەرابردوو پێی هەڵدەستا.

ئەو ئاراستە نوێیەی ڕۆشنبیریو پەیوەست بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنو بە "بەرهەمهێنانی بەرفراوان"ی کتێب هاوکارێك بوو بۆ ڕوودانی گۆڕانکاری گەورە لەبونیادی کۆمەڵایەتیو بوارە گشتیو تایبەتەکەیدا. دوای ئەوە ڕۆژنامەوانی سیاسیو ئەدەبی لەسەدەکانی هەژدەو نۆزدەدا گەشەی کرد لەبەرایی سەدەی بیستەمدا بووە هۆی بەدەستهێنانی شێوە نوێی ڕوانگەو تێرامان، ئەمەش بەهۆی گەشەسەندنی تەکنەلۆژی لەلایەكو گەشەسەندنی دامودوزگای سیاسیو بەڕێوەبەری هەژموونگەری لەلایەکی دیکەوە، کەوا هەندێ لەو ڕۆژنامە ئەدەبیو ڕۆشنبیریانەی کەوتنە ژێرباری ڕەوتە سیاسیو





ڕوانینە جۆراوجۆرەکانەوە، بەشێوەیەك کە وەزیفەی ڕۆشنبیریی ئەو ڕۆژنامانە نێوەڕۆکێکی سیاسیی بوونو گوزارشتیان لەبەرژەوەندی هەندێ دامودەزگا دەکرد، دواترو لەکۆتایدا سوربوون لەسەر پەیوەست بوونیان بەهەندێ یانەی ئەدەبیو سیاسی بۆ زامنکردنی سەرچاوەی پشتیوانی جێگیر، یان لەلایەن هەندێ کۆمەڵەی فیکری، ئەو کارە کەوایکرد بەشێکی زۆری ڕۆژنامە ئەدەبیەکان سەربەخۆییان لەدەست بدەنو بچنە نێو چوارچێوەی سەراپایی سیاسەتی هەزمکراو، کەوا دەسەڵات یان سیستەمە بەڕێوەبەرییە کۆمەڵایەتیە پاشکۆو پێشکەوتووەکان لەسەپاندنی ڕوانگەیان پیادەی دەکەن. لەڕێگای ئامرازەکانی میدیاییو پروپاگەندەی دیکەوە،وەك ڕادیۆو تەلەفزیۆنو ئامرازەکانی دیکەی ژێر دەسەڵاتی ڕەسمی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، بەپاشاگەردانی دامودەزگاکانی لاوەکیو لەڕوو بونیادەوە پەیوەست بەدەسەڵات. پروپاگەندە بۆخۆی بووە ئامانجێکی شایستە بەگرنگیدان، چەندین دەزگای دارشتنی ئەو پروپاگەندانەو گەشەپێدان شێوازەکەیو فرەلایەنی هاوسەنگی لەگەڵ دینامیکیەتی پەلەیی بۆ ژیانی نوێو پێداویستیەکانی دروستبوون.. پروپاگەندە بۆ کاڵای بەکاربەرو شمەكو تاوەکو بۆ ڕۆژنامەو چاپکراوەکانیش دەستی پێکرد، کە شوێنگەیەکی گەورەو سەربەخۆی لەبودجەی دارایی بۆ هەر پرۆژەیەکی بەرهەمهێنان یان خزمەتگوزاری داگیرکرد، وژمەی دارایی گەورە بۆ ڕاگەیاندنی چالاکیەکانیان لەڕۆژنامەو ڕادیۆو تەلەفزیۆن دیاریکران، هابرماس ئامانجێکی باوەڕپێکراو بۆ ئەو گەشەسەندنەی نرخی پروپاگەندەو بەرزبوونەوەی پلەپلەییو مەدلولاتی ئابووریو سیاسی بۆ ئەو ژۆرداچوونە لە وژمەدا دیاریدەکات.

پروپاگەندە لەسەردەمی نوێیدا سەرکەوتوو بوو لە خوڵقاندن ئامرازێکی دیکەی گەیاندنو بەپێکهێنانی ئاینزایەکی پەیوەندیداری نوێ یان شێوازێکی

بەرفراوانو ئاسان لەگەیاندن هەڵسا. پروپاگەندە ئێستا بۆتە واقیعێکی کردەکیانە نەك گریمانەیەك، چونکە بۆ خۆی بۆتە بنەماو سەرچاوەیەك بۆ گریمانەی نوێتر، هەموو شتێکی گرتەوە..تاوەکو سیستەمی سیاسیش، کەوای دادەنێ کەوتۆتە نێو چوارچێوەی گەمارۆدانەکەی ئەمەش لە ڕێگای گەشەسەندنە بەپەلەو سەرسورهێنەرە ئاسۆییەکەی، لەسەر زەمینە واقیعی سیاسیو گەشەسەندنە ستوونیەکەی لەنێو هەرەمی دامودەزگایی. بۆنموونە پەرلەمان، ئەو شوێنەیە هاوکارە لەسەر خولقاندنو گەشەپێدانی دەمودووی سیاسیو ملکەچپێکردنی سیاسیەت بۆ بنەماو یاسای دەزگای دەستوور هەڵدەستێ. بۆخۆی بووە بەشێوەیەك لە شێوەکانی پروپاگەندەیی.. وەلێ ئەو پروپاگەندەیە.. پەرلەمان بەرپرسیاریەتێك لەسەر شێوازێکی نوێ دەخاتە ئەستۆی خۆی کە بەدەرخستنی ئیرادەیەکی ئازادانەی پارتە سیاسیەکانە بۆ جەماوەرێکی بەرفراوان[١٤]. هەروەها بۆ سەلماندنی بوونی ئازادیو دیموکراسیەتی سیستەمی سیاسی لەئارا بۆ جەماوەر. لەکاتێکدا پەرلەمان کۆمەڵێك کەسی هەڵبژێردراو لەچینو توێژەکانی کۆمەڵ بەجیاوازییەوە لەخۆ دەگرێ، هیچ نەبێت بەنسیبەت هاوڵاتی ئاسایی بەزەرووڕەت گەل بەتەواوی ئیرادەیەوە دەگەیەنێ، کەچی ئەو پەرلەمانە لەحەقیقەتدا شێك نییەجگە لەپروپاگەندەیەکی رووت دەیەوێت ئەو هەستە بداتە جەماوەر کە نوێنەرایەتی کۆمەڵگا بەتەواوی ئیرادەکەیەوە دەکات.

ئەو هەرەمگیریە ئاوێزان بووەی دامودەزگاکانی پیشتیوان لێکراو بە پروپاگەندەو بە تۆرێك لە شێوازی دەستبەسەراگرتنی هوشیاری دەستەجەمعی، دواجار هەڵدەستێ بە نانەوەی یەك بەدوایەکدا هاتوو لە دەزگای بیرۆکراتی بچووك کە دواجار بەهەموویان دەبنە هۆی ڕێکخستنو خولقاندنی دەزگای بیرۆکراتی گەورەو دەست بەسەر هەموو دینامیکیەتی





کۆمەڵگادا دەگرێ، هەروەك دەستەبەسەر پێشینەکانو مومارەسەی هوشیارانەی لەنێو بواری رۆشنبیرکردن یان ژیانی رۆژانەی دەگرێت. بەڵام کاری زێدە ترسناك لەنێو ئەو سیستەمە داخراوە ئەوەیە کە چینی بیرۆکراتی وای دادەنێ هەموو شتێکی هەبوو حەقیقەتێکی رەهایە، ئەو چینە کە خاوەن بونیادێکی پتەوە لەنێو دەزگای بەرێوەبەری، ئەوەیە کە مومارسەی دەسەڵاتی سیاسی دەکاتو دامودەزگاکان دەخاتەژێر کۆنترۆڵو سەرپەرشتی توندی دەسەڵات، بۆیە بیرۆکراتیەت دەرهاویشتەیەکی تەواوی هەژموونی دەسەڵاتی سیاسی لەئاراو چالاکیە میدیاییو پروپاگەندەیەکانیەتی. دەرەنجامی نموونەیەکە کە دەیەوێ لەنێو ژیانی رۆژانەی گشتیدا دایڕێژێت.

هابرماس بەدیاریکردنی شیکارگەری-مێژوویی هەڵدەستێ بۆ ئاراستە پروپاگەندەییەکان، هەر لەسەدەی هەڤدەهەمەوە تاکاتی ئێستامان، بەدیاریکردنی دینامیکیەتی ئەو پروپاگەندەیەو ئەکتێڤیەکەی کە دواجار پەیوەندی سۆسیۆلۆژیای مێژوویی لەهوشیار دەستەجەمعیدا بەرهەمهێناو دواتر ئەو پەیوەندییە پێکهاتی فرەجۆر گرێوگۆڵاوی پەیوەست نەك بەشوێنی ئاشکراکردنی جەوهەری دژکارییەکان تەنها لەروانگەی شیکاریی رەخنەیی بەدەستهێنا لەپێناو دەرچوونی بەهوشیارییەکی سەربەخۆو رێژەیی لەو بارەی دەستبەسەراگرتنەکەی کەلەنێو بوارە داخراوەکەی گشگیردەکات، ناتوانێت لەگەمارۆکەی دەرچێت. هەروەك ناتوانێت لەنێوان خۆیو ئەودا مەودایەکی دیاریکراو خەڵق بکات لەسەر روئیای رەگەزە جێگیرە گەمارۆدراوەکان، ئەو بارودۆخە دەستبەسەراگرتنە گشتیەو پێزانینی رەگەزەکانی چاکسازی کە پارێزگاری لەبەردەوامبوون حاڵەتی نامۆبوون دەکەن بەدەردەخات، لەو درێژبوونەوە نوێیانەدا دیاردەی " پروپاگەندەی دروستکراو" و سەرهەڵدانی رای گشتی کە هابرماس بەلێکۆڵینەوەی دووبارەی

ئەو بارومەرجە هەڵدەستێ، کەبۆتە هۆی پەیدابوون سەیرورەتی " نێوەندی سیاسی گشتی"و گۆڕانکارییە بەرهەمهاتووەکانی نێو چوارچێوەی دەوڵەتی دەستووری لیبرالیو گۆڕانی بۆ دەوڵەتی کۆمەڵایەتی دەخاتەبەرباس‌و، بەدیاریکردنی زانستیانەی وردی چەمکی "رای گشتی" هەڵدەستێ،بەوشێوەیەی لەبوار سیاسیدا بەرجەستە بووە، کەوا دەسەڵات دەستی بەسەردادەگرێت‌و لایەنی وەهمی تێدا دەچێنێ‌و بەهۆی لاوازی باگراوندی سایکۆلۆژی ئەو چەمکە رایدەکێشێ‌و دواتر هەڵیدەوەشێنێ.

دوای دەرچوون لەچوارچێوەی دیاریکردنی مێژوویی، هابرماس لێکۆڵینەوەیەکی رەخنەیی شیکارگەرای دانا بۆ دیاردەی پروپاگەندە لەمیانەی سێنتراڵ بوونی ئێستای، کەلەنێو بونیادە دیارەکانی نێوئاخنی واقیعی سیاسی دەوڵەتی هاوچەرخ بەدەرکەوتوون. لێرەوە رۆڵی سۆسیۆلۆژیاو ئامرازە میتۆدییەکان دێت، بۆ دۆزینەوەی واقیعی ئاشکرای پروپاگەندەو بەدەرخستنی پێکهاتەکانی‌و باگراوندە فەرمیە پاساوییەکانی لەرووی یاساییەوە یان خاوەن پاساو بەشێوەیەکی نهێنی. پاساوی بێدەنگ هەن لەنێو دڵی بونیادی کۆمەڵایەتیدا. وای لێهاتووە بەهۆی مومارەسەی"داب"ە لاوەکیەکان، کە جەدەل یان سەرلەنوێ پێداچوونەوە قەبوڵ ناکەن. کۆمەڵی بەشەری دەستی کرد بەچاکردنەوەی ئەو "داب"ەو گونجان لەگەڵی‌و پابەنددەبێ پێی لەکاتی مومارەسەی رۆژانەیدا وەك زەرورەتێك کە بوونیان هەیە. ئەوپاساوە بێدەنگانە ئەو کەلەبەرانەن کە هەژموونی دەسەڵاتی لەسەر هوشیاری جەماوەریدا جێگیر دەبێت، بێ ئەوەی ئەو هەژموونە شێوەیەکی هەست پێکراو یان روشێنەری باوەڕە گشتیەکانی هەبێ، لەکاتێکدا رەخنەی شیکارگەرایی هابرماس دەربارەی "مەیدانی گشتی" هەموو ئامرازەکانی هەژموونگەری کە چینی دەسەڵاتدار بەسەر دەریچە ئازادەکانی





هوشیاریمان‌و بەسەر ئاسۆ زێدە فراوانەکانمان پیادەی دەکەن، رونیان دەکات. هابرماس لەو کتێبەیدا حاڵەتێکی ترسناکی زەروری‌و پێویست بۆ جۆشدانی تاك بۆ خەونی ئازادبوونی دەخوڵقێنێ. کەچی ئەو خەونە، تۆباویانە نییە، بەقەد ئەوەی کە لەقۆناغێکی بەرنگاربوونەوە دایە بۆ چارەسەری عەقلانیانە کە پێویست بەجێبەجێ کردن دەکات بۆ بەدەستهێنانی ئازادبوون لەدەست هەژموونی کەڵەکەبوو بەسەر مێژووی هوشیاری دەستەجەمعی بەپێی پلەکردنێکی" عەقلانی"و لۆژیکی،ئەمە لەسیماکانی بۆرژوازیەتی ئەوروپاو رۆژئاوایی‌و دەزگا سیاسیە رێکخراوو پەیوەستەکەیەتی.

کورتکراوەی کتێبەکەی ئەوەیە کە، پروپاگەندە بنەمایەکە بۆ کۆنترۆڵکردن، بۆرژوازیەت لەسەر بنەمای تاکی خوێندەوارو تواناداراەکان لەسەر بیرکردنەوە خوڵقاندوویەتی‌و گەشەی پێداوە، بەو ئامانجەی ئەو بنەمایە ئامرازێك بێت بۆ شێواز سیاقی رێکخراوو قبوڵکراو کەرێگا بەدەوڵەت بدات مومارەسەی سیاسیەت‌و ئامانجە تایبەتەکانی بکات‌و بارومەرجێکی گشتی بێنێتەئارا، راسەقینەو بەرفراوان، خاوەن توانا لەراکێشانی رای ئەوانی دیکەو تەحەکومکردن بەهوشیاریان. ئەو بنەمایەی پروپاگەندە بەشێوەیەکی دیار هەرلەسەدەی هەژدەهەمەوە هەڵقوڵاوە کەوا سەرکەوتوو بوو بە ئەفرێندەکردنی مەیدانێکی سیاسی گشتی‌و نوێ، وایلێهات کە کاریگەری بەسەر نێوبەندی‌و پەیوەندی نێوان دەوڵەت‌و کۆمەڵگا پیادە بکات، ئەمەش لەرێگای پێکهێنانی" رای گشتی" ئەگەری لەسەر پرۆسەی گۆڕانکار گشتی‌و نێوەڕۆکەکەی جێگیر بوو، بەهاوکاری تۆرێکی گەورە لە دامودەزگای پاشکۆی دەوڵەت وەك رۆژنامەی رۆژانەی ئاراستەکراو لەرووی سیاسیەوە، یان لەرێگای هەڵبژاردن‌و دەنگدانی پەرلەمان یان بەهۆی دارشتنەوەی تایبەتی دەستوور کە رێگا بەگەشەپێدانی گفتوگۆ سیاسیەکان دەدات‌و دەیکاتە دەفرێك بۆ

بیرکردنەوەو گوزارشتو گفتوگۆ لەمەڕ بەرژەوەندی گشتیو کاردانەوەی کۆمەڵانی خەڵك. لەکۆتاییدا ئەو بەمانای ملکەچپێکردنی شەرعیەتی سیاسیە بۆ شێوازێکی رەخنەیی عەقلانی، بەو شێوەیە دەکرێت نموونەی لیبراڵ بۆ بارومەرجی گشت، وەك ئەوەی لەدەوڵەتی نوێدا بەرجەستە بووە، لەبنەڕەتدا پشت بە لەناوبردنی رای هاوڵاتی سادەو نوێکردنەوە لەنێو چوارچێوەی فەرمی لەئارا دەبەستێت. بۆیە دەست بەسەراگرتنی ئامرازی پروپاگەندە لەلایەن دەستەیەکی کۆمەڵایەتی بچووك کە نمایندەی کۆمەڵێك بەرژەوەندی دەکەنو، پەیوەستبوونی دەسەڵاتیش بەسیستەمی "دەرەبەگی" لەنێو بارومەرجی گشتیدا ئەمانە دوو سیمای دیاری دەوڵەتی کۆمەڵی هاوچەرخن.
بواری سیاسیش لەناو جەرگەی ئەو دەوڵەتەدا بەخاوەخاویو داماڵراو لەچالاکی رەخنەیی دێتە وەسفکردن. دەستەڵاتی سیاسی بەداماڵینی وەزیفەی رەخنەگرتن لەو بوارەداو لە میانەی پرۆسەی بەتاڵکردنەوەی بەردەوامو تاکانە هەڵساوە، بۆیە ئەمرۆ پروپاگەندە لەخودی خۆیدا مانایەك هەڵدەگرێ بەسەر کۆکردنەوەو چڕکردنەوەی ئەو ئاکارانەی بەوەڵامی ئەرێ رەزامەندی لەسەر دەستبەسەراگرتنی دەزگای لەئارا دەردەبڕن.. وەڵامێك بەهۆی قبوڵو رەزامەندی ئارەزوومەندانە لەلایەن کۆمەڵگاوە بڕیاری لێدەدرێت. بنەمای رەخنەلێگرتنی سەرچاوەیەکی بەردەوامی هەڕەشە بووە بۆ سەر پروپاگەندەو هەژموونگەریەکەی بەسەر تاکدا. وای لێهات رای گشتی بکەوێتە نێو زەمەنی پروپاگەندەیی سەراپاگیرو خاوەن سروشتێکی دەستبەسەراگرتنو وەك داشقەیەکە ئیرادەی دەسەڵاتی لەئاراو بۆچوونەکانی لێیدەخوڕن، لەکاتێکدا پێوستە ئەو رایە پاساوێك بێت لەئاراستەکردنی سیاسی دەسەڵاتو بڕیارەکانی، ئەو دژکارییە سڕدەکەن کە لەرەزامەندی خەڵكو کۆڕای دروستکراوو بەسیاسیکراوو ئامادەکراودا هەن، بۆ پشتیوانی کردنی دەسەڵات





لەهەموو هەڵوێستەکان یان ئامادەی دەکەن بۆ دروشمکێشانو تراتیلکێشان لەژیانی سیستەمی سیاسیو حکومەتی هەنووکەیی. لەگەڵ ئەو بارودۆخە رەشبینو بەگەرمی گەمارۆدراوەدا. هابرماس توانای دەرچوون لەچوارچێوەی دەستبەسەراگیراوی زاڵی پروپاگەندەیی دەبینێت، ئەمەش لەمیانەی خوڵقاندنو ئەکتێڤکردنی شێوازی نوێ لەگەیاندن لەنێوان تاکەکانو دەسەڵات.. یان لەنێوان کۆمەڵگاو دەوڵەت، بەمەرجێ ئەو پەیوەندییە مەرجدار نەبێ بەهیچ پێوانەیەك یان بەزۆرلێکردنێکی سەپاو بەو مانایەی سەربەخۆو لەدەرەوەی دارشنەوەی دەستووری یان چوارچێوە ئایدیۆلۆژیدا بێ کە رژێم پێیەوە پابەندە.
ئەو پرۆژە رەخنەییەی کە هابرماس بەدامەزراندنی زەمینەی میتۆدییەکەی لەنێو " مەیدانی گشتی"یدا دەستیپێکرد، بونیادی یەکەکانی لەبەرهەمەکانی داهاتوویدا بەردەوام بوو، بەتایبەت لەکتێبەکانیدا بەناوی" تەکنیكو زانست وەك ئایدیۆلۆژیا"و" عەقڵو شەرعیەت" دەرکەوتن. کەوا لەکتێبی دوایدا " عەقڵو شەرعیەت" بەدامەزراندنی بونیادێکی تەواوکاری بۆ تیۆری رەخنەیی هەڵدەستێ کەخۆی لەبەریەککەوتنو هەڵسوکەوتی راستەوخۆی لەگەڵ مارکسیزمی پرۆتۆکۆڵگەراییو ئەو تیۆرەی دەخوێندرێت لەلایەکو تەکنۆکراتیەتی سیستەمە سیاسیەکان لەلایەکی دیکەوە دەبینێتەوە. لەرێگای ئەو هەڵسوکەوتە دووفاقیەوە پرسیارێکی ریشەیی دێنێتەروو کە: ئایا دژکاریی بنەڕتی بۆ هەوڵی بەفۆرماتیزەکردنی کۆمەڵایەتیانەی سەرمایەداری، کەبەردەوام جێگیرەو گۆڕان دەستی بۆ نابات، گۆڕاوەو وای لێهاتووە لۆژیکێکی نوێی بۆ قەیرانی ئەو دژکارییە هەبێت؟
هابرماس وای دەبینێ کە هەوڵدان بەرەو تێپەڕاندنی قەیرانی ئابووری بەو ئاستە پێویست نییە بۆ بەدەستهێنانی هەستیارییەك، بەو مانایەی ئەو

قەیرانە ئەڵتەرناتیڤێکی دیکە بێتو، توانای جێبەجێکردنی لەرێگای سیستەمی سیاسیو دوای گۆڕانی تێروانینە ئێستاییەکانی ئەو سیستەمە هەبێت. چونکە قەیرانی ئابووری ناتوانێ ببێتە کایەیەکی بێ کاریگەری، یان نزیك لەرووی چارەسەری بێت. چونکە قەیرانەکە ئێستا بەرەوژوورو بەدوایەکدا هاتووەو بەشێوەیەکی بەردەوام قەیرانی دیکە دەخاتەروو یان سەرەتایە بۆ سەرهەڵدانی کۆمەڵێك قەیران لەیەك کاتدا، وەك قەیرانی بەعەقلانیکردنی بارومەرجی سیاسیو کۆمەڵایەتی ئێستاو قەیرانی یاسادانانو قەیرانی کەمکردنەوەی ئەو فاکتەرانەی تەحەکوم بە ئاکاری بەکاربەر دەکەنو .. چەندین قەیرانی دیکە.. لەمیانە سووربوونی هابرماس لەسەر قەیرانی ئابووری پرسیارێکی دیکە دێتە ئاراوە کە: ئایا بەرهەمهێنانی ژیانی کۆمەڵایەتییە تائێستاش گونجاو نییە لەگەڵ عەقڵ هەروەك کە لەقۆناغە مێژووییەکانی رابردوودا گونجاو بووە، ئایا ئەو بەرهەمە کۆمەڵایەتیە تائێستاش توانای خستنەرووی شێوازێکی دیکەی گفتوگۆی هەیە، کەبتوانێ بەشێوەیەکی زۆرەملێیی لەبونیادی کاردانەوە سەراپاگیرییەکان یان دامەزراندنی پێوانەیی نوێ بۆ حەقیقەت بەشدار بێت؟ لە" عەقڵوشەرعیەت"دا هابرماس بەهەوڵدان بەرەو ئامانجی سیاسی وازناهێنێ کە خۆی لەپێکهنانی پێدانێکی ئەخلاقی نوێو کرانەوە بەئاراستەی کۆمینیکێشنێکی نوێ کە پەیوەندی نێوان تاكو کۆمەڵگاکەی قوڵبکاتەوە،دەبینێتەوە. ئەمەش دژ بەو واقیعەی داخراوو لەئارایەی کەسیفەتی هەژاریی لە بوونی شەرعیەتو یەکسانیو هوشیاری چارەنووسساز دایگرتووە. لەو بارودۆخە گشتیو بەردەوامەدا، کتێبی " عەقڵو شەرعیەت" رێگا چارەیەك دەکاتەوە بۆ دامەزرانی مومارەسەیەکی عەقلانی لەرێگای نزیکبوونەوە یان یەکبوونی لەگەڵ پێوانە جەوهەرییەکانی بۆ ئەو





وتەزایانەی خاوەنی بونیادی عەقلانینو پارێزگاری لەتاك دەکەن، وای لێدەکەن چاو کراوەبێ لەهەموو بڕیارەکاندا  کە لەپێناو هوشیارییەکی دەرەوەی ئەو دەستبەسەراگرتنە دەیدا، کە دامودەزگا هەژموونگەرییەکان دەیسەپێنن. بەو شێوەیە عەقڵ بەتەنها سەرچاوەی هەموو ئەو بڕیارانەیە کە دەیدات. ئەو بارومەرجە لەهەموو رەهەندەکانیەوە، لەدروستکردنی دەوڵەتو دامودەزگاکانی تادەگاتە پەیوەندی نێوان تاكو کۆمەڵگاکەی لەوبارەدا نییە کە هاوکاربێت لەسەر هەڵقوڵانی دەستپێشخەرییەکی رەخنەیی توانادار لەسەر پێکهێنانی نموونەو میتۆدێکی سەرکەوتوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی رژێمی لەئارای ژێر سایەی سەرمایەداری پێشکەوتوو. لێرەوە پێویستیەکەی زۆر دەبێت بۆ دۆزینەوەی فیکری رەخنەیی ئەکتێڤو پەیوەست بەشێوەیەکی هاوسەنگی جێبەجێکردنی شێوازێك لە کۆمینیکێشنێك لەنێوان تاكو سیستەمە کۆمەڵایەتیەکان، لەرێگای ئەو جێبەجێکردنە کۆنبووە پلەپلەییە لەهەژموونی تەواوەکی دەسەڵاتی سیاسیو لەبەرێوەبردنی دامودەزگایانەی رێکخراو بۆ هوشیاری کۆمەڵ بەدەست دێن. وەلێ لەکتێبی" تەکنیكو زانست وەك ئایدیۆلۆژیا"، هابرماس بۆ قۆناغێکی گەشەسەندووتر دەچێت. لەپێکهێنانی ئاراستەی رەخنەیی تایبەت بەخۆی. کتێبەکە گەشەسەندنێك لەو گفتوگۆیانە بەخۆوەدەگرێ کە پێشتر هێربەرت مارکیۆزە وروژاندبوونیو پەیوەستبوون بەبابەتی توانای تەکنەلۆژیا لەبەدەسهێنانی ئازادبووننداو، هەڵقوڵانی دیاردەی بەئامێریبوون لەنێو ژیان تاکدا لەکۆمەڵگا پیشەسازییە هاوچەرخەکان.. پێشکەوتنی زانستیو تەکنیکی فاکتەرێك نەبوون بۆ کۆنبوونی مرۆڤ وەك ئەوەی لایەنگرانی تەکنەلۆژیاو گەشەسەندنی زانست دەیانویست بەڵکو بەپێچەوانەوە هۆکارێك بوو لەخستنە ناوەوەی مرۆڤی هاوچەرخ بۆ نێو قاڵبی کۆمەڵایەتی نوێ هەڵقوڵاو لەدامودەزگای داخراوی

بەردەوام لەکۆمەڵگا نوێیە بەرهەمهێنەرەکاندا. هابرماس کەلتووری سۆسیۆلۆژیای ئەڵمانی بەکارهێنا، لەپێش هەمووشیاندا بەرهەمەکانی کارل مارکس‌و ماکس ڤیبەر، پەیوەست بەشێوەیەکی ئۆرگانیکی‌و هاوسەنگ لەنێوان بەردەوامی بەدەستهاتوو لەهێزی بەرهەمهێن‌و شێوازی بەرهەمهێنان لەنێوان کەڵەکەبوون لەتوانای زانستی‌و تەکنیکی لەنێو بەدوایەکدا هاتنی دەرکراوو هەوڵەکانی بۆ کۆنترۆڵ کردنی توانای زانستی‌و تەکنەلۆژی لەنێو سیستەمێکی گشتی ملکەچ بۆ دەوڵەت. هابرماس بڕیار لەوە دەدات، کەوا کۆمەڵگا سەرمایەدارییەکان زنجیرەیەك گۆڕانکاری قوڵ‌و خاوەن شێوازی تایبەت بەخۆی دیوەو بەدوو ئاراستە گەشەیان کردووە، وای لەجێبەجێ کردنی وتەزا بنەڕەتیەکانی تیۆری مارکسیزم کرد، کەکارێکی یاساغ بێ چجای هەردوو وتەزای ململانێی چینایەتی‌و تێگەیشتنی مارکسیزمی بۆ ئایدیۆلۆژیاکان.[١٥]

لەرێگای وەرگرتنی بەرفراوانی تەکنیکی‌و نێوەرۆکەکەی، فەیلەسوفەکەمان(هابرماس)کۆمەڵێك لەبیرۆکەو تیۆر دەخاتەبەرباس کە بیرمەندەکانی دیکە خستوویانەتەروو، باسیان لەتەکنیك‌و بەرەوژوورچوونی دەستبەسەراگراتنی کردووە لەملکەچکردنی بواری کۆمەڵایەتی- مرۆیی بۆ ژێر سایەی شێوازو هەڵسانی بە، بەزانستیکردنی گشتی. لەبەشێکی تایبەتی بەناونیشانی" بەزانستیکردنی سیاسیەت‌و رای گشتی" بەمانای سەپاندنی گەمارۆ بەسەریاندا، لەرێگای ملکەچکردنیان بۆ زانست‌و ریتمی گەشەسەندن، هابرماس چالاکی خاوەن پەلەیی چەندبارەبووەوە بەدەردەخات، لە خستنە ناوەوەی میتۆدو شێوازی زانستی بەسەر تەواوی چالاکیە ژیانییەکانی بەدەستهێنی ئاتاجەکانی هاوڵاتیان. ئەو کارە کە لەکۆتاییدا کاریگەر دەبێ بەسەر رای سیاسی‌و چۆنیەتی حوکمپێکراو لەپێشکەشکردنی زانیاری‌و شێوازی زانستی سەخت‌و جوڵێنەری ئەو چۆنێتیە. ئەمە لەکۆتایدا بوونی





بەرێوەبردنێکی سێنترالی بە نێوەندی دارایی‌و پەیوەندیە ئاڵوگۆڕیە بازرگانی‌و ئابوورییەکان لەسەر ئاستی نیشتیمان یان لەسەر ئاستی هەرێمی نێوخۆ دەکاتە کارێکی حەتمیانە. هەروەك بەزانستیکردن زێدەڕۆ لەهەردوو بواری سەربازی‌و سیاسی سەریهەڵداو سیاسیەتی نیشتیمانی ملکەچکرا بۆ تۆرێك لەدەزگای تەکنیکی پێشکەوتوو کەوا خزمەت بەبەرژەوەندی گشتی دەکات بەهۆی وردبینی حیساباتی جێبەجێ کراو لەستراتیژیەتی سیاسی‌و سەربازی دەوڵەت.

لەنێو ئەو چاودێرییە وردبینیە بۆ لایەنەکان بەزانستیکردن لەکۆمەڵگا پیشەسازییە پێشکەوتووەکان، هابرماس لێکۆڵینەوەیەك لەمەڕ چالاکی ئابووری‌و پەیوەستی بە گەشەسەندنی تەکنیکیانەی چالاکی دامودەزگاکان پێشکەش دەکات. هەروەك بەخستنەژێرباسی سیمۆنتیکیانەی یەکە تەکنیکیەکانی تایبەت بە زانستە مرۆییە وردەکان هەڵدەستێ، چجای سۆسیۆلۆژیا، کەوا بەدوای موورادیفی ئەو یەکەو دەستەواژانەو کاردانەوەکانیان لەنێوئاخنی تەکنەلۆژیا زێدەتر دەگەڕێ، بەوشێوەیە بیرۆکە رەخنەییەکان بەشێوەیەکی ورد گەشەی پێدا، کەوا هێربێرت مارکیۆزە لەکاتی لیکۆڵینەوەکەیدا لەمەڕ گەشەکردنی ئامێری لەکۆمەڵگای بەرهەمهێنەرەکاندا خستنیەروو. وەلێ ئەو بەرەو مەوداو رەهەندی دوورتر لەوەی مارکیۆزە دیاریکردبوو دەروات. لێکۆڵینەوەیەکی درێژی دەربارەی گەشەکردن چەمکگەلی زانستە تەکنیکیەکان‌و پێکهاتنی دامودەزگا تایبەتیەکانیەوە دوای سەرهەڵدان هەژمونە پلەپلەیەکەی بەسەر تاك‌و کۆداو ئاراستەکردنی رەهەندە مرۆییە سەربەخۆکان لەنێو هوشیاری کۆمەڵدا دەکا. ئەو بارومەرجەمان بۆ وێنادەکات کە لەسایەی دامودەزگا ئیدارییە قاڵبووەکان لەپێشکەوتنی زانستیدا هەیە، بارومەرجێکی خنکێنەرو داخراوو بەتاڵە

لەهەر گریمانەیەکی بەردەست بۆ هەڵقوڵانی ئازادی. بارودۆخی عەقڵانی کە واقیع دەیخاتەروو، نزیکە لەو بارومەرجە جاڵجاڵۆکەیەی لەرۆمانو گێڕانەوەکانی فرانس کافکادا هەن، وەك " ئەمریکا"و" دادگایکردن" کەلەسەر روانگەیەکی رەشبینانە بارومەرجی تراژیدی مرۆڤی رۆژئاوایی بەرجەستەبووە بۆ گەشەسەندنی پیشەسازیو تەکنەلۆژی سەرسوڕهێنەر کە هاوکاربووە، بەهۆی دەرکەوتنی هەرەمگەراییەکی نوێو سەخت، کە هەژموونی بیرۆکراتیەتو باڵابوونی رەتکراو رێکدەخات.

کەڵەکەبوونی عەقڵانی بۆشیکردنەوەکانی هابرماس ئەو حاڵەتەی ترسو هەستکردن بەچاودێریو ناکۆنبوونیان لادروست دەکات.. حاڵەتێك لەوانەیە بەشێوەیەك لەشێوەکان پاساوی ئەو رەتکردنەوە توندە بێت کە شاعیرە باوەڕدارەکانو بێباوەڕەکان پابەندبوون پێی. لەسەدەی نۆدەهەمدا وەك بۆدلێری رەشبینو رامبۆیێ کە بەرەو رۆژهەڵاتو دوور لەئەورووپاو خاشاکی ئامێرەکانی هەڵاتن. هەروەك ژێرار دی نرڤاس کەجەڵەتەی شێتی گەمارۆیداو هاتە رۆژهەڵاتو بۆ باوکی نووسی نەخۆشیەکەی بیرچۆتەوەو ئێستا بەبێ رارایيو فێی دەروونی دەژی، ئێستا ئەو چێژ لەرۆژو سادەیی ژیان دەبینێ. وەلێ کە گەڕایەوە ئەورووپا جەڵتەیەکی دیکە لێیدایەوەو بەرەو خۆکوشتنی برد. شارستانیەتی پیشەسازی بۆ ئەو شاعیرانەی خاوەن حەساسیەتێکی توندرەوین شتێك نییە جگە لە دێوەزمەیەکی ئامێریی کە لەپێشکەوتنو هەژمونگەریەکەیدا لایەنە مرۆییەکەی لێسەندوون.وەلێ هابرماس واسەیری ئەو دێوەزمانە دەکات بەپێی لۆژیکی عەقڵانی دیکە پشتبەست بە بەڵگەو رووداوی مێژوویيو کۆمەڵایەتیو سیاسی.. رووداوێك کەوا بەروانگەیەکی رەخنەیی تایبەت هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێ.. لایەنەکانی ترس تێدا بەدەردەخرێ. هەموو ئەو خزمەتگوزارییانەی وایان دادەنێن کە





خزمەتگوزاری مرۆیین یان دەسکەوتن، وەك بیمەی کۆمەڵایەتیو سیستەمی خوێندنو فێربوونو هەرشتێکی دیکەی لەو جۆرە، وایلێهاتووە لەژێر سایەی کۆنترۆڵی تەواوو ورددا بێت لەلایەن دامودەزگا فەرمیەکانەوە. دواجاریش شتێك ناکەن جگە لەیەك ئەرك ئەویش پارێزگاریکردنی بەردەوامیانە لەکۆنترۆڵکردنو بەکارهێنانی هەر دەسکەوتێك لەبەرژەوەندی توێژێکی جێبەجێکاری دیاریکراودا کە مانەوەیان بەندبە بوونی عەینیانەی لەئارای ئەو شێوە دەوڵەتە هاوچەرخە.

لەکۆتاییدا،ئایا هابرماس توانای دەربازبوون لەو بارودۆخە گشتیگرییە دەبینێ، کەبەشێوەیەکی راستەوخۆ بەرامبەر" هوشیاری" کۆمەڵ خۆ ئاشکرا ناکات؟ ئەو وەڵامە هێشتا لەلای هابرماس ئامادە نییە، وەلێ هەوڵەکانی ئەم دوایيەی لەتەنزیرە فەلسەفیەکەی ئامانجی دارشتنەوەی وێناکردنێکی تەواوە لەرێگای کەڵەکەبوونە تیۆرییەکەی. وەلێ ئەو وەڵامە لەگەڵ ئەوەی هێشتا تەواویش نییە، وەلێ واتای جێکردنەوەی چەند ئاسۆیەك دەبینێ بۆیو، لەنووسینەکانی دواتری کە هەوڵی بەرگرتن لەو کەلەبەرانە دەدات، کەبەرهەمو توێژینەوە رەخنەییەکانی بەدرێژایی زیاتر لەبیست ساڵو هەر لە"رای گشتی"یەوە تاوەکو کارە دوایيەکان کردوویانە. دەتوانین ئەو بیرۆکەیەی کە هابرماس قوڵی کردەوە کورتیکەینەوە لەپێناو دامەزراندنو گەشەپێدانی شێوازێکی نوێ لەرۆحی پەیوەندی لەنێو کۆمەڵگادا. هەڵوێستی نامۆبوون لەوانەیە لەبیرۆکەکەیدا وا بەرجەستەببێت کە ونکردنی پەیوەندی بەیەکگەیشتنەوەی هەبێ لەگەڵ منی تاك یان منی کۆمەڵایەتی، هەروەك چەمکی کۆنبوونو ئازادبوون بەنیسبەت هەژمونگەری ئێستا، ئەو غەزوەیە کە بیرکردنەوەی خودیانە بەهۆیەوە توانادارە بەسەر خەڵقکردنی بارودۆخێکی هاوکار بۆ هەڵقوڵانی بەیەکگەیشتن لەنێوان خودو خۆی لەمیانەی سیاقێکی پەیوەندی ئازاد لەنێوان منو ئەویتردا.[١٦]

هابرماس ئاماژە بە زەرووڕەتی سەرهەڵدان بەیەکگەیشنێکی کۆمەڵایەتی گشتی دەدا، لەرێگای دامەزراندنی دیالێکتیکێکی دەستەجەمعی هاوبەشی خاوەن گوتاری عەقڵانی، کە ئەرکی بێت، وزەی رەخنەی بەرچاو بەدینامیکیەتێکی نوێکراو بگەیەنێ‌و هوشیاری بەشێوەیەکی پلەپلەیی لەهەژموونی زەینی لەئارا رزگار بکا.

بنەمای رەخنە لە گفتوگۆ عەقڵانیە گشتیەکان، بنەمای گەشەکردنی کۆمەڵگای نوێ بووە لەسەرەتادا رەخنەی گشت ملکەچی رای ئازادی گوزارشتکەر بووە بەخودی خۆی بەشێوەیەك کراوە. ئەو جوڵە ئەکتێڤە بۆ گفتوگۆی عەقڵانیەکان بووە کە بەپێی شیکردنەوەکانی هابرماس پێشەنگی لەپێکهاتنی کۆمەڵگا هاوچەرخەکان یان " دەوڵەت- کۆمەڵگا"دا کردووە، کە لەسایەیدا رای گشتی لەبارێکی دەرکەوتنی ئازادی راستەوخۆدان کە پێشتر هەبوو، واشی لێهات ئەمرۆ لەنێو ئامرازەکانی نێوبەندیدا جێگیر بێت.. ئێستا بەشێوەیەکی راستەوخۆ ناتوانێ گوزارشت لەخۆی بکات. بەڵکو لەرێگای حزبەسیاسیەکان‌و سەندیکاو رێکخستنە کۆمەڵایەتیەکانی دیکە بەدەردەکەوێت، یان لەمیانەی رۆژنامەوان‌و ئامرازە میدیاییە نوێیەکانەوە، بەیەکگەیشنە رەخنەیەکەی یەکەم نائامادەبوو، تاوەکو بەیەکگەیشتنی نێوبەندییانە جێگای بگرێتەوە کە کاردانەوەی ئەو رایەی دامودەزگاکانە کەلەپشتیەوەن‌و رایەڵبەندی بیرۆکە بنەڕەتیەکەی دەکەن، دواجار کاریگەری دەکاتە سەر رای کۆمەڵایەتی بۆ ئەوەی لێیەوە "رای گشتی" هاوچەرخ بخوڵقێ، کە بەشێوەیەك لەشێوەکان رەنگدانەوەی بەرژەوەندی ئەو دامودەزگایانەیە. بۆیە هابرماس پێش هەموو شتێك ئاماژە بەزەرورەتی پێکهاتنی ئەخلاقی "پەیوەندیگیری " دەکات. کەبەهۆی گونجاندنی بوارە رەسەن‌و فراوانەکانی گفتوگۆی کراوە گەشە دەکات‌و پێدەگات‌و دواتر هاوکارە لەسەرهەڵدانی گوتاری عەقڵانی ئازاد. کە جێگای گوتاری دەستبەسەراگرتنی فەرمی لەئارا دەگرێتەوە.[١٧]





هابرماس کارەکانی دواتری تەرخانکرد، بۆ بونیادنانی تیۆری فەلسەفی تەواوەکی بۆ بنەمای گفتوگۆ گشتیەکان‌و ئەو پەیوەندیانە کە بەهۆیانەوە کۆمەڵگا دەچێتە نێو پەیوەندییەك لەگەڵ خۆی‌و لەنێویشیدا بەرهەمە گەوەرکەی" تیۆریی گەیاندن" کەلە "دە"بەرگی گەورە پێك دێت.[١٨] خۆی لەهەزارو شەشسەد لاپەرەدا دەبینێتەوە، تیایدا هەوڵی بونیادنانی مومارەسەی پراکتیکی تیۆری رەخنەیی دەدات، کەهەر لە بیستەکانی ئەم سەدەیەدا لەسەردەستی مارکس‌و هۆرکهایمەری دامەزرێنەری قوتابخانەی فرانکفۆرت دامەزراوە.. وەلێ ئەو فەلسەفە رەخنەییەی کە هابرماس ئەمرۆ پێشکەشی دەکا، باوەڕی بەتیۆری رەخنەیی نییە، بەرەخنەی پراکتیکی یان بەبێ چارەسەری واقیعیانەی ئەڵتەرناتیف. ئەمەش بەزەرورەت پێویستی بەوجودی فەلسەفەی کارو مومارەسە دەکات. سەرباری تیۆری پراکتێکی، ئەوەی هابرماس ئێستا دەیەوێ بیکات، بونیادنانی ئەو فەلسەفە پراکتیکیەیە کە واتای چارەسەری ئەو پاساوە کۆمەڵایەتی‌و سیاسیە لەئارایانەی هەبێت.. ئەمەش هەوڵێکی زۆر گەورەیە لەفیکری فەلسەفی بەگشتی‌و لەوانەیە توشی بنبەست بێت .. یان چانسی سەرکەوتنی هەبێت.

## پەراوێزوسەرچاوەکانی
## بەشی پێنجەم ...... پاژی یەکەم

(1)Gotz schregie: Deutsch arabisches worter buch. Libaire duliban. Beyrouth. MacDonld and Evas TLD . London. 1977.P.74.
(2)Ibid.
(3)Dr.kurt wilhel ET Dr.Ernst Erwin lage Kawal: Dictionnaire Pratique Francais/ Allemad. Allemand/Fracais . Larousse.paris 3eme edition.1964.p.646.
(4)Jurgen Habermas: Profils phil Osoehiques ET Politiques.trabuit DE lallemand par francoise dastur.jeanmarie Ladmiral Temarc b.launay. gallimard.Collection les essais cxci.paris.1974 .pVIII.
(5)Pierre V.zima: lecole de Fracfort. dialectique delaparticulaire.edition citoyen. Pais. 1974.P18.
(6)paul Laurent assoun et Gerard raulet: maxisme et theori critiuue. Payot .pares.1978.P151et P.154.
(7)deutsch arabisches worter buch.p1397.
(8) jabbour abdel noet souheil Ideriss: almanhal.dictionnair francais/arabe.dar aladaab.beyroteh.4eme edition 1977.P.941.





(9)andre lalande : vocabulaire technique et critique de la philosophie.edtion puf.13eme edition .paris.1980.P.960.
(10) ibid. p.959.
(11)jurgen habermas : la technique et la science comme ideologie.preface et traduction. De
iaiiemand par jaen rene ladmiral.gall imard paris. 1973.PVII.
(12) ibid.pVII.
(13) vocabulaire technique et critiquede la philosophie.p.960.
(14) georges thines et agnes lemper eur: dictionnaire general des sciences humaines edition universitaire.paris .1975.p.861.
(15) Etienne minarik: le50 most cles de la pcychosociologie edition privat. Paris 1971.p.170.
(16) Aymond boubon.francois bourricaud : diction naire critique delisociologie . puf. Paris1982.p.278.
(17) Dictionnaire general des sciences humaines .p474.
(18) Vocabulaire technique et critique de la philosophie.p.459.
(19) Ibid.p.459.

(20) Madeleine graiwitz: lexique des sciences socials. Edition dalloz. Paris.1981.p194.
(21) Dictionnaire critique de la sociologie .p.531
(22) Ibid.p531.
(23) Ibid.p.532.
(24) Ibid.p531.
(25) Ibid.p.532.
(26) Georges labica.Gerard benussan : dictionnaire critique du marxisme.puf. paris.1982.pp93&94.
(27) Ibid.pp846 &847.
(28) Ibid.p368.
(29) Ibid.p.862.
(30) Herbert marcuse: reason & revolution. Hegel & the rise of social theory. Bacon. Paris.1960.p5.
(31) Jean laplanche et jb ponpalis: vocavulaire de la psychan alyse edition puf 6eme eition. Paris.1978.p.112.
(32) Dictionnaire critique de la sociologie .p16.
(33) Ibid.p16.
(34) Ibid.p.16
(35) Ibid.p.16
(36) Dictionnaire critique du marxisme.p.223.
(37) Ibid.p.224.
(38) Ibid.p.227.





(39) Ibid.p.32.
(40) Ibid.p.282.
(41) Ibid.p.282.
(42) Ibid.p.283.
(43) Ibid.p.283
(44) Ibid.p.44
(45) Jean maisonneuve: la psychologie sociale. Collection quisaisje .10eme edition puf paris.1971.p.59.
(46) Pierre et Monique faure: les marxismes apresmarx 3eme edition. Puf. Paris.1980.p.6.
(47) Jb duroselle : histore diplomatique de 1919 a nos jours. 8eme editior. Dalloz paris.1981.p.40.
(48) Les marximes apresmarx.p.60.
(49) Jean marie Vincent: la theorie critique de lecole de francfort. Deition galilee paris.1976.p.27.
(50)
(51) Yvon bourdet : figures de lukacs. Idition antropos. Paris.1972.pp.204 &205.
(52) Georges lukacs: solgenitsyne. Traduit de iallemand parserge bricianer. Paris.p35.
(53) Latheorie critique de lecole de francfort.p34
(54) Andre tosel: le development du marxisme en Europe occidental depuis .1917.histoire de la

philosophie. Encyclopedie de la pleiade. Tome III du XIX. Siecle a nos jours. Edition gallimard. Paris.1974.p.983.

(55) Ernst bloch: heritage de ce temps . traduit de iallemand par jean lacoste et edition payon. 1978.p.12.

(56) ernst bloch: latheisme dans le christianisme. Traduit de iallemand par eliane kaufholz et Gerard aulet. Edition gallimard . paris.1978.p.71.

(57) ernst bloch :sujet objet.eclaircissement sur hegel. Tarduit de iallemind par Maurice de grandillac. Edition gall imard. Paris 1977.

(58) ernst bloch: le principe esperance. Traduit de iallemand ear francoise wuilmart. Edition gallimard. Paris.1976 tom.I. p.9.

(59) ernst bloch: le principe esperance Traduit de iallemand ear francoise wuilmart. Edition gallimard. Paris.1982. tome.II.p266.

(60) ernst bloch: la philosphie de la renaissance.traduit de iallemand par Pierre komnitzer.edition payon. Paris .1974.

(61) ernst bloch:le sprit de lutopie. Traduit de iallemand par anne marie long et Catherine piron a udard. Edition gallimard. Paris.1977.





(62) martin jay: limagination dialectiqe.historie de lecole de francfort et de linstitut de recherches sociales (1923/1950). Traduit de iamericain par E.E. mareno et alain spiquel.edition payon. Paris. 1977.p.11.

(63) ibid.p.21

(64) ibid.p.22

(65) ibid.p.24

(66) ibid.pp.24 &25

(67) ibid.p25

(68) ibid.p26

(69) ibid.p28

(70) ibid.p31

(71) ibid.p32

(72) ibid.p37

(73) marc jamenez: adoro.theodor w (1903/1969). Dans. Dictionnaire des philosphes.directeur da la publication denis huismn. Edition puf. Paris1984.voldume 1, p.16.

(74) limagination dialectique.p41.

(75) ibid.p41.

(76) ibid.p.42

(77) ibid.p.43

(78) ibid.p.45

(79) ibid.p.45
(80) ibid.p.46.
(81) ibid.p.47.
(82) ibid.p.47.
(83) ibid.pp.47 &48.
(84) Ibid.p.56.
(85) Ibid.p.112.
(86) Luce giard:walter Benjamin. Libre passant. Esprit no 5.mai.1978.
(87) Limagination dialectique.p91
(88) Walterbenjamin.libre passant.p111.
(89) La theoriecritique De lecole Defrakfot.99.
(90) Dictionnaire du marxisme.
(91) Dictionaire des philosophes.volume1.p .1256.

(92)marxsisme et theorie critique.p77.

(93)max hokheime und theodor w .adorono" dialektik der aufklaung philosophische fracments" .s.fischer verlang gmbh .frankfurt am main .1969.s:106.

(94)dictioaire des phil osophes.volume 1.p.1257.

(95)max horkheimer :"clips De la raison.suivi de raison et cosevation De soi" "clips de la raison" tradut de lamericai par acues DEBOUZY.payon .paris1974.p.27.







(96)max horkheimer : raison et coservation de soi. Traduit de iallemand par jacues laize avec "clips de la raison"ibid.p.207.

(97)theodor w .adorno "the argo of authentisity" translated by knut tanowskl and frederic will. Edition northwester university press .evoston 1973. p.Xiii.

(98) Theodor w adorno: "trois etudes sur Hegel" traduit de iallemand par le siminair de traduction du college de philosophie :eric blodel .ole hansen-livephlipp.jaubert.marcB.DEaluray.theoleydenbah.pierre penisson.et mireille bereziat.edition payon paris 1979.p 53.

(99)theodor w adorno et hanns eisler: "musique de cinama .essai" traduit de iallemand par larchie travaux 17.paris.1972.p.56

(100)theodor w. adorno: theorie esthtique traduit deiallemand par marc Jimenez edition kli nsieck. Paris.1974.p225.

(101)herbet marcuse:one dimensional man beacon papebachno . 212. boston Prss 1966. p158.

(102) herbet marcuse: reason and revolution .hegel & the rese of social theory edition bacon . Paris.1960.

(103) herbet marcuse:soviet Marxism:H critical analysis beacon press.1958.

(104) herbet marcuse: eros & civilization : a philpsophical inquiry intonel edition bacon.press.1941
(105) herbet marcuse:verslaliberation. Au-dela de lhomme unidimensionnel edition minurt. Pars.1970.
(106) herbet marcuse: counter revolution & revolt edition beacon. Press.boston.1972.
(107) philippe soulez: presetation dun article inedit en francais de max horkheimer sur henri dergson lhomme et la societe on.69-70.juillet decembre.1983.p.7
(108) max horkheimer: la metaphysique bergsonienne du temps lhomme et la societe ibid.pp.9-29.
(109) Nicolas tertulian: reflexion sur la dialectique negative lhomme et al societe . ibid.p32.
(110)Pierre v. zima:lecole de francfort.dialectique de la particularite edition unive rsitaire. Peirs.1974.p18.
(111) arnomunster. Ernst bioch et waler bnjamin. Elemetsdanalyse duneamitie difficile.p.65.
(112) lecole de francfort.dialectique de la particularite.p49.
(113)Ernst bloch: et walter Benjamin.element D analyse dune amitie difficile.p69.
(114) marc cagnol: theorie de lhistoire et theorie de la modernete chez Benjamin lhomme et la societe ibid.p86.
(115) Ernst bloch:et walter-benjamin .elements de analwse d une amitie defficile.pp.69 &70.





(116)lecole de francfort. Dialectique de la particularite.p77.
(117) obert sayre et machel lowy.figures du omantisme anti-capit aliste.lahomme et la socite.ibid.p111.
(118)gena- marc lachand:pour une redecouverte de Herbert marcuse. Lhomme et la societe. Ibid.p96.
(119)jean-maric Vincent" sous sa direction". Critique des pra tiques politiques edition galilee paris.1978
(120) jean-marie vicent. Fetichisme et societe. Edition anthropos. Paris.1973.
(121) jean- marie vicent. Lesmenonges de letat.edition le sycomore. Paris.1979.
(122) zima.lecole de francfort.la dialectique de la particularite. Garbis kortian. Metacritique les edition de minuit.paris 1979.
(123)esprit. No.special sur lecole de francfort. No5.mai 1978.Lhomme et la societe no.69-70. juillet-decembre.1983.
(124)jen-rene ladmiral. Jurgen habermas ou le changement de signe de la theorie critique.projct.no168.septmbre-octobre.1982.p989.

# پەراوێزوسەرچاوەکانی

## بەشی پێنجەم ................پاژی دووەم

(١)ان كل المعلومات الواردة فى السم الخاص ب(هابرماز) مسقاة من المصادر التالية:

A-denis huisman “directionaire des ehilosophes edition.puf.pais.1984.vol 1. pp.1123-1131.

ويتضمن البحث الذى كتبة جان-رونية لادميرال حول حياة هابرماز والخطوط الاساسية العامة لافكارة. اما الكتب التى تناولت فكر هابرماز و فلسفتة فهى ثلاثة فقط: اثنان منها باللغة الانكليزية وقهى الاكثر الاهمية والثالث باللغة الفرنسية. وبعد كاب توماس مكارثى:

The critical theory of jurgen habermas.

الصادر فى لندن عام ١٩٧٨ اهم دراسة كتبت عن هذا الفيلسوف لحد الان ومن هذا الكاب نستى الجزء الاكبر من المعلومات الواردة فى هذة الدراسة حول افكار هابرماز النقدية. ثم كتاب رايموند روس (فكرة النظرية النقدية هابرماز ومدرسة فرانكفورت).

Raymond geuss.the idea of a critical theory. Habermas & Frankfort school . Cambridge university press.first published. 1981.

هذا اضافة الى الكتاب الوحيد الذى صدر باللغة الفرنسية والمخصص لفكر هابرماز:

Garbes kortian: metacritique .les editions de minuit. Paris 1979.

فى حين صدرت اربعة دراسات هامة باللغة الفرنسية تتناول جوانب معددة فى فكر هابرماز. فقد نشرت هذة الدراسات فى مجالات اكاديمية مخصصة، فاعتمدنا على بعض التحليلات الجديدة التى وردت فيها والتى تضئ جوانب عديدة فى كتب هابرماز وابحاثة الفلسفية. وهذة الدراسات هى:

-Gacques revelaygue . habermas et la maintien d e la philosophie. Archives de philosophie. Vol.45. avral-juin.1982.pp255 –298.





-jean-marcferry. Verite humaine et liberte humaine chez habermas. Les etudes philosophiques. No.2. avril-juin.1981.pp.217-228.

-jean-rene ladmiral. Jurgen habermas. Ou le chang ement de signe de la theorie critique. Projet. No.168.septembre-octobre.1982.pp987-999.

-tom rokmore.surle neo-marxisme Sartre et habermas. Les etudes philosophiques.no.2. avril-juin 1980.pp.183-202.

وحول كتابات هابرماز المنشورة فى الصحافة والمجلات الاكاديمية، والموضوعات التى تتناولها وتاريخ كتابتها نعتمد على كتاب رونيه غوورتزين الصادر باللغة الالمانية.

Rene gortzen . jurgen habermas . eine bibliographie seiner schriften & derserkundarliteratur. 1952-1981.suhrkamp. frankfort am main 1982.

هذا ايضافة الى اعتمادنا على كب هابرماز نفسها والتى سوف تاتي الاشارة اليها عند الضرورة. اما النص العام للدراسة فسوف لن يتبع اسلوب الاشارة التفصيلية الى المراجع كما هو الحال فى القسم الاول من هذا الكتاب. فالقسم الثانى هو دراسة مختصرة بالنسبة لوفرة المراجع والابحاث التى تتناول هابرماز وفكره فى اللغاة الاجنبية الثلاث: الالمانية، الفرنسية، الانكليزية.

(2) pofils philosophiques et politiques.

1-penser avec heidegger contre heidegger.p89.

2-une jnfluense majeuer.p100.

3-une autre mythe du Xxe siecle.p.112

(3) ibid.p.17.

(4) jean-marie vincent . fetichime et societe.ed . anthorpos. Paris. 1973.p.267.

(5) noan chomsky.dialogue avicmatsou ronat.traduit de iamericain et presente par mitsou ronat.ed flommarion.paris.1977.p37.
(6) jean-marie vincent . lesmensonges de letat. D . lesycomore. Pais.1979.
(7) jurgen habermas. Theorie et patique. Pre gerard raulet -ed payon-paris1975.vol 1.p233.
(8) “verite humaine et laberte humaine chez habermas.
(9)ibid.
(10)jurgen habermas .lespace pa blic .acheologie deia publicite conne demension coonstitutive dela societe bourgeoise. Traduit par marc B. de lanua. Paris.eayot.1978.pp61 -62
(11) ibid.pp70-71.
(12)ibid.p74.
(13)ibid.p.111.
(14)ibid.p.214.
(15) latechnique et lascince comme ideologie.p49.
(16)verite humaine et liberte humaine chez habermas.
(17)thecritical theory of hurge habrmas. P.325.
(18) jurgen habermas. Theorie des kaommunikativen handelns. Band. I.handlu ngsrationd litat und gesellschaftliche atrionalisierung. Suhrkamp. Frankfort a m main . 1981.
“theorie des kommunikativen handlus. Band II:zur kritik der funktionalistischen vernunft”.suhrkam verlag frankfort am main 1981.





## چاپکراوەکانی سەنتەری نما ٢٠٠٤

١- را پسکانێ لە دنیای سیاسەت و گەڕانەوەیەك بۆ دنیای شیعر
لێکۆڵینەوەی ئەدەبی.. ماجید نووری

٢- جەژنی مەرگ، شیعر ، کەژاڵ ئیبراهیم خدر

٣-گلگامێش: و: ئیدریس شێخ شەرەفی

٤- شوێنکاتی یەکەم، لەدووەم و ئێستای سەگوەر،
لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، عەبدولموتەلیب عەبدوڵلا.

٥- دەرونزانی،وتار لێکۆڵینەوە شیکردنەوە
یوسف عوسمان حەمەد
٦- عەلمانییەتی ئەوان و نیگەرانی ئێمە
ئیسماعیل کوردە
٧- بیرمەندان لەهەزارەی سێیەم رادەمێنن
رێبین رەسوڵ ئیسماعیل
٨- عەلمانیەت و کاریگەرییەکانی
جەمال پیرە
٩- قوتابخانەی فرانکفۆرت : لەهۆرکهایمەرەوە تا هابرماس
و: ئیسماعیل کوردە، جەمال پیرە
١٠- دەسەلات و حەقیقەت ، و: ئیدریس شێخ شەرەفی